19 27 99


# ڕابوون

گۆڤارێکی کولتووریی گشتییە

هەواڵنامەی کتێب

## ئازادی بۆ ئۆجەلان

* تورکیا دەیەوێ لە ڕێگەی ئۆجەلانەوە کورد دادگایی بکات
* سەدەیەک کوشتنی کوردستان
* هێراڵد تریبون بەشداری ئەمریکا لە ڕفاندنی ئۆجەلان ئاشکرا دەکات
* گلۆبالیزەکردنی تیرۆر
* بۆ بەرگری لە کورد دەکەم؟
* ئەوروپای ترسنۆک
* تورک و کورد، تەنیا دەوڵەتی تورک؟
* دووڕوویی وڵاتانی ڕۆژئاوا
* لە شێخ سەعیدەوە بۆ عەبدوڵا ئۆجەلان
* ئۆجەلان، دنیا، ئێمە..



# بابەتەکان

## ئازادی بۆ ئۆجەلان


* چۆنیەتی ڕفاندنی ئۆجەلان ........................ (٣) دەریا نوچان
* تورکیا دەیەوێ لە ڕێگەی ئۆجەلانەوە کورد دادگایی بکات ......(٤) ئەحمەد زەکی
ئەحمەدی ئەسکەندەری کردوویە بە کوردی
* سەدەیەک کوشتنی کوردستان.................................... .. (٧) ڕەفیق سابیر
* هێراڵد تریبون بەشداری ئەمریکا لە ڕفاندنی ئۆجەلان ئاشکرا دەکات....... (١١)
* گلۆبالیزەکردنی تێرۆر.................................. (١٤) هاشم کۆچانی
* بۆ بەرگری لە کورد دەکەم؟.................................(٢٠) دانیال میتران
* ئەورووپای ترسنۆک................................... (٢٣) گێرارد شالیاند
ناهیدە ئەحمەد کردوویە بە کوردی
* تورک و کورد، تەنیا دەوڵەتی تورک؟....................... (٢٥) ڕەزا بەراهێنی
ناسری سینا کردوویە بە کوردی
* دووڕوویی وڵاتانی ڕۆژئاوا............................... (٢٩) ڕێکارد وارلینۆس
* هیچ گەشبینییەک بۆ گەیشتنی کورداتی تورکیا بە ئۆتۆنۆمی بەدیناکرێ ....(٣١)
حەسەن قارەمانی کردوویە بەکوردی
* لە شێخ سەعیدەوە بۆ عەبدوڵا ئۆجەلان ..................... (٣٤) محەمەد نورەدین
حەسەن یاسین کردوویە بە کوردی
* چەند سەرنجێک دەربارەی کۆمەڵی جیهانیی ..................(٣٧) ئازاد شێخانی
* زەبرو زەنگ وەک چەکێکی سیاسی... (٤١) ئەندیش هیلنەر/ ئا. مەهاباد کوردی
* ئۆجەلان، دنیا، ئێمە.............................. (٤٣) کەمال میراودەلی
* سەرۆک ئاپۆ و دوژمنانی کوردستان.............................. (٥٢) کاوە ئەمین

* کێشەی کەسایەتیی یاسایی نێونەتەوەیی کورد ....... (٥٥) د. مارف عومەر گوڵ
* ژیاننامەی شەرەفخان و نەمریی شەرەفنامە......................... (٦١) د. جەبار قادر
* ئەرکیۆلۆژیای مێژوو .........................................(٧١) کەمال میراودەلی
* چەند هۆنراوەیەک.............................................. (٧٦) چۆمان هەردی
* تێکەڵاوبوونی وێنەکان................شیعر................ (٨٠) دڵسۆز حەمە
* لە خەونی سەربازێکی وندا ..................چیرۆک............ (٨٣) ڕێبوار ڕەشید
* هەندێک لە بیرەوەرییەکانم لە گەڵ چیرۆکنووس لەتیف حامیددا (٨٥) خالید دلێر
* کتێبخانەی کوردی - لە ستۆکهۆڵم شوێنی وشەی ئازاد..... (٨٩) مهاباد کوردی
* دیوەخانی فلێن.................................................. (٩٣) شێرزاد هەینی
* ڕانانی کتێب .............................(٩٨) ئەحمەدی مەلا - مەهدی جاف
* یەکەم نامەی ئۆجەلان دوای دەستگیرکردنی ........... (١٠٠)و: جەمال زەنگەنە



**رابـــوون**

**گۆڤارێکی کولتووریی گشتییە**

**ژمارە ٢٧ ١٩٩٩**



**سەرنووسەر**

ڕەفیق سابیر

**دەستەی نووسەران**

کەمال میراودەلی

هاشم کۆچانی



**RaBuN**

**Cultural Kurdish Journal No. 27**



Editor

**Rafik Sabir**

Editorial Board

**Kamal Mirawdali**

**Hashim Kochani**



Box 25161, 750 25 Uppsala- Sweden.

9211995 - 7 ژمارەی پۆستگیرۆ

ISSN - 1102 - 4372

## کوردەکان، خەباتتان تا سەربەخۆیی حەتمی درێژەی دەبێ

**قەزافی**

لەم ساتەدا بە چەند وشەیەکی کورت رووددەمەکە سێ لایەن لەم جیهانەدا. برا تورکەکان و برا کوردەکانم و ئەو دەوڵەتانەی لەم کردەوەیە بەشدارن. سەبارەت بە برا تورکەکانم، دەمەوێ پێیان بڵێم خۆتان مەخەڵەتێنن و دڵخۆش مەبن، ئەگەر ئەوە مانایەک بدات، ئەوە مانای ئەوەیە کە ئێوە تەواو لە مێژووی وڵاتەکەتان بێ ئاگان. ئێوە خۆتان بە سەرکەوتنی ساختە لە خشتە دەبەن، ئەستەنبول بەر لە ئێوە دڵخۆش بوو، کاتێ ئۆلار عەبدولجەلیل و یەحیا ئەلسویدی لە سەریان درا و بۆ ئەستەنبول بردران و گوتیان چەتە و یاخی و جوداخوازەکانی تەرابلوس لە ناو بردران، ئیدی لیبیا تاهەتایە سەر بە ئەستەنبول دەبێ. ئێستا مێژوو بەو عەقلیەتەی ئەستەنبول پێدەکەنێ. ئەوەتانێ لیبیا دەوڵەتێکی سەربەخۆیە و خاوەن سەروەریی خۆیەتی و دڵخۆشییەکەی ئەو کاتیش دەرکەوت خۆ خەڵەتاندن بوو. پاش ئەوە ئەستەنبولیش خۆشحاڵ بوو و گوتی، بزوتنەوەی جوداخوازی لەناو بردراوە و شۆڕشگێرەکانی وەک عەبدولکەریم ئەلخەلیل، عەبدولحەمید ئەلزەهراوی، شوکری ئەلعەسکەری، ئەلخەتیب، ئەلعەزەم، ئەلشەهابی، عەقل، ئەلئەمیر عومەر عەبدولقادر ئەلجەزائیری کە دادگای ئەستەنبول بە جوداخواز تۆمەتباری کردن، فەوتێنران. لە دەقی حوکمەکەشیاندا هاتبوو کە بە هۆی مکوڕی و لێبڕاوەیی بە کردەوەیان تۆمەتبار کراون.

ئەو مکوڕی و لێبڕاوییە چییە ؟ مکوڕی لەسەر سەربەخۆبوونی عیراق و سوریا و فەلەستین و وڵاتانی عەرەبی لە دەوڵەتی عوسمانی.

کەواتە ئەمە خۆخەڵەتاندن بوو، مێژووش بە ئەستەنبول پێ دەکەنێ، بە لەناوبەردنی ئەو شۆڕشگێرانەش نەتەوەی عەرەب و سەربەخۆیی نەتەوەی عەرەب لەناو نەچوو.

دیمەنی عەبوڵڵا ئۆجەلان کە نایناسم و وڵاتەکەشم هیچ پەیوەندییەکی بە پارتەکەیەوە نییە و تورکیاش باش ئەمە دەزانێ، ئەم دیمەنە نەک هەر جیهان لە دوو ڕۆژی رابردوودا دیویەتی، بەڵکو دووبارە بووەوە، ئەو کاتەی شۆڕشگێری نەتەوەیی عەرەب (نەخل ئەلەتران ئەلبەعلەبەکی) بە چاو بەستراوی و دەست کەلەپچەکراوی لە ژێر رمی پاسەوانە تورکەکاندا بردرایە ئەستەنبول و گوتیان ئەم یاخیە جوداخوازە لەناو بردرا و بزوتنەوە جوداخوازیەکەشی ، کە بزوتنەوەی سەربەخۆیی نەتەوەیەکە هەرەسی پێ هێنرا. لەلایەکی تریشەوە دەمەوێ روو لە برا کوردەکانم بکەم و لەم کاتەدا پێیان بڵێم دڵتەنگ و خەمگین مەبن، دوژمنانتان چەندەی خوێنتان برێژن ئەوەندە ئاگری شۆڕشە کوردستانیەکەتان خۆش دەکات، با لە ڕشتنی خوێنتان خۆشی وەر بگرێ، چونکە بەمە ئاگری شۆڕش و سەربەخۆیی کوردستانتان خۆشتر دەکات. نکۆڵیکردن لە مافی سەربەخۆیی نەتەوەیەک کارێکی دزێوە و بەڵگەی رووکەشی و خۆ پەرستییە لە کۆششی مێژوودا، ئەو شەرەنگێزیە هەرچەندێک بێت کە لە دژتاندا دەکرێت، لەلایەن هێزەکانی تاریکی و دەسدرێژی و هێزە میکافیلیە بێ ویژدانەکانەوە، بۆ پێشێلکردنی مافی ئازادی و سەربەخۆیی و ژیانی سەربەرزانەی بەر خۆرەتاو، ئەو ستەمە هەرچەندێک بێت ئێوە سەرکەوتوو دەبن و ئەو ئیمپراتۆریایانە دەشکێن، هەروەک ئیپراتۆریا شەرەنگێزەکانی پێشوو شکان، لە سەروویانەوە ئیمپراتۆریای عوسمانی کە نکۆڵی لە شۆڕشگێرەکانی نەتەوەی عەرەب کرد و بە جوداخوازی و چەتەی دانان. بەڵام سەبارەت بەو دەوڵەتانەی بەشدارییان لەو کردەوەیەدا کردووە، کەمترین شت کە پێیان بگوترێ، ئەوەیە ئەو دەوڵەتانە ئاست نزم، ترسنۆک، بێویژدان و بەدڕەوشتن، پیلانیان لە دژی کەسێک گێڕا لەبری بەرتیل و سەفەقاتی نامەردانە و خۆپەرستانە. دەبێ ئەو دەوڵەتانە شەرمەزار و پرۆتیستۆ بکرێن. ئەمە کەمترین شتە لە بەرامبەر ئەو کردەوەیەدا بگوترێ، کە سیمایەکی ترسنۆکانە و لە خۆبایبوونانەی هەبوو، کوردەکان، دڵنیان خەباتەکەیان هەتا سەربەخۆیی حەتمی درێژەی دەبێ.

# دەریا نوچان
# وەرگێڕی سەرۆکی PKK
# چۆنێتی ڕفاندن و تەسلیمکردنی ئۆجەلان بە تورکیا دەگێڕێتەوە

نوچان دەریا تەمەنی ٢٣ ساڵە، وەرگێڕی عەبدوڵا ئۆجەلان بوو. نۆچان یەکێکە لەو سێ کچەی لە دوا ساتەکانی ڕفاندنی عەبدوڵا ئۆجەلان لە گەڵیدا بوون. لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیی لە گەڵ ئاژانسی ڕۆیتەر چۆنێتی هێنانە دەرەوەو ڕفاندن و دەستگیرکردنی ئۆجەلانی باسکرد.

دەریا گوتی:

ئەگەرچی ئۆجەلان هەستی بە نائاسایی وەزعەکە دەکرد، لە گەڵ ئەوەشدا بە ناچاریی ئێوارەی دوو شەممەو دوای ئەوەی لە لایەن دەوڵەتی کینیاوە ناڕاستەوخۆ ئاگادار کرایەوە، بەو ئومێدەی یۆنان زەمانەتی گەیشتنە ئەورووپای بکات، باڵوێزخانەی یۆنانی لە کینیا بەجێهێشت.

دەریا لە درێژەی قسەکانیدا وتی:

ڕووداوەکان چوار ڕۆژ پێش ڕفاندنەکە دەستیپێکرد، کاتێک کینیا باڵوێزی یۆنان [جۆرج کۆستۆلاس] ی بانگکردو لە گەڵیدا کۆبووەوە.

هەروا وتی:

لەو کۆبوونەوەیەدا دەسەڵاتدارانی کینیا چەند وێنەیەکیان نیشانی باڵوێزی یۆنانی دا کە دەری دەخات ئۆجەلان لە کینیایەو داوایان لێکرد لە ژێر چاودێریی ئاسایشدا لە باڵوێزخانە بێتە دەرەوە. کۆستۆلاسیش وا تێگەیشت کە ئەوان زەمانەتی چوونە دەرەوەی دەکەن.

دەریا لە درێژەی قسەکانیدا وتی:

کینییەکان بە باڵوێزی یۆنانیان ڕاگەیاند کە ئەگەر ئۆجەلان باڵوێزخانەکەیان بەجێ نەهێڵێت، لەوانەیە لەو شەوەدا شتێک ڕوو بدات، جەختیان لەوەش کرد کە ئۆجەلان بۆی هەیە بە ئۆتۆمبیل بچێتە فرۆکەخانە، کەچی کینییەکان بە پێنج ئۆتۆمبیلەوە گەیشتنە ئەوێ، سووربوون لەسەر ئەوەی ئۆجەلان بە تەنیا لە ئۆتۆمبیلێکدا سوار بێ و ئەو داوایەی ئۆجەلانیان ڕەتکردەوە کە وەرگێڕەکەی سواری هەمان ئۆتۆمبیل بێت، لەو کاتەدا باڵوێزی یۆنانی کۆستۆلاس داوای کرد لەگەڵ ئۆجەلاندا سواربێ، بەڵام کینییەکان ئەو داوایەشیان ڕەتکردەوەو پێیان گوت:

لە فرۆکەخانە بەیەک دەگەینەوە. پاشان ئۆجەلان ناچار بوو بە تەنیا سواری ئۆتۆمبیلێک ببێ و ئێمەش بە ناچاریی سواری ئۆتۆمبیلەکانی تر بووین، لە ڕێگای فرۆکەخانەدا تەنیا یەک جار ئۆتۆمبیلەکەی ئۆجەلانمان بینی و پاشان ونمان کرد، سێ ئۆتۆمبیلی تر لە پێشمانەوە بوون.

ئەمجار دەریا دەگێڕێتەوە:

کە گەیشتینە فرۆکەخانە ئۆجەلان هیچ ئاسەوارێکی نەبوو، دەسەڵاتدارانی کینیا هیچ لێکدانەوەیەکیان بۆ ئەو ونبوونەی ئۆجەلان نەبوو.

دەریا لە دیدارە تەلەفۆنییەکەیدا ئەوەشی ڕوونکردەوە، کە کاتێک ئۆجەلان بە تەنیا سواری ئۆتۆمبیل بوو تێگەیشت کە شتێکی ترسناک ڕوودەدات. بەڵام ئێمە لە بەردەم دوو ڕێگەدا بووین، یان بمێنینەوەو خۆمان بخەینە مەترسی هێرش کردن و کووشتن، یان باڵوێزخانەکە جێبهێڵین و بەرەو نادیار بڕۆین.

شایانی باسە دەریاو ئەو دوو ئافرەتەی تر کە لەگەڵ ئۆجەلاندا بوون ، پاشان لە لایەن دەوڵەتی یۆنانەوە مافی پەنابەریی سیاسییان وەرگرت و ئێستا لە یۆنان دەژین.

لە لایەکی ترەوە وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا، بێزاری خۆی لە مەڕ بەخشینی مافی پەنابەریی لە لایەن یۆنانەوە بەو سێ ئافرەتە کوردە دەربڕی.

چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەی Turkish Daily News لە گەڵ پارێزەرەکەی عەبدوڵا ئۆجەلان،
ئەحمەد زەکی ئوقجویوغلوو

# تورکیا دەیەوێ لە ڕێگای ئۆجەلانەوە گەلی کورد دادگایی بکات

ئەحمەدی ئەسکەندەری لە ئینگلیزیەوە کردوویە بە کوردی

ئەم پرسیارو وەڵامانە (١٤) لاپەرەیەو لە ژمارەی ڕۆژی ١٩٩٩/٤/٨ی ڕۆژنامەی Turkish Daily News دا بڵاوکراوەتەوە. لەسەر داوای گۆڤاری ڕابوون، کورتکراوەیەکی ئەو چاوپێکەوتنە وەردەگێڕمە سەر زمانی کوردی

*** لەبەر چی پارێزگاری لە ئۆجەلان دەکەی؟**

– یەکەم : وەکو مرۆڤێک و دژایەتی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و لەوانە مافی ئۆجەلان.
دووەم: لەبەر ئەوەی من ڕووناکبیرێکی کوردم و چوار ساڵ لە سەر کورد لە زینداندا بووم، ئێستاش هێرشی توند دەکرێتە سەر گەل و زمان و فەرهەنگەکەم. هەروەها ئەوان دەیانەوێ لە ڕێگای شەخسی ئۆجەلانەوە هەموو گەلی کورد دادگایی بکەن. هەر بۆیە بڕیارم دا بێدەنگ نەبم.

*** هۆی چییە کە داواتان لە حکومەت کردووە گیانتان بپارێزێ؟ ئەمە زۆر نائاساییە کە پارێزەر داوای ئەم چەشنە پاراستنە بکا؟**

..... لەبەر ئەوەی زۆریان ئەزیەت کردین، بە تەلەفۆن و بە نامە نووسین ، بە نووسینی وتار لە ڕۆژنامەکاندا هەڕەشەمان لێکرا. هەروەهاس دەسەلاتدارانی حکومەت بە قسەو باسی خۆیان هەڕەشەیان کردو لە دواییشدا تێرۆریزم لە ژێر ناوی «هەڵسوڕانی بنەماڵەی شەهیدان» هێرشیان کردە سەرمان. لە دادگاییەکەی ڕۆژی ١٩٩٩/ ٢/٢٤ لە ئەنقەرە هەڕەشەو هێرشی توند کرایە سەرمان. ئەمە لە کاتێکدا کە سەرۆک و باقی ئەندامانی دادگاکەو پۆلیسیش لەوێ بوون و هیچیان نەدەگوت. کاریان گەیاندە ئەو جێگایەی کە دوای دادگاکە پۆلیس داوای لێکردین لە پەنجەرەوە خۆمان دەرباز بکەین ... بۆ پارێزگاری لە ئۆجەلان ئێمە هەتا ئێستا (١٧) پارێزەرین و هی دیکەش هەن کە ئامادەییان دەربڕیووە. هەموومان موشکیلەمان هەیە. خانمی خەدیجە کورکووت بە تەلەفۆن هەڕەشەیەکی زۆری لێکراوە ، هەر بۆیە بۆ ماوەیەکی زۆر نەیتوانی بچێتە نووسینگەکەی.
سولەیمان دیمیریل سەرۆک کۆماریش لە ڕۆژنامەی جومهوریەدا باسی دزێک دەکات کە ٣٠ هەزار کەسی کوشتووە کەچی هێشتا دادگا کاری خۆی دەست پێنەکردووە! مرۆڤ دەبێ لە خودا بترسێ، چۆن یەک کەس دەتوانێ ٣٠ هەزار کەس بکوژێ! کەس نییە بە سەرۆک کۆمار بڵێ بۆچی بەو شێوەیە قسە دەکەی، ئەگەر ئەوە وایە دەیجا دادگا چ پێویستە؟ سەرۆک کۆمار پارێزگاریی لە دادوەریی کۆمەڵایەتی، ئاشتی و یەکسانی دەکات لە کۆمەڵگادا. جا لە لایەک ئەو ئاوها بڵێت سەیر نییە کەسانێک هێرش بکەنە سەر پارێزەرانی «بکوژی سی هەزار کەس»! دمیریل بەم شێوەیە زەرەر بە مافە یاساییەکانی ئێمەو عەبدوڵا ئۆجەلان دەگەیەنێت. ئێمە نامەمان بۆ نووسی و پێمان ڕاگەیاند ئەوەی ئەو دەیکا هەڵەیە و داوامان کرد لە هەڕەشەو هێرش بمانپارێزی. بەڵام وەڵامی نەدایەوە. هەر لەبەر ئەوە من نامەیەکم بۆ ئەمەریکا نووسی و ئەم داوایەم لەوان کرد. هەرچۆنێک بێت وەڵامێکمان لەوان وەرگرتەوە.

* دادگایکردنی ئۆجەلان هەر لە سەرەتاوە چۆن هەڵدەسەنگێنی؟

.. ئەمە گرنگترین دادگای ئەم سەدەیە لە تورکیا و بگرە لە هەموو دنیادا. هەموو دنیا چاوی بڕیوەتە تورکیاو دەزگا دادگەرییەکەی. دادگای مافی مرۆڤی ئەورووپا European Human Rights Court دەڵێت:DGM (دادگای ئاسایشی حکومەت) لە تورکیا نا قانوونییە. لە زمانی ئۆجەلانەوە ئەو قسەو باسانەی کە دەبێ زۆر نهێنی بێ، لە ڕۆژنامەکاندا دەبینرێن. کەس لە بەرپرسانی دادگا ناپرسێت ئەمە بۆچی وایە. دەڵێن سەرۆکی DGM گوێی بەرپرسانی دادگای کێشاوە! تورکیا بەم چەشنە خۆی تووشی کێشە کردووە. ئێستاکە لە دنیادا پرسیارەکە ئەوە نییە کە ئایا ئۆجەلان تێرۆریستە یان نە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ڕەوایانە دادگا دەکرێ یان نە. بە واتایەکی دی کە تورکیا هەر لە سەرەتاوە دۆڕاندوویەتی. تورکیا دەیەویست کەسێک کە تاوانی کردووە دادگایی بکات، بەڵام خۆی تاوانێکی زۆر گەورەتری کردووە.....

ئەم دادگایە ڕەنگدانەوەی لەناو هەموو کۆڕو کۆمەڵێکی کوردی و لە هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەبوو. کوردی تورکیاو هەموو جیهانی هەژاند. هەندێک لایەنی تورکی، کە دژ بە عەبدوڵا ئۆجەلان بوون و زۆر توند ڕەخنەیان لێدەگرت، ئێستا پشتگیریی لێدەکەن. من بۆخۆم لەو کەسانەم، من لیبراڵ دیموکراتم و لەسەریشی دەڕۆم، پارێزگاری لە مافی ئۆجەلان هەر درێژەپێدان بەو هێڵەیە.....

ئەمە نوختەوەرچەرخانێک دەبێ بۆ تورکیا، ئێتر لە داهاتوودا باسی پێش و پاش گرتنی ئۆجەلان دەکرێ. کتوپڕ هەموو ڕادیۆو تەلەفزیۆن و ڕۆژنامەی دنیا ڕووناکییان خستە سەر دادگاکانی تورکیاو بەتایبەت DGM کە کەس بەم چەشنە ئاگاداری نەبوو.

هەڵوێستی تورکیا گیروگرفتی بۆ ئەورووپا خوڵقاندووە. تورکیا دەیەوێت لەناو سیستەمی دیموکراتیکی ئەورووپادا یاسای وا دابنێ کە دووەرگەیەکی فاشیزم لەسەری دابمەزرێنێ! DGM ناقانوونییە، دادگایی هەلومەرجێکی تایبەتییە کە هەر ئەوەش نییە ئەندامەکانی لە ئەرتەشی تورکیان. ئەگەر تورکیا دادگایەکی وا گرنگ بداتە دەستی DGM ئەوا گیروگرفتی زۆر گەورە بۆ خۆی دەخوڵقێنێ.

بە بڕوای من ئەم دادگایە هەلێکی زۆرباشی ڕەخساندووە بۆ هەڵگرتنی کۆسپ لە سەر ڕێگای چارەسەری پرسی کوردو هەڵسەنگاندنی ئەو تاوانانەی لە ١٥-٢٠ ساڵی ڕابردوودا، هەر لە کوودەتای ١٢-٩-١٩٨٠ بەملاوە یان تەنانەت هەر لە سەرەتای دامەزراندنی کۆماری تورکەوە ڕوویانداوە، ئەمە بە قازانجی تورکیایە. هەر باسی بکوژی منداڵان و سێ هەزار کەس کردن، خۆشحاڵکردنی کۆڕو کۆمەڵی فاشیست و ئەوپەڕ ناسیۆنالیست و فەنەتیکەکانە. هەتا ئەمانە لەم وڵاتەدا دەستیان بڕوا تورکیا بە هیچ کوێیەک ناگات. ئەو خەسارەتەی لە سەد ساڵی ڕابردوودا بە پەیوەندی نێوان کوردو تورک گەیشتووە دەبێ چاک بکرێتەوە. ئۆجەلان دەورێکی مێژوویی دەبینێ و خۆی لەوە ئاگادارە.

* ئایا پێتان وایە ئۆجەلان بتوانێ بیرو بۆچوونی خۆی بە کراوەیی دەرببڕێ؟

- هەتا ئێستا ئۆجەلان وەکو سەرۆکی ڕێکخراوێک ناسراوە کە مۆرکی تێرۆریستیان لێداوە، لەمە بەولاوە توانا ڕووناکبیرییەکانی ئۆجەلان دێنە پێشەوە. من لەسەر ئەو باوەڕەم کە ئۆجەلان لەم بوارە تازەیەدا لێهاتووتر، بەکەڵکترو سەرکەوتووتر دەبێ. ..

سەبارەت بە زیندانەکەی دەبێ بڵێم کە لەم بارەوە وەزعەکە زۆر خراپە. بە پێچەوانەی یاسا ئۆجەلان لە دنیای دەرەوە پچڕاوە. حەفتەی دوو جار ئێمە دەتوانین چاومان پێی بکەوێ. لە دانیشتن و نووستن بەولاوە هیچی تر ناتوانێ بکات. بەردەوام بەشێوەی جۆراوجۆر لەژێر پرسیارکردندایە. ئەو شوێنەی ئەوی لێیە ڕووناکی ڕۆژی ناگاتێ. بە شەو ڕووناکی چرای شوێنەکەی ئێجگار تیژە. ئێمە بۆمان نییە دەستی لەگەڵ لێبدەینەوە دەڵێن لەبەر ئەوەی ئەنفلۆنزا دەگرێ! ئەمە لە کاتێکدا کە پێی دەڵێن بکوژی منداڵی ساوا! بۆی نییە ڕۆژنامە، کتێب، کاغەز، قەڵەم، ڕادیۆو تەلەفزیۆنی هەبێ. لەباری سایکۆلۆژییەوە زۆر لە ژێر فشاردایە...

ئێمە هەتا دەگەینە زیندانەکەی نزیکەی پانزدە سەعاتمان پێدەچێ. هەتا ئێستا سێ جارمان دیوە. جاری یەکەم بیست دەقیقە، جاری دووەم سێ چارەکە سەعات، سێیەم جاریش بۆ سەعاتێک. بە پێچەوانەی یاسا ئێمە بە تەواوی دەپشکنن، جاری دوایی دەیانەویست تەنانەت گۆرەوییەکانیشمان داکەن من نەمهێشت و گوتم ئەمجارە ئەوە بکەن جاری داهاتوو شتی دیکەشمان پێدادەکەن. خەڵکمان لەگەڵ دەنێرنە

ژوورەوە، هەموو قسەو باسەکانمان تایپدەکەن، پۆلیسی سەروچاو بەستراو لە پشسەری ئۆجەلان و ئێمە دەوەستن و دەیانەوێ ئاگاداری هەموو شتێک بن. دەیجا بەم جەشنەو پێچەوانەی یاسا هیچ شتێکی نهێنی لە نێوان پارێزەرو ئۆجەلاندا، کە مافی خۆیەتی، نایەتە ئاراوە. داوای ڕۆژنامەو ڕادیۆو تەلەفزیۆن دەکاو، دیارە نایدەنێ...

شوێنی زیندانەکەی بریتییە لە سێ ژوور بەڵام ئەو هەر لە یەک ژووریاندا دەمێنێتەوە. دوو ژووری تریشی بەسەرەوەیە کە دیواری شیشەیی لێک جیا دەبنەوەو بە تەلەفۆنەکاندا لەوانەیە کاتی هاتنی خزم و کەسی کەڵکی لێوەربگیرێ.

* لە وتارێکی ڕۆژنامەوانیدا ئۆجەلان دەڵێ نیگەرانی تێکهەڵچوونە لە نێوان کۆمەڵگەی تورک و کورددا، لەم بابەتەوە شتێکی بە ئێوە وتووە؟

– بەڵێ، بە هۆی تورکە فاشیست و ڕاسیستەکانەوە کۆمەڵگەی تورک ئەموەزعەی بە سەرکەوتنێک بەسەر کورددا بۆ خۆی داناوە. لەو لاشەوە کوردەکانیش بە سووکایەتی و کەم بایەخدان بە خۆیانی دادەنێن. ئۆجەلان نیگەرانی ئەمەیەو داواکاری ئەوەیە پەیوەندی ئاشتیخوازانە لەم نێوانەدا بێتە کایەوەو لەسەر ئەم باوەڕەم ڕاست دەکات...

هەندێک لایەنی تاریکخواز، کە لەناو دەوڵەتی تورکیاشدا دەستیان دەڕوات، لە پشتەوە دنەی ئەم وەزعە دەدەن.

سەبارەت بە دادگاکردنەکە ئێمە هێشتا هیچ ئاگادارییەکمان پێنەدراوە، ئێمەش لە ڕێگەی ڕۆژنامەکانەوە شت دەبیستین. دەوڵەت ئەرکی سەرشانێتی کە ئێمە ئاگادار بکات، بەڵام لەوانەیە هەندێک لە دەسەڵاتدارانیش، لەوانە سەرۆک وەزیریش، هەر لەم ڕێگەیەوە ئاگادارییان پێبگات.....

* قسەو باسەکەتان لەسەر بنەماڵەی شەهیدان هەڵوێستییێ زۆر توندی هەڵخران ، لەبەر چی؟

– هی وا هاتوون بە ناوی «بنەماڵەی شەهیدان» ەوە کە لەوانەیە کەسەکەیان لە کارەساتی ماشین «ترافیک»دا مردبن، یان کەسی خۆیان تەقەیان لێکردبێ ... لەیەکەم کۆبوونەوەی دادگادا ئێمە هەرچیمان دەگوت ئەوانە دژایەتییان دەکردین و کەسیش پێشی پێ نەدەگرتن. ئەمان هەمووی دەبێ لە لایەن دادگاوە بە ناقانوونی دابنرێ و ئەو کەسانەی کۆبوونەوەکانی دادگاو باسەکانی پارێزەران تێک دەدەن، دەبێ تاوان بار بکرێن. کەچی ئەوە ئێمە بووین کە ناچارکراین لە پەنجەرەوە خۆمان دەرباز بکەین. سەبارەت بە یاساو دەستوور (قانوونی ئەساسی) لە تورکای دەبێ بڵێم کە ئەم دەستوورەی ئێستا ئەوەیە کە دەوڵەتی کوودەتای ١٩٨٠/٩/١٢ هێناویەتە ئاراوە. زیاتر لە قانوونی جەزا دەچێ تا دەستوور، دەستوور خزمەتی پاراستنی ماف دەکات، بەڵام دەستووری تورکیا مافەکان هیچ ناپارێزێ، ڕێکخەری بەکارنەهێنانی مافەکانە!

لە کۆتاییدا من لەسەر ئەو باوەڕەم کە کێشەی کورد یەکەم پرسە لە تورکیاو هەموو کێشەکانی دیکەی تورکیا بە چارەسەرکردنی ئەم کێشەیەوە گرێدراوە..... ئایدیۆلۆژیای تورکیا دەبێ بگۆڕدرێ. سەرەتا ناویان نا تیرۆریزم و بەم جەشنە توانییان ئۆجەلان بگەڕێننەوە تورکیا. ئێستا باسی کۆسۆڤۆ دەکەن. وڵاتانی جیهان زۆر سەرنجی کێشەی کورد دەدەن و فایدەی نییە درێژە بەو سیاسەتانە بدرێ کە کوردەکان و تەنانەت خودی تورک لێی زەرەرمەند دەبن.

* * *

ئەحمەد زەکی ئوقجو یوغلوی لیبرال دیموکرات.. ساڵی ١٩٤٩ لە دایکبووە. ساڵی ١٩٦٧ خوێندنی زانکۆی دەستپێکردووە. سەرەتا ساڵی ١٩٧٨ بووەتە پارێزەرو دواتر هەتا ساڵی ١٩٩٣ بەردەوام بوو. لەم ساڵەدا چەند جار لە سەر بۆچوونەکانی لەمەر کێشەی کورد گیراوە. ئەحمەد زەکی نووسەریشەو گۆڤارێکی مانگانە بە ناوی Serbesti بڵاوکردۆتەوە کە تا ئێستا سێ ژمارەی لێدەرچووە.

ڕەفیق سابیر

# دەربارەی ڕفاندنی بەڕێز ئۆجەلان
# سەدەیەک کوشتنی کوردستان

١

تورکیا هێشتا لە رابردوودا دەژی. هێشتا گیرۆدەی پرۆژەیەکی نەتەوەییە کە لە سەرەتای ئەم سەدەیەدا ناسیۆنالیستانی تورک دایان ڕشت. ئەوان کە نەیان توانی لە چوارچێوەی جوگرافیایەکی دووردەستی تورکزماندا، تورکزمانانی ئێران، بولگارستان، سۆڤیەت و..تاد نەتەوەی تورک دابمەزرێنن، ئیدی کەوتنە هەڵپەی ئەوەی کە لە چوارچێوەی تورکیادا، بە زەبری تیرۆری دەوڵەت و، لەسەر وێرانەی جەستەی کۆمەڵە نەتەوەیەکی نزیکدەستی ناو سنووری تورکیادا، نەتەوەی تورک دابمەزرێنن.

بەڵام بەجێهێنانی ئەم پلانە و بە واقیعکردنی ئەم خەونە تەنیا لە یەک ڕێگاوە دەکرا:

کوشتنی نزیکەی دوو ملیۆن ئەرمەن، کوشتنی زیاتر لە ملیۆنێک کورد و نیو ملیۆنێک گریک. هەروا نکۆڵیکردنی یاسایی لە بوونی هەر ڕەگەزێکی دیکەی نەتەوەیی و کولتووری غەیرەتورک لە ناو سنووری تورکیادا و، هەوڵدان بۆ لەناوبردن و تواندنەوەیان.

ئەم کارەش هەر لە ئایدیۆلۆژیایەکی ڕەگەزپەرستانەی وەک کەمالیزم چاوەڕێ دەکرا، کە لە ناو کەلاوەی ئیمپراتۆریای عوسمانیدا دەرکەوت و، دەیەویست بە هەر نرخێک بێت ئەو تەوهینە نەتەوەییە ڕەت بکاتەوە کە تورک بەهۆی دۆڕاندنی شەڕی یەکەمی جیهان و هەڵوەشاندنەوەی ئیمپراتۆریای عوسمانی توشی هات.

نازیزمی ئەڵمانیش بەرهەمی بارودۆخێکی تارادەیەک لەم جۆرە بوو.

نزیکەی سەدەیەکە کۆمەڵی تورکیا گیرۆدەی ئایدیۆلۆژیایەکی توندڕەوی ڕەگەزپەرستییە، کە لە ساڵانی بیستەکانی ئەم سەدەیەدا شێوەی کەمالیزمی بەخۆ گرت.

بەڵام چۆن کۆمەڵی تورکیا توانیویەتی بە درێژایی ئەم ماوەیە، بە هەمان حەماسەوە، ئایدیۆلۆژیای کەمالیزم، کە وەک نازیزمی ئەڵمانی زەبرپەرست و ڕەگەزپەرستە، پەیڕەو بکات و، وەک ئاینی نیشتمانیی خۆی دابنێت؟

ڕەنگە زۆر هۆکاری مێژوویی و کولتووری و سیاسی و ئابووری هەبن کە لەپشت مانەوەی کەمالیزمدا بن، بەڵام من لێرەدا تەنیا باس لە هۆکارێکیان دەکەم ئەویش ئەوەیە کە کەمالیزم هێشتا نەیتوانیوە یەکێک لە ئەرک و پەیامە گرنگەکانی خۆی بەجێ بگەیەنێت؛ ئەویش ئەرک و پەیامی تواندنەوەی هەموو نەتەوە و گروپە ئێتنیکییەکانی ناو سنووری تورکیا و، دروستکردنی یەک نەتەوەی خاوەن یەک تاکە زمان و کولتوورە، لەناو سنووری جوگرافیای تورکیادا.

لێرەوە بۆ کورد مەترسی بەردەوامبوونی کەمالیزم، وەک ئایدیۆلۆژیای دەوڵەتێکی ناتۆ، دەست پێ دەکات. چونکە ئەم ئایدیۆلۆژیایە نەک هەر ئامادە نییە کە کورد وەک نەتەوەیەکی جیاواز بە ڕەسمی بناسێت، بەڵکە لەناوبردنی نەتەوەیی و فیزیکی کورد و تواندنەوەی لە ناو نەتەوەی تورکدا بە کارێکی ڕەوا و، بە بەشێک لە

ئاینده‌ی تورک ده‌زانێت. ده‌وڵه‌تی که‌مالیستی تورک به کرده‌وه ئه‌م په‌یامه به‌جێ ده‌گه‌یه‌نێت، له‌سه‌ر ئه‌م تاوانه‌ش نه‌ک هه‌ر سزا نادرێت، به‌ڵکه له لایه‌ن زۆربه‌ی وڵاتانی ناتۆوه کۆمه‌کی پێ ده‌کرێت.

ده‌وڵه‌تی تورک، به درێژایی مێژووی خۆی، به هه‌موو هێزێکه‌وه بۆ ئه‌م ئامانجه ناسیۆنالیستییه کاری کردووه. به ره‌سمی نکوڵی له بوونی کورد کردووه. زمانی کوردی، وه‌ک زمانی خوێندن و نووسین قه‌ده‌غه‌کردووه. کولتوور و مێژووی کوردی له‌ناو بردووه. بۆ ته‌واوکردنی ئه‌م کارانه‌ش به ملیۆنان خه‌ڵکی کوردی، به مه‌به‌ستی تواندنه‌وه و به تورککردن له کوردستانه بۆ شاره تورکنشینه‌کان راگواستووه. به سه‌دان هه‌زار کوردی کوشتووه و راو ناوه. نزیکه‌ی چوار هه‌زار گوندی کوردستانی وێرانکردووه. به کورتی تاوانه‌کانی ده‌وڵه‌تی تورک دژی به کورد به ئه‌ندازه‌یه‌کن که له ژماردن نایه‌ن.

به‌ڵام سه‌ره‌رای هه‌موو درندایه‌تییه‌کی ده‌وڵه‌تی تورک، کورد به‌رده‌وام و تا ئێستا، کۆسپی سه‌ره‌کی به‌رده‌م به ئه‌نجامدانی پرۆژه و پلانی ناسیۆنالیستی تورک بووه. ئه‌مرۆ کوردی باکووری کوردستان، دوای نزیکه‌ی سه‌ده‌یه‌ک له‌ناوبردنی فیزیکی و نه‌ته‌وه‌یی و حاشاکردن له بوونی، که‌چی له هه‌ر کاتێکی دی زیاتر هه‌ست به کوردبوونی خۆی ده‌کات و بۆ ستاندنه‌وه‌ی ناسنامه‌ی نه‌ته‌وه‌یی خۆی خه‌بات ده‌کات. له‌وه‌ش زیاتر ئه‌مرۆ خه‌ون و بیری رزگاربوون له کۆلۆنیالیزمی تورک، به هۆی خه‌باتی پ ک ک چوونه‌ته ناو هه‌ر ماڵێکی کورد و ناو ویژدانی ملیۆنان کوری باکوور.

ئه‌گه‌ر تورکیا به درێژایی ئه‌و ماوه‌یه و له جیهانێکی نیمچه داخراودا نه‌یتوانی ئه‌م کاره به ئه‌نجام بگه‌یه‌نێت، ئایا ئێستا له دنیایه‌کی کراوه و له‌سه‌رده‌می ئینفۆرماسیۆن و گلۆبالیزم و ئاگاداربوونی دنیا له هه‌ر شتێک که له هه‌ر گۆشه‌یه‌کی دنیادا روو ده‌دات، ده‌توانێت ئه‌م کاره به ئه‌نجام بگه‌یه‌نێت؟

به‌ڵام تورک وه‌ک نه‌ته‌وه هێشتا به جۆرێکی عاتیفییانه بۆ رابردووی خۆی ده‌روانێت. هێشتا له رابردووی خۆیدا ده‌ژی و، ده‌یه‌وێت به هه‌ر نرخێک بێت پلانێکی ناسیۆنالیستی به‌ئه‌نجام بگه‌یه‌نێت که نزیکه‌ی سه‌ده‌یه‌که سه‌رقاڵی بووه!

ئه‌گه‌ر نا ئه‌مرۆ ده‌وڵه‌ت و کۆمه‌ڵی تورک، که هه‌ڵپه‌ی هاتنه ناو کۆمه‌ڵی ئه‌ورووپا ده‌که‌ن ده‌توانن، له جیاتی درێژه‌دان به له‌ناوبردنی زمان و کولتووری کورد، به جۆرێکی ئینسانییانه و شارستانییانه له‌گه‌ڵ کورد ره‌فتار بکه‌ن.

به‌ڵام، به رای من کاتێک کۆمه‌ڵی تورک ده‌شێت بگاته ئه‌و ئاسته شارستانی و مرۆڤدۆستییه که بتوانێت نه‌فره‌ت و حاشا له که‌مالیزم و تاوانه‌کانی که‌مالیزم بکات، هه‌ر وه‌ک چۆن نه‌ته‌وه‌ی ئه‌ڵمان سالانێکه نه‌فره‌ت له نازیزم و تاوانه‌کانی ده‌کات. ئه‌و کاته‌ش ده‌توانێت له کۆمه‌ڵێکی نه‌خۆشه‌وه ببێته کۆمه‌ڵێکی ته‌ندروست، له وه‌حشیگه‌ری و به‌ربه‌ریزمه‌وه به‌ره‌و شارستانی، له رابردووه‌وه به‌ره‌و داهاتوو، هه‌نگاو بنێت.

به‌ڵام تورک کولتوورێکی سه‌دان ساڵه‌ی ره‌شه‌کوژی و تالانی هه‌یه که ناتوانێت هێنده به‌ئاسانی لێی ده‌رباز بێت. هه‌روا تورک ئه‌زموونێکی مێژوویی ده‌رباره‌ی له‌ناوبردنی به‌کۆمه‌ڵ و تواندنه‌وه‌ی نه‌ته‌وه‌کانی دیکه هه‌یه، بۆیه سه‌یر نییه که له‌م رووه‌وه هێشتا زیاد له پێویست باوه‌ڕی به توانای خۆی هه‌بێت، به تایبه‌تی که تا ئێستا له‌سه‌ر هیچ تاوانێکی ره‌شه‌کوژی و جینۆساید، که له ناوه‌رۆکدا له ئاستی تاوانی نازییه‌کانی ئه‌ڵمانیادا بوون، نه‌ک هه‌ر سزا نه‌دراوه به‌ڵکه هه‌ندێ جار ده‌ستخۆشی لێ کراوه.

تورک له‌ماوه‌ی زیاتر له پێنجسه‌د ساڵی مێژووی ده‌وڵه‌تی عوسمانیدا، به زه‌بری کوشتار و تیرۆری ده‌وڵه‌ت، به‌شێکی گه‌لانی دنیای له قه‌فقاسه‌وه تا به‌ڵکان به‌ئیسلام کرد و کولتوور و شارستانییه‌که‌یانی سه‌رله‌به‌ر له‌ناو برد. ئه‌مه ئه‌زموونێکی گه‌وره بوو بۆ ناسیۆنالیستانی تورک که به درێژایی ئه‌م سه‌ده‌یه به هه‌مان مێتۆد، به‌ڵام به جۆرێکی مۆدێرنتر، درێژه به کوشتاری به کۆمه‌ڵ و ئه‌سیمیله‌کردنی نه‌ته‌وه و گرووپه ئێتنیکییه‌کانی ناو تورکیا ده‌ده‌ن. له راستیدا له‌م کاره‌شیاندا تا راده‌یه‌کی زۆر سه‌رکه‌وتوون. به‌شێکی ئه‌م سه‌رکه‌وتنه‌شیان دیاره به هۆی ئه‌زموونی مێژووییان و به‌هۆی درندایه‌تیی تورکه‌وه بوو که ده‌شێت ته‌نیا به درندایه‌تیی مه‌غۆل و تاتار و به درندایه‌تیی نازیسته‌کانی ئه‌ڵمان به‌راورد بکرێت، به‌ڵام به دڵنیاییه‌وه ده‌ڵێم که ئه‌گه‌ر کۆمه‌کی ئابووری و عه‌سکه‌ری و سیاسیی ناتۆ و رۆژئاوا نه‌بوایه ئه‌وا تورکیای لات و له‌برسانمردوو مه‌حاڵ بوو بتوانێت درێژه به ره‌شه‌کوژی و کۆلۆنیالکردنی کوردستان بدات و ئه‌م پلانه فره دژی ئینسانییه‌ی خۆی به ئه‌نجام بگه‌یه‌نێت.

٢


خۆرئاوای کۆلۆنیالیزم مێژووی ئەم سەدەیەی ناوچەکەی بە تاوانی دابەشکردنی کوردستان دەست پێکرد، ئێستاش خۆرئاوای پۆستکۆلۆنیالیزم کۆتایی مێژووی هەمان سەدە، بە ڕفاندنی چەتەگەرییانەی ئۆجەلان و کۆششی تێکشکاندنی پ ک ک و بزاڤی ڕزگاریخوازیی کورد دوایی پێ دێنێت. بە درێژایی ئەم ماوەیەش ئەوروپا و ئەمریکا لایەنگری داگیرکەرانی کوردستان و، بەتایبەتی لایەنگری تورک بوون و کۆمەکیان پێ کردووە.

بەڵام چۆن ڕۆژئاوا و ئەمریکا، کە گوێی دنیایان بە بانگێشەی گوایا داکۆکی لە دیموکراسی و مافی مرۆڤ پڕ کردووە، دەتوانن پاکانە بۆ ئەو کۆمەکە فراوانە ئابووری و عەسکەری و سیاسییەیان بکەن کە بە دەوڵەتێکی ڕەگەزپەرست و دڕندەی وەک تورکیای دەکەن؟ چۆن دەتوانن ئاوا نامەسئولانە لە کوشتنی کوردستان و لەناوبردنی کولتوور و زمانی کوردی و، دواجار لە کارێکی چەتەگەری نێودەوڵەتیدا بەشداری ڕفاندنی دیارترین سەرکردەی کورد، بەڕێز ئۆجەلان، بکەن، بێ ئەوەی لەوە بسڵەمێنەوە کە بەم کارە چەتەگەرییە یاسای وڵاتەکانیان و یاسا و پرینسیپی نێودەوڵەتان پێشێل دەکەن؟

دیارە بۆ ناتۆ و وڵاتانی ڕۆژئاوای ئەوروپا، کە وەک پۆلیسی جیهان ڕەفتار دەکەن، تورکیایەکی یەکگرتوو، کە جەندەرمەی خۆیان بێت، لە ئازادی و مافی بیست ملیۆن کورد گرنگترە، چونکە تورکیا بۆ ئەوان تەنیا پردێک نییە بەرەو ڕۆژهەڵات، بەڵکە تورکیا سەرەڕمی ڕۆژئاوایە دژی ڕۆژهەڵاتی نێوین، تا کۆنترۆڵکردن و تاڵانکردنی ئەو ناوچە ستراتیژییە پڕ لە نەوتە دەستەبەر بکرێت.

ئەگەر نا ئایا ڕۆژئاوا ئاگاداری بارودۆخی نێو تورکیا و تاوانەکانی دەوڵەتی تورک نییە؟ ئایا ئەوان مێنتالێتە و سروشتی دەوڵەتی تورک ناناسن؟

ڕۆژئاوا لە هەر وڵاتێکی دیکەی دنیا باشتر دەزانێت کە، لە مێژووی نوێی دنیادا، تورک داهێنەری جینۆساید بوون. نازیستەکانی ئەڵمان لە تورکەوە فێری جینۆساید بوون. ئەگەر تورک، لەسەر تاوانی کوشتنی دوو ملیۆن ئەرمەن و ملیۆنێک کورد و نیو ملیۆن گریک سزا بدرایە لەوانەبوو نازیستەکانی ئەڵمان نەتوانن هێندە بە ئاسانی ملیۆنان جوولەکە و پۆلۆنی و قەرەجی



ئەوروپایی ڕەشەکوژ بکەن.

بەڵام پێدەچێت وەک چۆن ئەمڕۆ تورکیا، لە باکووری کوردستاندا، مێژووی عوسمانی و کەمالیزم دێنێتەوە بەرهەم ئەوا ڕۆژئاواش، دەیەوێ مێژووی کۆلۆنیالی خۆی، لە فۆرمێکی مودێرندا، بێنێتەوە بەرهەم. ئەم دوو مێژووەش تەنیا لە ڕواڵەتدا جیاواز بوون، دەنا لە ناوەرۆکدا یەک بوون و یەکن: سەپاندنی یاسای جەنگەڵ!

تاوانەکانی دەوڵەتی عوسمانی لە ئاسیا و ئەوروپادا و تاوانەکانی دەوڵەتی کەمالیستی تورک لە باکووری کوردستاندا، لەگەڵ تاوانەکانی دەوڵەتانی کۆلۆنیالی ئەوروپایی و ئەمریکا لە ئاسیا و ئەفریقا و هیندی چیندا دوو ڕووی یەک دراون.

بۆیە ئیدیعاکانی ڕۆژئاوا و ئەمریکا سەبارەت بە مافی مرۆڤ و ئازادی و دیموکراسی، بە لای کەمەوە بۆ کورد، لە کۆمەڵە درۆیەک زیاتر نین. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە قەت بۆ ئەوروپا و ئەمریکا مەسەلەی پاراستنی مافی مرۆڤ و ئازادی و دیموکراتی، وەک بەهایەکی سەربەخۆ، گرنگ نەبوون، بەڵکە مەودا و مەدلوولە سیاسی و ئابوورییەکانی ئەم مەسەلانە گرنگ بوون، بە واتایەکی دی قەت بۆ ئەوان ئەوە گرنگ نەبووە و نییە کە لە وڵاتێکدا مافی مرۆڤ پێشێل دەکرێت و تەنانەت نەتەوەیەک لەناو دەبرێت، بەڵکە ئەوە گرنگ بووە و گرنگە کە کێ ئەم تاوانانە ئەنجام دەدات. ئەگەر تاوانباران و مرۆڤکوژان، وەک تورکیا و هەندێک وڵاتی دی، دۆستی خۆیان بن، ئەوا نەک هەر لە تاوانەکانیان چاوپۆشی دەکەن، بەڵکە زۆر جار ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ

کۆمەک بە تاوان و بەربەریزم دەکەن.

دیاردەی دەربەڕاندنی بەڕێز ئۆجەلان لە ئەورووپا و ڕفاندن و تەسلیمکردنەوەی بە خوێناویترین دەست لە دنیای ئەمڕۆدا، ڕاستی بۆچوونەکانی سەرەوە دەردەخات. چونکە ئەم چەتەگەرییە نێودەوڵەتییە، وەک ئاوێنەیەک بێ ئەخلاقی ئەورووپا و ئەمریکا و، ئەو کۆمەک و هاریکارییە بەتینە پێشان دەدات کە ئەوان دەیان ساڵە، بۆ کۆیلەکردنی کورد، بە تورکی دەکەن. بۆیە دەکرێ ڕفاندنی بەڕێز ئۆجەلان و دانەوەی بە تورکیا بە گەلەکۆمەکییەکی جیهانی دابندرێ کە لە کورد و پرسی کورد کراوە، هەروا وەک پوختەی سیاسەتی سەدەیەکی ڕۆژئاوا و ئەمریکا بەرامبەر بە کورد سەیر بکرێت.

بە درێژایی ئەم سەدەیە کۆمەڵێک وڵاتی ئەورووپایی و ئەمریکا، ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، بەشداری کوشتنی کوردستانیان کردووە و دەکەن. بەڵام پێدەچێت سەدەیەک کۆمەک و بەشداریکردنی کوشتنی کوردستان، سەدەیەک خوێنڕێشتن لەبەر جەستەی کورد بەس نەبێت تا سێرمۆنی سادییانەی ڕۆژئاوا و ئەمریکا دوایی پێ بێنێت!

ڕۆڵی ئەوان لە کوشتنی کوردستاندا بە ئەندازەیەکە کە بەڕای من شایانی ئەوەن وەک تاوانبار و شەریکەتاوان دادگایی بکرێن.

تۆ بڵێی شتێکی بێ مانا بێت ئەگەر پێشنیار بکەم کە یاساناسانی کورد لە ئەورووپا دادگایەک بۆ دادگاییکردنی ئەو وڵاتە ڕۆژئاواییانە دابنێن و لەو تاوانانەیان بکۆڵنەوە کە هەر لە دابەشکردنی کوردستانەوە تا ئەمڕۆ بەرامبەر کورد کردوویانە؟

دیارە دادگایەکی لەم جۆرە هیچ حوکمێکی ئیجرایی لێ ناکەوێتەوە، بەڵام ڕەنگە مەغزایەکی باشی سیاسی و ئەخلاقی هەبێت.

٣

دوای شەڕی کەنداو و دامەزراندنی ئەو زۆنەی بۆ بەشێکی گەلی باشووری کوردستان دانراوە، دەرفەتێکی لەبار بۆ ئەورووپا و ئەمریکا ڕەخسا تا ئەو گەردە خوێناوییەی سەدەیەکە، بە هۆی بەشداری کوشتنی کوردستانەوە، لەسەر ویژدانیان کۆبۆتەوە بتەکێنن، لە هەمان کاتدا دەرفەتێک بە خەڵکی خۆشباوەڕی کورد بدەن تا تاوانی سەدەیەکی ئەوان بەرامبەر بە کورد لەبیر خۆی بەرێتەوە. بەڵام ڕفاندنی ئۆجەلان ئەو دەرفەتەی بۆ کەس نەهێشتەوە. چونکە ئەوان بەم کارەیان سەلماندیان کە لە شەڕی جینۆسایدی تورک دژی کورد تەنانەت دەتوانن وەک لایەنێک بەشدار بن و ئەوەی بە تورک خۆی ناکرێت ئەمان بۆی بکەن. بۆیە مرۆڤ دەبێت زۆر سادە و کاڵفام بێت، یان هێندە دوژمنی چەپ بێت کە وەک گای ئیسپانیایی بە ڕەنگی سوور هار ببێت و بکەوێتە قۆچوەشاندن، تا پێی وابێت کە ئەورووپا و ئەمریکا، لە ڕۆژگاری ئێستادا، دەخوازن کۆمەکێک بە کورد بکەن، یان فشارێکی ڕاستەقینە بۆ بکوژانی کورد دێنن و هەنگاوێک بۆ چارەسەرکردنی ئاشتیانەی کورد داوێن.

ڕووداوەکانیش ئەوە دەردەخەن کە هەوڵی ئەوە دەدرێت ئەم زۆنەی لە باشووری کوردستاندا، بە ناوی پاراستنی کوردەوە دامەزرێندراوە (کە قەت ئەو ناوچەیەی لە دەستدرێژی تورکیا نەپاراستووە) بکرێتە ڕووپۆشێک بۆ داپۆشینی جینۆسایدی کورد لە باکووری کوردستان. لەوەش زیاتر بیانەوێت لەم ناوچەیەدا تا بزاڤی گەلی باکوور تێک دەشکێندرێت، میرنشینێکی کارتۆنیی کورد، بە هێزێکی چەکدارییەوە، لەژێر کۆنترۆڵی میت و جەنەڕاڵەکانی تورکدا، بۆ شەڕی بزاڤی گەلی باکوور ڕابگرن. هەر بەهۆی ئەم هێزەشەوە خەون و ئامانجی نەتەوەیی کورد تێک بشکێنن.

هاوکاریی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ لەشکری دەوڵەتی کەمالیستی تورک بەشێکە لەم پلانە.

بەڵام ئایا تاکەی پارتی دەتوانێت شانبەشانی لەشکری ئەنفالچی تورک، دژی بزاڤی گەلی باکووری کوردستان شەڕ بکات و، خزمەت بە پلانی ڕەگەزپەرستانەی کەمالیستەکان بکات، کە نزیکەی سەدەیەکە بۆ کوشتنی کوردستان و تواندنەوەی کورد پەیڕەوی دەکەن؟

٤

ئەوا سەدەی بیستەم بەرەو دوا ڕۆژەکانی خۆی هەنگاو دەنێت. ڕووداوەکان تا ئێستا ئەوە دەردەخەن کە ڕۆژئاوا و ئەمریکا بە هەمان پلانەوە، کە نزیکەی سەدەیەک پێش ئێستا بۆ کوردستان دایان ڕشتووە، بەرەو سەدەی بیستویەکەم دەڕۆن.

بەڵام ئایا کورد خۆی چی دەکات؟

ئاخۆ ڕێگە دەدات لەوە زیاتر گەمە بە چارەنووسی بکرێت؟

ئایا کورد دەتوانێت بەو جیهانەی، کە هێشتا بە پێی یاسای جەنگەڵ بەڕێوە دەچێت، بیسەلمێنێت کە وەک نەتەوە پێگەیشتووە و ڕێگە نادات کە سەدەی بیستویەکەم، وەک سەدەی بیستەم، بدۆڕێنێت؟

# هیراڵدتریبیون بەشداری ڕاستەوخۆی ئەمەریکا

# لە ڕفاندنی ئۆجەلان ئاشکرا دەکات

## وەرگێڕان و ئامادەکردنی لە ئینگلیزییەوە

ئازاد شێخانی

ڕۆژنامەی هیراڵد تریبونی ئەمریکایی International Herald Tribune وتارێکی ڕۆژنامەنووس تیم وینەر Tim Weiner ی لە ژێر ناونیشانی [ئەمریکا هاریکاری گرتنی سەرکردەی کورد ئۆجەلانی کرد] لە ڕۆژی ٢٢-٢-١٩٩٩دا بڵاوکردەوە.

وتارەکە لە ڕۆژنامەی نیۆیۆرک تایمسەوە وەرگیراوە. گرنگی وتارەکە جێگەی باسە، چونکە بەشداریکردنی ڕاستەوخۆی ئەمەریکا باس دەکات لە ئۆپەراسیۆنی ڕفاندنی بەڕێز ئۆجەلاندا، بە تایبەتی ڕۆڵی ئەمەریکا نیشان دەدات لە مونیتەرکردنی جێگۆڕکێی ئۆجەلان هەر لە دەرپەڕاندنی لە سووریاوە بۆ ڕووسیا و ئەورویا، لە وێشەوە بۆ ئەفریقا، هەتاکو ڕۆژی تەسلیمکردنەوەی بە تورکیا. وتارەکە بە گشتی هەڵوێست و ڕاگەیاندنەکانی ئوفیسەرە ئەمەریکییەکان دەگێڕێتەوە لە مەڕ ڕفاندنی بەڕێز ئۆجەلان. ئەگەرچی لە ڕۆژانی یەکەمی پاش ڕفاندنەکە ئەمەریکا بێدەنگی گرتبووە خۆی. بەڵام دوابەدوای ئەوە یەکسەر هەواڵی بەشداریکردنی لە ئۆپەراسیۆنەکەدا بە میدیای جیهان ڕاگەیاند. والێرەدا دەقی وتارەکەی تیم وینەر وەردەگێڕمە سەر کوردی.

بە پێی ڕاگەیاندنی ئۆفیسەرە ئەمریکاییەکان «ئەمریکا چوار مانگە لە کۆششدایە بۆ دەستبەسەرگرتنی ئۆجەلان. لە لایەکەوە بە پاڵپشتی دەزگای ئیستخباراتییەوە فشاری دیپلۆماسی بە کارهێنابوو بۆ دەرپەڕاندنی ئۆجەلان لە سووریا، لە لایەکی تریشەوە هەموو هەوڵێکی خستبووە گەڕ تاکو هیچ دەوڵەتێک ڕێگەی نیشتەجێبوونی پێنەدات، بە جۆرێکی وا کە تووشی ئاوارەبوون و پەریشانی بێت».

لەم ڕووەوە، ئۆفیسەرێکی ئەمریکایی دەڵێت:«ئێمە وەکو حکومەتی ئەمەریکا هەوڵمان دابوو بۆ ئەوەی بزانین ئۆجەلان لە کوێیەو بەرەو کوێ دەچێت و چۆنیش بتوانین تەسلیمی دادگای بکەین».

وەکو دەزانرێ، حکومەتی ئەمریکا - کە هەواڵی بەشداریکردنی لە گرتنی بەڕێز ئۆجەلان لە ڕۆژنامەی لۆس ئەنجیلس تایمس Los Angeles Times دابڵاوکردەوە - شانبەشانی تورکیا ئۆجەلان بە تیرۆریست لە قەڵەم دەدات.

بەڕێز ئۆجەلان ڕێبەرایەتیی پارتی کرێکارانی کوردستان دەکات و داوای ئۆتۆنۆمی بۆ گەلی کورد دەکات. بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە پارتەکەی ئۆجەلان لەم پانزدە ساڵەی دواییدا کەمپەینێکی کوشندەی دژ بە تورکیا بەرپاکردووە کە بووەتە مایەی لە ناوچوونی نزیکەی ٢٧ هەزار کەس.

تورکیا، کە ئەندامی ناتۆیە و دۆستی نزیکی ئەمەریکایە ، بە بەردەوامی ڕێگە بە فڕۆکە ئەمریکاییەکان دەدات لە ڕێگەی بنکەی سەربازی

ئینچیرلیکەوە هێرشی سەربازی بۆ سەر عێراق جێبەجێ بکات. جگە لەمەش ، دەزگای ئیستخباراتی ئەمریکا بنکەی ئینچیرلیک وەکو ئێزگەیەکی پشکنینی ئەلەکترۆنی بۆ چاوەدێرکردن و مۆنیتەرکردنی عێراق بە بەردەوامی بەکار دەهێنێت.

گرتنی ئۆجەلان بووەتە مایەی خۆنیشاندان و پرۆتێستی خەست لە لایەن کوردەکانی ئەوروپاوە دژ بە باڵوێزخانەو کۆنسوڵیەتەکانی یۆنان لە هەموو ئەوروپادا ، خۆنیشاندەران ڕووشیان کردۆتە کۆنسوڵیەتی ئیسرائیلی لە بەرلین لە ئەنجامی ئەو ڕاگەیاندنانەی گوایە ئیسرائیل و یۆنانیش بەشدارییان لە گرتنی ئۆجەلاندا کردووە.

وەکو دەردەکەوێ، ئەمەریکا تاکو ئێستا نەبووەتە نیشانی خۆپیشاندەران، هەرچەندە وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئەمریکا ئامۆژگاری ئاگالەخۆبوونی ئاراستەی ئەو هاووڵاتییانەی کردووە کە بەرەو ئەوروپا سەفەر دەکەن. هەر لە مانگی ئوکتۆبەری ١٩٩٨ەوە، بەڕێز ئۆجەلان جێگۆڕکێی جیوگرافی پێکراوە لە سووریاوە بۆ ئیتالیا، لەوێشەوە بۆ ڕووسیاو یۆنان تاکو لە کۆتاییدا لە ڕێککەوتی دووی فابریوەریدا لە باڵوێزخانەی یۆنان لە نایرۆبی پایتەختی کینیا خۆیگرتەوە.

هاوکات بە گەیشتنی بەڕێز ئۆجەلان بۆ نایرۆبی، تیمێکی زیاد لە سەد کەسیی ئیستخباراتی ئەمریکایی کە پێشتر لە کینیا جێگیر بوو بوون و، بە هاریکاری ئۆفیسەرانی موخابەراتیی کینیایی، خەریکی پشکنینی جێگەو شوێنی ئەو بۆمبایانە بوون کە لە مانگی ئۆگۆستی ١٩٩٨دا لە باڵوێزخانەی ئەمەریکا لە نایرۆبی تەقینەوە کە بوونە هۆی کوشتنی ٢١٢کەس.

بە پێی ڕاگەیاندنی ئەمەریکاییەکان «ئەندامانی ئەم تیمە یەکسەر درکیان بە گەیشتنی ئۆجەلان کرد بۆ کینیا و پاشان کەوتنە خۆ بۆ چاودێریکردنی باڵوێزخانەی یۆنان لە نایرۆبی بۆ مۆنیتەرکردن و گوێگرتن لە تەلەفۆنەکانی ئۆجەلان کە تیایدا خەریکی جێبەجێکردنی پەیوەندی سیاسی بوو بە هیوای دابینکردنی جێگەیەک بۆ نیشتەجێبوونی.

بە پێی ڕاگەیاندنی ئەمەریکاییەکان «ئەگەرچی ئەمەریکا لە سەرەتادا نکوڵی بەشداریکردنی ڕاستەوخۆی ڕفاندنی ئۆجەلانی دەکرد، بەلام پاشتر ئاشکرای کرد کە پێشکەشکردنی ئەو زانیارییانەی کۆی کردبووەوە، سەبارەت بە جێگەو شوێنی ئۆجەلان، دەرفەتیان بۆ کۆماندۆسی تورکی درووستکرد تا بە یارمەتی موخابەراتی کینیا ئۆجەلان دەستگیربکرێت. لە لایەکی ترەوە سەرەک وەزیرانی تورکیا بلێنت ئەجەوید دانیبەوەدا هێنا کە «تیمێکی کۆماندۆسی تورکیا یەکسەر بەرەو نایرۆبی کەوتە ڕێ پاش ئەوەی ئاگادارییەکی نهێنی تایبەتیان پێگەیشت لە لایەن وڵاتێکەوە -بەبێ دەستنیشانکردنی ناوی وڵاتەکە - کە ئۆجەلان لە نایرۆبییە»

ئۆفیسەرە کینیاییەکان کە هاوکاری تورکەکانیان دەکرد، توانیان بەڕێز ئۆجەلان ڕازیبکەن بۆ ئەوەی بەرەو فڕۆکەخانەی نایرۆبی بکەوێتە ڕێ. هاوکات تیمێکی کۆماندۆسی تورکی لە فڕۆکەخانەکەدا چاوەڕوانیان دەکردو بەمجۆرە توانیان ئۆجەلان بە دیل بگرن.

بەم شێوەیە کۆتایی بە گەشتە درێژخایەنەکەی ئۆجەلان هات. ئەو گەشتەی، بە پێی قسەکەرە ئەمریکاییەکان ، هەر لە مانگی ئوکتۆبەری ١٩٩٨ەوە دیپلۆمات و ئیستیخباراتی ئەمریکایی بە وردی شوێن پێیان هەڵدەگرت، بە شوێن ڕێگە و جێگەی ئۆجەلاندا دەگەڕان هەر لە ڕووسیاوە تاکو ئەوروپا و ئەفریقاش. شایانی باسە، ئەمەریکاییەکان بە بەردەوامی ڕووسەکان و ئەوروپاییەکانیان ئاگاداردەکردەوە لە موعاقەباتی جێکردنەوەی ئۆجەلان لە وڵاتەکانیانداو بە تایبەتی ئەمجۆرە هەڕەشەو ڕستەیەیان ئاراستەیان دەکرد «ئەگەر بیر لەوە دەکەنەوە ئۆجەلان بگرنە لای خۆتان دەمانەوێت پێشمان بڵێن بە تەمان چی لە گەڵدا بکەن».

بەڕێز ئۆجەلان لەم پانزە ساڵەی دواییدا بەشی زۆری ژیانی لە دیمەشق بردووەتە سەر، بەلام لە مانگی ئوکتۆبەردا تورکیا هەڕەشەی پەلاماری عەسکەریی لە سووریا کرد ئەگەر ئۆجەلان لە وڵاتەکەیدا دەرنەپەڕێنێ.

**ئەمەریکاییەکان بە بەردەوامی ڕووسەکان و ئەوروپاییەکانیان ئاگاداردەکردەوە**
**«ئەگەر بیر لەوە دەکەنەوە ئۆجەلان بگرنە لای خۆتان دەمانەوێت پێشمان بڵێن بە تەمان چی لە گەڵدا بکەن».**

ئەمەریکاش لە لای خۆیەوە بۆ هەمان مەبەست هەوڵ و تەقەلای خستبووە گەڕ، ئەگەر چی بە شێوەیەکی نارەسمی و لە قاڵبی تایبەتدا هێشتبویەوە.

لە ڕێککەوتی ۹ی ئۆکتۆبەردا، سووریا بەڕێز ئۆجەلانی سواری فرۆکەیەک کرد بەرەو ڕووسیا، ئیستخباراتی ئیسرائیلیش چاودێری سەفەرەکەی دەکرد، بەگوێرەی ڕاگەیاندنی ئەمریکاییەکان« ئیسرائیل لە گەڕان بە دوای جێگەو شوێنی ئۆجەلاندا بەشداری نەکردووە» ئەگەرچی ئەم ڕۆڵەشی ببینیایە ئەمەریکا بە زەحمەت دانی پێا دەنا.

لە لای خۆشیەوە حکومەتی ئیسرائیل و موخابەراتی موساد بە بەردەوامی نکوڵی بەشداریکردنی ئۆپەراسیۆنی ڕفاندنی ئۆجەلاندا دەکەن.

پاش مانگێک هەوڵدان بۆ زامنکردنی مافی پەنابەریی سیاسیی لە وڵاتێکی ئەوروپاییدا، لە ڕێککەوتی ۲ی نۆڤەمبەردا ئۆجەلان لە ڕووسیاوە بەرەو ڕۆما کەوتە ڕێ و خۆی تەسلیمی حکومەتی ئیتالیا کرد.

هاوکات ئەڵمانیا ئاگاداری حکومەتی ئیتالیای کردەوە کە ئۆجەلان لە ئەڵمانیا تۆمەتی تیرۆریستی دراوەتە پاڵ. لە لایەکی ترەوە، ئۆفیسەرە ئەمریکاییەکان ئەو ڕاستییەیان ئاشکرا کرد کە کاتێکی زۆریان سەرفکردبوو لە گەڵ ئەڵمانیاو ئیتالیاو تورکیا، بۆ ئەوەی بتوانن ئۆجەلان بە شێوەیەکی کریاکتیڤانە بدرێتە دادگا.

لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵی ئەمریکاییەکان بێگرفت نەبوو. لەلایەکەوە ئەڵمانیا لە داواکارییەکانی خۆی کشایەوە لە ترسی ئەوەی وڵاتەکەی ڕووبەڕووی ئەو خۆپیشاندان و ڕاپەڕینانە بێت کە کوردەکان هەر لە ڕۆژی گەیشتنی ئۆجەلانەوە بۆ ئیتالیا دەینوێنن، لە لایەکی تریشەوە بە هۆی ئەوەی مەترسی مەرگ لەسەر ژیانی ئۆجەلان هەیە لە کاتی گێڕانەوەو دادگاکردنی لە تورکیا، ئیتالیا داواکارییەکانی تورکیای ڕەتکردەوە.

قسەکەرە ئەمریکاییەکان ڕایانگەیاند کە «لە ڕێککەوتی ۱٦ی یانیوەریدا ئۆجەلان ئیتالیای بەجێهێشت، بەرەو سان پیترسبۆرگی ڕووسیا، لە وێشەوە دەیویست خۆی بگەیەنێتە وڵاتێکی ئەوروپی. لە ڕێککەوتی ۲۰ یانیوەریدا ئۆجەلان بە فرۆکەیەکی تایبەتی کە خاوەنەکەی (ئەندۆنیس ناکزاکیس Andonis Naxakis) ، بەرەو ئەسینای پایتەختی یۆنان کەوتە ڕێ. بە پێی ڕاگەیاندنی ئوفیسەرە یۆنانییەکان «ناکزاکیس عەسکەرییەکی خانەنشینی یۆنانییە، هەروەک زۆر لە هاووڵاتیانی تری یۆنانی پشتگیری و سۆزی بۆ کێشەی کورد هەیە.

دوو ڕۆژ پاشتر، لە ڕێککەوتی یەکی فابریوەریدا ، ئۆفیسەرە یۆنانییەکان کە بارێکی نائاساییان بۆ خوڵقابوو بە هۆی بوونی ئۆجەلان لە وڵاتەکەیاندا ، پێشنیاری ئۆجەلانیان کرد بەرەو هۆڵاند بچێت و لە وێشەوە خۆ بگەیەنێتە دادگای جیهانی دادپەروەری.

بەڵام حکومەتی هۆڵاند ڕێگەی نیشتنەوەی فرۆکەکەی ئۆجەلانی نەدا ، ئەویش بە ناچاری گەڕایەوە یۆنان.

لەڕۆژی دوایدا پاش ئەوەی حکومەتی یۆنان ڕازی بوو لە سەر ڕێگەو شوێنێکی کاتی بۆ ئۆجەلان لە باڵوێزخانەی یۆنان لە نایرۆبی، ئۆجەلان و چوار یاریدەدەری لە گەڵ ئۆفیسەرێکی یۆنانی بەرەو ئەوێ کەوتنە ڕێ.

بە پێی ڕاگەیاندنی ئەمریکاییەکان «تیمێکی ئیستخباراتی ئەمریکایی و کینیایی کە لە نایرۆبی کاریان دەکرد، خێرا درکیان بە بوونی ئۆجەلان کرد لە وێ و یەکسەریش ئاگاداری تورکیایان کردەوە».

پاش هێشتنەوەی دوو هەفتەی ڕەبەق لە باڵوێزخانەی یۆنان، یۆنانییەکان لە ئەنجام بە ئۆجەلانیان ڕاگەیاند کە هەموو شتێک لە بارە بۆ ئەوەی بۆ ئەمستردامی پایتەختی هۆڵاند سەفەر بکات. ئەوەبوو ئۆجەلان خرایە ناو جێبێکەوە، شۆفێرەکەشی ئۆفیسەرێکی موخابەراتی کینیایی بوو، بەرەو فرۆکەخانەی نێرۆبی بە ڕێخرا.

بە پێی ڕاگەیاندنی وەرگێڕەکەی بەڕێز ئۆجەلان،نوچان دەریا، «ئۆجەلان لە کاتی سەرکەوتنیدا بۆ ناو جێبەکە ئێجگار زۆر قەلق و نارەحەت بوو، لەبەر ئەوەی هەستیشی بەهێزە درکی بەوە کردبوو کە شتێکی زۆر خەتەرناک لە ئارادا هەیە و خەریکە ڕوودەدات.

بەمجۆرە، شۆفێرە کینیاییەکە ئۆجەلانی خستە ناو باوەشی تیمێکی کۆماندۆسی تورکی کە لە فرۆکەخانەکەدا چاوەڕوانیان دەکرد.

ئێستا ئۆجەلان لە دوورگەی ئیمرالی ناو دەریاچەی مەرمەرە دەستبەسەرەو تورکیا خەریکی دادگاکردنێتی.

هاشم كۆچانی

# گڵۆبالیزەکردنی تیرۆر
# بکوژ دەکرێ بە قوربانیی
# قوربانیی بە بکوژ

ئیستا ئۆجەلان لە بندەستی تورکیادایە، ئاکامی مەحکەمەکردنەکەی هەرجۆرێک بێت. ببێ بە قارەمانی زیندان وەک کورد دەیەوێت. یان بکرێت بە پێچەوانەکەی، وەک تورک دەخوازێت. هیچ لەو هەقیقەتە ناگۆڕێت ، کە ئەو ستەمەی دەرهەق بەو کرا، ستەمێکە ڕاستەوخۆ ئاراستەی کورد کراوەتەوە

لە کۆتایی سەدەی ڕابردوودا، تۆلستۆی ترسی ئەوەی لێنیشتووە کە زوڵم و ستەم دەرهەق بە مرۆڤایەتی لە تەشەنەکردندایە، بۆیە دەڵێت:

جەنگیزخان بە تەلەفۆنێکەوە بێننە پێش چاوی خۆتان.

گەرسەیرێکی کێشەی عەبدوڵا ئۆجەلان لە ڕۆژی دەرپەڕاندنەکەیەوە لە سووریا تاڕۆژی ڕفاندنەکەی لە نایرۆبی بکەین، دەقاو دەق ڕاستیی پێشبینییەکەی تۆلستۆیمان بۆ دەردەچێت.

ئەو ستەمە جیهانییەی دەرهەق بە ئۆجەلان کرا، بەو کەڵەگاییانە دەچێت کە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا کراون، بە یەک جیاوازییەوە، کە ئەمیان بە کەرەستەو ئامرازی مۆدێرن و لە سەردەمی گلۆبالیزەکردنی دنیاو بوونی ئەمەریکا بە تاقە پۆلیسی جیهان ئەنجام درا.

١

PKK گەورەترین هێزی بزاڤی ڕزگاریخوازیی کوردستانە و چارەنووسی بەشی گەورەی وڵاتەکەمانی پێوە بەندە، لەم دەزگایەدا هەم ئەگەرەکانی سەرکەوتنی کورد دەبینرێن، هەم ئەگەرەکانی تێکشکانی کورد. هەر بۆیە کاتێک کە هێزێک لەم ئاستە خەتەرناکەدا بێت، لە لایەک قسەو باس و جیاوازی هەڵسەنگاندن هەڵدەگرێت، لە لایەکی ترەوە پێویستە هەمیشە لە ژێر چاودێریی و ڕەخنەدا بێت، ڕەخنە لەو لایەنانەی بگرین کە پێمان وابێت زیان بە کێشەی کورد دەگەیەنێت و کۆسپ و تەگەرەی زیاتر دەخاتە سەر ڕێگەی ئازادیی کوردو خودی.PKK ش.

هەر بۆیە PKK لە هەر هێزێکی تری سیاسیی کورد پتر پێویستی بە ئاوڕدانەوەو ریفۆرمی قووڵ وڕادیکالانەی بەردەوام هەیە، تا لە هەڵدێرو گلان بەملاو ئەولادا خۆپارێزیی بکات.

زۆر گرنگە کە هەم PKK فێری گوێگرتن و قەبووڵکردنی ڕەخنە بێت، هەم ئەو خەڵکانەی کە لە باری عەقڵیی و لە نییەت پاکییەوە ڕەخنە دەگرن، ڕەخنەکانیان نەکەونە ژێر کارتێکردنی باری سایکۆلۆژی و شتی دەروونیی تایبەت بە خۆیان.

٢

هێزەکانی باشوورو ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە زەمینەیەکدا سەریان هەڵدا، کە کورد وەک زمان و کولتوورو نەتەوەو، تەنانەت کوردستان وەک هەرێمێکی جێنشین بوونی کورد، لە ئێران و لە عێراقدا، قەدەغە نەکرابوون. خەباتی هێزە سیاسییەکانی باشوورو ڕۆژهەڵات بۆ ناساندنی سیاسییانەو داننان بە ئامانجە سیاسیی و نەتەوەییەکانی گەلی کوردستاندا بووە لە دەوڵەتی عێراق و ئێران.

بەڵام ئەرکی PKK و عەبدوڵا ئۆجەلان کە یەکێکە لە دامەزرێنەرانی ئەو حزبە، گەلێک سەختتر بووە. ئەرکی ئەمان ڕاگەیاندن و ئاشکراکردنی کورد، وەک نەتەوەو کوردستان وەک وڵات بووە کە لە تورکیادا تا ئێستاش بە پێی دەستوور، دوو بابەتی قەدەغەکراون و حاشا لە بوونیان دەکرێت.

ئەمان چوونە نێوتەنگای دەوڵەتێک کە پێگەکانی بە سەر ئایدیۆلۆژیای [وەهم]و خورافاتی ئەتاتورکەوە بناخەیان گرتووە.

دەستووری تورکیاو فکری ئەتاتورکی باپای ڕۆحی و دامەزرێنەری هاوچەرخی ئەم دەوڵەتە، لە نووکەوە تا کۆتایی جەخت لەوە دەکەن کە لە چوارچێوەی ڕەسمیی تورکیادا، هیچ نەتەوەو زمانێکی تری غەیرە تورک و تورکی نییە. هیچ پارچە خاکی وڵاتێکی تریش نەکەوتۆتە ناو سنوورەکەیەوە. هەر کەس و گروپێکیش باس لە بوونی غەیرە تورک و زمانی غەیرە تورکیی و خوێنی نامۆ بە خوێنی تورک بکەن، ئەوا بە خائین و دوژمن بە تورکیا دەناسرێن و ڕەوانەی سەربازگەی مەرگ دەکرێن. بە پێی ئایدیۆلۆژیای ڕەسمیی تورک، زمانی کوردی زاراوەیەکی ژەنگ هەڵگرتووی زمانی تورکییەو، کوردەکانیش تورکن، بەڵام لە فۆرمی چیا نشیندا.

PKK و عەبدوڵا ئۆجەلان هاتن لە ڕووی ئەتنیکییەوە، ئەو [وەهمخانەیە]ی تورکیا کردوویەتی بە ئایدیۆلۆژیای ڕەسمیی خۆی، خستە ژێر پرسیارێکی ئەستوورەوە.

لە هەمان کاتدا لە باری سیاسیشەوە بە کردەوە پێناسەی نەتەوەی کوردیان لە تورکیادا گەڵاڵەکردو کەوتنە خەبات کردن بۆی.

کاتێک ئەم ئێدنتیتێتە خرایە ڕوو دەبوو لەم سێ بوارەدا خەباتی بۆ بکرێت:

یەکەم : خۆناسینی نەتەوەیەک، کە دەیان ساڵە بواری خۆناسینی لێ مەنفەزبڕکراوە.

دووەم : ناسینی ئەویتر کە تورکە. ئەمەیان تا ڕادەیەک ئاسانتر بوو.

سێیەم : سەرهەڵدانی دیالۆگ لە نێوان دوو ئێدنتیتێتدا کە یەکێکیان ڕەسمییەو ئەویتریان قەدەغەیە.

بەرامبەر بەخۆسەلماندنەوەی کوردو سەبارەت بە مامەڵەکردن لەگەڵ بزاڤی ڕزگاریخوازیی کوردستاندا، لەم ڕووەوە هەڵوێستی دەوڵەتی تورکیاو کۆمەڵگەی تورک، کە لە ئێستادا جیاوازییەکی ئەوتۆیان لە نێواندا نییە،دوو ڕێگەیان لە بەردەمدا بوو: یان دەبوو پابەندبوونی خۆیان بە تورکبوون و ئایدیۆلۆژیای ڕەسمییەوە دەربڕایە، یان دەبوو پشت لە ئایدیۆلۆژیای ڕەسمیی تورکبوون و وەهمخانەکەی ئەتاتورک بکەن و، لە جیاتی بە وەهم خوێندنەوەی مێژوو، بە عەقڵ مێژوویان بخوێندایەتەوە، تا ئێستایان بۆ هەزم بکرایە، کە درەنگ یان زوو لە داهاتوودا دەبێت ملی ئەم ڕێگەیەیان بگرن.

تورکبوون لە تورکیادا، تەنیا پابەند بوون بە نەتەوەو کولتوورێکی دیاریکراوەوە نییەو بەس، بەڵکو پابەندبوون بە نەخۆشییەکی درێژخایەنیشەوەیە: ڕقبوونەوە لە گشت [تورکنەبوونێک].

هەربۆیە تورک و کۆمەڵگەی تورک هەر لە سەرەتاوە ڕێگەی یەکەمیان گرتە بەر،کوردوPkk و عەبدوڵا ئۆجەلانیان بە خائین دەرهەق بە نیشتمانی [وەهم = تورکیا] ناوزەدەکرد.

ئەگەر وای بخەملێنین کە [١٠٠] ڕێگە بۆ دیالۆگ و پێکەوە هەڵکردنی کوردو تورک و ئەمجار قەبووڵکردنی کورد لە لایەن تورکەوە هەبووبێت، ئەوا دەوڵەتی تورکیا بە کردەوە دەرگای [٩٩] لەو ڕێگایانەی داخست و ، تاقە ڕێگەیەک کە هێڵایەوە ڕێگەی چەکداری و زمانی زەبروزەنگ بوو.لەمەشدا تورکیا کە خاوەنی بەرهەمێکی کەڵەکەکراوی زەبروزەنگی کلاسیکی (عوسمانی) و

زەبروزەنگێکی دەریاناسای کەمالیستییە، دەیزانی کە زەبروزەنگی کوردیی چەند توندو تیژ بێت لە بەردەم شەپۆلە سەرشێتەکانی زەبرو زەنگی کلاسیک - مۆدێرنی کەمالیزمدا، وەک دەنکە لمێکی لێدێت. بۆ ئەمەش:

یەکەم : یاسای سەربازیی بە سەر باکووری کوردستاندا سەپاند.

دووەم : ڕاگوێزان و گوند وێرانکردن و کوشتاری بە کۆمەڵی خەڵکی کوردی گرتەبەر.

سێیەم : هەوڵیدا هەرچ کاردانەوەیەکی گریلایی PKK یان سیاسییانەی کورد به تێرۆر ناو ببات لەم ڕێگەیەشەوە کێشەی سیاسیی کورد ئینکار بکات. بۆ جێبەجێکردنی ئەم پەیامەشی هەرچی توانای هەراوی میدیاو پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی هەبوو خستە گەڕ، لەم کارەشدا وڵاتانی ڕۆژئاوا بە تایبەتی ئەمەریکا یارمەتیدەرو تەواوکەری تورکیا بوو.

دیارە لێرەدا فکری سیاسی PKK و تێزە سیاسسییەکانی ئەوو هاوپەیمانێتییەکانی لە ناوچەکەدا، ئەمریکاو ڕۆژئاواو ئیسرائیلیان بۆ پشتیوانیکردنی تورکیاو ناوزەدەکردنی PKK بە تێرۆریست، پتر هاندا.

پێموایە لەم قۆناغە سیاسییەی خەباتی PKK دا ئەوەی جێگەی سەرنج و ڕەخنە بێت چەند خاڵێکە:

یەکەم: لەو کاتەدا کە تورکیا بە بەرنامەڕێژیی، PKK ی ترنجاندە سەر تاقە ڕێگای خەباتی چەکداریی و گریلایی. نە دەبوو سەرکردایەتی PKK ش هەموو جەخت و قورسایی خۆی بخاتە سەر ئەم شێوە خەباتە، کە بزاڤەکەی خستە بارێکی ئەوتۆوە تەنانەت کاتێک کە کۆڵەگە سەرەکییەکانی ئەم چەشنە خەباتە لە سەر ئاستی دنیاش نەمان یان کەم بوونەوە، PKK درەنگانێک توانی سەرنجی شێوەکانی تری خەبات بدات ، جەخت کردنە سەر خەباتی چەکداریی کەم بکاتەوە.

دووەم: پابەندبوونی زیاد لە پێویستی PKK بە هەندێک تێزی ئایدیۆلۆژی و هاوپەیمانێتیی سیاسیی لە ناوچەکەدا، کە دەکرا سنوورەکانیان تەسکتر بکرێنەوە.

سێیەم: مەسەلەی یەکێتیی نەتەوەیی و هەڵوێستی PKK لە هێزە سیاسییەکانی تری باکوورو باشوورو ڕۆژهەڵات.

بەمانایەکی تر PKK لە سیاسەتە کوردییەکەیدا کۆمەڵێک دروشمی خستبووە ڕوو، ڕەنگە ئەگەر وەک دروشمی ڕووت سەیر بکرێن، ڕاستبن. بەڵام ئەنجامدانی ئەو دروشمانە بە بێ تێگەیشتن و هەزمکردنی پرۆسەی دابەشکردن ، بە دیوی پێچەوانەیدا دەشکێتەوە.

ڕەنگە یەکێک لە مەرجە سەرەتاییەکانی کوردبوون بە مانای سیاسیی ئەوەبێ کە دابەشکردنی کوردستان ڕەتبکرێتەوە، بەڵام ئەو کارە سەقەتانەی کە دابەشکردنەکە دروستی کردوون پێویستی بە پرۆسەیەکی درێژخایەنی باسکردن و دیالۆگی کوردو کوردو هەزم کردن هەیەو، بەبێ ئەم هەزمکردنە توانای ئەنجامدانی ئەو دروشمانە نامێنێت و گیروگرفتی تری لاوەکی دروست دەبن و دەبنە خاڵی سەرەکی ململانێی نێوان هێزە کوردییەکان.

لە لایەکی ترەوە یەکێتیی نەتەوەیی بۆ گەلێک لە قۆناغی ئێستاو تایبەتمەندییەکانی کوردا بژیت، بە تۆپزی و بە سەپاندنی یەک جۆری بیرکردنەوەو یەک کولتووری سیاسیی و بە هەڵدانی دروشمی ڕاست نایەتە دی. بەڵکو بە تێگەیشتن و قەبووڵکردنی ئەو جیاوازییە فکرییانەو ئەو موزایکە سەیرانەی لە کوردستاندا هەن دێتە دی، کە بەشێکیان دابەشکردنەکە دروستی کردوون. تەنانەت لایەنە هەرە خراپەکانی ئەو دابەشکردنەش کە لە عەقڵی سیاسیی کورددا دنیایەک سەقەتکاریی بۆ خستووینەتەوە، بەسۆزو حەماسیی نەتەوەیی ناگۆڕدرێن، بەڵکو لە ماوەی درێژ خایەنی خۆیانداو بە دیالۆگ و لێک حاڵیبوون و پێکەوەهەڵکردن دەگۆڕدرێن، یان هیچ نەبێ لە ئێستادا کۆنترۆڵ دەکرێن.

٣

هەر نەتەوەیەک زەینکوێر بێت ، دوژمنەکانی بە ئاسانی دەتوانن بەهەرچ هەڵدێرێکدا بیانەوێت

ئاراستەی بکەن و بیخەنە ژێر کارتێکردنی سیاسەت و کولتووری خۆیانەوە و ئاکام بە سەریدا زاڵبن.

ئێمە ئەگەر زاکیرەمان تیژ بێت و ئاورێک لە پەیوەندی سیاسیی کوردو تورک لە هەردوو سەردەمی عوسمانی و پۆست عوسمانی بدەینەوە، ئەو دەم حەساسیتێکی سیاسی کوردانەمان بە رامبەر بە دەوڵەتی تورکیا لا درووست دەبێت.

ساڵی ١٨٢٦، ئاین پاشای کۆرە فریو دەدات و بە نیازی گفتوگۆ روو دەکاتە ئەستەمبووڵ، لە گەڕانەوەدا دەیکوژن.

١٨٥٣-١٨٥٥

ئینگلیزو فەرەنساو رووسیا، سێ قۆڵی و بە جیاجیا فشار دەخەنە سەر بزووتنەوە چەکدارییەکەی یەزدان شێرو، لە بارچوواندنی سەرهەڵدانی دەوڵەتی کوردی، پاشان لەژێر فشاری رووسەکاندا یەزدان شێر، بۆ گفتوگۆ دەچێتە ئەستەمبووڵ، یەکسەر دەیخەنە زیندانەوە تا مردن.

١٨٨٠-١٨٨١

رووس و ئینگلیزەکان بە تۆپزی شێخ عوبەیدوڵای نەهری قایل دەکەن بۆ دیالۆگ بڕوانە ئەستەمبووڵ، هەر کە دەچێتە ئەستەمبووڵ دەیخەنە زیندانەوە.

١٩٢٥

فەرەنسییەکان یارمەتی تورکەکان دەدەن ، بچنە سووریاو پشت لە بزووتنەوەکەی شێخ سەعیدی پیران بگرن.

ئەمجارەیان فەرەنسا لەوێ نییە، بەڵام سوورییەکان خۆیان لە فۆرمێکی گاڵتەجارییانەداو بە چەشنێکی دی ئەم کارە دەکەن.

جیاوازی گرتن و تەسلیمکردنەوەی عەبدوڵا ئۆجەلان لەگەڵ رابەرانی بزووتنەوەکانی پێشوودا، رەنگە ئەوە بێت کە:

– عەبدوڵا ئۆجەلان بە پێی خۆی نەڕۆیشت.

– تەسلیمکردنەوەی ئۆجەلان لەوانەی پێشوو بەربەریانەتر بوو.

٤

هاتنی ئۆجەلان بۆ ئەورووپاو دوورکەوتنەوەی لە ئەتمۆسفێری سیاسیی و هاوپەیمانێتییەکانی ناوچەکە و ئەو نەرمی نواندنەی لە داوا شەش خاڵییەکەیدا سەبارەت بە کێشەی کورد لە ئەمڕۆدا خستییە روو، هەروا داخوازییەکەی لە ئەورووپا کە رۆڵی ناوبژیوان لە نێوان Pkk و دەوڵەتی تورکیادا ببینێت و ئەو شێوە تێکۆشانە نوێیەی کورد لە ئەورووپا گرتییە بەرو لە خۆپیشاندان و مانگرتنی دەیان هەزار کەسیی پایتەختەکانی زۆر لە وڵاتانی ئەورووپاو شوێنەکانی تردا دەرکەوت، کە پێموایە لە ساڵانی شەڕی ڤێتنام و لە کۆتایی شەستەکانی بزووتنەوەی خوێندکاران و لاوانەوە، ئەورووپا لەم چەشنە خەباتە فرەوانانەی بە خۆیەوە نەدیوە.

سەرجەم ئەم کارانە تورکیاو ئەمەریکاو ئەورووپاو کوردیشی خستە بەردەم تاقیکردنەوەیەکی نوێ.

تورکیا یەکسەر وەڵامە شکستەکەی دایەوە کە گوایە کێشەیەک بەناوی کوردەوە لە تورکیادا نییە. لە تورکیادا تەنیا کێشەی تیرۆرو عەبدوڵا ئۆجەلان وPKK هەیە.

لێرەدا قسەکەی هیگڵ بەتەواویی لەگەڵ دەوڵەتی تورکیادا جووت دێتەوە کە دەڵێت: تەنیا دەرسێک کە مێژوو فێرمان دەکات ئەوەیە کە کەس لەمێژووەوە فێر نابێت. ئەورووپاش لەوەی کە هیچ سەرنجێکی جدی بە داخوازییەکانی کورد نەدا، هەروا لەسەر داخوازی و هەرەشەکانی تورکیاو لەژێر فشاری ئەمەریکادا ئۆجەلانیان نەگرتە خۆیان و پەنابەریی سیاسییان نەدایێ. سیاسەتی دەبڵ موراڵیی ئەوی پیشان دایەوە، کە ئەم وڵاتانە نەک رێزیان بۆ دەستووورو یاسای وڵاتەکانی خۆیان نییە و هیچ حورمەتێکی مافی مرۆڤیان لەم مەسەلەیەدا نەگرت، بەڵکو بە کردەوەو بە پلەی جیاجیا رۆڵیان لەوەدا بینی کە وا لە تورکیا بکەن شووڵی زیاتر لێهەڵکێشێ و ئاکام ئۆجەلانیان لە ئەورووپاوە گەیاندە ئەفریقاو لەوێش لە پرۆسەیەکی تیرۆریستیی نێو دەوڵەتیدا تەسلیمیان کردەوە.

سەبارەت بە رۆڵی ئەمەریکاو ئەورووپاو ئیسرائیل و کینیا لەم زوڵمە گەورەیەی لە کوردیان کرد، لە ناو رای

گشتی ئازادی دنیادا مەسەلەکە روونەو لە زۆر لاوە رەخنەی توند ئاراستەی ئەمەریکایی و ئەوروپاییەکان دەکرێت،بەڵام لە ناو رای گشتی کورددا، دوو بۆچوونی گشتی و زاڵ هەن.

یەکەمیان پێی وایە ئەو دەوڵەتانە بە ئەندازەی تورکیا لە هاوشانی ئەودا بکرێن بە دوژمن و هێرشیان بکرێتە سەر.

دووەمیان پێی وایە ، ناوی ئەمەریکا و وڵاتانی ئەوروپا نەهێنرێت. چونکە ئەم وڵاتانە لە ئەنجامدا پاش گرتنی ئۆجەلان ، بۆ چاری کێشەی کورد فشار دەخەنە سەر تورکیا.

من پێموایە رای یەکەمیان لە رووی سیاسییەوە هەڵەیەو، زیاتر دەرئەنجامی خوێندنەوەیەکی عاتیفانەی رووداوەکەیە. دووەمیشیان گەشبینییەکە کە لە حاڵینەبوون لە سیاسەتی نێودەوڵەتان و لە کەم زاکیرەیی و لە نەناسینی دەوڵەتی تورکیاوە، سەرچاوە هەڵدەگرێت.

من پێموایە ئەو کەڵەکایی و ستەمە ئەستوورەی ئەمریکاو ئەوروپاو ئیسرائیل لە کوردیان کرد، یەک مانای هەیە دیوێکی بۆ رازیکردنی تورکیایەو دیوێکی تری کە ئاراستەی کورد دەکرێت ئەوەیە کە بە کورد دەڵێن دنیا بەو چەشنە تۆی دەوێت کە تورکیا قاڵبی بۆ دارشتووی.ئەمەش بە چەشنێکی ناراستەوخۆ یان ژێر زارەکیی جەختکردنەوەیە لەسەر تاوانی دابەشکردنی کوردستان لە سەرەتای ئەم سەدە.

ئێمە وەک نەتەوەیەکی زوڵملێکراوی کەناری مێژوو، کە رێگەمان نادەن شارێی تایبەت بەخۆمان لە مێژوودا هەبێت، بەرامبەر بەم بێ موراڵییەی ئەمەریکاو ئەوروپا نابێت بێ دەنگ بین. بە مانایەکی تر ناچارین لە پراکتیکدا زوڵمە ئەنجامدراوەکە قەبووڵکەین، بەڵام نابێت لە ئاستیدا بێدەنگ بین و دەبێ ناوی زوڵمیشی لێبنێین و بە رای گشتی ئەمەریکاو ئەوروپا بڵێین ئەمەی دەوڵەتەکانی ئێوە لە گەڵ گەلی ئێمەیان کرد، دەپاتکردنەوەی ئەو ستەمەیە کە بە درێژایی مێژوو لە کورد کراوە. ستەمکردن لە نەتەوەیەکی بندەست بۆ ئێوە کارێکی ئاسانە بەڵام باجی ئەم کارە لە درێژ خایەندا لە باری ئەخلاقیی و ویژدانییەوە، کاردانەوەی تیژی دەبێت.

ئێمە کە زۆر جار واماندەزانی پاش نەمانی بلۆک بەندیی و شەڕی سارد، دوای راگەیاندنی سیاسەتی نوێی جیهان و گلۆبالیزم، تورکیا ئەو بایەخەی جارانی بۆ ئەمەریکا نامێنی. بەڵام پێدەچی ئەمەریکا بە تایبەتی لە کێشەی کوردا هێشتا وەک سەردەمی شەڕی سارد بیر بکاتەوە. هەر بۆیە ئەگەر ئیسرائیل لاقێکی بێت لە ناوچەکەدا ، ئەوا تورکیا لاقی دووەمێتی. بۆیە ئەمەریکا نایەوێت هیچ گۆڕانێک لە سنووری ئێستای تورکیادا روویدات. بۆ ئەم کارەش ئەوەی بە تورکیا خۆی ئەنجام نەدرێت، ئەوا ئەو بۆی مەیسەر دەکات. بە داخەوە وڵاتانی ئەوروپاش لە گەڵ هەندێ جیاوازی رووکەشانەدا هەر بەسەر ئەو ئاوەدا دەڕۆن کە ئەمریکا رشتوویەتی، لە ئاکامدا وەک یەکێک لە ویلایەتەکانی ئەمەریکا و پابەند بەو مامەڵە لە گەڵ کێشەکانی ناوچەی ئێمەدا دەکەن.

لایەنە پۆزەتیڤەکانی سیاسەتی نوێی جیهانیی و گلۆبالیزم وادەخوازن ئەوروپای یەکگرتوو، وەک هێزێکی سەربەخۆو ئازاد کاربکات و لە ئاستی نێو دەوڵەتاندا هەبوونی هەبی و رەنگ و دەنگی خۆی هەبێت، چونکە ئەوروپا بە خۆیەوە جوانە نەک بە پاشکۆییەوە بۆ ئەمەریکا.

## ٤

بەلای رای رەسمیی ئەمەریکاو وڵاتانی تری رۆژئاواوەوە، مافی مرۆڤ مانای مافی بەرژەوەندییەکانی خۆیان دەبەخشێت. بە تایبەتی کاتێک ئەم مافی مرۆڤە لە دەرەوەی سنوورەکانی ئەواندا جێگەی باس بێت، چجای لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

بەلای ئەمەریکاو وڵاتانی ئەوروپاوە ئەوە گرنگ نییە قوربانیی و کوژراوەکان کێن، یان بۆ دەکوژرێن. بۆ ئەوان گرنگ بکوژەکەیە جەلادەکەیە، ئەگەر جەلادەکە دۆستی ئەوان بێت و بەرژەوەندییەکانی ئەوان بپارێزێت، بۆی هەیە مافی مرۆڤ پێشێل بکات ، نموونە تورکیا لە کۆنە وە بۆ ئێستا، نموونەی سەدام حسێن تا

داگیرکردنی کوەیت.. ئێستای عەرەبستانی سعودی.و ولاتانی تری کەنداوو ....

٥

ئەگەر تێرۆر لە رووی یاساییەوە پێناسە بکرێت، زیاتر ئەو کەس و گروپ و دەوڵەتانە دەگرێتەوەکە :

١- خەڵکی سیڤیل و بێ تاوان دەکوژن.

٢- زیان بە سامانی خەڵکی سیڤیل دەگەیەنن.

٣- لە یاساو رەفتارەکانیاندا ، پشت بە رەگەزپەرستی و جیاوازی ئاین و زمان ..دەبەستن

٧٥ ساڵە دەوڵەتی تورکیا لە کوردستان و تەواوی تورکیادا دژی کوردو گەلانی تر ئەم سیاسەتە درێژە پێدەدات.

ئەگەر ئێستا لیستێک بە ناوی ئەو گەل و نەتەوانەوە بکرێت کە پێشتر لە تورکیادا هەبوون وەک ئەرمەن و یۆنانی و چەرکەس و ئاسووری و عەرەب، لە سەر زەوی نەماون. یان لە کوشتاری بەکۆمەڵدا لەناوبراون، یان بە خورتی کراون بە تورک.بەلام سەبارەت بەکورد لە گەڵ ئەو کوشتارو رەشەکوژییەش کە دەرهەقی کراوە لەبەر زۆری و قورسایی چەندان ملیۆنی خۆی بە تەواوی لەناو نەبراوە.

ئێستاش بەرامبەر بە کورد تێرۆرێکی رەسمیی دەوڵەتیی لە فۆرمی شەری جینۆسایدا لە ئارادایە.

ئەمرۆ لە تورکیادا بە چڕی و بە فرەوانی زەبروزەنگێکی عەسکەرتاریی بەرامبەر بە گەلی کورد ئەنجام دەدرێت.لە هەمبەر ئەم زەبرو زەنگەش زەبرو زەنگێکی کوردی وەک کاردانەوە سەرهەڵدەدات.

دیارە کاتێک تورک شاڵاو دەهێنێتە سەر کوردستان و زەبرو زەنگ بە کار دەهێنێت، رووبەرووی زەبروزەنگێکی کوردی دەبێتەوە، دیارە زەبروزەنگیش هە ر زەبرو زەنگە.

لە سیاسەت و زەبروزەنگی کوردیدا گەر کاری نارەواش کرابێت، کە لە هەموو بزاڤێکی چەکداریدا بووەو حەتمەن دەبێت، ئەوا دەشێ هەڵە یان کاردانەوەیەکی ناچاریی بێت بەرامبەر بە تێرۆرێکی رەسمیی ئارەزوومەندانەی دەوڵەتی تورکیا.

تورکیای بکوژ ناوی لە قوربانییەکانی ناوە تێرۆریست، ئەمەریکاو ئەوروپاش نوێنەری ئەو قوربانییانە کە عەبدوڵا ئۆجەلان و PKK یە تەسلیمی تورکیا دەکەن.

چ مەسخەرەیەکە ئەم دنیایە، کاتێک جەللادەکان، قوربانییەکانیان بە ناوی تێرۆریستەوە «دادگایی» دەکەن

پێموایە ئەم بێدەنگییەی دنیا، لە بەرامبەر تاوانەکانی تورکیا، بۆ دوو هۆکاری سەرەکی دەگەرێتەوە:

یەکەم : هۆکاری ئابووریی، کە لەم رووەوە ئێمە لە هیچ هاوکێشەیەکدا شوێنمان نییە.

دووەم: هۆکاری سیاسییە. کە بەداخەوە ئێمە وەک دەوڵەتمان نییە، هێشتا نەبووینەتە هۆکارێکی سیاسیی ئەوتۆش کە لە هاوکێشە سیاسییەکاندا کاریگەریمان هەبێ و فەرامۆش نەکرێین. ئەمەش بە پلەی یەکەم پێوەندی بە زلحزبەکانی کوردستانەوە هەیە، کە نەک هەر لە تەبایی و پێکەوە هەڵکردن و یەکتر قەبووڵکردنەوە دوورن، کە بتوانن کورد وەک هۆکارێکی سیاسیی خاوەن پەیام بخەنە هاوکێشە سیاسییەکانی ناوچەکەو جیهانەوە. بەڵکو بەرادەیەکی ئەوتۆ تێکەڵ بە نەخشەی داگیرکەران بوون، کە یەکتریان لێبووەتە دوژمن.

رەنگە نەتەوەی کوردو بزاڤەکەی کەمجار بە قۆناغی ترسناکی وەک ئێستایاندا رەت بووبن، ئەمرۆ چارەنووسیان رووبەرووی ئایندەیەکی نادیار بووەتەوە. ئایا ئەم مەترسییانە لەو ئاستەدا نین کە سەرانی کوردو زلهێزەکانی کوردستان بگەیەننە ئەو قەناعەتە کە پرۆژەیەکی ئاشتبوونەوەو ئاشتی سەرانسەری رابگەیەنن؟

داخوا سەرکردایەتی هێزە بەشەرهاتووەکان، تاکەی ئامادەنین پێکراو لەگەڵ هێزەکانی تری کوردستاندا، لە جیاتی شەر، رێگای دیالۆگ بگرنە بەرو، کۆتاییەک بەم تراژیدیا نەتەوەییە - شەری ناوخۆیی و پێکەوەهەڵنەکردن- بێنن؟

**دانیال میتیران**
سەرۆکی ڕێکخراوی «فرانس لیبرتی»

# بۆ من بەرگریی لە کوردە چەوساوەکان دەکەم ؟

هەردەم خواستوومە پشتیوانی ئەو زوڵم لێکراوانە بم کە بەرووی جەللادانددا دەوەستنەوە، ئەم باوەڕە ئەخلاقییەشم بە بەرگریکردن لە چەوساوەکان، سا ئیتر کورد بن یان هیندی، تیموری بن یان خەڵکی تیبت، یان لەوانەی پەناگەو ناسنامەیان نییەو، بەداخەوە بەشێکی گەورەی ئەم جیهانەن، لە هەمان کاتیشدا ئەرکێکی سۆسیالیستانەی خوم بووە.

من نە هێندە نەفامم و نەهێندەش ساویلکە لەوە نەگەم کە قوربانییەکانیش هەردەم فریشتە نین و بەڵکو وەک هەر یەکێکن لە ئێمە. یەکەمین چاوپێکەوتنم لە گەڵ عەبدوڵلا ئۆجەلاندا ئەو کاتە بوو کە بانگەشەی ئاشتی داو هەوڵی دا لە یەکێک لە وڵاتە ئەوروپاییەکاندا پەناگەیەکی بدرێتێ. بەڵام ئەو ئەوروپایەی هەردەم شانازی بەوەوە دەکات کە خاکی پەناگەو داڵدەدانە ، ئەو ئەوروپایەی پێشوازی لە کەسانی وەک «خومەینی» و «دوڤالییە» و «بۆکاسا» کردووەو دەزانێ چۆن میوانداری شاو سەرکردە زاڵمەکانی جیهانی سێیەم بکات، دەرگای بەڕووی سەرکردەیەکی کورددا داخست تا ڕووبەڕووی مەرگ بکرێتەوەو بدرێتە دەست ستەمکاران.. ئەمە لە کاتێکدا ڕوویدا کە دەکرا بوونی ئۆجەلان لە ئەوروپادا ببێتە هۆی بەستنەوەی بزووتنەوەکەی بە ڕێگاچارەیەکی سیاسییانەو هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێکی ئاشتیانەی ئەو پێکدادانە تاڵ و تفتەی وا بۆ حەفتا ساڵ دەچێت لە نێوان کوردەکان و تورکەکاندا بەردەوامەو، هیچ هێزێکی بیانیش نە دەستی تێدایەو نە سەرچاوەشێتی، وەک سەرکردەکانی تورکیا دەیانەوێ خۆیان بەو بەیت و بالۆرەیە بخەڵەتێنن، بەڵکو تەنیا زادەی کەللە ڕەقی و سووربوونی ڕژێمی تورکیایە بۆ لە ناوبردنی کوردەکان بە هەموو زمان و کولتوورو شارستانێتی تاک هەڵکەوتوویانەوە.

ڕژێمی تورکیا کە تاوانباری حوکمنەدراوی یەکەمین جینۆسایدە(قڕکردنی ئەرمەنەکان لە ساڵی ١٩١٥) و یەکەمین پاکتاوکردنی ڕەگەزپەرستانەیە (بە گواستنەوەی 1,200,000 یۆنانی لە ناوچەی ئەنادۆڵدا)، دەیەوێ لە ڕێگای هێزە خێراو ترسناکەکانی خۆیەوەو لە ڕێگای کوشت و بڕو چەوساندنەوەو دوورخستنەوەوە، کوردەکان، کە دانیشتووی یەکەمی ناوچەکانی خۆیانن، لە سەر نەخشەی وڵات بسڕێتەوە.

کوردەکان، کە دەیان ساڵە لە نزیکەوە دەیانناسم، خەڵکێکی ئازان و شانازی بە ناسنامەی خۆیانەوە دەکەن و قایل نابن بتوێنرێنەوە، بۆیە هەندێکیان بە شێوەیەکی ئاشتیانەو هەندێکیشیان بە چەکەوە بەرەنگاری ئەم شاڵاوە ترسناکەی تورکەکان دەبنەوە کە دەیەوێت بیانهاڕێت.

ئەمە زوڵمێکی وەحشەتناکە، ئەگینا بۆ دەبێ خوێندن بە زمانی زگماکی میللەتێک قەدەغەبکرێت؟ یان ڕێگا لە نووسین لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و دامەزراندنی تیپی مۆسیقاو ڕێکخراوەی سەربەخۆ بگیرێت؟

کوردەکان بۆیان نییە یادی قارەمان و کەسایەتییە ناودارەکانی خۆیان بکەنەوەو بۆیان نییە باسی ئەو کەسانە بۆ منداڵەکانیان بکەن. هەر لەو کاتەشدا کە تورکیا ڕێگا لە ڕۆشنبیری کورد دەگرێ، داوای هەمان ماف و بگرە زیاتریش بۆ چەند هەزار تورکێکی قوبروس دەکات و، وا چارەکە سەدەیەکە بە بێ هیچ سزایەک سەرووی قوبروسیان داگیرکردووە.

سوپای تورکیا لەم چەند ساڵەی دواییدا چوار هەزار گوندی کوردانی لە دانیشتووەکانی چۆڵ کردووەو وێرانی کردوون، سێ ملیۆن کوردی مەدەنی لە زێدی خۆیان هەڵکەنراون و ڕووبەرێکی زۆری دارستانەکان سووتێنراوە. من لە ڕێگەی ڕێکخراوەکەی خۆمەوە شایەتی چەندین خێزانی کوردم پێگەیشتووە کە ئەندامەکانیان لە ژێر ئەشکەنجەدا کوژراون یان بێ سەروشوێن کراون، یان لە هەلیکۆپتەرەوە فڕێ دراونەتە خوارێ، یان بە زیندووی لەناو خانووبەرەکانیاندا سووتێنراون.

جا ئەگەر بەرووداوەستانەوەی زوڵم و چەوساندنەوە تاوان بێت، دەسا با ئەو دێڕە سەرفرازەی سروودی «مارسیلیز» کە دژی تێرۆرە بخەینە قەفەزی تاوانبارکردنەوە.

کەسانێک هەن دەڵێن: «ئاخر PKK ڕێکخراوێکی تێرۆریستانەیەو لە کوشتنی خەڵکی مەدەنیدا بەرپرسیارە» چاکە، با لە خۆمان بپرسین ئایا خەباتێکی پارتیزانی یان ڕێکخراوەیەکی چەکداری هەیە پاک و بێ تاوان بێت؟ هەر وەک چۆن جەنگاوەرێکی سەد لەسەد ڕاست و بێ غەل و غەش شک نابرێت، کە ئەمەش خەسڵەتێکی مرۆڤانەیە، ئاواش هەموو جەنگێک، تەنانەت جەنگی دیفاعکارانەی ئێمەش، کە سەردەمێکی دوورو درێژ بە پیرۆزییەوە تێمان دەڕوانی، زۆر کاری چەوتی نا مەعقوولانەی تێدا بووەو لە تۆڵەی کەسایەتییەوە بە دوور نەبووە، بگرە تا ئێستاش ئەوەمان لە یادە کە بەرەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی جەزایر و بەرەی ڕزگاریخوازی فەلەستینیش خەڵکی مەدەنییان دەکوشت، کەچی ئەو سەرکردانەیان کە نووقمی تێرۆر بوون ئەمڕۆ دۆست و هاوڕێمانن.

ئەگەر لەناو PKK دا کەسانێک هەبن بە تۆڵەسەندنی کەسایەتی لە کوردانی دیکەو بە سەرانە وەرگرتن تاوانبارین، ئەوا دەکرێ لە بەردەم یاسادا تاوانبار بکرێن، نەک هەمان شێوازی تورکەکان بگرین و خەباتێکی بەرگریکارانە مەحکوم بکەین، کە دەربڕی خواستی بەشێکی زۆری گەلی کوردە.

چ ڕەوایە لەسەر خاکی ئێمەش ئەو کوردە پەنابەرە بێچارانە بچەوسێنرێنەوە تەنیا لە بەر ئەوەی چەند بڵاوکراوەیەک پەخش دەکەن یان هەڵسوکەوت لە گەڵ هاونەتەوەکانیاندا دەکەن لە کاتێکدا گومانیان لێدەکرێت کە سەر بەم ڕێکخراوەیە بن؟

ڕێکخراوەیەکی ئەمەریکایی هەیە کە سەر بە حکومەت نییە ئەگەر چی ئاشکرایە کە لایەنگری دەوڵەتەو بە NGO دەناسرێت، ئەم ڕێکخراوەیە تاوانی کوشتنی ٧٠٠ کەسی مەدەنی لە ماوەی ١٤ ساڵدا داوەتە پاڵPKK .

من بەش بەحاڵی خۆم نازانم چەند لەو تاوانانە لە لایەن PKK وە کراوەو چەندیان لە لایەن کەسانی هاوکاری سوپای تورکیاوە. ئەوەی لای من ئاشکرایە ئەوەیە کە تەنیا لێکۆڵینەوەیەکی سەربەخۆ دەکارێ ڕاستییەکان ئاشکرا بکات. شایانی باسە کە کاربەدەستانی تورکیا تەنانەت دژی سەردانی NGO ، یان هەر ڕێکخراوەیەکی دیکەی بیانیین بۆ تورکیاو دژی هەر لێکۆڵینەوەیەکن کە ئەو ڕێکخراوانە بیانەوێ ئەنجامی بدەن.



ماوەیەک پێش ئێستا چاوم کەوت بە ( سناریو تاپان) کە کەسێکی ئاشتیخوازەو کوڕی یەکێک لە جەنەڕاڵە ناودارەکانی تورکیایە، ئەو بۆی باس کردم کە زاتی ئەوەی کردووە بچێت بۆ لێکۆڵینەوە لە تاوانی کوشتنی ١٥ کوردی سەرنشینی پاسێک نزیک Gucla Koank کە یەکسەر PKK ی پێ تاوانبار کرابوو، بەڵام ئەم بۆی ڕوونبوەوە کە ئەو تاوانە دەستکردی بەکرێگیراوانی سوپای تورکیایەو، هەر بە ڕاگەیاندنی ئەم ڕاستییەش سناریو تاپان خرایە بەردەم دادگایەکی عەسکەری بە تاوانی «لەکەدارکردنی ناوو ئابرووی سوپا».

ئێمە هەمووومان دەزانین تورکیا چۆن هەواڵەکان دەشێوێنێ، بۆیە من بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و حکومەتەکەی خۆمان دەڵێم کە بۆ بڕێک پارە خۆتان ملکەچی پڕوپاگەندەی تورکیا مەکەن.

ئەگەر تورکیا بە ڕاستی لە دادپەروەریی خۆی و لە بایەخدانی خۆی بە گەلی کورد دڵنیایە ئیدی بۆ ڕێگا بە دامەزراوە هەواڵگەرییە سەربەخۆکان و ڕێکخراوە غەیرە حکومییەکان نادات بچنە کوردستان و لێکۆڵینەوەیەکی ئازادانە بکەن؟ بەڵام ئەنقەرە بۆیە ڕێگای لەوانە داخستووە تا ڕاستییەکان ئاشکرا نەبن.لاف و گەزافی حکومەتەکانیشمان هەرچییەک بن، ئەوا لە ڕاستیداو بە هۆی سیاسەتی بەرژەوەندی پەرستانە و بازرگانییەوە بەرەی جەلادەکانیان هەڵبژاردووەو، پێشبرکێ لەگەڵ یەکتریدا دەکەن بۆ فرۆشتنی چەک و تۆپ و تانک و فرۆکە و هالیکۆپتەر، بە تورکیا، کە لە وێرانکردنی خاکی کوردستاندا بە کاردەهێنرێن. فەرەنساش چەند مانگێکە لە وتووێژدایە بۆ فرۆشتنی بایی (١٠) ملیارد دۆلار تانک و هالیکۆپتەر بە تورکیاو، کوردەکانیش چاوەڕێی ئەم دیارییانەی نیشتمانی مافەکانی مرۆڤن، کەی دەکەونە هەڵتەکاندنی خاک و نیشتمانەکەیان.

ئەوەی جێگای گومانیش نییە ئەوەیە کە تەنانەت ئەم فاکتە تاڵانەش ئازاریان لەو چەکە کوشندانە کەمترە کە ئیمپریالیزمی ئەمەریکایی بە تورکیای دەبەخشێ.

ئەوەی مایەی پەژارەمە ئەوەیە کە نیشتمانەکەم شەرەف و ویژدانی خۆی لە پێناو بەرژەوەندییەکی بازرگانییانەی کەمخایەندا دەدۆڕێنێ، هەروەها ئەوەی کە دەبینم ئەو ئەوروپایەی چاوەڕێی لێدەکراو، دەبوایە، پەیامبەری مافەکانی مرۆڤ بوایە لە جیهاندا، جگە لە بازارێکی ئازادی شمەک گۆڕینەوە چی دیکە نییە. ئەوروپا دەیتوانی یەک دەنگ بە وەڵام بهاتایەو تورکیای بە ئاشتی لە گەڵ کوردەکانداو دانانان بە ناسنامەو کەرامەتی کوردەکان ناچاربکردایە. بەڵام ئەوروپا لە بەردەم خواستەکانی ئەمەریکاو هەڕەشەکانی تورکیادا بێویژدانی و بێجورئەتی و بێ هەڵوێستی و خۆکڕکردنی هەڵبژاردو، خۆی خستە بەرەی سەرکوتکاران و پشتگیری لێکردنیان.

من وەک هاوولاتییەکی ئاسایی، بۆ جاری دووەم و هەمیشە بەرەی زوڵم لێکراوانم هەڵبژاردووەو بەردەوام هەر لە وێشدا دەبم، ئەی ئێوەی کە ئەم وتارەم دەخوێننەوە چی بڕیار دەدەن؟ تکایە ڕوونی بکەنەوە.

**سەر وتاری ڕۆژی ١٨-٢-١٩٩٩ی ڕۆژنامەی لۆمۆند**

## مافی نەتەوە بچوکەکان

**م. داسنی لە فەرەنسییەوە کردوویە بە کوردی**

[.....لە نێو نەتەوە بچوکەکاندا کە بە شێوەیەکی ڕەسمی و بەردەوام مافیان ژێرپێ خراوە، باشترین شت ئەوەیە مرۆڤ ئەمرۆ کورد نەبێت، باشترە ئەلبانی کۆسۆڤۆ یان فەلەستینی بێت. لە ڕوانگەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاو یەکێتیی ئەوروپاوە کورد حسێبی بۆ ناکرێت. کورد نزیکەی بیست و پێنج، سی ملیۆن و لە نێوان چوار وڵاتان دابەش کراون و پایتەختەکانی ڕۆژئاوا ڕاپەڕینی ئەلبانەکانی کۆسۆڤۆ دژی ڕژێمی ڕەگەزپەرستی سربەکان و دەرچوونی فەلەستینییەکان لە بن دەستی ئیسرائیلییەکان بە شتێکی شەرعی دادەنێن، بەڵام دیارە کوردەکانی تورکیا ئەم بەختەیان نییە، بۆیە پایتەختێکی ئەوروپایی نەبوو پێشوازی لەم سەرۆکە کوردە (عەبدوڵا ئۆجەلان -و-) بکات و مافی پەناهەندەیی بداتێ، تەنانەت پایتەختێک بۆ مەحکەمەکردنیشی نەبوو، هەروەکو چۆن ئەڵمانیا داوای دەکردو لێی دەگەڕا،

لەگەڵ گیرانی ئۆجەلان، سەرۆک وەزیرانی تورکیا بلێنت ئەجەوید، مستێکی بەهێزی لە PKK دا. ئەجەوید دەتوانێ ئەم پەیوەندییەی ئێستا بقۆزێتەوە بۆ گەڕان بە دوای چارەسەرێکی سیاسیی بۆ جەنگی کوردستانی تورکیا، لە هەمان کات دەشتوانێ درێژە بە هەمان سیاسەت بدات، بە هێزی چەک هەوڵی خستنە سەرپێی ئۆتۆنۆمییەک لە ناوچەکە تێک بشکێنێت. لەم حاڵەتەدا ، پێویستە یەکێتیی ئەوروپا دەرگا لەسەر تورکیا دابخات، ئەمەش هەرچەندە درێژە بکێشێت. ئەگەرچی ئەوروپای هاوچەرخ هێشتا سەر بە ناسنامەیەکی سیاسی بە هێز نییە، بەڵام دەبێ دەستەڵاتی خۆی بسەلمێنێ و دژی ئەوە بێت کە بە زەبری هێز چارەنووسی نەتەوە بچووکەکان چارەسەر بکرێت]

گێرارد شالیاند

# ئەوروپای ترسنۆک

## بە دادگاییکردنی عەبدوڵا ئۆجەلان، کێشەی کورد چارەسەر ناکرێت

ناهیدە ئەحمەد لە سوێدییەوە کردوویە بە کوردی

تەقینەوەی توندوتیژیی کوردەکان لە چەند شارێکی وڵاتانی ئەوروپادا دوای گرتنی عەبدوڵا ئۆجەلان لە نایرۆبی بە ڕاشکاوەیی ئەوە دەردەخات کە ئیتر کێشەی کورد بۆ ئێمەی ئەوروپایی کێشەیەکی نامۆ نییە: سەرەڕای ئەمەش بۆ تورکیا کاندیدی ئەندامێتی EU نییە؟.

ئەم سەرکردە کوردە لە کۆتایی نۆڤەمبەری ۱۹۹۸دا هات بۆ ئیتالیا، بەڵام زۆربەی وڵاتانی ئەوروپایی کەم تا زۆر مافی هاتوچۆو پەنابەرییان پێنەدا. لە کاتێکدا ئەم وڵاتانە لاف وگەزاف بە مافی مرۆڤەوە لێدەدەن.

ئەم شێوە هەڵوێستە ترسنۆکانەیەی هەمان ئەوروپا، کە لە ۱۹۸۷و ۱۹۹۲دا داوای لە تورکیا کرد سیاسەتی خۆی بەرامبەر بە کوردەکان بگۆڕێت ئێستا بووەتە هۆی ئەوەی کە ئەم سەرکردەیەی کورد بۆ زیندان و ئەشکەنجەدان بنێردرێ. دەبوایە سیاسەتمەدارە بەرپرسەکانی ئێمە قسەکانی مەهدی زانا ، بەرپرسیاری پێشووی شارەوانی دیار بەکر، بخوێننەوە ، کە دەربارەی ئەو ئەشکەنجەدانە نووسیویە لە ساڵانی بەندبوونیدا دووچاری بووە. [ڕۆژنامەی La Prison N 05, Arlea] ئیتر کاتی ئەوە هاتووە کە ئەوروپاییەکان ئەنجامەکان بخەنە ڕوو ئەوەندەش بەس نییە کە جارێک بە ناوی کۆمیتەی ئەوروپاییەوە داوا لە تورکیا بکرێ مافی کەسایەتی و مافە بنچینەییە کولتوورییەکانی کورد بپارێزێ، لە بەر یەکەمین هەڕەشە، سەبارەت بە سزای ئابووری، تورکییایەک بکشێنەوە کە پێویستی بە ئەوروپایە نەک پێچەوانەکەی.

ئەو سەرکوتکردنەی کە تورکیا لە ڕۆژهەڵاتی خواروودا، لەو ناوچانەی کە دەیان ساڵە گەمارۆدراون، دوور لە دیدی ماسمێدیای وڵاتانی خۆرئاوا، پەیرەوی دەکات زۆر لەوە زیاترە کە لە کۆسۆڤۆدا ڕوودەدات و ئێستا سەرنجی ئێمە ڕادەکێشێ.

زیاتر لە سێ هەزار گوند لە تورکیادا کاولکراون، بە پێی سەرچاوە ئەمریکاییەکان چوار ملیۆن کورد ناچارکراون بەرەو خۆرئاوا ناوچەکانی خۆیان بەجێبهێڵن، هەروا دوو ملیۆن کوردیش لەو شارانەی کە دەوڵەت کۆنترۆڵێکی زیاتری لە سەریان هەیە نیشتەجێ کراونەتەوە. لێرەدا باس لە ڕاگوێزانەوەیەکە، گەر هەرچ دەوڵەتێکی ناوچەی بەڵکان ئەم کارە بکردایە ئەوا لە لایەن چەند دەوڵەتێکەوە فشاری بۆ هێنرا و هەڕەشەی بۆمبابارانکردنی لێدەکرا.

ئێستا بوونی دوو چەشنە پێوەر بۆ پێوانەکردنی ڕووداوەکان، ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە، کە لە لایەن ئەو کەسانەوە پەسند دەکرێت کە لە گەڵ ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکاندا کار دەکەن و لێیان دەکۆڵنەوە.

ڕێزلێنان لە پەیرەوکردنی مافەکانی مرۆڤ ، یان ڕەخنەگرتن لە پێشێلکردنی ئەم مافانە، پەیوەستە بەوەی کە کێیە ئەم کارە دەکات. تورکیا کە ئەندامی ناتۆیە،کە لەباری دیپلۆماتیکیانەوە شوێنێکی سوودبەخشی هەیە، دەزانێت چۆن کەڵک لە ئەوروپایەکی نا سەقامگیر وەرگرێت. ڕاستە ڕێکخراوەکەی عەبدوڵا ئۆجەلان زۆر

له دیموکراتییه‌وه دووره، ئایدیۆلۆژییای ئه‌م حزبه ، ڕێک وه‌ک ڕێکخراوه‌كه‌ی [سینديرۆ لۆمینۆسۆ] ی وڵاتی پێرۆ ، ئایدیۆلۆژیایه‌کی ماویستی ساکارو به‌سته‌لۆکنامێزه. سه‌رۆکی PKK ش لێهاتووه‌ترین کورد نییه، به‌ڵام ئه‌م بزووتنه‌وه سیاسییه، به بنه‌مای کۆمه‌ڵایه‌تی و حه‌قخوازانه‌یه‌وه، ڕێکخراوێکی تێرۆریستی نییه، به پێچه‌وانه‌ی ئه‌وه‌ی پڕوپاگه‌نده‌ی تورکیا بڵاوی ده‌کاته‌وه.

لێره‌دا باس له بزووتنه‌وه‌یه‌کی گریلاییه که له١٩٨٤وه، له چه‌ند ده‌ڤه‌رێکدا توانیوییه‌تی به‌ره‌نگاری سوپایه‌کی پڕچه‌کی تورکیا ببێته‌وه که ده‌گاته ٧٥٠ هه‌زار سه‌رباز. هێزی کۆنتراکه‌شی که بۆ ڕاونانی هێزه‌کانیPKK ،له چوونه ناو خاکی عێراق نه‌سڵه‌میوه‌ته‌وه‌و له‌به‌ر نه‌بوونی ڕێگر تا پێی بکرێت توندتر هێرش ده‌با. دێهات وێران کراوه ، خه‌ڵکی ناوچه‌که ڕاو نراوه، له‌و هێرشانه‌دا مه‌فره‌زه‌کانی مه‌رگ، سه‌دان له‌و کوردانه‌یان کوشتووه، که ده‌کرا بکرێنه ئاڵترناتیڤێک بۆ توندوتیژیی PKKه.

به‌ڵام تورکیا سه‌رسه‌ختانه له گرتنه‌به‌ری ڕێگه‌چاره‌ی سه‌ربازییانه بۆ کێشه‌ی کورد به‌رده‌وامه.

تاوانبارکردنی عه‌بدوڵا ئۆجه‌لان به کووشتنی ئه‌و [٢٩] هه‌زار قوربانییه‌ی که تا ئێستا ئاکامی ناکۆکییه‌که بووه نووکته‌یه‌کی سه‌یره. له کاتێکدا به‌شی هه‌ره زۆری قوربانییه‌کانی کورد له شه‌ڕی ناوخۆیی نێوان سوپای تورکیاو هێزه‌کانی PKK دا ، به ده‌ستی سوپای تورکیا کووژراون.له پاش ساڵی ١٩٤٥وه هیچ هێزێکی گریلایی له جیهاندا، نه‌بووه‌ته هۆی زیاتر له قوربانییه‌کانی ئه‌و هێزه چه‌کدارانه‌ی که ئه‌رکیان له‌ناوبردنی کورده. لێره‌دا باس له ئامرازو تفاقی شه‌ڕه. به‌ڵام PKK ش له هێرشی تێرۆرئاسادا بێ به‌ریی نییه.

بێگومان له دادگای داهاتووداعه‌بدوڵا ئۆجه‌لان به بازرگانی تلیاک و نارکۆتیکا تاوانبار ده‌کرێت. هاوکات مرۆڤ چاو له تورکیایه‌ک ده‌پۆشێ، که به‌یارمه‌تی ناوه‌نده ده‌ستڕۆیشتووه‌کان، بووه‌ته ڕه‌وڕه‌وه‌یه‌کی بازرگانیی تلیاک و موخه‌درات له گه‌ڵ ئه‌وروپادا.

مرۆڤ ده‌توانێت هزری ئه‌وه بکات چ جۆره دادگاییه‌کی ساخته چاوه‌ڕوانی زیندانییه‌ک ده‌کات که دوای ئه‌شکه‌نجه‌دانێکی زۆر- ئه‌ویش به چه‌شنی [ئه‌بیماڵ گۆزمان] ی سه‌رۆکی پێشووی ڕێکخراوی [سینديرا] ناچار ده‌کرێ داوا له هێزه‌کانی بکات چه‌ک دابنێن؟-

**کۆمه‌ڵناسی تورک ئیسماعیل بێشکچی تا هه‌تایه حوکمی زیندانیی ده‌درێت، چونکه سه‌لماندوویه‌تی که کورد له تورکیادا هه‌یه .**

له لایه‌ن ده‌وڵه‌تێکه‌وه حوکم بدرێت که تێیدا یاسا به پێی فه‌رمانه‌کانی هێزی ئاسایشی سوپا داده‌ڕێژرێت، هه‌رخۆشی ئه‌و ڕێبازه ده‌ستنیشان ده‌کات که وڵات ده‌یگرێته به‌ر .

ده‌وڵه‌تێک، تیایدا ئه‌و که‌سانه‌ی نوێنه‌رایه‌تی ڕێکخراوه‌کانی مافی مرۆڤ ده‌که‌ن زیندانی ده‌کرێن [له‌وانه ئه‌کین بیردال] .

ده‌وڵه‌تێک تیایادا ئه‌ندامێکی په‌رله‌مان بۆ ١٥ ساڵ حوکم ده‌درێت ته‌نیا له‌به‌ر ئه‌وه‌ی که له ڕووی په‌رله‌ماندا به‌زمانی کوردی په‌یڤیوه [نموونه‌ی له‌یلا زانا]. ده‌وڵه‌تێک که تیایدا کۆمه‌ڵناسی تورک ئیسماعیل بێشکچی تا هه‌تایه حوکمی زیندانیی ده‌درێت، چونکه یه‌که‌م که‌س بووه سه‌لماندوویه‌تی که کورد له تورکیادا هه‌یه. وڵاتێک که تیایدا ڕێ له کۆمیته‌ی ئه‌وروپایی ده‌گێرێت، که کاره‌کانی ئه‌نجام بدات.

لێره‌دا باس له ده‌وڵه‌تێکه - نموونه‌یه‌کی ده‌گمه‌ن له جیهاندا - که له ١٩٢٤-١٩٩١ به شێوه‌یه‌کی ڕه‌سمی کوردی تیادا نه‌بووه. که‌چی له پڕێکدا بۆ جیهان ده‌رکه‌وت ژماره‌یان نزیکه‌ی [١٢] ملیۆنن ، واته پێنج یه‌کی دانیشتووانی تورکیا.

به دادگاییکردنی عه‌بدوڵا ئۆجه‌لان کێشه‌ی کورد چاره‌سه‌ر ناکرێت. ئه‌وروپایه‌کیش که به چاره‌سه‌ری بێفه‌رانه خۆی قایل ده‌کات، مه‌سه‌له‌کانی به هه‌وای شان وه‌رگرتووه‌و ، له بری ئه‌وه‌ی له کاتی پێویستدا یه‌ک ده‌نگ بڵێت نه‌، که‌چی هه‌ر که تورکیا به سزای ئابووریی هه‌ڕه‌شه‌ی لێده‌کات، یه‌کسه‌ر له به‌رده‌میدا مل که‌چ ده‌بێت. به‌م زووانه‌ش ئاشنای ئه‌و توندوتیژییه‌ی کورد ده‌بین که ئه‌مڕۆ پریشکی ئێمه‌ش ده‌گرێته‌وه‌و، ئه‌وه‌تا نیشانه‌کانی ده‌رکه‌وتوون.

* ئه‌م بابه‌ته له ژماره‌ی ڕۆژی ١٩٩٩/٢/٥ ی ڕۆژنامه‌ی DAGENS NYHETER ه‌وه وه‌رگیراوه.

ڕەزا بەراهێنی

# تورک و کورد، تەنیا دەوڵەتی تورک؟

ناسری سینا لە فارسییەوە کردوویە بە کوردی

**ئەگەر عەبدوڵا ئۆجەلان محاکەمە بکەن کە دەیکەن، دەبێ سێ چوار بەرە لە سەرەک کۆمار، سەرەک وەزیر و فەرماندەرانی ئەرتەشی تورکیاش محاکەمە بکەن، کە نایکەن.**

کوشتاری کوردەکان لە تورکیادا، کە گەیشتۆتە ڕادەی قڕکردنێکی خوێناوی، هەر لەم بیرە شوومە سەرچاوە وەردەگرێ کە کوشتاری بەکۆمەڵی ئەرمەنیەکانی دروست کرد. ئەویش ڕێک لە بەرەبەیانی پێکهێنانی دەوڵەتی نوێی تورکیا، پاش بچووکبوونەوە، تەنگەبەربوون و سنووردارتربوونی بەشوێن گۆڕانی ئیمپراتۆریای عوسمانی بەوەی ئێستا ناوی تورکیایە. ئەم جۆرە پان تورکیزمە، هەر لە هەمان جۆری پان عەرەبیزم و پان ئێرانیزمە کە لە لایەکەوە لەدایکبووی پیلانەکانی سێسەدساڵەی ڕۆژاوا پاش ڕێنیسانسە لە بنەما و ژیانی گشت خەڵکی جیهاندا، بۆ وێنە خەڵکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. لە لایەکی تریشەوە لەدایکبووی ناسیۆنالیزمە. ناسیۆنالیزمێک کە دژی کۆلۆنیالیستان نیە، بەڵکوو ناسیۆنالیزمێکی شۆڤێنیی زلناو و ڕقاوی و خوێناوییە. لە ئاکامیشدا: خولقاندنی نەتەوە ساختەکان، سنووره ساختەکان، پێکهێنانی وڵات و نەتەوە و قەومە سووتاوەکان، و تێکبەردانی قەومە جیاوازەکانی ناوچە. ئەم خوێنەی لە ناوچەکەدا دەجۆشێ و وەڕێکەوتوە میراتی کۆلۆنیالیزم و چەوساندنەوەی ڕۆژاواییە کە هەر بەشە و هەر قەومەی بەهۆی ئەو زوڵمە داسەپاوەی هەستی پێدەکا، بەدژی بەش و قەومەکەی تر ڕادەپەڕێ، یان ئەگەر خاوەنی دەسەڵاتە، بەش و قەومەکەی تر دەداتە بەر تیغی شمشێر.

تورکیا وڵاتێکی فرەنەتەوەییە کە تیایدا تەنیا مافی زوربەی تورک بەڕەسمی دەناسرێ. لە هەلومەرجی ئاساییدا، تورکیا لانی کەم دەبێ وەک وڵاتی کەنەدای ئێستا، دوو دەوڵەتی بە مافی بەرامبەر و لەژێر چەتری دیموکراسی و بەتەواوی ڕێکخراوو دەزگاکانیەوە، تێدا هەبێت. بەڵام وەها نیە. حکوومەتی زوربەی تورک، کەمینەیەکی چەندمیلیۆنی کورد وەک هاونیشتمانی دەرەجە دوو، «چیایی» دواکەوتوو، وەحشی، بێ کولتوور و بێ زمان، بێ نیشتمان، بە کولتوورێکی لاوەکی ئاست نزم و لەحاڵی گیان کەنشتدا سەیر دەکا. لە لایەکی ترەوە تورکیا خۆشی بەوڵاتێکی ئەورووپایی دادەنێ؛ ئەگەر ئەورووپایی بوون بۆ کەسێکی ئەورووپایی بە ئیمتیازیک لەچاو ئەوانیتر دابنرێ، کە دانانرێ، خۆ بۆ تورکیا کە زڵەی هەر ئەم ئەورووپایە لە ناو سنوورەکانی ئێستایدا ڕێکی کوشیوە و بەشێوەیەکی زاڵمانە وشەی «تورک»ی لە زمانەکانی ڕۆژاواییدا، لە بەر پێشینەی شەڕوشۆڕەکانی تورکەوە، بەرامبەر بە «بێڕەحم» داناوە، نابێ ئیمتارێکی وەها بێ. ئەورووپایی بوون هەرگیز سەرپۆشی دڕندەیی ئەورووپایی لە خودی ئەورووپادا و لە ناو موستەعمەرە خوێناویەکانیدا نەبوە، چ بگا بە تیفتیفەی ئەورووپایی بوونی تورکیا کە ناسیۆنالیزمی تورکیا تەنیا بەقەد ئەستوورایی پێستێکی سادە و


ساکار پێیبڕاوە. دەسبەسەرداگرتنی تورکیا لەلایەن ناتۆوە لەڕاستیدا قەبوولکردنی هەڵکەوتەی تورکیایەکی ئیۆنازیستی ئاسایە لەلایەن هێزێکەوە کە لەسەر خۆڵەمێشی ئەورووپای دوای شەڕی دووەمی جیهانی قوت بۆوە هەتا لە لایەکەوە ڕێ لە سەرهەڵدان و نفووزی چەپ لە ئەورووپادا بگری، و لە لایەکی تریشەوە لەدرێژخایەندا ئەرووپا بخاتە بیچمێکی وەک وڵاتەیەکگرتوەکانەوە. لکانی سەرلەئاخری ئەم وڵاتە ئەورووپاییانەش بەیەکەوە لە ئەورووپادا، لەڕاستیدا لاساییکردنەوەی ساختومانی ڕێکخراوەیی ئامریکایە. هەڵبەت ئەورووپا ئێستاش کە گرفتێکی بۆ دێتە پێش، دەسبەجێ دەستەوداوێنی ژاندرمەبازیی ئامریکایی دەبێ کە نموونەکانیمان لە ڕووداوەکانی سرب و بۆسنیادا بینی و ئێستاش لە قەیرانی کۆسۆڤۆدا دەیبینین.

تورکیا بەناوی ئاڵقەی لاوازی ناتۆ لە ئەورووپا و لەناو وڵاتانی ئەورووپاییدا، بەڵام خۆی نەک وەک وڵاتێکی ئەورووپایی، لە مایەپووچترین، داماوترین - هەم لەباری ئابووری و بەرهەمهێنانی سەرمایەی ماڵی و هەم لەباری سیاسی و پەیوەندیە ئینسانی و ئەخلاقیەکانەوە - و خوێناویترین وڵاتانی جیهانی سێیەمە. ڕادەی نووسەرانی کوژراو و شەهیدی، هەموو ڕیکۆردێک دەشکێنێ و دادگاکانی ئیزە بە خۆیان دەدەن تەنانەت یاشار کەماڵ، کاندیدی خەڵاتی ئەدەبیی نۆبێلش محاکەمە بکەن و مەحکوومیەتی بۆببڕنەوە. بەڵام هەر ئەم ئاڵقە لاوازەی ناتۆ، لە ناو وڵاتانی باشوور و ڕۆژهەڵاتدا، قەڵای قایمی ناتۆیە بۆ هەڕەشە و سەرکوت و تەمێکردن و بەکلک کردنی ڕۆژهەڵاتێکی ناوەڕاستی ساماندارتر لە وڵاتی تورکیای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. هەڕەشەی گەمیە فڕۆکەهەڵگرەکانی ئامریکا لە کەنداوی فارسدا، کۆپی و تەنانەت بگرە باڵی باشووری پێگەکانی ئامریکایە لە تورکیادا. گەلێ ساڵە کار لەسەر گەمارۆی بەتەواویی وڵاتانی خاوەن نەوتی ناوچەکە کراوە و بە هەر بۆمبێک کە ئامریکا لە ناوچەکەدا دەیتەقێنێ پشتی نۆیێک دەشکێ و پشتی نەوت دەشکێ و نرخی نەوت لە ڕۆژاوادا بەردەوام لەحاڵی داشکاندایە و لە خودی وڵاتانی خاوەن نەوتی ناوچەش لەحاڵی بەرەوژووورچووندا. ئەم ئامریکایەی دایم خەریکی تەمێکردنی ڕۆژهەڵاتە، هێشتا دەرۆستی سربیای ملهوڕ نەهاتوە کە بەشی هەرەزۆری گۆڕستانەکانی هەنووکەش نازانرێ لەکوێندەرن. تورکیا جارناجار دەوری دەڵاڵی ڕۆژاوا دەگێڕێ، بەڵام لەمەش خراتر، لەبەرامبەر ئامریکادا غرووری میللیی خۆی تارادەی خۆفرۆشێکی سووروسپیاوکردوو ڕووتکردۆتەوە. کوردەکانی دەداتە بەر تیغەوەو سواریی دەداتە ئامریکا، هەتا ئامریکا لە ناوچەکەدا زوڕنای «لمن الملکی» بژەنێ.

چارەنووسی عەبدوڵا ئۆجەلان بەقووڵی لەم مەسەلانە گرێدەدرێ. ڕێک لە کاتی وتووێژی هەڕەشەکارانەی طارق عزیز لەگەڵ تورکەکاندا لەسەر بۆمبارانی باکووری عێراق لەلایەن ئەو فڕۆکانەی لە پێگەی ئامریکا - ناتۆ لە تورکیاوە هەڵفڕیون - بۆ پەوەی تورکیا نە لە هەڕەشەی عێراق بترسێ و نە لە جووڵەی ئیحتیمالیی کوردەکان - عەبدوڵا ئۆجەلان لەنێوان دوو وڵاتی ناتۆ واتا ئیتالیا و یۆنان دەستاودەستی پێدەکرێ. ئیتالیا حازر نابێ ئۆجەلان بداتەوە تورکیا. یۆنان، دوژمنی مێژوویی و کلاسیکی تورکیا، بۆئەوەی لەبەرامبەر دانەوەی ئۆجەلاندا ئیمتیازێک لە قبرسدا لە تورکیا وەربگرێ، فڕوفێڵ دەگێڕێ. لەکۆتاشدا ئامریکا کە لە «کینیا»دا کون بە کون لە ترۆریستێک دەگەڕێ هەتا پاکانەی مووشەکبارانە ڕیسواکەی پێبکا، خۆشخزمەتیی و سواریدانەکەی تورکیا بێوەڵام نایەڵێتەوە. ئۆجەلان وەدەست بەناو کۆماندۆکانی سوپای تورکیا دەکەوێ. ئێستا ئیدی عێراق هەرچەندە بێنێ و بەرێ ناتوانێ وا لە تورکیا بکا کە خاکی خۆی نەخاتە بەردەستی فڕۆکە بۆمباوێژەکانی ئامریکاوە. هەردەڵێی سەددامی ملهوڕی گەوج، شێخە غەمزەدار و سکەلێدەرەکان و پان تۆرکیسمی تورکیا دەستیان داوەتە یەک هەتا گڕە ئاخرزەمانەکەی پێشبێنیکراو بۆ کۆتایی هەزارەی دووەمی زایینی لەلایەن «نۆسەرادامووس»ی غەیبگۆوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، حەتمان بێتە دی.

بەڵام ئەگەر دادگایەکی جیهانی بۆ لێکۆڵینەوە لە

جینایەتە میللیەکانی تورکیا پێکبێ هەتا دەرکەوێ ئاخۆ جینایەتکار دەوڵەتی تورکیایە یا ئۆجەلان، بێگومان لە هەر ڕوانگەیەکی عادڵانە، بێلایەن و دیموکراتیک کە سەیری بکەی، ئەوا تورکیا مەحکووم دەبێ، نەک ئۆجەلان. دەوڵەتی تورکیا بە قڕکردنی کوردەکان هیچ ڕێگایەکی بۆیان نەهێشتۆتەوە: «دڵی ئاشق، چ پەکی بە ئاڵۆزیی دەوران کەوتوە؟» بەڵام وەها دادگایەک هەرگیز پێکنایە. یەکەم لەبەرئەوەی کە هیچ دەوڵەتێکی ڕۆژهەڵاتی لە چینەوە بگرە هەتا ئەفریقای باشووری، ئامادەیی زەینی و عەینییان بۆ دادگایەکی وەها نیە؛ دووەم ئەوەی کە ئەگەر گریمان بەکەڵک وەرگرتن لە هەموو گێرەو کێشەو دژایەتیەکی توندی دەسەڵاتدار بەسەر زەمەنی ئەوپەڕسەنعەتیی ڕۆژئاوادا، دادگایەکی نێونەتەوەیی بۆ لێکۆڵینەوە لە جینایەتەکانی حکوومەتی وڵاتێک پێکبێ، ئەم ئیحتیماڵە دەربارەی تورکیا تەقریبەن سیفرە یا هەر نیە. جگەلەمەش، ڕۆژئاوا هەمیشەی خودا و ناخودا، لە دیموکراسی تەنیا بۆ سەرشۆڕکردن بە دیموکراسی و تەنیا بۆ وەدەسگرتنی دەسەڵات کەڵکی وەرگرتوە و ئەوانەی پێیان وایە لەم چاخە ئاڵۆزەی ئەوپەڕسەنعەتیدا، ڕۆژئاوا دەربارەی دیموکراسی قسەیەکی سادقانەی کردوە یا دەیکا، ڕێک لەو گایانە دەچن کە تەنیا کاتێتێپەڕین بە ناو کەڵێنەددانەکانی شاخشکێنی سووسماردا دەکەونە بیری ژماردنی ددانەکانیانەوە، ئەویش ڕێک بەرلە قووتدران و شۆڕبوونەوە ناو قورگی حەزیادا. پاش کار لە کار ترازان ئیدی چ سوود؟ کرێکاری تورک لە ئاڵماندا پاشی شەڕ، بەشی هەرەزۆری کارە سەنعەتی و دەستیەکانی کارخانە ئاڵمانیەکانی لەبەرامبەر هەقدەستێکی کەمدا قەبووڵکرد هەتا ئاڵمان، چەند دەساڵێ دواتر، فیشاڵی بەرامبەریی ئابووری و سەنعەتی لەگەڵ ئامریکا و ژاپون لێبدا. ئاڵمانیەکان تورکەکانیان کردە پەراوێزنشینانی وڵات و لە هەوەڵین دەرفەتی سەرکوتدا، گریان لە ماڵیان بەردا. درۆ و دەلەسەی ئاڵمان دەربارەی دیموکراسی کاتێک دەرکەوت کە لە یەکەم خۆپیشاندانی کوردەکانیشدا، سەرکوت و کوشتار هاتەگۆڕێ. «ئەجەوید»، سەرەک وەزیری جێ لقی چەند (ائتلاف) لە تورکیادا، وتوویەتی کە دادگاکانی تورکیا سەربەخۆن و دەوڵەت خۆ لەکاروباریان هەڵناقوتێنێ، هەربۆیە محاکەمەی ئۆجەلان دادپەروەرانە دەبێ. بلا بۆئەوەی دەرکەوێ کە سەرەک وەزیری تورک قسەی تورەهات ناکا ئێزن بە چەند خەلاتوەرگرێکی نۆبێلی ئەدەبیی جیهان بدەن کە نوسینی ڕاپۆرتی دۆکۆمێنتی دەردەسکران هەتا حوکمی کۆتایی دادگای ئۆجەلان بگرنە ئەستۆ. بلا ئێزن بدەن یاشارکەماڵ گەورەترین نووسەری بە نەژاد کوردی تورکی نووسی دنیا لە دادگادا حازر بێ. لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا تەنانەت تاقە دادگایەکی سیاسیش ناناسین کە دادپەروەرانە بووبێت. کەوابێ کەرەمکەن با بزانین کەی فیشەکی خەلاسی دەتەقێنن هەتا شاعیرانی دنیاش هەموویان سەعاتی نووسینی شینگێڕیەکانیان لەگەڵ ئەم ڕاگەیاندنەی ئێوەدا میزان کەن.



بەڵام ڕەنگە نەیکوژن. دەی فەرموون با بزانین ئێوە چۆن بە نەکوشتن پاکانەی پەم هەموە زۆربێژی و پان تورکیزم و شتە دەکەن! کام ڕێبەری کوردیان لە دنیادا نەکوشتوە کە پێوە بۆ نەکوشتنەکەی پاکانەیەکی مەعقوولتان هەبێ؟ ئێوە سادەترین ڕێگە کە هەمان مرۆڤانەترین ڕێگەشە، هەرگیز ناگرنەبەر: دانەوەی ئۆجەلان بە کوردەکان، دانانی شێوەی ئاشتیخوازانەی وتووێژ بۆ گەڕاندنەوەی مافی دیموکراتیکی کوردەکان، بەڕەسمی ناسینی کورد وەک خەڵکێکی خاوەن هەقی هاوبەش لەگەڵ هەموو خەڵکی

جیهان، دەستهەڵگرتن لە داسەپاندنی تیۆری و پراتیکی ڕەگەزپەرستی بەسەر گەلێکدا. ئۆجەلان تەنیا کاتێ بە خاین دادەنرێ کە خەیانەتی بە گەلی خۆی، واتا بە کوردەکان، کردبێ. ئەگەر بەدژی پان تورکیسم جەنگابێ، ئەوا بەکردەوە خزمەتی بە گەلی خۆی، بگرە بە تورکەکانیش کردوە. ئەگەر بمرێ، ئێوە سەروکارتان لەگەڵ سەدان پەیکەرەی ئەوە لە سەرانسەری جیهاندا. ئێوە ئاوا لە یەک ڕیزی درێژ و بێکۆتاییدا هەر تاقەکەسەکەی هەوەڵتان کوشتوە. وەها خوێنێک لەسەر عەرز نامێنێتەوە، هەڵدەقوڵێ و گیانی قاتڵەکەی دەگرێ، چونکە هەمیشەی خودا «جێی کڵۆ هەر بەردە». ئەگەر ئۆجەلان بمرێ، هەرکەسێک کە لەژێر ڕەسمی ئاتاتورک، لە هەر باڵوێزخانە و دایرە و سەربازخانەیەکی تورکدا دانیشتبێ یا ڕاوەستابێ، ئەوا نیشانەی گوللەیە. ئێوە هەرخۆتان بڵاوکەرەوەی تیرۆر بە دژی خۆتانن. خۆ ناتانەوێ وڵات و جیهانێکی وەها نائەمینتان هەبێ! دەی کەوابێ بە جێگەی محاکەمەی ئۆجەلان، دەتوانن هەر لەئێستاوە دانیشنە پای وتوویژ. سی ساڵی تر و پاش یەک دوو میلیۆن کوژراو - کورد و تورک - لەگەڵ جێگرەکانی ئۆجەلان دادەنیشن و وتوویژ دەکەن. بێتوو ئێستا دابنیشن ئەوا ئەو مردوانە هەروا لە توورەکەی مێژوودا دەمێننەوە. دەنا «لقی بڕاو لە سەیری بوهار بێبەرییە» و ئێوە بناغەی دۆزەخەکانی داهاتوو دادەڕێژن.

لەگەڵ قەتڵ و ئیعدام لە هەموو جۆرێکیدا دەبێ نەیاری بکرێ. ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەگشتی ئاسیای ڕۆژهەڵات، وڵاتی قەوم و نەتەوەی جیاواز و هەمەڕەنگە. تا ئەوکاتەی مافە دێموکراتیکەکانی هەموو خەڵکانی ئەم ناوچەیە بەڕەسمی نەناسرێ، هەر جووڵە و ناکۆکییەک، بیانوویەکە بۆ خۆتێوەرداتی زۆربێژانی دەرەوەی ناوچە لە ناوچەکەدا، لە هەر بەشێکی ناوچەکەدا .هەمووی ئەوانەش هەر بۆ خافڵاندن و سەرکوت و ڕاووڕووتە. چارەنووسی تورکیا چارەنووسی کلاسیکی ناوچەکەیە: زۆربێژی موتڵەق بە گەلێکی کەم حەشیمەتی ناوخۆیی و قەبووڵکردنی هەرجۆرە داسەپاندنێکی زلهێزی دەرەوەیی تاڕادەی سواری پێدانی سووکانەی موتڵەق. تازە ئەوکات زوڕنای پووکی «لمن الملکی» لێدان و فەخری پان تورکیزم فرۆشتن. کەچی دەیتوانی هەم نموونەی دێموکراسی بێ، بە قەبووڵکردنی مافی بەرامبەری کوردەکان؛ هەمیش سەربەرز بێ، بە قەبووڵنەکردنی پێگەکان. تا ئەوکاتەی تورکیا مافی دێموکراتیکی کوردەکانی بەڕەسمی نەناسیوە، دەرگاکە هەر لەسەر ئەم لاولاوەیە دەسووڕێ و یاریکردنە بە ئابڕووی هەموو قەومێکی تورک لەژێر ناوی «تورک - یا» دا. درندایەتی پەیوەندییەک تەنیا بەو کەسەی هەم بەهێزترەو هەم زوربەیە کۆتایی پێدێ؛ قەومی کەمینە ئەگەر بیشیەوێ، ناتوانێ. ئەمەش هەمیسان هەردەبێتەوە مصداقی «دڵی ئاشق چ پەکی بە ئاڵۆزیی دەوران کەوتوە» لە شیعری سائیبی تەورێزیدا. کوژران لەلایەکەوە بەناوی خاین و بەقارەمان دەرچوون لەلایەکی ترەوە یان لەناو زەینی خەیاڵسازانی سەرشێتی جیهاندا. ئائەمە دەورێکی باتڵە. دەبێ یەک جار و بۆ هەمیشە، دەوری باتڵی چاو لەبەرامبەری چاودا و گولله لە وەڵامی گوللەدا بشکێ و ڕاستەقینەی پەیوەندیی دێموکراتانە جێگەی بگرێتەوە. ئێستا دەوڵەتی ئەجەوید دەتوانێ لەگەڵ بەندیەکەی خۆیدا وتوویژ بکا، یان بەپێچەوانەوە محاکەمەی بکا. ڕێگای یەکەم دەگاتە میهرەبانی و پێکهاتن و یەکسانی؛ ئەوەی دووەم خوێن دەڕژێنێ. ئەو کەسەی لەگەڵ ئەمەی هەوەڵیاندا یار نەبێ و لەتەک ئەمەی تریاندا نەیار نەبێ، ئەوا شەریکەتاوانی هەموو کوشت و بڕەکانی لەمەودوایە. گومان لەوەدانیە کە زوربەی لە تێکڕا تزیکی نووسەران و ڕووناکبیرانی تورکیش هەق بە مافی کوردان دەدەن، ئەمەش سەرەڕای تورک بوونەکەیانە، چونکە تێگەیشتنی هەق، ئاوەزی ئینسانی گەرەکە نەک خوێن و سیمای نەژادی. بایخی ئینسانی لە ڕەحمی دایک و بڕبڕاگەی باوک بەرزترە. ئینسانیش کە بەڕووتی لەدایک بووە، هەروا بەڕووتی دنیا جێدێڵێ.

٢٣ی فێبرواری ٩٩
تۆرێنتۆ- کەنەدا

ڕێكارد وارلینۆس

# دوڕوویی وڵاتانی ڕۆژئاوا

وەرگێڕانی لە سویدییەوە: کاوە ئەمین

بەدڵنیاییەوە، بارودۆخی کۆسۆڤۆ چەند خراپە، هی کوردستانیش هەمان شێوەیەیم پێویست ناکا بڵێین ناتۆ، کاتێ یۆگۆسلاڤیا بۆردومان دەکا، کەچی تورکیا یا وڵاتانی تری چەوسێنەر بۆردومان ناکا، هەڵەی ڕاستەوخۆ دەکا بەڵام دەبێ هەڵەیەک لە ئارادا هەبێ کە وا وڵاتێکی چەوسێنەر دوژمنی سەرسەختی ئەمریکا بێ و یەکێکی تری لەو بابەتەیش باشترین هاوپەیمانی بێ؟

من لایەنگری ئەوە نیم یوگسلاڤیا یاخود تورکیا بۆردومان بکرێت، بەڵام ڕێگامان بدەن با تۆزێک لەنزیکەوەو بەدیقەت لە یارمەتی ڕاستەوخۆی وڵاتە ڕۆژئاواییەکان بۆ تورکیای چەوسێنەر ـ ئەندامی ناتۆ ورد بینەوە، کە ئێستا ئامادەیە و دەیەوێت یارمەتی سەربازی بدات، ئەگەر کۆسۆڤۆ (لەلایەن ناتۆوە) داگیر بکرێت لە هەمان کاتیشدا، بە شێوەیەکی ناسێۆنالیستانە مەستی سەرکەوتنە کە سەرۆکی پێ کا کا، ئۆجەلان لە ١٥ی فابریوەریدا لەکینیاوە ڕفێنرا بۆ زیندانی دورگەی ئیمرالی.

لە دوای ساڵی ١٩٨٤وە، تورکیا یەکەمین وڵاتە لە کڕین و هێنانی چەک و کەرەستەی سەربازی لە ئەمریکاوە، بەو شێوەیە گەورەترین وڵاتە لەدنیادا لە چەککڕیندا. هەمان کات، وڵاتانی بازاری هاوبەشی ئەوروپا، سەخاوەتمەنترین فرۆشیاری جبەخانەی تورکیان.

ئەنجامیش، وڵاتانی ئەوروپا ئامادە نین هەوڵ بدەن کێشەی کوردستان بە شێوەیەکی ئاشتیانە چارەسەربکرێت و لەماوەی ١٥ ساڵی شەردا ٣٠٠٠٠ کەس بوونەتە قوربانی و سێ ملیۆنیش ئاوارە بوون کاتێ ئۆجەلان، پایز بە پێشنیارێکی ئاشتیانەوە هاتە ئەوروپا، ئەو سەرپێچییەش بەشێوەیەکی تارادەیەک ڕوون نیشاندرا. پیاو دەتوانێت چۆنی بوێت وا لە ئۆجەلان بڕوانێت، ئەو کۆبوونەوەیەی خەڵک لەدەوری ئەو لە زستاندا هیچ نەبێ شایەتیی ئەوە دەدەن کە ئۆجەلان فاکتەرێکی گرنگە بۆ ئەوەی ئاشتی لەکوردستاندا بەرقەرار بکرێت.

ئیتالیا، یۆنان، ئەڵمانیا و هۆڵاند گرفتی ئۆجەلانیان دەهێناو دەبرد، هەتا بە هاوکاری ئەمریکا و ئیسرایل و یۆنان، درایەوە بە تورکیا. بە ئیحتیمالی زۆر دوای هەڵبژاردنەکەی ١٨ ئاپریل دەخرێتە بەردەمی دادگا، هەر هەمان ئەو دەوڵەتانەی کە نەیاندەوێرا لەخۆی بگرن، داوای دادگایەکی عادلانەی بۆ دەکەن.بەڵام لەبیرتان نەچێت هیچ کاتێک دادگای عادیلانە بۆ چالاکڤانێکی سیاسیی کورد دانەنراوە! بۆچی کوردەکان رادەکەن؟.

هێشتا دادگایەکە دەستی پێنەکردوە کە تورکیا هەموو مافە دادوەرییەکانی پێشێل کردوە، ڕفاندنی ئۆجەلان لە کینیاوە دژی کۆشەنیگای مافی گەلانە. دوای ئەوەی ئۆجەلان بەند کرا، دە ڕۆژ لەسەریەک، بە بێ بەشداری پارێزەر، لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا کرا، تەنانەت مافی

پارێزەر، لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا کرا. تەنانەت مافی ئەوەشی پێ نەدرا لە کاتی بەرگریکردن و خۆ ئامادەکردنیدا بۆ پاراستنی خۆی، قەڵەم و کاغەز بەکاربهێنێت. هەتا ئیمرۆش، بۆی نیە بە بێ چاودێریی، پارێزەرەکانی ببینێ. ئەمە لەکاتێکدایە کە بە خیانەتی گەورە تاوانبار دەکرێت کە لە یاسای تورکیدا جەزاکەی، مردنە .

**سەید ڕەزا خۆی پەتەکەی کردە ملی خۆی و هاواری کرد:**
**ئێوە هێشتا لەگەڵ کورد تەواو نەبوون**
**گەلەکەم تۆڵەی من دەکاتەوە**

ئەوەی کە وڵاتانی ڕۆژئاوایی نیگەرانی ئەمنیەتی دادوەرین، دەبوو پێش ئەوەی ئۆجەلان تەسلیم بکەنەوە بە تورکیا ـ لە بارودۆخی زیندانەکانی تورکیایان بکۆڵیایەتەوە، بەگوێرەی ڕاپۆرتی ساڵانەی ئەمنستی ئینتیرناشیوناڵ ساڵی ١٩٩٨ " ئەشکەنجە هەر وەکو پێشوو، بەشێوەیەکی سیستەماتیک هەبووە". یاخود، هەمان ئەو مەحکەمەیەی کە ئۆجەلان حوکم دەدات، ساڵی ١٩٩٤، بەگوێرەی هەمان ڕاپۆرت، چوار ئەندامی پەرلەمانی بە ١٥ ساڵ حوکم دا، کە کورد بوون.

بۆ ئەوەی باسی ئەو هەموو سیاسییە موخالیف و چالاکانەی کە یا کوژراون یا گیراون نەکەین، پێشرەوییەک، کە هەمانکات، لە دوای گرتنی ئۆجەلانەوە تەقییەوە، ئەوەیە کە تەنها لە هەفتەی یەکەم دا، دوو هەزار کەس دەسگیر کران.

کەس هەیە باوەری وابێت ئۆجەلان دادگاییەکی ڕەوا دکرێت؟

لە گۆڤاری لیمۆند دیپلۆماتی مارسدا کەندال نەزان بەبیری دەهێنێتەوە کە چۆن کەمال ئەتاتورک معامەلەی لەگەڵ سەرکردەی بزووتنەوە کوردییەکاندا کردوە. دوای سەرڵهەڵدانی ١٩٣٧سەرۆکێکی کورد، سەید ڕەزا دەگیرێت. کەمال ئەتاتورک، بۆ ئەوەی یادی ئەو سەرکەوتنە بکاتەوە بەرنامەی سەفەرێک بۆ ئەو ناوچەیە دادەنێ. تەنها چەند ڕۆژێک پێش ئەوەی دەوڵەت بەوەی زانی کە خەڵکانی بەناوبانگی ناوچەکە ئەیانەوێت داوای لێبووردن بۆ ئەو سەرۆکە کوردە لە ئەتاتورک بکەن، ئەتاتورک بڕیاری دا کە پێش گەیشتنی ئەو بۆ ناوچەکە سەید ڕەزا لەسێدارە بدرێت. بەڵام بە گوێرەی یاسا، دادگا نەیدەتوانی پێش سەفەرکە ئەوە بکا چونکە دەکەوتە ڕۆژی دووشەممەوە.

هەر بۆیە مەحکەمەکە شەوی یەکشەممە کۆبوونەوە و بە یەک دەنگ، بەگوێرەی ئەو نووسراوانەی کە پێشتر هەبوون، سەید ڕەزا و شەش کەس لە هاوڕێکانی بەمردن حوکم دا. سەعات سێی بەرەبەیان بردنیان بۆ بەر سێدارە. سەید ڕەزا خۆی چوە بەردەمی سێدارەکە و بەدەستی خۆی پەتەکەی کردە ملیەوە و هاواری کرد " ئێوە هێشتا لەگەڵ کورد تەواو نەبوون، گەلەکەم تۆڵەی من دەکاتەوە ! "

ڕۆژی دوایی ئەتاتورک سەفەرەکەی خۆی دەستپێکرد. خۆشحاڵی خۆی دەربڕی کە شۆڕشی کورد " لەکۆتاییدا لەژێر کۆنترۆڵ دایە " .

بەهەمان بڕوابەخۆبوونەوە هەروەک کابرای پێشخۆی (مەبەست لە ئەتاتورکە) سەرۆک وەزیرانی تورک بلێنت ئەجەوید دەڵێت گرتنی عەبدوڵا ئۆجەلان دەبێتە هۆی " حەلکردنی ئەوشتەی کەپێی دەڵێن مەسەلەی کورد).

هەمان کات ئۆجەلان، کە بە ئیحتماڵێکی زۆر بە مەرگ حوکم دەدرێت، بە هەمان بڕوابەخۆ بوونەوە، هەر وەک سەرۆکی پێش خۆی (مەبەست لە شەهید سەید ڕەزایە) ز لەم نزیکانە دا دەڵێت " مردنی من زیاتر خزمەتی گەلی کورد دەکات وەک لە ژیانم "

لە ژمارە ی١٥ ڕۆژنامەی (ئاربێتەرن) وەرگیراوە.

# هیچ گەشبینییەک بۆ گەیشتنی کوردانی تورکیا بە ئۆتۆنۆمی بەدی ناکرێ

حەسەن قارەمانی لە سوێدییەوە کردوویە بە کوردی

لە تورکیادا مافی بە تورکی قسەکردن لە قوتابخانەدا لە منداڵانی تورک زەوتکراوە×، لەگەڵ ئەوەشدا هەر کوردێک لە هەموو کاتێکدا توانیویتی بە ئاسانی هەموو شتێک وەدەست بخا، وەک گەیشتن بە سەرۆک کۆماریی، بەڵام بەو مەرجەی ناسنامەی تورکی هەڵبژێرێ و خۆی بەتورک بناسێت!

لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، دوای عەرەب و تورک و فارس کوردەکان چوارەمین نەتەوەی گەورەی ناوچەکەن، بەڵام بە تەواوی و دروستیی ڕوون نییە کە سەرجەمی دانیشتوانی کورد دەگا بە چەند ملیۆن. ڕەنگ بێت بیست ملیۆن بن، ئەگەر چی بەشێک لە کوردەکان لەو باوەڕەدان کە لە بیست و حەت ملیۆن پترن. ئەمەش پەیوەندی بەوەوە هەیە چۆن سەرژمێریی کوردان کراوەو کێ بە کورد ناونووس کراوە. بە تایبەتی ئەم کارە پەیوەندی بە وڵاتی تورکیاوە هەیە، چونکە نیوەی دانیشتوانی کورد لەو وڵاتەدا دەژین.

بەهەر حاڵ ئەمە ئاتمۆسفێرێکی گونجاوو شایانی باس نییە، کە کوردەکان وەک گەورەترین نەتەوە لەم دنیایەدا لە پێکهێنانی وڵاتی خۆیان بێبەری کراون. تەنیا گەلێک کە ژمارەی دانیشتوانی لە کوردەکان زیاتر بێت و مرۆڤەکانی بە زمانی هاوبەشی خۆیان بپەیڤن، گەلی تامیلە لە وڵاتی هیندوستان کە ژمارەی دانیشتوانی لە پەنجا ملیۆن زیاترەو چوار ملیۆن کەسیان لە وڵاتی سریلانکادا دەژین.

بەر لە هەموو شتێک لە سەدەی هەژدەیەمدا ناسیۆنالیزمی ئەوروپایی بیرو بۆچوون و ڕوانگەو بناغەی ئەوەی دانا.کە هەموو نەتەوەیەک مافی پێکهێنانی دەوڵەتی خۆی هەیە. بەڵام لە ڕاستیدا ئەم فکرەیە هیچ کات جێبەجێ نەکراو، کوردستانێکی سەربەست و سەربەخۆ دروست نەبوو.

**تێکۆشانی کوردەکان**
**بۆ دروستکردنی دەوڵەتی خۆیان**

هیچ کام لەم وڵاتە کۆنانەی کە نەتەوەی کوردی لێ دەژی، تورکیا، عێراق، ئێران، سووریاو ئازەربایجان، ئامادە نین بۆ دروستکردنی دەوڵەتی کوردی لە بستێک خاکی کوردستان دەست هەڵگرن. لە پێوەندی لەگەڵ شەڕی کەنداو لە ساڵانی ١٩٩٠-١٩٩١دا وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا یارمەتی و هاریکاریی کوردەکانی باکووری عێراقی دەکرد. بەڵام وڵاتی تورکیاو هیچ کام لە وڵاتەکانی ئەم ناوچەیە، نایانەوێ دەوڵەتی کوردی لە کوردستانی عێراقدا ببینن. دروستبوونی دەوڵەتێکی کوردی لەم چەشنە دەتوانێت یارمەتیدەربێ بۆ کوردەکانی دیکەو بۆ دروستکردنی وڵاتی کوردی.

لە ڕاستیدا مەسەلەو پرسیار ئەوەیە یەکەمین ئامانج و مەبەست دروستکردنی وڵاتی کوردی بێت، یان خەبات بۆ دیموکراسی و مافی مرۆڤ.
لە وڵاتی تورکیادا پارتی کرێکارانی کوردستان PKK لە ساڵی ١٩٨٤ەوە بۆ پێکهێنانی دەوڵەتی کوردی خەبات دەکات، لەم شەڕو بەربەرەکانییەشدا سی هەزار کەس گیانیان لە دەستداوە، بەڵام ئەمە نابێتە هۆو بەڵگەی ئەوەی کە زۆربەی کوردەکان بێنە ژێر چەتری PKK و ڕێبەریی ئەم پارتە قەبوڵ بکەن. ئەم تاوان و توندوتیژییەی کە دەوڵەتی تورکیا ئەنجامیان دەدات، بوونەتە یارمەتی دەری مسۆگەر کە زۆر لە کوردان ئەمەگداریی و وەفاداریی خۆیان بۆ PKK بەجێبگەیەنن. لە ساڵی ١٩٩٥دا ئێرنی لێکۆڵینەوەو پشکنین بە خاوەنی

کۆمپانیایەکی تورکیا درا، ئەو روونی دەکاتەوە کە کەمایەتییەکی بچووک لە لایەنگرانی PKK پشتیوانی لە پێکهێنانی دەوڵەتی کوردی دەکەن، بەشی زۆر داوای پەرەسەندن و زیادکردنی مافی کولتووری و سیاسیی و چاککردنی باری ئابووریی خۆیان دەکەن.

**دەورانی دەسەڵاتداری تورک**

جگە لە کوردەکانی ئێران، کوردەکان ماوەی چەند سەدەیەک لە ئیمپراتۆریای عوسمانیدا ژیاون، ئەو کات کەمتر باسی مافی نەتەوایەتی و شارستانی دەکرا، زۆربەی کورداتیش وەک تورکەکان مووسڵمان بوون، لە ئیمپراتۆریای عوسمانیدا (١٥) میرنشینیان پێکهێنا، کە لە لایەن میرەکانی کورد خۆیەوە حوکمڕانی دەکران. دوای کۆتایی هاتنی شەڕی یەکەمی جیهان، بەرەی سەرکەوتوو لە شەڕەکەدا، بە چەشنێکی نادیارو ناڕوونی ئاماژە بۆ درووستکردنی وڵاتی کوردستان و گەلانی دیکە دەکات کە وڵاتی خۆیان پێکبێنن، بەم شێوەیە ئەوان دەیانەویست کە هەرچی زووترە ئیمپراتۆریای عوسمانی لێک بڵاو بێت و تێکبچێت، بەڵام دوای شەڕ پەیمان و بەڵێن و قەولەکان بۆ درووستبوونی کوردستانێکی سەربەخۆ لە بیر چوونەوەو، وڵاتی کوردان دابەشکرا.

**شۆڕش و بزووتنەوەی کوردەکان**

لە دابەشکردنەکەدا بەشی هەرە گەورەی خاکی کوردستان بەر کۆماری تازە درووستکراوی تورکیا کەوت بە سەرۆکایەتی کەمال ئەتاتورک، کە بەشێک لە کوردەکان پشتیوانییان دەکرد. ئامانج و مەبەستی کەمال ئەتاتورک مۆدێرنکردنی وڵاتی تورکیا و درووستکردنی حکومەتێکی مۆدێرن بوو. قوتابخانە ئاینییەکان داخران و بە ژنان ڕاگەیەندرا کە چارشێوو ڕووسەر فڕێ بدەن، ئەم بریارو هەڵوێستانە بۆ دابونەریتی کۆمەڵگەی کوردەواری زۆر زەحمەت بوو. لە ساڵی ١٩٢٥دا بزووتنەوەی کورد لە دژی حکومەتی ئانکارا درووست بوو، بەڵام بزووتنەوەکە لە لایەن کەمال ئەتاتورکەوە تێکشکێنرا، ئەتاتورک زمانی کوردی قەدەغەکردو، هیچ منداڵێک بۆی نییە ناوی کوردیی لێبنرێ و تەواوی ئەوانەی ناوی کوردییان هەیە بە ناوی تورکی دەیانگۆڕی. لە تورکیادا تا ساڵی ١٩٩١ هیچ چەشنە کتێب و گۆڤاری کوردی لە ئارادا نەبوو، تا ئێستاش لە قوتابخانەکاندا ئیزنی ئەوە نادرێ بە زمانی کوردی قسە بکرێت.

**تواندنەوەی کوردان**

هەست و مێشک و فیکری دەوڵەتی تورکیا بەرامبەر کوردەکان تەنیا لە چوارچێوەیەکی ڕاسیزم ئاسا، یان بە شێوەیەکی سادەتر ناکۆکی و دژایەتی نەتەوەیی دانەمەزراوە. باوکی ناسیۆنالیزمی تورک کەمال ئەتاتورک ئەوەی بۆ هەموو لایەک ئاشکرا کرد کە ناسنامەو هەوییەتی تورک هەڵبژێرن. ئەم هەڵبژاردنە لە بەردەمی کوردەکانیشدا ئاواڵەکرا. لە وڵاتی تورکیادا هاووڵاتێتی و تەبەعییەت یەک دانەیە بۆ هەموو لایەک و هیچ کەمایەتییەکمان لە تورکیادا نییە.

لە ڕابردووی ئەوروپادا وێنەی ئەم بۆچوون و تێڕوانینە سەبارەت بە هاووڵاتێتی هەبوون، بەتایبەتی لە وڵاتی فەرەنسادا. هەروەها تا ساڵی ١٩٩٠ وڵاتی سویدیش لە دانی مافی کەمایەتیی فینلاندزمان، هەروا سامەکان، خۆی دوور دەخستەوە. لە وڵاتی تورکیادا، ئەنادۆڵی یان ئاسیای چکۆڵە لە هەموو کات و زەمانێک تواندنەوە بۆ گەلانی جۆراو جۆر هەبووەو تەواوی ئەو گەلانەی ئەورۆ ناودێردەکرێن و پێیان دەگوترێ تورک، ڕیشەو ڕەچەڵەکی تێکەڵاوی دیکەیان هەیە. ئەم ژمارە کوردانە کە ئاسیمیلە کراون و ئێستا زاتی قسەکردنیان لەسەر خۆیان هەیە، نیشانەی زەقی ئەم دیاردەیەن. هەروەها لە پۆستە هەرە گرینگەکانی سەرەوەی کۆمەڵگەدا، سێ کەس لە سەرەک کۆمارەکانی کۆماری تورکیا بە ڕیشەو ڕەچەڵەک کورد بوون، وەک تورگۆت ئۆزاڵ کە لە ساڵی ١٩٩٣دا کۆچی دوایی کرد. لە ساڵی کۆتایی دەورانی ئۆزاڵدا باسی کورد بە گشتی هاتە سەر زمان. لە پەرلەمانی تورکیادا سێ یەکی ئەندامان بە ڕیشەو ڕەچەڵەک کوردن. کوردەکان یەک دەست و یەکسان مەبەستیان ئەوەیە کە وەک یەک و بەبێ جیاوازی بەشێک بن لە سیاسەتی تورکیا. لە ناوچەکانی کوردستاندا بە بەراوردکردن لە گەڵ بەشەکانی دیکەی تورکیا ژمارەی دەنگدەرانی کورد کەمێک لە خوارترە، هەرچەند پارتی کرێکارانی کوردستان PKK هانی داون کە هەڵبژاردن بایکۆت بکەن، لە گەڵ ئەوەشدا لە ساڵی ١٩٩٠ وێڕای ئەو هەموو بەرەنگاریی و دەستدرێژییانەی ئەرتەشی تورکیا کردیە سەر پارتی Hadep بەشی هەرە زۆری خەڵک لە ناوچەکانی کوردستان دەنگی خۆیان بە Hadep دا. هەروەها بەشێک لە دەنگدەران ڕای خۆیان داوە بە ئیسلامییەکان و، بەشێکی کەمیش دەنگیان بە هێزە تورکەکان داوە.

### تورکیا ئامادە نییە خودموختاری بە کورد بدات

ئامانج و مەبەستی تورکیا هەتا ئێرە ڕوونە، کە ئامادە نەبووە هیچ چەشنە فۆرم و شێوەیەک لە خودموختاری بۆ کوردەکان قەبووڵ بکا. بەشێک لە دەسەڵاتدارانی تورکیا نارەزوو دەکەن ئەم بابەتە بێتە بەر باسکردن. گیروگرفتی گرنگی دیکە لە ئێستادا ئەوەیە کە ئەمڕۆ بەشێکی زۆر لە کوردەکان لە دەرەوەی خاکی کوردستان دەژین، لە شەڕێکی خوێناوی کە لە نێوان PKK و ئەرتەشی تورکیا سەری هەڵداوە زۆر گوند خاپورکراون و خەڵکی گوندەکان بە زۆرەملێ ڕاگوێزراونەتەوە بۆ شوێنی دیکە. بەتایبەتی پێش هەموو شتێک هەژاریی و دواکەوتوویی گوندەکان لەم بەشەدا بووەتە هۆی ئەوەی کە کوردەکان ڕوو لە شارە گەورەکانی ڕۆژئاوای تورکیا بکەن. ژمارەی دانیشتوانی شاری ئەستەمبووڵ لە نێوان ساڵەکانی ١٩٩٠ - ١٩٨٠ دوو بەرامبەر زۆرتر بووەو بەشی زۆری ئەم خەڵکە کە هاتوونەتە ئەستەمبووڵ کوردن. بە گوێرەی سەرچاوەکان دوو لەسەر سێی خەڵکی ڕۆژئاوای تورکیا کوردن.

حکومەتی تورکیا لە ڕوانگەی خۆیەوە بە هۆیەکی بنچینەیی و گرنگ ئامادە نییە مافی ئۆتۆنۆمی بە کوردان لە ناوچەی کوردستان بدات. چونکە سەرچاوەی ئاو لە کوردستان هەڵکەوتووە کە هەموو وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کەم ئاون، ئەم ئاوە بۆ وڵاتی تورکیا توانای دەسەڵاتەو، مەرج و شەرتەکانی خۆی لە بەشدانی ئاو بەم وڵاتانە دەسەپێنێت.

### دجلەو فرات

ڕووبارەکانی دجلەو فرات لە کوردستانی تورکیا گرنگییەکی تایبەتییان هەیە، لەوێڕا ئاو بەرەو وڵاتی سووریاو عێراق دەڕوات، کشتوکاڵی ئەم ناوچەیە پێوەندی بە ڕووبارەکانی دجلەو فرات هەیە. کە لەم ناوچەیەدا سیستمێکی زۆر بەهێز لە ئاوبەندو بەربەستی گەورەی ئاو دروست کراوە کە بۆتە هۆی ئەوەی تورکیا بە چەشنێکی توندوتۆڵ ئاوی دجلەو فرات بخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە. تورکەکان هیوادارن کە بتوانن لەم ڕێگایەوە کارەبای پێویست بۆ پیشەسازیی دابین بکەن. هەروەها هیوادارن کە بتوانن ئاو بۆ شوێنی دووری وەک وڵاتی ئیسرائیل بنێرن، تورکیا قەول و بەڵێنی بە وڵاتی سووریاو عێراق داوە ئاوی پێویستیان بداتێ. ئەوە تورکیایە کە بڕیار دەدات وڵاتانی دراوسێ چەند ئاویان پێویستە.

کاتێک پێشتر وڵاتی سووریا پشتیوانی لە پارتی کرێکاران دەکرد، وڵاتی سووریا لایەنگریی چارەسەری کێشەی نەتەوەیی نییە (پرسیار لە کوردەکانی سووریا بکەن لە چ بارێکدان). وڵاتی سووریا لە گرتنە بەری ئەم ڕێگەیە مەبەستی تایبەتی خۆی هەبوو، تا بتوانێ فشار بخاتە سەر تورکیا بۆ وەرگرتنی ئاوی پێویستی کوردستانی تورکیا. سووریا ئێستا ئەمەی لە دەست داوەو ئاگادارکرا کە دەست لە پشتیوانی پارتی کرێکاران هەڵگرێ. وڵاتی سووریا ئێستا تەنیا هیوای ئەوەیە تورکەکان لە گەڵیدا دۆستانەبن و پێش لە بەشە ئاوەکەی نەگرن.

سەرچاوەی ئاوی کوردستان بۆئێستاو داهاتووی وڵاتی تورکیا، تەنیا بۆ چاککردنی باری ئابووری نییەو بەس، بەڵکو بۆ سیاسەتی دەرەوەی تورکیاش بایەخی هەیە.حکومەتی تورکیا ئامادە نییە، بۆ پێکهێنانی هەرێمی خودموختاری کوردستان، لەیەک ئۆنس (٢٧ گرام) لە تواناو هێزی خۆی واز بێنێت.

× ئەم قسەیە وەک تەنز هاتووە. (وەرگێڕ)

* ئەم بابەتە لەژمارە (٢)ی ١٩٩٩ی گۆڤاری وەرزیی Epok ی سەر بە ئینیستوتی وەزارەتی دەرەوەی سویددا بڵاوکراوەتەوە.

محەمەد نورەدین

کوردەکانی تورکیا لە شێخ سەعیدەوە بۆ عەبدوڵڵا ئۆجەلان

# مێژوویەک لە خوێن و تاراوگەو ..
# ڕیسوایی نێودەوڵەتیی

ئا: حەسەن یاسین  لە ئەنتەرنێتەوە.

ئۆجەلان یەکەمین سەرکردەی کورد نییە ئاڵای شۆڕش و ڕاپەرینی هەڵکردبێ، دوا سەرکردەش نابێ کە بکەوێتە ژێر چەپۆکی دەسەڵاتی ناوەندی، چ عوسمانی بێ یان تورکی و لە نێو ببرێ. کەچی ئەو تەکانەی خۆی و پارتەکەی، بە بزووتنەوەی کوردایەتیان دا لە تورکیا و دەرەوەی تورکیاشدا، کاریگەریەکی یەکلاکەرەوەی هەبوو، لە بواری کەڵاڵەکردنی ناسنامەی کوردی، لە ڕووی سیاسی، ڕۆشنبیریی و ڕاگەیاندنەوە. هەروەک لە بواری نێودەوڵەتیشەوە، بە شێوەیەک کە پێشتر وێنەی نەبووە، کوردایەتی خستە نێو بازنەی بایەخ پێدانەوە.

ئۆجەلان یان وەک پێی دەڵێن "ئاپۆ"، لە بۆشاییەوە پەیدا نەبووە. خۆ ئەگەر بەنێو قووڵایی مێژووی کورد لە تورکیادا شۆڕ نەبینەوە و نەچینەوە سەر شۆڕشی شێخ بەدرەدین کە لەساڵی ١٤٢٠ دا لە سێدارە درا، ئەوا دەتوانین بڵێین سەرەتای شۆڕشی چەکداری کورد لە تورکیا لە شۆڕشی شێخ سەعیدی پیرانەوە لە ساڵی ١٩٢٥ دا دەست پێدەکات، ئەو شۆڕشەی لەسەر دەستی مستەفا کەمال ئەتاتورکی دامەزرێنەری کۆماری تورکیا سەرکوت کرا، کاتێک شێخ سەعید گیرا و لەگەڵ ٢٨ هاوڕێیدا بە بڕیاری (دادگای سەربەخۆیی) لە دیاربەکردا لە سێدارە درا. دواتر ڕاپەرینەکانی (ئاگری) لە نێوان ساڵانی ١٩٢٨ و ١٩٣٠ دا و، پاشان ڕاپەرینی بەناوبانگی دەرسیم لە ساڵی ١٩٣٧ دا بەرپا کران و ئەم ڕاپەرینانە هەزاران شەهید و برینداریان لێکەوتەوە.

پاش جەنگی دووەمی جیهانیش، ڕژێمی کەمالیستی تورکی لە هەوڵەکانی خۆی نەکەوت بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە چوارچێوەی (یەکێتی خاکی تورکیا). ئیدی دەزگا ڕەسمیەکانی ڕاپۆرتی جۆراوجۆریان نووسی. کەچی ئەو ڕاپۆرتانە، هیچیان باسیان لە تایبەتمەندیی ئەو (یاخی) و (ئەشقیا) یانە نەکردبوو. ئەو یاخیانەی کە بە قسەی یەکێک لە وەزیرە ناوخۆییەکانی تورک، جگە لە هێز، شتێکی تر ناتوانێ بیانکاتە مەدەنی، یان بە واتای یەکێک لە وەزیرانی پێشووی دادی تورکی، ئەو کوردانە (لەو وڵاتەدا، تەنیا یەک مافیان هەیە، ئەویش ئەوەیە: ببن بە خزمەتکار و کۆیلە).

مستەفا کەمال، بناغەی ئایدیۆلۆژیای ڕەسمیی لە تورکیا سەبارەت بە مەسەلەی کورد لەو دروشمە بەناوبانگەیدا کورت کردۆتەوە کە دەیگوت: "خۆشبەختە ئەوەی دەڵێ من تورکم" بەمەش تایبەتمەندیتی لە هەموو نەتەوە دانیشتووەکانی ئەنادۆڵ کە لە تورک جیایان دەکاتەوە، سەندەوە. ئەمەش زەنگێک بوو بۆ ئەو ئاستەنگ و سەختییانەی ڕژێمی کەمالی بەرەنگاری بووەوە لەگەڵ ئەوانەی هەمیشە بە (تورکی چیایی) ناو دەبران.

لەساڵانی حەفتادا هەلێکی باش لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ڕەوتە چەپ و مارکسیەکاندا هەڵکەوت. بزاڤەکانی ڕزگاریخوازی لە چەندین ناوچەی جیهانی سێیەمدا پێشکەوتنیان بە خۆوە بینی، ئەوە بوو لە ساڵانی حەفتادا ڕۆشنبیرانی کورد، وەکو چێتین ئاڵتان، موسا عەنتەر، محەمەد ئەرسەلان و کەمال بورقای دەرکەوتن و چەندین کۆمەڵە و پارتی چەپ بۆ پشتیوانی لە کوردان هاتنە مەیدان.

لە ٢٧ ی تشرینی دووەمی ١٩٧٨ دا عەبدوڵڵا ئۆجەلان (واتە تۆڵەستێن)، بە مەبەستی تۆڵە سەندنەوەی مێژووی کورد لە ڕژێمی تورکیا، کە لە ئەنقەرە خوێندکاری کۆلیژی زانستە سیاسیەکان بوو، پارتی کرێکارانی کوردستانی لەگەڵ هاوڕێکانیدا، لە کۆبوونەوەیەکدا کە لە گوندی (فیس)ی سەر بە قەزای لیجە لە پارێزگای دیاربەکر کرا، دامەزراند. گەوهەری بیروباوەڕی دامەزرێنەرانی پارتەکەش ئەوە بوو کە (کوردستانی باکوور)، واتە ناوچەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا، لە ژێر دەسەڵاتی ئیستیعماری تورکیدایە و دەبێ ڕزگار بکرێ و دەوڵەتێکی سەربەخۆی گەلی کوردی تێدا دابمەزرێندرێ و، دواتر هەموو پارچەکانی کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بگرێتەوە.

ئۆجەلان لە ٧ی تەمووزی ١٩٧٩ دا تورکیای بەجێ هێشت و لە سوریا نیشتەجێ بوو، دواتر لوبنانی کردە

پەناگایەکی ئارام، بە تایبەتی کە لوبنان مەیدانێکی کراوە بوو بۆ کۆمەڵە و ڕێکخراوە چەپ و فەلەستینی و جیهانیەکان. لوبنان دەرفەتێکی بە پیتی ڕەخساند بۆ خۆکۆکردنەوە و ڕاهێنانی جەنگاوەرەکانی، بەهاوکاری لەگەڵ ڕێکخراوە فەلەستینیەکان، دواتریش چەندین کەمپی تایبەتی لە (سهل البقاع) کردەوە ئەو کەمپانە بەردەوام بوون تا لە ناوەڕاستی ساڵانی نەوەتدا داخران. بەڵام چالاکی سەربازیی پارتی کرێکارانی کوردستان دژی دەوڵەتی تورکی لە ١٥ ی ئابی ١٩٨٤ دا دەستی پێکرد، کاتێ گەریلاکان یەکەمین چالاکییان لە قەزای (ئەروح) لە پارێزگای (سعرت) دا کرد و سەربازێکی تورکیان کوشت و پازدەی دیکەش بریندار بوون.

ژمارەی گەریلاکانی PKK بەرە بەرە زیادی کرد و لەم ساڵانەی دواییشدا گەیشتە ١٠ - ١٥ هەزار گەریلا. ئۆجەلان گەلێ جار دەیگوت ئەو ژمارەیە ڕوو لە زیاتربوونە و لە نێو تورکیا و دەرەوەیدا، لەوانەیە بگاتە ٥٠ هەزار گەریلا.

بەرەی ڕزگاری نیشتمانی کوردستان (ئارنەکە) کە باڵی سەربازی PKK یە و لە ٢١ ی ئازاری ١٩٨٥ دا پێکهێنرا، دەستی بە چالاکی جۆراوجۆری سەربازی دژی دەوڵەتی تورک کرد و کاروانی سەربازانی تورکی کردە نیشانە، بۆسەی نایەوە، هێرشی کردە سەر مەخفەرەکان و ئەو هاووڵاتیانەی هاوکاری دەوڵەتی تورک بوون. ئەم کردەوەو چالاکیە سەربازیانە هەندێ ئەنجامی کارەساتباریشی لێکەوتەوە، کە ژن و منداڵ و پیاوە مەدەنیەکان تێیدا زەرەرمەند بوون، کەچی ڕاگەیاندنی تورکی دەیویست ئەم چالاکیە کارەساتبارانە زەق بکاتەوە و بیانخاتە ئەستۆی PKK. چالاکیەکانی PKK لە سێ ساڵی یەکەمی ساڵانی نەوەتدا گەیشتە لوتکە و ناوچەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا بە شەو لە ژێر کۆنترۆڵی ئەواندا بوو، بە ڕۆژیش دەکەوتە ژێر کۆنترۆڵی دەوڵەت.

PKK لە ململانێ لەگەڵ دەوڵەتی تورکیدا، هەر پشتی بە لایەنی سەربازی نەبەست، بەڵکو زیاتر لە جارێک، بە تایبەت دوای هەرەسی یەکێتیی سۆڤیەت و باڵا دەستی ئەمریکا لە ڕێبەریکردنی سیستەمی نوێی جیهانیدا، کەناڵی پێوەندیکردن لەگەڵ واشنتۆن، هەروەها دەسەڵاتدارانی تورکیاش بکاتەوە. هەندێ جار ئەم هەنگاوە ئاشتیخوازیانە، بە تایبەت لە سەردەمی سەرۆکی کۆچکردوو (تورگێت ئۆزال) دا وەها دەهاتە بەرچاو کە ئومێدێکیان لێ چاوەڕوان دەکرێ. هەر لەسەر ئەم بنەمایەش بوو کە ئۆجەلان لە ١٧ی ئاداری ١٩٩٣ دا بە هاندانی مام جەلال، کە خۆی چەندین جار ئەمەی ڕاگەیاندووە، یەکەمین ئاگربەستی یەک لایەنەی ڕاگەیاند، کەچی مەرگی لە ناکاوی (ئۆزال) تەنها یەک مانگ لە دوای ئەم ئاگربەستە، ئاگری شەڕی خۆش کردەوە، پاش ئەو بۆسەیەی لە ٢٥ی ئایاری ١٩٩٣ دا لە ناوچەی (بینگۆل) دا دانرایەوە و ٣٣ سەربازی تورکیی تێدا کوژرا. پاشانیش چەندین جار ئۆجەلان دەسپێشخەریی ڕاگەیاندنی ئاگربەستی کرد. بەڵام ئەنقەرە هەرگیز بەپیر ئەم بانگەوازە ئاشتیخوازیانەوە نەچووە و گفتوگۆکردنی ڕەتکردۆتەوە و ئۆجەلان لە ڕوانگەی تورکیاوە هەردەم (بە سەرۆکی ڕێکخراوی جوداخواز) و برەو پێدەری (تیرۆر) ناوی هاتووە و داوای خۆبەدەستەوەدانی کردووە.

زیاتر لە ١٥٠ - ٢٠٠ هەزار سەربازی تورکی بە شێوەیەکی هەمیشەیی لە ناوچە کوردییەکاندا، بە پشتیوانی دەبابە و جەنگاوەر و فڕۆکەی هەلیکۆپتەر بڵاو بوونەتەوە بودجەی ساڵانەی خەرجیەکانی ئەوەی تورک ناوی ناوە (لەناوبردنی تیرۆر) نزیکەی هەشت ملیار دۆلار دەبێت. پارەکە ئاڵۆزتر دەبوو لەگەڵ لەدەستدانی داهاتەکانی تورکیا لە ئەنجامی تێکچوونی پەیوەندی بازرگانیی تورکیا لەگەڵ عێراق و وەستانی هێڵی نەوتی کەرکوک - یومورتالک. هەروەها ڕژێمی تورکیا لە ساڵی ١٩٨٥ دا پەنای بردە بەر دروستکردنی ( پێم وایە پێکهێنان لە دروستکردن گونجاوتر بێ - حەسەن) جاش کە خۆی ناوی (گوند پارێز) ی لێنان. ژمارەی ئەم جاشانە بە زیاتر لە ٥٠ هەزار کەس دەخەمڵێندرێ کە مانگانە مووچە وەردەگرن و پارەی ساڵانەی تەرخانکراو بۆ ئەم جاشانە بە ملیارێک و ٢٠٠ ملیۆن دۆلار مەزەندە دەکرێ، کە

دەدرێتە سەرۆک عەشیرەتەکان، ئەوانیش بەپێی لیستی خۆیان بەسەر جاشەکانیاندا دابەشی دەکەن. دەسەڵاتدارانی تورکیا، بە مەبەستی بەرتەنگکردنەوەی بواری چالاکی لە بەردەم PKK دا سیستەمی (حالە الطوارئ: باری نائاسایی) لە هەموو پارێزگاکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیادا ڕاگەیاندووە، کە گرنگترین ئەو شارانە بریتین لە: بتلیس، باتمان، بینگۆل، دیاربەکر، هەکاری، ماردین ،سعرت، شیرناخ، تونجەلی،دێرسیم، وان و ئیلازیگ. ئەم باری نائاساییە بیانوویەک بوو بۆ گرتن و دادگاییکردن و تیرۆرکردنی هەزاران کەس بە ناوی هاوکاریکردن لەگەڵ PKK.

دەوڵەتی تورکی هەمیشە هانی تورکەکان دەدات بۆ ئەوەی لە ناوچە کوردییەکاندا خزمەتی سەربازی و مەدەنی بکەن. ئەو کرێکارانەی لە باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیادا کار بکەن مووچەیان دووقات دەبێ. هەروەها سەربازەکان مووچەیەکی تایبەت بۆ قەرەبووکردنەوەیان پێ دەدرێت، کە بۆ گاڵتە و مەزاق، خەڵکی ناوچەکە ناویان لێناوە (مووچەی ئاپۆ).

وێرانکردنی گوندەکان و کۆچپێکردنی دانیشتوانەکەی یەکێکە لە سیماکانی سیاسەتی (وشککردنی ئاو لە دەریا بۆ کوشتنی ماسیەکان) لەجیاتی کوشتنی خودی ماسیەکە.

ئەمەش ناوچەی باشووری رۆژهەڵاتی تورکیای بەتایبەت لە ساڵانی نەوەتدا کرد بە مەیدانێکی دۆزەخ. (دۆگان گورش) ی سەرۆکی پێشووی ئەرکانی سوپای تورکی ئەم سیاسەتی (ئاسن و ئاگر) ەی لە سەرەتای هاوینی ساڵی ١٩٩٣ دا لەم قسەیەیدا بەرجەستە کردووە، کە دەڵێ: بەردمان بەسەر بەردەوە نەهێشتووە. بۆمبی عەیار ٥٠٠ لیبرە (٢٥٠) کیلۆگرامامان بەکار هێناوە. کەس ناتوانێ خۆی لە بەرامبەردا بگرێ. پاش چەند مانگێکی تر کوژراوەکان لەوێ دەبینین. لە ماوەیەکی کورتدا قاچیان دەشکێنین).

بەرە بەرە، کوردستانی باشوور بوو بەو دەروازەیەی دەوڵەتی تورکی بە کردەوە سیاسەتی بەکارهێنانی هێزی بۆ لەناوبردنی PKK بە هاوکاری مۆسادی ئیسرائیلی تێدا، پێرەو کرد. ئیدی لە پایزی ساڵی (١٩٩٢) ەوە، رژێمی تورکیا بە هاوکاریی پارتی، چەندین هێرش و لەشکرکێشیی بۆ سەر ناوچەکانی بادینان لە هەرێمی کوردستان دەست پێکرد و لە رووی سەربازییەوە بنکە و مەڵبەندی بەردەوامی خۆی تێدا دامەزراند، تا ئەو کاتەی لە بەهاری ساڵی رابردوودا (شەمدین سالیک) ی کەسایەتیی دووەمی نێو PKK لەلایەن پارتییەوە درایەوە تورکیا و ، ناوبراو گەلێ نهێنی PKK و سەرچاوەکانی پشتیوانیکردنی ئاشکرا کرد و تورکیاش بە پشتیوانیی ئیسرائیل لە پایزی رابردوودا هەڕەشەی لەسەر نەخشە سڕینەوەی لە سوریا کرد و (ڕێکەوتنی ئەدەنە) لە نێوان دیمەشق و ئەنقەرە کۆتایی بە داڵدەدانی (ئۆجەلان) لە سوریا هێنا و ناچاری کرد روو لە روسیا بکات. کاتێکیش لە ١٢ ی تشرینی دووەمی رابردوودا ئۆجەلان گەیشتە ئیتالیا و دوای بەجێهێشتنی سوریا، ئەمە یەکەمین جار بوو شوێنی ئۆجەلان رابگەیەندرێ. ئەمەش سەرەتای ئەو کۆتاییە چاوەڕوانکراوەی ئۆجەلان بوو کە لە سەفقەیەکی نێودەوڵەتیدا لە ١٦ی مانگی رابردوودا (فێبریوەریدا) کەوتە دەستی تورک.

بەچاوپۆشین لە باسکردنی سەرلەبەری پرۆسەی گرتنەکەی لە نایرۆبی، دەکرێ ئەو سەرنجانەی خوارەوە تۆمار بکەین:

– کێشەی کورد لە تورکیا پێش ئۆجەلان و لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمەوە هەیە، لە ساڵی (١٩٢٣) ەوە لەگەڵ رژێمی کەمالیستی تورکیادا ئاسۆیەکی فراوانتری وەرگرت. ئەگەرچی ئۆجەلان تەکانێکی گەورەی بە کێشەی کورد دا و چەندین هەنگاو لە رێگەی قوڵکردنەوەی هۆشیاریی خۆناسین و ناسنامەی کوردیی لەلای کوردەکانی تورکیا بردە پێش، جگە لە زەقکردنەوەی کێشەکە لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتی، بە تایبەت ئەورووپادا، بەڵام دەبێ ئەوە بزاندرێ کە کێشەی کورد بە لەناوبردنی کەسێک یان پارتێک لەناو ناچێ، مادام رەگی کێشەکە و هۆکارە ناوخۆییەکانی بوونیان هەبێ، کە پەیوەستن بە مافە رۆشنبیری و سیاسییەکانی زیاتر لە (١٠) ملیۆن کورد.

– رۆڵ و کاریگەری (مۆساد) ی ئیسرائیلی لە پرۆسەی گرتنەکەدا زۆر جێگەی مەترسییە، چونکە ئیسرائیل ئێستا لەلای رای گشتی تورکیدا بۆتە ئەو رزگاریبەخشەی کە ئەوانی لە سەرسەختترین دوژمنیان کە پارتی کرێکارانی کوردستانە، رزگار کرد. بەمەش ئیسرائیل لەلای تورکیا زیاتر لە جاران دەبێتە دۆست و هاوپەیمان و برا، کە تورکیا هەرگیز ناتوانێ داواکارییەکانی رەت بکاتەوە.

هەموو ئەمەش لەسەر حسێبی نەتەوەی عەرەب دەبێ، هەندێکیان (وەک سوریا) و هەروەها ئێرانیش بەدەر نابن لە گێچەڵ و فشارەکانی ئەمریکا و تورکیا لە ئەنجامی ئەو (ئیعتراف)انەی بەناوی (ئۆجەلان) ەوە هەڵیدەبەستن.

رەنگە یەکێک لە هەڵە بنەڕەتیەکانی مستەفا کەمال ئەتاتورک ئەوەبێ کە کۆڵەگەکانی کوماری تورکیای لەسەر دوو نەفیکردنەوە دامەزراند: نەفیکردنەوەی ئایین لە بەرژەوەندی و خزمەتی عەلمانیەتدا و نەفیکردنی رەگەزەکانی غەیرە تورک. ئەو گیروگرفتانەی کە تورکیا ئێستا بەرەورووویان بۆتەوە، لە هەڵە و چەوتییەکانی ئەو قۆناغی دامەزراندنەوە سەرچاوەیان گرتووە. خۆ ئەگەر کەمالیستە توندڕەوەکانی تورکیا بەهەمان تێڕوانینی ساڵانی بیست لە واقیعی کورد لە تورکیا بڕوانن و، دان بە مافی رەگەزەکانی غەیرە تورک لە ژیانێکی سەربەرزانە نەنێن، ئەوا ناتوانن لە هەلومەرجێکی پڕ لە ئارامی و ئاسایش و خۆشگوزەرانیدا بژین و ئەوەی بۆ تورک هەبێ، بۆ کوردیش هەبێ. ئیدی تورکیا هەر بە خاکێکی بە پیتی بارگرژی سیاسی و پەرش و بڵاویی رەگەزی و پارچە پارچە بوون دەمێنێتەوە.

– دوا شت ئەوەیە، کە ئەو چارەنووسەی بەسەر ئۆجەلاندا هات، لە چەند مانگ پێش ئێستاوە تا ئەو چرکە ساتەی دەستگیر کرا، وایان لە کێشەی کورد کرد ببێتە گرنگترین و گەورەترین و ترسناکترین کێشەی کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم، چ لە چوارچێوەی کێشەی کورد لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، یان لە چوارچێوەی پەیوەندییەکانی نێوان دەوڵەتان و ئەو هۆکارانەی بەرێوەیان دەبات پێدەکەن.

ئازاد شێخانی

# چەند سەرنجێک دەربارەی کۆمەڵی جیهانی سەبارەت بە ڕفاندنی ئۆجەلان و کێشەی کورد لە تورکیادا

١

لە کاتێکدا سیناتی ئەمریکی لە کۆتایی مانگی فابریوەری ئەمساڵدا ٩٨/٢/٢٥ بە تێکڕایی دەنگی (٩٩٪)ی سیناتۆرەکانی داوای لە حکومەتی ئەمریکا کرد کە لە کۆبوونەوەی ئاسایی کۆمسیۆنی مافی مرۆڤ لە نەتەوەیەککگرتووەکان، چین بە پێشێلکەری مافی مرۆڤ تاوانبار بکات.... لە کاتێکدا ڕاپۆرتی ساڵانەی ٩٩/٢/٢٨ کۆمسیۆنی تایبەت بە مافی مرۆڤ سەر بە وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئەمریکا حکومەتی چین تاوانبار دەکات بەوەی کە لە سیاسەتی کوشتن و ئەشکەنجەدانی خەڵکانی ئۆپۆزسیۆنی حکومەتی چین بەردەوامە... لە کاتێکدا حکومەتی ئەمریکا و هاوپەیمانی ناتۆ، پاش سەرنەکەوتنی کۆبوونەوەکانی رامبویێە Rambouillet، کەوتە بۆمبارانکردنی بەلگراد و ناوچە ژێردەستەکانی سربیا لەبەر ئەوەی حکومەتی میلۆسۆڤیچ ڕازی نییە دان بە مافی ئۆتۆنۆمی کۆسۆڤییەکاندا بنێت... هەر لە هەمان کاتداحکومەتی ئەمریکا نەک تەنیا چاویلکەکانی سیاسەتی جینۆسیدی گیانی و دەروونی و کولتووریی حکومەتی تورکیا نابینێت بەرامبەر بە کورد، بەڵکو بزووتنەوە رزگاریخوازەکەی بە لەرێدەرچوون و تیرۆریست لە قەڵەم دەدات. ئەمە بێجگە لەوەی هەروەک سەرچاوەکان رایان گەیاند، هەموو توانا و تەکنۆلۆژیای بۆ دیلکردنی ئۆجەلان و تەسلیمکردنەوەی بە دادگا نایاسابییەکانی تورکیا خستە گەر.

بێگومان ئەم ڕێبازەی ئەمریکا و هاوپەیمانی ناتۆ تەنها سووربوونە لە بەردەوامبوونیان لە پەیڕەوکردنی سیاسەتی "دوو تەرازوو و دوو پێوانە" واتە ماف بە خۆ دانە بۆ پێوانەکردنی کاری "حەرام و حەڵاڵ" لە سیاسەتیی نێودەوڵەتیدا لە دیدی خۆیانەوە... هەر وڵاتێک مەبەستیان بێت تاوانباری دەکەن و فتوای پێشێلکردنی یاسای نێودەوڵەتی و بەندەکانی جاڕی جیهانی مافی مرۆڤی بەسەردا دەخوێننەوە. هەر وڵاتێکیش مەبەستیان نەبێت (وەکو تورکیا) سانسۆر دەخەنە بەردەم چاویلکەکانیان و خۆیان لە ئاست تاوانەکانیدا کەڕوکوێر دەکەن.

تورکیا بچووکترین بەندی بڕیارەکانی جاڕی جیهانی مافی مرۆڤ و پرنسیپە نێونەتەوەییەکانی جێبەجێ نەکردووە و ڕۆژانەش گەشە بە سیاسەتی ڕاماڵینی گوند و ماڵومیراتی خەڵکی کورد دەدات، کەچی تاکو ئێستا نە وڵاتانی هاوپەیمانی ناتۆ و نە نەتەوە یەککگرتووەکان هیچ هەڕەشە و بڕیارێکی کاریگەریان دژ وەرنەگرتووە.

لەکاتێکدا ئەوروپا، لە دانیشتنەکانی مەدریدا هەوڵ و تەقەلای بێسنووری خۆی بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێکی سیاسی و ئاشتیخوازانەی کێشەی فەلەستینی ، خستە گەر... لە کاتێکدا ئەوروپا و ئەمریکا لە ساڵی ١٩٩٥ دا

ڕۆڵێکی بەرچاویان بۆ سەقامگیرکردنی ڕێکەوتی دایتۆن Dayton بۆ کۆتایهێنان بە شەڕی نێوان سیرب و کروات و بۆسنیاییەکان گێڕا، بەڵام تاکو ئێستا هیچ پرۆگرامێکیان بۆ چارەسەرکردنی ئاشتیخوازانەی کێشەی کورد دانەڕشتووە و دەسپێشخەرییەکیان نەکردووە..

دیمەنی لافاوی خۆ پیشاندان و نارەزایی کوردەکان بە بۆنەی ڕفاندنی بەڕێز ئۆجەلان لە گۆڕەپانەکانی ئەوروپادا، لە بەشە جیاجیاکانی کوردستاندا... دیمەنی ئەو کوردانەی کە لە سەر جادە و ناو زیندانەکانی تورکیا خۆیان دەسووتێنن، ئەو پەیامەمان پێ ڕادەگەیەنن کە کورد ئیدی چیتر لەو ڕەوش و بێدەنگییەی کۆمەڵی جیهانی ڕازی نییە. لە ناخی دڵییەوە بە جیهان ڕادەگەیەنێت کە سەرکردەیەکی مەزنی، سەرکردەی بێمافترین میللەتی جیهان، بە جۆرێکی نایاساییانە و لە بەرچاو و لە سایەی غەدر و بێویژدانی ئەو وڵاتە "مرۆڤ دۆستانەی" کە جاڕی داکۆکیکردن لە مافی مرۆڤ دەدەن، تەسلیمی ژەنەراڵەکانی تورکیا کرایەوە. ئایا دەکرێ جارێکی تر کورد ڕێز لەو یاسا و دەستورە ڕازاوانە بگرێت کە بە ناو داکۆکی لە مافی مرۆڤ دەکەن؟

ئایا لەناوچوونی ٣٧.٠٠٠ کەس و کاولکردنی ٣٥٠٠ گوند و ئاوارەکردنی سێ ملیۆن کەس بەس نیە بۆ ئەوەی ئەزموونی ڕێکخراوی ئاسایش و هاوکاری ئەوروپا OSCE لە کوردستانی باکووریشدا، بە وێنەی بۆسنیا و کۆسۆڤۆ و چیچان و هتد تاقی بکرێتەوە، بۆ ئەوەی سیاسەتمەدارو ئاشتیپارێزان Peace Keepers بە چاوی خۆیان تاوانەکانی تورکیا ببینن و هەڵسوکەوتی تورکیا بنرخێنن؟ ئایا لەبەرچی بۆ کورد ناشێت لە ئۆردەری جیهانی نوێدا قەوارەیەکی سیاسی و سەربەخۆی خۆی هەبێت؟ تاکو کەی کۆمەڵی جیهان جیاوازی لە نێوان ئۆجەلان و عەرەفات و جیری ئادەمس دەکات؟

ئایا هەر ئەو جیاوازیکردنە نیە کە پاڵ بە دەیان کوردەوە دەنێت لە ناوەوە و لە دەرەوەی زیندانەکانی تورکیا خۆیان بکەنە قۆچی قوربانی لە پێناو کێشەکەیاندا، بە وێنەی دوپشکێک کاتێک چواردەورەی بە ئاگر دەتەنرێت، هیچ ڕێگەیەکی تری بۆ نامێنێتەوە لە خۆسووتاندن بەولاوە؟

لە دیدی کەمالیستەکانەوە، بە ڕفاندن و زیندانیکردنی بەڕێز ئۆجەلان، کۆتایی بە هێزی پ.ک.ک و ڕەورەوەی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان دێت... وادیارە چاویلکەکانیان ئەو ڕاستییە نابینێت کە ڕژێمی تورکیا زەمینەیەکی هێندە نامرۆڤانە و پڕ لە تیرۆری لە کوردستاندا درووست کردووە کە بووەتە ئەنجامی ئەو ڕاستییەی کە ئەمڕۆ کورد ئۆجەلان بە سیمبولی ئازادی و داکۆکی لە کەرامەت و ماڵومیرات بزانێ، بە سیمبولی هەست بە کوردبوون، کە پاش حەفتا ساڵ سەرکوتکردن ئەمرۆ لە هەموو کاتێک زیاتر ئەو هەستە زیندووە.

ئەگەر لە بۆچوونێکی جیهانییشەوە تەماشای دیلکردنی ئۆجەلان بکەین، ئەو ڕاستییە پەیتا پەیتا دەردەکەوێت کە وڵاتانی ئەوروپاش - لە ژێر سایەی ئۆردەری جیهانی نوێدا - سەروەریی نیشتمانییان لە دەست داوە لە ئەنجامی کەوتنە ژێر فشار و لوبیکردنی ئەمریکاوە بە تایبەتی لەمەڕ سیاسەتیی دەرەوەیان لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. ئەم ڕاستییە بە ئاشکرا دەرکەوت کاتێک ئەوروپا ویستی پەنجەرەیەک لە بەردەم خواست و ئاواتەکانی ئۆجەلاندا بکاتەوە لە کاتی مانەوەی لە ئیتالیادا.

دەکرێ ئەوە بوترێ کە لەسەرەتای گەشتەکەی ئۆجەلان بۆ ئیتالیا، ئەوروپا نیمچە هەوڵێکی خستەگەڕ بۆ ئامادەکردنی کۆنفرانسێکی نێودەوڵەتی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد، بەڵام ڕووداوەکانی دواتر ( بەتایبەتی خۆشلکردنی ئەوروپا بۆ گوشاری ئەمریکا و دەرپەڕاندنی ئۆجەلان لە ئیتالیا و جێنەکردنەوەی لە هیچ وڵاتێکی ئەوروپیدا) بە ئاشکرایی دەریخست کە سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە ئەوروپییەکان لە ژێر کارتێکردنی بێ ئەندازەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادایە.

لەمەڕ ئەم ڕووداوەدا، مرۆڤ ڕووبەڕووی بریارێک دەبێتەوە: ئایا دەشێت ئەوروپا جارێکی تر شانازی بەو ترادیسیۆنە کولتوری و دیموکراتیەی خۆی بکات کە

بەلانی کەمەوە لە روکەشدا تایبەتمەندێتی و چەند خاڵێکی جیاکەرەوەی هەبوو لە چاو هەڵسوکەوت و بیرورا پراگماتیزمەکانی ئەمریکا. ئەوەی جێگەی گومانە پەیمانەکانی ئەوروپایە... پەیمانەکانی حکومەتی تۆنی بلێر بۆ بەرپاکردنی سیاسەتێکی ئەخلاقیی دەرەوەی (ئیتیکالی)..." پەیمانی هاوبیری و هاو – کێشەیی گەلی یۆنان و کورد دژ بە تورکیای کۆلۆنیستی هاوبەش". "پەیمانی حکومەتی چەپرەوی ئیتالیا بۆ داکۆکیکردن و هاوکاری لەگەڵ میللەتە مافخوازەکاندا"

جێگەی گومانن یاسا رازاوەکانی هۆلاند "وڵاتی دادگاییکردنی دیکتاتۆر و جینۆسیدگەران.. وڵاتی داکۆکیکەر لە مافی مرۆڤ"؟

بەرێز ئۆجەلان بە هەڵەدا نەچوو بوو کە ساڵی پار ئەوروپای ناونا بە "کیشوەری ترسنۆک"... خاتوو دانیال میترانیش بە هەڵەدا نەچووە کاتێک پاش ڕفاندنی ئۆجەلان قیڕاندی " دەبێ ئەوروپا خۆی لە دەست گوشاری ئەمریکا بپارێزێ... و داوای لە ئەوروپا کرد سیاسەتی دەرەوەی خۆی بە سەربەخۆیی بەرپا بکات بە تایبەت لەمەڕ کێشەی کوردا".

جێگای سەرسوورمان نیە کە تورکیا سەرەرای پەیماندانی هیچ هەنگاوێکی بۆ جێبەجێکردنی دادگایەکی عادیلانەی ئۆجەلان نەناوە. ساڵی پار لە مانگی یونی دادگای ئەوروپایی بۆ مافی مرۆڤ لە ستراسبۆرگ دانی بەوەدا هێنا کە دادگای ئاسایشی تورکیا بەندی "٦" ی پەیماننامەی ئەوروپا بۆ مافی مرۆڤ پێشێل کردووە... بە پێی پەیماننامەکە " بەهۆی بەشداریکردنی دادوەری سەربازی لە دادگای ئاسایشی تورکیدا، سیستەمی دادگای تورکی مەرج و شەرایەتی بێلایەنێتی و سەربەخۆیی خۆی نە پاراستووە" لە بانگەوازێکدا ئاراستەی ژمارەیەک لە سەرەک وەزیرانی ئەوروپا و کۆمسیۆنی ئەوروپی بۆ مافی مرۆڤ، ڕێکخراوی کورد بۆ مافی مرۆڤ لە بەریتانیا ڕایگەیاند کە "دیمەنی نیشاندانی بەرێز ئۆجەلان بەو جۆرە لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنی جیهان، کە چۆن لە کینیاوە بۆ تورکیا گێڕدرایەوە و دواتر ئەو جۆرە نیشاندانەی لە کاتی گواستنەوەی بە پاپۆر بەرەو بەندیخانەکەی ئەو پەیامە ڕادەگەیەنێت کە چۆن سەرانی تورکیا ئیهانە و مامەڵەی ئۆجەلان دەکەن...

بانگەوازەکە دواتر دەڵێ " ئەگەر تورکیا بەبێ گوێپێدان ئامادەیە ئەم جۆرە دیمەنانە نیشانی جیهان بدات... ئایا دەبێت چ جۆرە مامەڵەیەکی بەرێز ئۆجەلان بکات لە کاتی لێکۆڵینەوەدا؟... لە کۆتایدا بانگەوازەکە دەڵێت " لە کاتی دەسپێکردنی لێکۆڵینەوەی interro-gation ی ئۆجەلاندا هیچ پارێزەرێک ئامادە نەبوو بوو... هیچ شایەتێکیش لەوێ ئامادە نەبوو بۆ شایەتکردنی هەڵسوکەوتی تورکیا لەگەڵ ئۆجەلاندا لە کاتی لێپرسینەوەدا... لەبەر ئەوە تورکیا هەرچی ڕاگەیاندنێک بە ناوی ئۆجەلانەوە بخاتە دەرەوە ناشێت وەکو دەلیلێک دژی بەکار بهێنرێت چونکە ئەو جۆرە ڕاگەیاندنە دەشێت لە ژێر زەبر و فشاردا بکرێت... لە لایەکی ترەوە، بەپێی ڕاگەیاندنی پارێزەرەکانی ئۆجەلان کە "پرۆسێسی لێپرسینەوەی ئۆجەلان بە ڕێگا و میکانیزمێکی یاسایی جێبەجێ کراوە... لەمەش گرنگتر تەنها ژیانی ئۆجەلان لە خەتەردا نییە بەڵکو ژیانی خۆشیان بەردەوام لە مەترسیدایە و کەوتوونەتە ژێر هەڕەشە و گورەشەی تورکەکان و حکومەتی تورکیاش بە هیچ جۆرێک زامنی پاراستنی ژیانیانی نەکردووە".

جەندرمە تورکەکان بە ئاشکرایی نیشانی دەدەن کە بەردەوام فیلمی ڤیدیۆ دەخەنە سەر ژووری لێپرسینەوەی ئۆجەلان و دەگەڕێن لە دیمەن و قسەی دەستیوەردراو و ناشرین بۆ بڵاوکردنەوەی لە میدیای جیهانیدا.. جگە لەوەی بە بەردەوامی ئاستەنگ دەخەنە بەردەم چاوپێکەوتنی بەرێز ئۆجەلان لەلایەن پارێزەرەکانییەوە"

لە راستیدا ناکرێ سیاسەت و رەفتارە نادیموکراتیەکانی تورکیا تەنها بە حوکمی عادیلانە یان ناعادیلانەی ئۆجەلان پێوانە بکرێت؟

گومانی تێدا نیە کە بەرێز ئۆجەلان رۆڵێکی گرنگ و بێهاوتای لە بزاڤی رزگاریخوازی گەلی کوردا هەیە و ناشێت مەسەلەی ئۆجەلان لە کێشەی کورد جیا بکرێتەوە، هەرچەند تورکیا هەموو هەوڵێکی خستۆتە گەر بۆ ئەوەی دوو کێشەکە لە یەکتر جیا بکاتەوە.

بەلام لێرەدا مرۆڤ رووبەرووی چەند پرسیارێک دەبێتەوە: ئایا تورکیا بە نەهێشتنی ئۆجەلان دەتوانێ کێشەی گەلی کورد لە باکووردا تەواو بکات؟ ئایا

دەتوانێ ملیۆنەها دەنگی ئازاد کپ بکات؟ ئایا دەتوانێ دەنگی هەزارەها ئاکتیڤیستی مافی مرۆڤ و تێکرای دەنگی کۆمەڵگای شارستانی لەناو بەرێت؟ ئایا بە گرتن و کوشتنی ئەندامەکانی پارتی دیموکراتی گەل Hadep تێکرای تەوژمی پرۆتێستی سەر شەقام و گۆڕەپانەکانی تورکیا لەناو دەچێت؟

ئایا بە کوشتنی سەرۆکی گشتیی کۆمەڵی مافی مرۆڤی تورکیا، بەڕێز ئاکین پیردال، توانی تورکیا ناوبانگی خراپی خۆی لە بواری مافی مرۆڤدا بسڕێتەوە؟ یان بە پێچەوانەوە خراپتر بوو..

گومانم هەیە تورکیا بە تەنها بتوانێ ئەم هەموو کارانە بە ئەنجام بگەیەنێت.

ئەوەی جێگەی شەرمە ئەو ڕاستییەیە کە سەرچاوەی دابرانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستانی باکوور و دیلکردنی بەڕێز ئۆجەلان زێدەتر دەگەڕێتەوە بۆ ئەمریکا و یاوەرەکانی کە هەموو توانا و تەکنەلۆجیای مودێرنی خۆیان پێشکەش بە کۆماندۆس و ژەنەراڵەکانی تورکیا کرد.

ئەمریکا لە جیاتی ئەوەی فشار بخاتە سەر تورکیا بۆ ئەوەی ڕێز لە مافی مرۆڤ بگرێت و ڕێگە لە ڕێبازە نامرۆڤایەتییەکەی Anti _ humanitar حکومەتی تورکیا دژ بە خەڵکی کورد بگرێت بە پێچەوانەوە دەستی خۆی تێکەڵی پرۆژە چەتەگەرییەکەی ڕفاندنی ئۆجەلان کرد.

ڕۆژنامەی هێراڵد تریبیۆنی ئەمریکایی -International Herald Tribune بە ڕاشکاوی هەڵوێستی ئەمریکای ئاشکرا کرد کە " هەر لە مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٩٨ ەوە دەزگا ئینتیلیجسیەکەی بە دوای شوێن و جێگەی ئۆجەلان کەوتبوو و بەردەوامیش لە کارکردندا بوو لەگەڵ حکومەتی تورکیا و ئیتالیا و یۆنان و ئەڵمانیا بۆ ئەوەی ئۆجەلان تەسلیمی تورکیا بکرێتەوە."

هەر ئەم جۆرە هەڵوێست و موجازەفە نایاسایی و هاریکاریکردنی ئەمریکایە لەگەڵ حکومەتی تورکیا کە بووەتە مایەی ئەوەی تورکیا لە ڕوانگەی هێزەوە هەڵسوکەوت و قسە بکات... هەر ئەم پشتقایمبوونەیە کە پاڵی بە تورکیاوە نا نەک تەنها هیچ حیسابێک بۆ بانگەوازەکەی ئەورووپا لە پایزی ١٩٩٨ دا نەکات کە تیایدا پشتگیری دوا ئاگربەستی پ.ک.ک ەی کرد... بەڵکو تورکیا سەبارەت بە دەستپێشکەرییەکەی ئەورووپا بۆ دروستکردنی دایەلۆک لەگەڵ پ.ک.ک دا نارەزایی خۆیشی دەربڕی.

لەم بوارەدا مرۆڤ جارێکی تر دەپرسێ ئەگەر تورکیا و هاوپەیمانەکانی کار و جموجۆڵی پ.ک.ک بە ڕێبازی توندڕەوی و تیرۆرستی لە قەڵەم دەدەن، ئایا ئەم وڵاتانە و کۆمەڵی جیهانی بە گشتی چ دەرفەتێکیان بۆ پ.ک.ک. ڕەخساندووە بۆ ئەوەی واز لە خەباتی چەکداری بهێنێت؟

هەروەک دەزانین ساڵی پار پ.ک.ک سێ جار ئاگربەستی لەگەڵ تورکیادا ئیعلان کرد، تەنانەت پەیمانی دا بەیەکجارەکی واز لە خەباتی چەکداری بهێنێت ئەگەر تورکیا مافی ئۆتۆنۆمی بۆ کورد دابین بکات بەبێ تێکوەردانی قەوارەی یەکێتیی تورکیا...

تورکیا نەک تەنها وەڵامی ئەو هەموو دەسپێشخەرییە پۆزەتیڤانەی پ.ک.ک ی نەدایەوە، بەڵکو بە شێوەیەکی دڕندەتر کەوتە پرۆژەی سڕینەوەی شوناسنامەی کورد و کۆمەڵگا شارستانیەتەکەی

گومانی تێدا نیە، ئەمرۆ شەڕبەرپاکردن و ڕوخاندنی کۆمەڵگای شارستانی بە شێوەیەکی سەرەکی کاری مافیا و ژەنەراڵە تورکەکانە کە وەکو دەستێکی نەبینراو Invisible hand نەخشەی سیاسەتی تورکیا و بڕیاری سیاسیی گرنگ ئەنجام دەدەن.

ئەم چینە شەڕخوازە بە بەردەوامبوونی شەڕ دەستکەوتی سیاسی و ئابووریی بێ سنوور وەدەست دەهێنێن... بەڵام ئەوەی جێگەی شەرمە و دژ بە شارستانیەتە ڕاستییەکە شانبەشانی ئەم چینە مشەخۆرە، تێکرای هێزە سیاسیە ئۆفیشەڵەکانی تورکیا تاکو ئێستا هیچ ئامادەبوونێکیان دەرنەبڕیوە بۆ ئەوەی پلەیەک لە ڕۆحی کەمالیستەکان کەم بکەنەوە و دان بە کەسایەتیی خەڵکی کوردا بنێن و دەسپێشخەریی ئازایانەی پرۆسێسی ئاشتی لە کوردستاندا بکەن.

ئەندێش هێلنەر

# زەبروزەنگ وەک چەکێکی سیاسیی بەهێز

## ئامادەکردنی لە سویدییەوە: مەهاباد کوردی

لەم چەند ساڵانەی دواییدا بە دەیان نووسین و وتارمان چاو پێکەوتووە کە لە لایەن نووسەران و رووناکبیرانی کورد لەسەر خەباتی چەکداریی کوردان نووسراون. زۆربەی هەرە زۆری ئەو نووسراوانە باسی لایەنە خراپ و خەوشەکانی بزووتنەوە چەکدارییەکانی کوردستانیان کردووە. لە هەندێ باردا خەباتی چەکداری وەک هۆکاری سەرەکیی شکانی شۆرش و راپەرینەکانی کورد نیشان دراوە. من خۆم پێم وایە گرێکوێرەی ئەم مەسەلەیە، بەر لەوەی کە پەیوەندی بە خەباتی چەکدارییەوە بێ، شێواز و میتۆدی خودی خەباتە چەکدارییەکە دەگرێتەوە. بە واتایەکی دیکە کورد وەک نەتەوە چ شێوە خەباتێکی چەکداری گرتۆتە بەر و، تا چ رادەیەکیش ئەم خەباتە چەکدارییەی توانیویەتی چۆک بە دوژمنانی بدات. تەنیا بەراوردکردنێکی سەرپێیی نێوان بزاڤی رزگاریخوازیی گەلی کوردستان و بزووتنەوە رزگاریخوازییەکانی تری جیهان گەلێ شتمان بۆ روون دەکاتەوە.

دوا بە دوای هاتنی سەرۆکی P.K.K بەرێز عەبدوڵلا ئۆجەلان بۆ ئیتالیا و دەنگدانەوەی ئەم رووداوە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتان و، کاریگەریتیی لەسەر کێشەی کورد، کار بەوە گەیشت کە هەندێ لە نووسەرانی کورد تەنانەت بپرسن: ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە P.K.K دەستبەرداری خەباتی چەکداری بێت؟ پرسیارێکی وەها وا لە مرۆڤ دەکات بیر لەوە بکاتەوە: کێ شەڕی بەسەر کێدا سەپاند؟ ئایا تورکیا شەڕی بەسەر کورد و P.K.K دا سەپاند یان P.K.K شەڕی بەسەر دەوڵەتی تورکدا سەپاند؟

لە گەرمەی بەسەرهات و رووداوە خێراکاندا، چەند رۆژێک پاش ئەوەی کە بەرێز ئۆجەلان بۆ تورکیا رفێندرا، ئەندێش هێلنەر پسپۆڕی مەسەلەی زەبروزەنگ و تیرۆریزم و باسکار لە ئینستیتوتی سیاسەتیی دەرەوە -ستۆکهۆڵم- لەمەڕ بابەتی زەبروزەنگ و تیرۆریزم چاوپێکەوتنێکی لەگەڵدا کرابوو. چاوپێکەوتنەکە لە رۆژی ٢٢ـی فێبریوەری ١٩٩٩ لە رۆژنامەی Metro بڵاوکراوەتەوە. لێرەدا پوختەی بۆچوونەکانی ئەندێش هێلنەر دەخەینە بەر دیدەی خوێنەرانی هێژای گۆڤاری رابوون.

م. کوردی

لە کاتێکدا کە زۆر لە کوردەکان عەبدوڵلا ئۆجەلانی سەرۆکی P.K.K بە پاڵەوانێکی ئازادی دادەنێن، کەچی لە تورکیا ناوبراو حیسابی تیرۆریستێکی خوێنڕێژی بۆ دەکرێت. لە سیاسەتی جیهانییشدا ئەمە شتێکی بێ وێنە و دەگمەن نییە. ئیسرائیل لە رێی زەبروزەنگ نەبوایە ئەمرۆ نەدەبووە دەوڵەتێکی سەربەخۆ، کینیا و قوبرسیش بە هەمان شێوە. زۆربەی هەرە زۆری کۆلۆنییەکان لە ئەنجامی کار و رووداوی سیاسی و تیرۆریستییەوە ئازادیی خۆیان بە دەست خست. نیلسۆن ماندێلای باشووری ئەفریقا ئەورۆ پیاوێکی بەرێزی دەوڵەتە، بەڵام لە تەمەنی لاوێتیدا زەبروەشێنێکی بێ ئامان بوو.

ئەوی راستی بێ زەبروزەنگ وەک چەکێکی سیاسی سەرکەوتنی بە دەست هێناوە. IRA نەدەبووە بەشێک لە پرۆسەی ئاشتی لە ئیرلەندای باکوور، ئەگەر زەبروزەنگیان بەکار نەهێنابا. رێکخراوی کوردیی P.K.K نموونەیەکی بەرچاوە لەسەر ئەوەی کە زەبروزەنگ بەرهەمدار دەبێت، وەک چۆن IRA، ETA لە هەرێمی باسک و گەلێ بزووتنەوەی دیکەش بەرهەمی زەبروزەنگی خۆیان دەست کەوت.

P.K.K لە لایەکەوە بزاڤێکی سیاسییە و نوێنەرایەتی لێرە لە ستۆکهۆڵم هەیە، لە لایەکی تریشەوە لەشکرێکی گەورەیە، بزووتنەوەیەکی گەریلاییە کە شەڕ لە دژی کۆمەڵگای تورکی پەرە پێ دەدات. هەمان شت لەسەر IRA و ETA راست دەردەچێت. شاخێکی سیاسی کە بە جوانی خۆی نیشان دەدات، شاخێکی سەربازییش کە تا رادەیەکی باش دەستڕۆیشتوو و ئازادە. زۆر جار مرۆڤ ئەم شاخەی دواییان بە رێکخراوێکی تیرۆریستی ناوزەد دەکات، هەرچی ئەندامەکان خۆیانن ئەمە بە سوپای ئازادی یا شتێکی لەم بابەتە ناو دەبەن.

شتی یەکلاکەرەوە لێرەدا ئەوەیە کە کێ بە کێ دەڵێت تیرۆریست. ئەمرۆ کێ دەیەوێت بە نیلسۆن ماندێلا بڵێت

تیرۆریست؟ بێگومان ئەو لە چاوی مرۆڤە سپییەکان و ڕژێمی ئەپارتاید تیرۆریست بوو. لەبەرئەوەی ئێمە زۆر ڕکمان لە ڕژێمی ئەپارتاید دەبووەوە، ئەوکاتیش کەس لە سوێد نەیدەویست ماندێلا بە تیرۆریست ناو بەرێت.

لەو ماوەیەی کە ماندێلا لە دوورگەی Roben دەستبەسەر بوو، بۆ چەندین جار بەڵێنیان بە ناوبراو دا کە ئازادی دەکەن، ئەگەر گەرانتی ئەوە بکا ANC زەبروزەنگ وەک میتۆدێکی سیاسی بەکار ناهێنێت. ماندێلا بەمە ڕازی نەبوو.

ڕێی تێدەچێ هەمان شت بەسەر عەبدوڵڵا ئۆجەلانیش بێت. گومان لەوەدا نییە ئەگەر ئۆجەلان سەرکەوتن بە دەست بهێنێ و ببێتە سەرۆکی کوردستانێکی ئازاد، ئەوکات گەشتی واشنتۆن دەکات و بیل کلینتۆن خۆیشی پێشوازی لێ دەکات. بەڵام من پێم وایە ئۆجەلان تووشی ڕووداوێک دەبێت.

تەماشای IRA بکە: بەریتانیا لە کۆتاییدا ماندوو بوو و ڕێی بە تیرۆریستەکان دا ڕوو لە ژووری گفتوگۆ بکەن. زەبروزەنگ گەلێ شێوەی هەیە. کەس نارەزایی خۆی لە دژی دانانەوەی بۆمبێک بۆ هیتلەر یا پینۆشێت دەرنابڕێت. تیرۆریسمی ڕاستەقینە، ئەوەی کە هەموو خەڵک ڕکیان لێیەتی و نارەزایی لە هەمبەر دەردەبڕن، ئەو تیرۆریسمەیە کە ڕاستەوخۆ ئاراستەی کەسانێکی بێتاوان دەکرێ.

دیسان ئەوەی تایبەتە بە IRA: ڕێکخراوی ناوبراو بەرەو سەرکەوتن هەنگاو دەنێت. لایەنگرانی ئەم ڕێکخراوە داوای دەوڵەتێکی سەربەخۆ یان لکاندنی ئیرلەندای باکوور بە ئیرلەندای کاتۆلیک دەکەن. هێشتا بە مەرامی دووەمیان نەگەیشتوون، بەڵام بۆ مەسەلەی سەربەخۆیی ڕێگایەکی باشیان بڕیوە.

زۆر نموونەی دیکەش هەن. بەشێک لە دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل بۆ تیرۆریسم و بەکارهێنانی تیرۆر دەگەڕێتەوە. مەناحیم بێگن کە سەرکردایەتی گرووپی (Stern) ی دەکرد، پاشان بووە سەرۆکی وەزیران و وەرگری خەڵاتی نۆبڵیش، خەریکی کاری تیرۆریستانە بوو و یەکێکی وەکو (Folke Bernadotte) ی کوشت. تێکۆشەری ئازادی (Jomo Kenyatta) ی کینیایی بە (نێزەی ئاگرپژێن) ناو دەبرا و مژووڵی کاری زۆر ترسناکیش بوو.

تیرۆریستە هەرە زەبروەشێنەکان یان سەرهەڵداوانی خەباتگێڕ هەمیشە ئەو کەسانەن کە گەورەترین ڕادەی سەرکەوتن وەدەست دێنن. ئەم مەسەلەیە P.K.K و تورکیاش دەگرێتەوە. نەک هەر تەنیا کوردەکان، بگرە خەڵکانی دیکەش لە هەمبەر مامەڵەکردنی تورکیان بەرامبەر بە گەلی کورد. هەرچی زەبرەزەنگە تەنیا کەمایەتییەکی ناو P.K.K لەگەڵ کارێکی وادایە.

لە سوێد وەک ترادیسیۆنی لێ هاتووە پشتگیری لەو بزووتنەوە سەرهەڵداوانە دەکرێت کە شارستانی دێنە بەر چاو و، خۆیان لە زەبروزەنگ بە دوور دەگرن و بە هیچ شێوەیەکیش مارکسیستی نین. لێ بەڵێ ئەم جۆرە بزووتنەوانە قەت سەرکەوتنیان بە دەست نەهێناوە. ئەوانەی کە هەرە توندڕەون لە هەمووان زیاتر سەرکەوتن بە دەست دێنن. ئەوانە خاوەن باشترین دیسپلین و هەمیشە گیان لەسەر دەست و ئامادەی خۆ بەختکردنن. ڕێی تێدەچێ ڕووداوی ئۆجەلان شانسێک بە تورکەکان ببەخشێت بۆ ئەوەی لە بەرامبەر کوردەکان کەمێ نەرم خۆ نیشان بدەن. ئەمە بە مانای ئەوە نایەت کە کوردەکان دەبن بە خاوەنی دەوڵەتێکی ئازاد. بەڵام ڕەوشی گشتیی ئەو دوازدە ملیۆن کوردە باشتر دەبێت، مافی ئەوەیان دەبێ زمان و کولتووری خۆیان بەکاربێنن. ئێستا تورکەکان بزووتنەوە هەرە ترسناکەکەیان، (P.K.K) یان، بێ خەتەر هێشتۆتەوە. ئەوان سەرۆکە بێ وێنە و بێ هاوتاکە، ئۆجەلانی دامەزرێنەریان گرتووە، کە نەک هەر تەنیا لایەنگرانی، بەڵکو خەڵکێکی زۆری دیکەی کوردیش حیسابێکی (عیسائاسا)یان بۆ کردووە. ئێستا گریمانی ئەوە هەیە شەڕی دەسەڵات لە نێوان گەورە لێپرسراوانی P.K.K دەست پێ بکات. بەڵام ئەمە هیچ مانایەکی ئەوتۆ نابەخشێت. سوپای P.K.K بۆ ناو عێراق ڕاونراوە.

بەسەرردادان و گرتن و چالاکییەکانی ئەم دواییانەی سوێد و ئەورووپا بایەخ و گرنگییەکی زۆریان بۆ P.K.K دەبێت. لە هەمان کاتیشدا بۆ کوردەکان، وەکو گەل، دەشێ ئەنجامێکی باشیان لێ بکەوێتەوە. لەوانەشە ئەم جۆرە کارانە ببێتە هۆی لە دەستدانی زۆر لە لایەنگران.

دوای ئەوەی ئۆجەلان لە سوریا دەرکرا و لە چەند وڵاتی جیا جیاش داوای پەنابەری کرد، ناوبراو چاوپۆشی لە پەیامی مارکسیزم - لینینیزم کرد و کەمێک نەرمێتی نیشان دا. ئەمەش کارێکی دروست بوو و، دەشکرا بەهۆیەوە عەبدوڵڵا ئۆجەلان ببێت بە کاربەدەست و خاوەن پلەی دەوڵەت. خەڵک هەمیشە وەک تیرۆریست نامێننەوە و دەبنە گەورەپیاوانی دەوڵەتدار و، کاتێکیش هاتنە سەر حوکم لەوانەیە ببن بە دیموکراتخواز یان ڕژێمی لە جاران خراپتر بێننە ئاراوە.

کەمال میراودەلی

# ئۆجەلان، دنیا، ئێمە
# بەرەو ستراتیژی کوردستانیبوون

بەشی زۆری ئەم نووسینە وەک وتارێک لە رۆژی ١٩٩٩/٢/٢٧ لە هۆلی کوردستان لە لەندەن لە کۆبوونەوەیەکی جەماوەریدا کە کۆمیتەی یەکگرتووی کورد لە بەریتانیا رێکی خستبوو، پێشکەش کراوە،، وتارەکە بە شێوەی نووسراوو بە زار پێشکەش کراو.. دوایی بێ دەسکاری کردنی شێوە خیتابییەکەی کە وەک دیارە بۆ جمهورێک ئامادە کراوە، بۆ بلاوکردنەوە پوختە کراوە.

سەلام ئەی هاورێی تەنیای خوا
سەلام حوسێنی کەربەلا
سەلام ئەی نیلسۆن ماندێلا
سەلام ئەی ئۆجەلان سەلام

سەلام ئەی هاورێی هیوای کورد
سەلام سەرۆکی تەنیای کورد
سەلام ئەی هێزی بڕوای کورد
سەلام ئەی ئۆجەلان سەلام

سەلام بیری کوردستانیی
سەلام هێزی پشتیوانیی
سەلام ئەی دەنگی ویژدانیی
سەلام ئەی ئۆجەلان سەلام.

سەلام لە ئێوەش ئەی رۆڵەکانی کوردستان
سلاو لە ئێوە ئەی رۆڵەکانی کورد لە سنە و سابلاغ، لە ورمێ و نەغەدە، لە شنۆ و میاندواو، لە سەردەشت و بانە، لە سلێمانی و چەمچەماڵ و دەربەندیخان، لە هەڵەبجە و پێنجوین، لە کۆیە و رانیە و رەواندز و قەلادزێ، لە دیاربەکر و دەرسیم، لە مەرەش و ماردین، لە قامیشلی و لە هەموو شار و دێیەکی کوردستانی مەزن،
لە باشوور، لە باکوور، رۆژهەلات و رۆژئاوا،
لە تاران و ئەنقەرە و ئەستەمبوول،
لە هەموو شار و ولاتێکی هەندەران، لە مۆسکۆ، لە کازاخستان، لە جۆرجیا، لە ئەلمانیا، لە فەرەنسا، لە ئینگلستان، لە سوێد، لە هۆڵەندا، لە کەنەدا و ئوستراليا، لە پاکستان...
لە هەر شوێنێ، لە هەر ولاتێ، لە هەر کونجێ دڵی کوردێکی بەشەرەفی تێدا بێ.
سلاوتان لێ بێ، سلاوی شەرەف، سلاوی کوردپەروەری، سلاوی کوردستانی، سلاوی هاودەنگی و هاوبیریی و هاوهیوایی.
سلاوە تۆش ئەی خوشکە نەجلە کە بە ئاگری گیانی خۆت کڵپەی رقی کوردت نیشانی دنیا دا.
سلاوتان لێ بێ رۆڵەکانی کوردستانی مەزن، کە ئێوە بە دەنگی خۆتان، بە بانگی خۆتان، بە پشتیوانی و پاڵەوانێتی خۆتان، بە خوێنی سوور و گڕی لەشی سووتاوی خۆتان سەلماندتان و دەیسەلمێنن کە نەک کورد نەمردووە و نامرێ، بەڵکە سەلماندوتانە و دەیسەلمێنن کە کورد یەک نەتەوەیە، یەک خاکە، یەک مێژووە، یەک ئاواتە.
سەلماندووتانە و دەیسەلمێنن کە هەستی ئێمە، لێدانی دڵی ئێمە، خەباتی ئێمە، خەونی ئێمە بۆ ئازادی و ئازادی ئازادییە و بەس.
ئەوەتا کورد لە هەموو گۆشە و قوژبنێکی کوردستانەوە، لە چوار پایتەختی مەزنی خەباتی کوردستانییەوە:
لە سنە، پایتەختی خەباتی کوردستانێتیی رۆژهەلات،
لە سلێمانی ، پایتەختی خەباتی کوردستانێتیی باشوور،
لە دیاربەکر پایتەختی خەباتی کوردستانێتیی باکوور،

له قامیشلی؛ پایتەختی خەباتبی کوردستانێتیی خۆراوا،
له هەر چوار پایتەختی خەباتەوە، له هەر چوار دڵی گەورەو زیندووی کوردایەتییەوە، کورد بانگی ئازادی و داد و مافی چارەنووس بە گوێی کەڕی دنیادا دەدات..

ئاخر ئەوە کۆتایی سەدەی بیستەمە،
ئاخر ئەوە سەرەتای سەدەی بیستویەکەم و ملینیومێکی تازەیە،
ئاخر ئێستا سەدەی تەکنۆلۆژیا و لەناوچوونی لێکدابڕانی دنیا و هۆشیاریی مرۆڤ و زانیاریی جیهانییە.
سەدەی سەتەلایت و ئینتەرنێت و مۆبایلفۆن و کۆمپیوتەرە..
هێشتا دەیانەوێ کورد کەڕو لاڵ و کوێر بێ!
هێشتا دەیانەوێ کورد کوردایەتیی خۆی، کەسێتیی خۆی، کولتووری خۆی، مێژووی خۆی، ستراتیژی خۆی، خەونی خۆی هەست پێنەکات و نەزانێ!
چ میللەتێک ماوە نەبووبێتە خاوەن نیشتمان و ئالا و سەروەری و ئازادی.
ئەی بۆ کورد نا؟
ئەوەتا میللەتی کورد بە یەک دەنگ، لە هەموو گۆشەیەکی دەشت و چیا و شارەکانی کوردستانەوە، داوای ئازادی دەکات
داوای دادو کەرامەتی ئینسانیی خۆی دەکات.
کورد دەڵێ: عەبدوڵلا ئۆجەلان یانی کورد.
فڕاندن و زەلیلکردن و ئەشکەنجەدانی ئۆجەلان یانی ئیهانەکردنی هەستی هەموو کورد.
ئەوانە نەبێت کە دوژمنپەرست و خۆفرۆشن،
ئەوانە نەبێت کە لە هەستی نەتەوەیی و نیشتمانی و مرۆڤپەروەری و تەنانەت لە هەستی حەیوانیبوونیش بێ بەشن و بوونە داردەستی دوژمن.
ئەی کوردی دڵسۆز! خۆتان لەو جۆرە کەس و تاقمانە دوورخەنەوە
ئەی کوردی وڵاتپارێز! کۆتایی بە خیانەت و خائینان بێنە.
ئەی کوردی بەشەرەف لە هەر کوێیەکدای،
لەم لافاوی راپەڕینی کوردستانیبوونە دوا مەکەوە.
لەکوێن ئێوە لەکوێن!!
ئەی هەولێر و شەقڵاوە و دهۆک و ئامێدی و ئاکرێ و زاخۆ لەکوێن؟
دەنگی شەرەف و ویژدان و مرۆڤایەتیتان لە کوێیە؟
هەستی کوردستانێتی و کوردپەروەریتان لەکوێیە؟
دڵسۆزیتان بۆ خوێنی شەهیدانتان و رابردووی پڕ شەرەفی خەباتی کوردایەتیتان لە کوێیە؟
دەسا هەر یەک لە شوێنی خۆتانەوە بڕژێنە سەر شەقامەکان.
با هیچ خۆفرۆش و کوردستانفرۆش و کوردکوژێک نەتوانێ ویژدانتان بمرێنێ.

راپەڕن، مەردانە راپەڕن،
وەرنە ناو ریزی لافاوی کوردستانگیر و جیهانگیری بە کوردستانیبوونەوە.
دەنگتان بخەنە پاڵ بانگی ئازادی و دادی کورد.
دەنگتان بخەنە پاڵ هاواری: ئازادی بۆ ئۆجەلان، ئازادی بۆ کوردستان.
ئەی جەماوەری بەشەرەفی کوردستان..
ئەی کوردی دڵسۆز لە هەندەران و هەموو گۆشەیەکی جیهان.
من بە عاتیفەوە قسەتان بۆ ناکەم.
دەبا کەمێ لە رووداوەکانی چەند رۆژ و هەفتەی رابردوو ورد ببینەوە، با پێکەوە چەند دەرس و حیکمەتێکیان لێ وەرگرین، با ویژدان بکەینە حەکەم و عەقڵمان بکەینە رێبەر.
گومانی نییە ئەم هەڵچوون و راپەڕینە عەفەوییەی ئێوە، سۆزوهەڵچوونێکی عاتیفییە، بەڵام هەڵچوونی عاتیفەی نەتەوەییە. هەڵچوونێکی مێژوویی پڕ ماناو مەبەستە..
چەند شاد بووم کە لە رێپێوانی شەممەی رابردوو لە لەندەن زیاتر لە دە هەزار کورد بەشدار بوون.. سەدان کوردی باشوور و رۆژهەڵاتییش، تەنانەت ئەوانەش کە گومان دەکرا سارد بووبنەوە، بێ هیوا بوو بن، یان پشتیان لە میللەتەکەیان کردبێ، یان خاوەنی هەڵوێستی ئایدیۆلۆژی جیاواز لە پ ک ک بن.
بەڵام ئەم هەڵچوونە عاتیفییە نەتەوەییە مەزنە ئەوەی دەرخست کە کورد لە ناخی ناخیدا، لە دەروونیدا، لە قووڵایی خەم و کارەساتە مێژووییەکانیدا، لە پانتایی خەونە کوردستانییەکانیدا هەر کوردە و هەر بە کوردی دەمێنێتەوە،
بە کوردی دەژی و بە کوردی دەمرێ.
ئەوەشی دەرخست کە خەباتی پەکەکەی نموونەیەکی مێژوویی گرنگ و جیاوازیی لە شێوە خەباتە کلاسیکیە ناوچەیی یەکان پێشکەشی جەماوەری کوردستان، هەموو جەماوەری کوردستان، کردووە، بەوەی کە بە راستی بۆتە خەباتێکی کوردستانی سنوور بڕو دنیا داگر.

بەڵام ئەوەی لەسەر شانمان پێویستە بیکەین، ئەوەی ئەرکێکی مێژوویی بە پەلە و گرنگە، ئەوەیە کە بە خێرایی، بەڵام بە هێمنی، ئەم هەڵچوون و وزەو تاقەت و تووڕەیی یە جەماوەرییە مەزنە لە عاتیفەوە بگوێزینەوە بۆ عەقڵ.
ئەمڕۆ لەسەر رێبازێکی مێژوویی خەتەرناک و گرنگ و پڕمانا و پڕتەوژم وەستاوین، یان هەنگاوە مەزنەکە، هەنگاوە مێژووییەکە دەنێین و گواستنەوە ستراتیژییەکە بۆ کوردستانیبوون و سەلماندنی مافی ئازادیی کورد و دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان ئەنجام دەدەین، یان خوانەخواستە گەر لێبگەڕێین ئۆجەلان لە ناو ببردرێ و پەکەکە شکست بخوا، تووشی نشووستییەکی مێژوویی

گەورە دەبین ، گەرچی درێژخایەنیش نەبێ.
بۆیە دەبێ ئەم هەلە مەرنەی کوردستانیبوون و بە جیهانی بوونی مەسەلەکەمان لە دەست نەدەین.
دەبێ هەموو لایەن و دوورییەکان و بەکار و نەکارەکانی (ئیجابیات و سەلبیاتەکانی) و هەموو ئیحتیمالاتەکانی بە وردی شی بکەینەوەو لە سەر ئەو بنچینەیە پرۆژەی درێژخایەنی کوردستانی بوون و مافی چارەنووس هەڵبەت لە شێوەی دەوڵەتی فیدرالی کوردی لە هەر بەشێکی جوگرافیەکەماندا، دابڕێژین.
براکانم، خەشکەکانم،
نەوەی تازەی کوردستان
ئالێرەدا، لەم خاڵەدا، کورد گرێبەندێکی سایکۆلۆژی و ئایدیۆلۆژی و مێژوویی بۆ دروست کراوە: ئاخر دەوڵەتی کوردستان هەر نابێ چونکە دنیا دوژمنمانە، چونکە مومکین نابێ، چونکە چەندەها ساڵە دابەش دابەشین و هەر بەشەی کوردستان «خسوسیات»ی خۆی هەیە!
ئەمە کراوەتەبنێشتەخۆشەی بن ددان.
تا ئەو رادەیەی هەر دوژمنێکی کورد، هەر دەزگایەکی جاسوسی و تەخریبی و هەر هێزێکی بێگانە، بۆی هەیە لە کوردستانی باشووردا گەراو بارەگاو دەزگای هەبێ،
بەڵام خەباتکەران تەنانەت پەنابەرانی بەشەکانی دیکەی کوردستانی داگیرکراو بۆیان نەبێ،
پێشمەرگەی کوردی باکوور، کە دووەم سووپای ناتۆ لە دژی دەجەنگێ و سێ هەزار دێی کوردستانی باکووری کاول کردووە، بۆی نەبێ پەنا بێنێتە بەر چیاکانی ئەمدیوی کوردستانەکەی...
بەڵام ئەوە بیروباوەڕی کێیە، بۆچوونی کێیە، ئایدیۆلۆژیای کێیە کە بەسەر مرۆڤی کورد و هەندێ لە توێژە رۆشنبیرە مشەخۆر و قەڵەمفرۆشەکانیشدا سەپێندراوە؟
ئەمە بۆچوون و باوەڕی هیچ مرۆڤێکی کورد نەبووەو نییە؟
ئەمە باوەڕو بۆچوونی هیچ پێشمەرگەیەکی کورد نەبووەو نییە.
ئایا شەهیدانی شۆڕشی ئەیلوول بۆ دروشمی (کوردستان یان نەمان) گیانی خۆیان بەخشی یان بۆ سەپاندنی دەسەڵات خێڵ و بنەماڵەیەک؟
ئێمە کە دەڵێین کورد ئازاد بێت، کەس ناڵێت دەبێت بە شەورورۆژێک، بە ساڵێک یان دەساڵ هەموو بەشەکانی کوردستان ببنە یەک دەوڵەت و یەک ئاڵا و یەک حکومەتیان هەبێت.
ئەمە دەشێت بەم شێوەیە هەر نەیەتە دی، یان لەم سەردەم و قۆناغەدا کە وڵاتانی پێشکەوتوو دوای سەدان ساڵ دەوڵەتی نەتەوەیی بەرەو قەوارەی جوگرافی و ئابووری گەورەی فیدرالی دەڕۆن (وەک وڵاتانی ئەوروپایی) هەر پێویست نەبێت،
بەڵم ئەمە هیچ لە مەبەستەکەی ئێمە ناگۆڕێ.
ئێمە دەڵێین وەکو تاک، وەکو تاکە مرۆڤی کورد، وەکو کۆمەڵ و کۆمەڵگای کورد، وەکو گەل و نەتەوەی کورد، پێویستە بێ قەیدومەرج، هەقی ئازادیی خۆمان، کە هەقێکی رەوا و یاسایی و سروشتیی هەموو مرۆڤێک و هەموو کۆمەڵێک و هەموو نەژاد و نەتەوەیەکە، بسەلمێنین.
ئێمە دەمانەوێ هەموو دنیا بزانن کە ئازادیی گەلەکەمان و ئازادیی وڵاتەکەمان و ئازادیی خۆمان و خێزان و گەڕەک و هۆز و کۆمەلەکەمان دەوێ.
بەر لەوەی داوای هەر شتێکی دی بکەین، بەر لەوەی بچینە ناو هیچ ئاخاوتنێکی دیکەوە، بەر لەوەی بێینە سەر ئەوەی کە ئەو ئازادییە واقیعی دەبێ یان نا، مەنتیقی دەبێ یان نا، دەشێ یان ناشێ، پێویستە ئەو پرینسیپە گرنگە، ئەم باوەڕی بناغەییە: هەق و مافی کورد لە ئازادبوونی نەتەوەییدا، کە هێندە خوێن و قوربانیمان لە پێناویدا بەخشیوە، بسەلمێندرێ.



ئەمە مەسەلەیەک نییە کە پرسیاری ئایا مەنتیقییە یان نا، ئایا دەکرێ یان نا هەڵبگرێ.
کە وازت لە مافی ئازادیی نەتەوەیی، کۆمەڵیی، یان تاکە کەسیت هێنا، واتە وازت لە مرۆڤایەتیی خۆت هێنا،

یانی زیاد لە هەموو گەلان و مرۆڤانی دنیا، تەنیا کورد رەگەزێکی نزم و نیوە ئینسانی و نیوە حەیوانە، کە

شایەنی ئازادی و هەبوونی دەوڵەت نییە.

دەبێ لەم پرینسیپەوە بۆ مەسەلەکەمان و چۆنێتی باسکردنی مەسەلەکەمان و پێوەندیمان بە گەلانی دەوڵەتانی دنیاوە بچین.

دەبێ لەو پرینسیپەوە ستراتیژی بە کوردستانیبوون و بە ئینسانیبوونمان دابڕێژین.

سەرکردەکانی کورد پێویست ناکات وا ترسەنۆکانە جار لە دوای جار عێراقیبوونی یان ئێرانیبوونی خۆیان بسەلمێننەوە.

ئەوان دەتوانن پرینسیپی سروشتی ڕەواو مافی ئازادی و هەبوونی نیشتمان دەربڕن و لە دیپلۆماسییەتی بە عێراقیبوون، یان ئێرانیبوونیش خۆیان دوور نەخەنەوە، بە بێ ئەوەی پرینسیپی مافی کورد لە ئازادی و خۆبڕیاردانی چارەنووس پێشێل بکەن.

بۆ نموونە لە جیاتی ئەوەی بڵێن ئێمە عێراقین و یەکێتیی عێراق دەپارێزین، دەتوانن بڵێن: (ئێمە نەتەوەیەکین و وەک هەر نەتەوەیەکی دنیا مافی ئازادی خۆبڕیاردانی چارەنووسمان هەیە، بەڵام لەم سەردەمەدا باشترە گەلان پێکەوە بژین و پێکەوە هاوکار بن، ئەگەر میللەتی ئێمە بتوانێ لە چوارچێوەی عێراقدا مافی ئازادبوونی خۆی بەدەست بێنێ و زامنی ئەوەی هەبێ هەڕەشەی چەوساندنەوە و لەناوبردنی لەسەر نەبێ ئێمە ئەو کاتە پێمان خۆشە لە چوارچێوەی عێراقێکی دیموکراتی فیدرالیدا بژین...تاد).

حیزبچییەکانی ڕۆژهەڵاتیش دەتوانن هەر بەم شێوە بدوێن بێ ئەوەی لە نیعمەتی ئێرانچێتی حاشا بکەن.

بەڵام سەیر هەر ئەوە نییە کە هەندێ سەرکردە کتومت خۆیان دەخەنە جێی هەموو میللەت و بە ناوی هەموو میللەتەوە قسە دەکەن و دەڵێن کورد ئەوەی دەوێ و ئەوەی ناوێ!

لەوە سەیرتر بەداخەوە ئەوەیە کە هەندێ سەرانی بەویەڕی شیلگیری و سەرسەختی و خۆپەرستی و دوژمنپەرستییەوە دژ بە ئازادی کورد و کوردستانن و خەباتی خیانەتکارانە و کوردکوژانە دەکەن.

دەیڵێمەوە هاوارکردنی ئێمە بۆ ئازادی سەرەتا و پرینسیپی سەلماندنی ئینسانییەتی خۆمانە. دەبێ لە پێشەوە داوای ئازادی و دەوڵەت و سەربەخۆیی بکەین و دۆست و دوژمن ئەو مافە بنەڕەتییە بسەلمێنن، ئەمجار بزانین لە چ قۆناغێکدا و لەبەر چ بەرژەوەندییەک گەلەکەمان دەتوانێ بە مافی کەمتر لە ئازادی و دەوڵەتی سەربەخۆ ڕازی بێ، چ فیدرالی بێ یان پێکەوە ژیانێکی ئاشتییانە بێ!!

کۆسۆڤییەکان داوای ئازادی و دەوڵەتی سەربەخۆ دەکەن و سوورن لەسەری. ئەگەر وەک تەکتیک یان تەنانەت ستراتیژیکیش حوکمێکی زاتی بە زامنی دنیا قبووڵ بکەن، ئەوا بەو مانایە نییە کە ئەوان لەو پرینسیپە پاشگەز بوونەتەوە. یان ئەگەر وەزعی سیاسی و نەتەوەییان خراپ بوو، لە داهاتوودا، بۆ جیابوونەوە و دەوڵەتی نەتەوەیی تێناکۆشن.

هەروەها فەلەستینییەکان کە (حوکمی زاتی)یان لە ئیسرائیل قبووڵ کردووە، وازیان لە مافی دروستکردنی دەوڵەتی فەلەستینی نەهێناوە و ئەو هەقەیان بۆ خۆیان هێشتۆتەوە کە دەوڵەتی

سەربەخۆی خۆیان ڕابگەیەنن.

هەموو گەلانی دنیا هەر بەو چەشنە پێناسە و مافی نەتەوەیی خۆیان دەربڕیوە.

ئیدی بۆ کورد نا؟ دەڵێن ئاخر ئێمە کەسمان نییە و دەمانخۆن.

ئەمە هەمیشە بۆچوونی توێژێکی دواکەوتوو لە بە ناو سەرکردە خۆپەرست و خۆ فرۆشەکان بووە.

ئەوانەی کە دەیان هەزار خێزانی کوردو هەزاران گوندو ماڵی کوردییان کردە قوربانی حوکمی زاتی و بە عێراقی بوون؟

ئەوان کە خۆیان زیاتر لە دوژمنان سەری کوردیان خواردووەو خوێنی کوردییان خواردۆتەوە؟

ئەمە بۆچوونی قۆنتەراتچییەکانی خوێنی کوردە کە دەیانەوێ هەتا هەتایە ڕووباری خوێنی کورد بڕژێ بێ ئەوەی کورد ببێ بە خاوەن خاک و نیشتمان و باخ و بەرهەمی خۆی، بەڵام ئەوان پارەی قۆنتەراتی خوێنەکەی وەربگرن.

ئەوانەی کە خیانەتیان بە چاکترین و بەرزترین و ئەخلاقیترین شێوەی خەبات هەڵبژاردووەو چاوەڕوانن لە کەللەو ئێسقانی کورد جاشحکومەتیان بۆ دروست بکرێ.

گومانم نییە هەندێ کەس دەڵێن ها، ئەی بۆ ڕەخنە لە پ ک ک ناگری خۆ عەبوڵڵا ئۆجەلان، کاتێ لە ئیتالیا بوو، بەرنامەیەکی حوکمی زاتی پێشکەش کرد.

لە پێشەوە دەڵێم هەندێ لەو کەسانەی خێرا ئەم هاوارەیان لێ هەڵدەستێ، یان چاوەڕێن یەکەکەی یان هەر هێزێکی دی کوردستانی دژ بە داگیرکەر، کەمترین شت، تەکنیکی یان ڕاست، بە دەستەوە بدا تا زیڕەو هاوارو گاڵەی ڕەخنەو هێرشیان بەرز بێتەوە، ئەمانە لە هەستی دڵسۆزی بۆ کورد و کوردستان و نیشتمانپەروەرییەوە ڕەخنە ناگرن، ئەوانە زۆر دوورن لەمە. هەرچی کوردپەروەری و کوردستانێتی و خەباتی یەکنەتەوەیی کورد، کە ئەمڕۆ پ ک ک ڕێبەرایەتی دەکات، لاواز بکات ئەمانە بانگاشەی بۆ دەکەن، تەپڵی بۆ لێدەدەن.

مەحەکی ڕاستی و پاکی هەڵوێستی هەر نووسەرێک، هەر ڕۆشنبیرێک، هەر حیزب و هێزێک، هەر دەستەو تاقمێک، هەر تاکە مرۆڤێکی ژن و پیاوی کورد، لەوەدایە داخۆ تا چ ئاستێک بەرامبەر هەموو پیلانێک، هەموو بێدادییەک، هەموو خیانەت و خوێنڕشتنێکی کورد،

هەڵوێستی ئازایانەو جوانمەردانە وەردەگرێ.

ئەوانەی که بۆ زۆر مەسەلەی پووچ یان بچووک یان هەڵبەستراو کەوتوونە واقە واق کامە بووە هەڵوێستیان بەرامبەر ئەم کارەسات و خیانەتانەی خوارەوە، کە فاکتێکی مێژووین ، سوور وەک خوێن، رەش وەک خیانەت!!

* هێنانی چل هەزار سەرباز و چوارسەد دەبابەی ئەو رژێمە عەرەبییەی دووسەد هەزار کوردی ئەنفال کرد و چوار هەزار گوندی تەخت کرد و ٨٠٠٠ بارزانی لە ناوبردو بریاری چارەسەری کۆتایی مەسەلەی کوردی بە کوشتنی کیمیایی دا، بۆ پایتەختی کورد و داگیرکردنی پەرلەمانی کوردستان و بەرزکردنەوەی ئاڵای ئەنفال لەسەری و، دەستکردن بە قڕانی موعارەزەی عێراقی، کوشتن برین و تاڵانی خەڵکی بێگوناهی کورد، کردنی دراوسێ بە دوژمنی دراوسێ، گۆڕینی پایتەختی کوردستان بە لانەی جاسووسی بەعس، هتد.

* رەشەکوژی بە کۆمەڵی ژن و پیاوە مەدەنییە قارەمانەکانی پ ک ک لە هەولێردا دوای ئەوەی بەڵێنی شەرەفیان پێ درا کە دەپارێزرێن؟ تەنانەت دەستدرێژی کردنە سەر شەرەفی کچانی پ ک ک پێش کوشتنیان ئەوسا راکێشانی لاشەکانیان.

* گەمارۆدان و کوشتن و دەربەدەرکردنی دوانزە هەزار ژن و منداڵی ئاوارەی کوردی باکوور، لە کەمپی ئەتروشدا، کە نەتەوە یەکگرتووەکان یارمەتییان دەدان، و ئەمە ببوە مەسەلەیەکی دوەلی و نیشانی دەدا کە مەسەلەی کورد لە باکور زیندووەو بوعدێکی ئینسانی گەورەی هەیەو دەبی نەتەوە یەکگرتۆکان و دەرگاکانی خۆیان تێبگەیەنن..بەڵام خائینانی کورد زۆر زیاتر لە شۆڤینیستە ئەتاتورکییەکان مەبەستیان لەناوبردنی ئەو کوردە هەژارو لێقەوماوانە بوو، چونکە مناڵەکانیان دەرسی کوردیان دەخوێندو فێری کوردستانیەت دەبوون و پشتگیری بەکەکەشیان دەکرد؛ و چونکە ئەوە فەرمانی میتی تورکی بوو کە دەبوو جێبەجێ بکرێ.

* برسیکردنی گەلی باشوورو و دزینی داهاتەکەی و دروستکردنی گەورەترین دۆلارمافیای سەر بە بێگانە...کە لە ٩٤/٩/١ ەوە تەنیا لە پارەی ئیبراهیم خەلیل رۆژانە ملیۆنێک تا ملیۆن و نیوێک دۆلار دەدزرێ. لە کاتێکدا برسی کردنی میللەت و دارمانی ژێرخانی ئابووریی کوردستان بە تایبەتی ناوجەرگەی خەباتی کوردایەتی دژ بە داگیرکەران لە ناوچەی سلێمانی و گەرمیان، سەرباری هێنانەوەی بەعس، بووە هۆی گەورەترین کارەساتی تراژیدیای کۆمەڵایەتی و کۆچی بە کۆمەڵی دەیان هەزار کورد بۆ هەندەران و پەیدابوونی دیاردەی ژنکوشتن و سەرهەڵدانەوەی بیری کۆنەپەرستی و سیستمی خێڵایەتس،،

× هەر وەک دەلیلی سیاحی بن و پێش توریستی ئەوروپایی بۆ کوردستانی ئازاد کەوتین، ناو بە ناو ٥٠٠٠ تا ٥٠٠٠٠ لەشکرو جەندرمەی فاشیستی ئەتاتورکی بۆ کوردستان راکێش دەکەن و دەکەونە راوی قارەمانانی کورد ....

* ئێستاش بوون بە دەستەیەکی مورتەزەقەی زەلیلی سوپا و میتی تورکی و کوشتنی کورد لەم دەم و سات و رۆژانەدا، کە هەموو کورد یەکە، بەکارهێنانی تەلەڤزیۆنێکی بەڕێوەبراو لە لایەن میتی تورکییەوە، بۆ موحاکەمەکردنی رۆژانەی ئۆجەلان و پ ک ک بە تاوانی کوشتنی کورد و بۆ داپۆشینی جینۆساپدی تورک و عەرەب دژی خەڵکی کوژراو و ماڵوێرانکراوی کوردستان،..

ئایا لە ناو هیچ وڵاتێک و گەلێکدا هەبووە تومەتی دوژمن و داگیرکەرەکانیان بڵاوکەنەوەو سەرکردەی نەتەوەیی خۆیان ناو بنێن تێرۆریست؟

ئایا بێشەرەفی نییە کورد بە کورد بڵێ تێرۆریست؟

ئایا بێشەرەفی نەدەبوو هەر کوردێک و هەر هێزێ هەرچەندە ناحەزی بارزانی بایە پێی بوتایە تێرۆریست؟

وەرن سەیری ئەو بێئەخلاقییە بکەن؟

بە ناوی وەزارەتی (داد) ی کوردەوە، یادداشتێکی بیست لاپەڕەیی بدرێ بە ئیتالیاو ئەوروپاو لە رێگای ئیستیخباراتی تورکیشەوە بە هەموو دنیا، بۆ سەلماندنی ئەوەی عەبدوللا ئۆجەلان تیرۆریست و موجریمەو بۆ نیشاندایی ئامادەیی حکومەتیکی کوردی و حیزبێکی کوردی بۆ شاهیدی دان دژو جەریمەکردنی سەرۆکێکی کوردو پاڵپشتی رژێمێکی جینۆسایدکەری کورد؟

ئەمە لە کاتێکا هەموو دوژمنانی کورد داویان بۆ گرتن و کوشتنی ئۆجەلان ناوەتەوە چونکە کوردێکی ساغەو خۆفرۆش نییە و هەموو کوردێکی بەشەرەفیش بە یەکدەنگ دیفاعی لێدەکا.

با بڵێین راستە و زۆر دەشێ راست بێ کە پەکەکەی لەو هەلومەرجەی کە لە کوردستانی باکووردا بە هۆی هێرشی دوو قۆڵی پارتی و تورکیاوە تێتێکەوتووە، کاری تاوانکارانەی وەک کوشتنی یان تاڵانکردنی گوندیان ئەنجام دابێ،

بەڵام ئایا ئەوە دەشێ بەو حەجمە بێ کە ١٥ حەلقەی تەلەفزیۆنی بۆ تەرخان بکرێ.

لەم کاتەدا کە مانای ئەو فلیمانە بریتییە لە مەحاکەمەکردن و ئیدانەکردنی پەکەکەو ئۆجەلان لەلایەن (کورد!) خۆیەوە، لە بری تورکیاو میتی تورکی.

ئەی بۆچی وەزارەتی دادی کوردستان دادو هاوارێک بۆ ١٨٢٠٠٠ کوردی ونبووی ئەنفالەکان ناکا.

بۆ هەر رۆژە دەیان خێزان لەوان ناهێنێتە سەر تەلەفزیۆن تا بەڵگەی خۆیان بە زیندوویی پێشکەش رێکخراوی Indict بکەن کە رێکخراوێکی جیهانییە کلینتون و ساچەرو مەیجەرو حکومەتی ئەمریکی و بەریتانی و زۆر دەوڵەتی ئەوروپاییشی تێدایەو ئامانجەکەی جەریمەکردن و مەحاکەمەکردنی سەددام و عەلی حوسێن مەجیدو تەها رەمەزان و جەللادەکانی دیکەی ئەنفالە بە تاوانی جینۆساید دژی کورد؟

ئەی بۆچی تاوانی حەفتا ساڵەی رژێمی رەگەرپەرست و فاشیستی تورک بڵاو ناکاتەوە کە تەنانەت کوردبوون بە جەریمە دەزانێ و سەدان رۆشنبیر و نووسەری کورد هەر لە بەو نووسین و بڵاوکردنەوە بە کوردی لە ناو بردراون.

ئایا ئەمانە بەراست وەزارەتی دادی کوردن، تەلەفزیۆن و راگەیاندنی کوردن؟

ئایا ئەگەر بارزانی (وەک ئۆجەلان) بەو چەشنەو بەو جۆرە پیلانە جیهانییە دژ بە کوردە بەو شێوە بگیرابایەو لە بەر چاوی هەموو دنیا لە سەر تەلەفزیۆن نیشان بدرایەو زەلیل و ئیهانە بکرایەو لە شەخسیەتی ئەودا ئاوا شەخسیەتی هەموو کورد بشکێنرایە و دەیان کورد لە داخا خۆیان بسووتاندایەو،

لەگەڵ ئەمەشا هەر لایەنێکی کوردی زاتی بکردبا شادی و خۆشیی نیشان بدایەو دەعوای لە سەر قەید بکردایەو پێی بوتایە موجریم و بکوژو، نۆکەریی خۆی بۆ جەللادەکانی بەهێزترو قایمتر بکردایە،

ئایا کورد چی دەوت، مێژوو چی دەوت

نووسەران و رۆشنبیرانی بەشەرەفی کورد چییان دەوت؟

ئۆجەلان بۆ هەموو کوردی باکوورو بەڵکو بۆ زۆربەی کورد لە کوردستانی مەزندا زۆر لە بارزانی زیاترە کە بەداخەوە ئەو لە ئاشبەتاڵ و تراژیدیاو میراتی پشت بەستن و خزمەتی دوژمنانی کورد زیاتر، هیچی تری بۆ بە جێ نەهێشتین؟

ئەی ئێستا لە چ دنایەکدا دەژین ؟ چ ئەخلاق و پرینسیپێک لە گۆڕێیە کە هێزێکی کوردی ئەوا بە خیانەتێکی موتڵەق و بێنابوورییەکی موتڵەقەوە بۆتە کلکێکی زەلیلی ئەتاتورکییە کوردکوژەکان؟

دەتوانی ناوی چی لەو کارە بنێی کەراست لەم کاتەی تراژیدیای نەتەوەییدا پێش سووپای تورکی کەوتن و، تەنیا لەوەتەی ئۆجەلان لە سوریا دەرچووە ٣٠٠ تێکۆشەری باکووریان تەسلیمی جەللادەکانی تورک کردۆتەوە کە هەر هەموویان یەکسەر رەمی و رەشبکوژ کران؟

کوا با بزانین رۆشنبیرە بنەماڵەچییەکان چۆن باسی ئەم مەلحەمە نەتەوەیی یە مەزنە دەکەن!! لە کام داستان و شانۆنامەو هۆنراوەدا (نەمریی) دەکەن؟

کە تورکیا دەڵێ تا سەددام/عێراق دەگەڕێتەوە، بۆشایی دەسەڵات لە (باکووری عێراق) دا هەیەو بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە لەشکرەکەی دەنێرێ و خەڵکانێکی کوردو تورکمانیش کە لەوێ دەژین وەک مورتەزەقە هاریکارییان دەکەن: مەبەستەکەی ئاشکرایە،

ئێستا کە بەڕواڵەتیش بێ دەورو قەوارەیەکی سیاسیی بە پیاوەکانی خۆی دەدا، تەنیا بە هۆی خەباتی و تینی پەکەکە وە یە.

ئەوە هەمیشە سیاسەتێکی ئاشکراو دووبارە بۆوەی داگیرکەرانە.

بۆ بە رامبەری لەشکری شۆڕشگێڕیی راستەقینەی کورد، جاش لەشکر دروست دەکەن.

بۆ نەهێشتنی دروستبوونی حکومەتێکی راستەقینەو کوردنەکوژو کوردستان لە دڵگر جاش حکومەتێکی دژ بە کوردو کوردستانیەت دروست دەکەن.

بۆ بێدەنگکردنی تەلەفزیۆنێکی نەتەوەیی کوردیی کە بیری ئازادی و کوردستانێتی و یەک نەتەوەیی کوردو یەکخاکیی کوردستان بڵاو دەکاتەوە، تەلەفزیۆنێکی سەربەخۆیان دروست دەکەن.

چونکە دەزانن ئەمڕۆ بیانەوێ یان نەیانەوێ کورد وەک نەتەوە دروست بووەو شوێنی راستەقینەی خۆشی وەک یەک نەتەوە لە سیستمی تازەی جیهاندا، درەنگ یان زوو، هەر دەگرێ.

بەڵام ئەمانەش وەک شتێکی کاتی تا ئەو کاتەی پیلانەکەیان سە ردەگرێ.

بەڵام ئەوەی ناهێڵێ ئەو پیلانە سەر بگرێ، خەباتی کوردستانییانەی نەتەوەکەمانە.

راپەینی ملیۆنیی نەتەوەی کوردستانە کە نایەوێ لە سەدەی بیست و یەکەمیشدا بە دیلی بمێنێتەوە.

هیچ هێزێک نییە بتوانێ ئەو خەباتە بوەستێنێ.

رووباری پڕ شەپۆل و بە تەوژمی کوردستانیبوون، هەستاوەو رێگەی گرتووەو هیچ بەرهەڵستێ رێی پێناگرێ.

قبوڵکردنی خیانەتیش دەردی کەسانێکە کە لە بیری نەتەوەیی دابڕێن.

کەسێکیش کە لە نەتەوایەتیی خۆی دابڕێت یانی لە پێناسە و هەویەی خۆی دادەبڕێت،

یانی لە ئینسانییەتی خۆی دادەبڕێت.

ئەوانە لە ئینسانییەتی خۆیان دابڕاون، بوونە هەمبانەیەکی بۆش بە بای خیانەت پڕبوون و بە بچووکترین نووکەدەرزی حەقیقەت پف دەبنەوە و فت دەبن.

بۆیە لێرەدا دێمەوە سەر مەسەلە سەرەکییەکە:

ئایا دەشێت ئەم هەڵچوونە نەتەوەییە کوردستانییە مەزنە بکەینە سەرەتا و زەمینە و بنکە و پرۆگرامی ستراتیژیکی نەتەوەیی بەردەوام و درێژخایەن و بەرهەمبەخش؟

ئایا مەسەلەی هاتنی عەبدوڵڵا ئۆجەلان بۆ ئیتالیا و بەرنامەی حوکمەزاتییەکەی و فڕاندن و گرتنەکەی چ کاریگەرییەکیان بۆ سەر ئەم ستراتیژییە نەتەوەییە هەیە؟

با کەمێک لە رووداوەکانی ئەم چەند مانگ و هەفتەیەی دوایی ورد ببینەوە.

رۆژی شەممە، رێکەوتی ٩٩/٢/٢٠ لە وتارەکەمدا لە

ترافەلگەر سکوتر وتم: ئەم دەرچوون و دەربەدەربوون گەشت و گرتنەی عەبدوڵلا ئۆجەلان وەک قەدەر وابوو، بەڵکو قەدەرێکی حەتمی بوو دەبوو ببێت، دەبوو ببێ نەک تەنیا بۆ ئەوەی کورد بە تەواوی، یەکجارەکی و بۆ دواجار لە هەقیقەتی دنیا بگات، بەڵکو بۆ ئەوەی دنیاش لە ئاوێنەی کورددا حەقیقەتی خۆی رووت بکاتەوە، بێ بەرگ، بێ رووپۆش، بێ ماکیاج: حەقیقەتی سیاسەتی جیهانی، حەقیقەتی نەزمی نوێی جیهان، حەقیقەتی بێ ئەخلاقیی، ئەوپەڕی بێ ئەخلاقیی، ئەمریکای زلهێز و دیموکراتییەکەی ئەوروپا.

دڵنیا بن روونبوونەوەی ئەو حەقیقەتە (کودەتایەکی ئەخلاقی) لە مێژوودا دروست دەکات، دەبێ بە نەفرەت و لەعنەتێک تا هەتایە لە مل و ئەستۆی سیاسەتمەدار و نووسەر و رۆژنامەنووس و دامودەزگاکانی ئەوروپیدا دەهاڵێ.

ئەوەی کە ئێستا روو دەدات زۆر گرینگترە لەوەی ئێمە بتوانین دەرکی پێ بکەین، لەوەی بتوانین بە سانایی لێکی بدەینەوە، چونکە هێشتا سەرەتایە. بەری (زەلکاوێکی بۆگەن)ی سیاسەتی جیهانی بەردراوە و رۆژ بەرۆژ بۆگەنەکەی زیاتر بڵاو دەبێتەوە تا ئەمریکا و ئەوروپا خۆشیان پڕ دەکات.

بە دەرپەڕاندن و ئاوارەکردن و فڕاندن و دیلکردنی عەبدوڵلا ئۆجەلان بەم شێوە هەرە بێ ئەخلاقییە ئەمریکا و ئەوروپا و دەسەڵاتدارانی عەرەب، تەنیا بێدەربەستی و ئیهانەکردنی خۆیان بۆ هەستی چل ملیۆن کورد نیشان نەدا، بەڵکو نیشانیان دا کە هەموو ئەو سیستمانەی تا ئەمرۆ بە ناوی مافی مرۆڤ، دیموکراسی، مافی گەلان و مافی چارەنووسەوە بنیات نراون و ئەوان لە هەڵوێستێکی ئەخلاقییەوە ئەم سیستم و پرینسیپانە دەپارێزن، ئەوانە هەموو درۆن. لە پێش هەموو شتێکدا چونکە سیاسەتمەداران و دەسەڵاتداران و بەرژەوەنخوازانی غەرب خۆیان بێ ئەخلاقن، ئەوپەڕی بێ ئەخلاقن.

سەیری ئەمریکا بکەن:

ئەمریکا چەند بە شانازییەوە، چەند بە شێلگیرییەوە، چەند بە بیروباوەڕێکی مێژووییەوە داکۆکی لە پرینسیپ و دەستوور و یاسا ئەخلاقییەکانی خۆی دەکات، هەموو دامودەزگاکانی کەم یان زۆر دەوەشێنێ. کۆنگریس و پەرلەمان و یاسا و قازی و یاسازان و نووسەر و رۆژنامە و شەقامەکانیان زیاتر لە ١٩ مانگ خەریکی داکۆکی لە ئەخلاق و شەرەفی نەتەوەیی و دەستوورەکەیان دەبن، ئەویش بە محاکەمکردنی سەرۆکەکەی خۆیان کلینتۆن.

بۆ؟ چونکە تاوانبارە!

بۆ تاوانبارە؟ چونکە لە یاسا لای داوە.

بۆچی؟ چونکە دەسەڵاتی خۆی بە شێوەیەکی ناشەرعی بەکار هێناوە.

چۆن؟ ئەی ئەوە نییە کچە جوولەکەیەکی لووس لای بووە و پێی هەڵخەڵەتاوەو دەرفەتی بۆ هەڵکەوتووە

لەگەڵی رایبواردووە.

ئەمیش ئەم هەقیقەتە زۆر گرنگ و زۆر مێژوویی و زۆر خەتەرناکەی لە گەلی ئەمریکا شاردۆتەوە!! بۆیە دەبێ دادگایی بکرێ وشەرمەزار بکرێ و دەربکرێ.

بەڵام هەر ئەو سیستمە، هەر ئەو ئەخلاقدارە بێ ئەخلاقانە، لە وێنەی CIA دا هەموو دنیا دەکەن بە چاو، هەموو ئەزموون و زیرەکی و دەسەڵات و دراوو سامانی خۆیان بەکاردەهێنن تا سەرکردەی بێکەسترین و بێمافترین و چەوساوەترین نەتەوە لە دنیادا راو بکەن و تەسلیمی ئەو جانەوەرە بەشەرییانەی بکەنەوە کە دەستیان سوورە بە خوێنی ملیۆن و نیوێک ئەرمەنی و نیو ملیۆن کورد و، هەژدە ملیۆن کوردیشیان لە وڵاتەکەیەندا خستۆتە ناو زیندان و قەسابخانەیەکی گەورەوە..

بەڵێ هەر ئەو سیستمە لە زمانی CIA یەوە، بە وەزیری دەرەوەی یۆنان دەڵێ: (عەبدوڵلا ئۆجەلان دەرمانخوارد بکەن و بینێرنەوە بۆ تورکیا)..

کە وەزیری دەرەوەی یۆنانی دەڵێ ئەوان ناتوانن ئەم کارە بکەن، ئەمجار وەک رۆژنامەی ئۆبزرڤەری بەریتانی، رۆژی یەکشەممەی 21 ی فابریوەری1999 دەنووسێ سی ئای ئەی / سیستمی ئەمریکایی واز لە ئوسلووبی قەناعەت پێکردن دێنێ و بە زمانێکی بازاریی سەرسەرییانە بە وەزیری دەرەوەی یۆنانی دەڵێ (ئەگەر وا نەکەی دایکت دەگێین)..

دە ئێستا، با گەورە فەیلەسووفانی رۆژئاوا و مێژوونووس و ئایدیۆلۆژیستەکانیان بێن و بەراوردی ئەم دوو رووداوە، ئەم دوو هەڵوێستە و ئەم دوو حەقیقەتە بکەن و پێمان بڵێن: ئەخلاقییەت و مۆراڵیتی سیستمی رۆژئاوا، سیستمی جیهانی نوێ لەکوێدایە؟

هەر چۆنێک بێت ئەوەی کە ئێستا بۆ ئێمە گرنگە ئەوەیە ئەو کۆچ و ئاوارەیی و دیلبوونەی ئۆجەلان چ کارێکی کردۆتە سەر خۆمان، چ کارێک دەکاتە سەر خۆمان، سەر پێناسەی نەتەوەییمان وەک کورد و کوردستانی، وەک خەباتی لەمەودوامان، وەک پێوەندی و هەڵوێستی رۆژانەی لەمەودوامان؟

زیاتر لە 1400 ساڵێک لەمەو بەر محەممەدی عەرەب پەیامێکی راگەیاند، لەسەر ئەوە ئازاریان دا، لە مەککەوە کۆچی کرد بۆ مەدینە، ئەوەی لەو کاتەدا بە (کۆچ و ئاوارەیی و خەباتێکی گەورە بۆ دانرا). دوایش کە سەرکەوت سەرەتاکەی کۆچەکەی بوو کە بوو بە سەرەتای ژماردنی مێژووی عەرەب و ئیسلام.

بەڵێ کۆچێک لە شاری مەککەی عەرەبەوە بۆ شاری مەدینەی عەرەب؟ ئەمە حەقیقەتێکی بۆ عەرەب دەرخست و پەیامەکەیان لە باوەش گرت و نەک هەر کردیانە پەیامێکی سەرکەوتوو بۆ خۆیان بەڵکو بۆ هەموو ئەو گەلانەی لەوە و بەدوا بە مسوڵمان ناسران.

ئەی کۆچی ئۆجەلان چی بۆ ئێمە روون کردەوە؟

دوای چواردە ساڵ لە سوریا عەرەب دەری پەڕاند..

حوسنی موبارەک، حاکمی ئەو میسرەی کە بەبێ کورد، بە بێ سەلاحەدینی کورد، ئێستا نە عەرەب دەبوو، نە ئیسلام بوو بە دەلالی دەرپەڕاندنی ئۆجەلان.

خۆ سوریاش، دوای دوانزدە ساڵ گوایا میوانداری سەری ترسنۆکی بۆ تورکیا، لەسەر حیسابی کورد شۆڕکرد و تەنانەت لە رادیۆو تەلەفزیۆنەکەیدا دەنگوباسی ئۆجەلانیش بڵاو ناکاتەوە.

ئەمەیە ئەنجامی خزمەتی کورد بۆ دەسەڵاتدارانی عەرەب و دروشمی سەد ساڵەی برایەتیی کورد و عەرەب!

دوای عەرەب روسیا، لەگەڵ ئەوەی کە پەرلەمانەکەی، هەموو ئەندامانی پەرلەمانەکەی داوای مافی پەنابەری سیاسیان بۆ ئۆجەلان قبووڵ کرد، کەچی رژێمەکە بۆ رێکەوتنێکی بازرگانی نەوت لەگەڵ تورکیا، هەموو پرینسیپی شەرەف و دیموکراسی و رای پەرلەمانی نایە ژێر پێ.

یۆنانی دۆستی کورد، بەو شێوە شەرمەزارییەی باسم کرد و، سەرشۆڕانە بۆ ئەمریکا و سی ئای ئەی و بەڵێنی دەسکەوتێکی بچووک لە قوبرس، ئەویش دۆستایەتیی کورد و کورد و ئەخلاقی خۆی خستە ژێر پێ.

ئیتالیاش نەیتوانی بەرامبەر فشاری ئەمریکا و بەرژەوەندی لەگەڵ تورکیا، بۆ پرینسیپ و ئەخلاق بهێڵێتەوە.

جوولەکەش، کە خۆیان تەنیا پەنجا ساڵێک لەمەوبەر قوربانی جینۆسایدی نازییەکان بوون، ئێستا لەگەڵ نازییە تورکەکاندا بۆ جینۆسایدی کورد هاوکاری دەکەن.

ئۆجەلان لەماوەی ئەم سێ ساڵەی دواییدا سێ جار یەک لایەنی شەڕی لەگەڵ تورکیا وەستاند، چەند جار یادداشتی بۆ یەکێتیی ئەوروپا ناردو و کردنی بە سرپشک لە بڕیاردانی هەر چارەسەرییەکی سیاسیی بۆ کێشەی کورد، نامەی بۆ کلینتن نووسی و ئاشتیخوازی خۆی و پەکەکەی سەلماند و داوای یارمەتی لێکرد بۆ چارەسەرییەکی سیاسیی و ئاشتیخوازانە.

بروکسل پێتەختی یەکێتیی ئەوروپیە و پێتەختی ناتۆیە.. پەکەکەی لەو پێتەختەدا پارلەمانی کوردستانی لە دەرەوەی وڵات دامەزراند تا دایەلۆگ لەگەڵ ئەوروپا دا بکات و تەلەفزیۆنی میدی دامەزراند تا دەنگ و داوای کورد بە دنیا بگەیەنێ.

دوایی هەر بۆ ئەوەی ناحەزان و دوژمنان ئەوە نەکەنە بیانوو کە کوردو پەکەکەی لە رۆحی سەردەم و سیاسەتی ئاشتیخوازانەو مامناوەندییانە، موعتەدیلانە، تێناگەن، لە ئیتالیا بە مەبەستی دامەزراندنی دایەلۆگێکی عەقڵانی و رەوا، بەرنامەیەکی سیاسیی ئۆتۆنۆمی نەرم و نیانی پێشکەش ئیتالیاو پەرلەمانی ئەوروپی و رای گشتی جیهان کرد، لە ئەڵمانیاش ساڵێک زیاترە کەمپەینی جیهانیی (ئاشتی لە کوردستان ) دا دروست بووە کە کەسانی ناوداری جیهانیی وەک چۆمسکسی و هارۆلد پینتەرو لۆرد ئەیڤبری و چەندەها ئەندامی پەرلەمانی هەموو وڵاتە ئەوروپییەکانی تێدان.

بەڵێ ئۆجەلان وەک پەیامهەڵگری ئاشتی و دایەلۆگ و باوەڕبوون بە دیمۆکراسی و بانگاشەی ئازادی و مافی مرۆڤ و چارەنووس بڕیاردان پەنای بۆ ئەوروپا هێنا.

بەڵام ئەمریکا و ئەوروپا سەلماندیان کە بەرژەوەندییەکانیان لەگەڵ تورکیا، لە سەر حسێبی خوێنی کورد، لە هەموو بانگاشەی ئەخلاقی و پرینسیپ مافی مرۆڤ و یمۆکراسی و چارەسەری کێشەکان بە دایەلۆگ گرنگترن.

بەڵکو ئەمریکا ئێستە لە گەڵ رای ئەتاتورکییەکان جووتە کە کێشەیەکی نەتەوەیی کوردیی لە تورکیادا نییە.

هەتا لە رووی گوایە عەقلانێتی ئەوروپاو غرۆژئاواوە: چ سەخافەتێکە مەسەلەی گەورەی کارەسات و چارەنووسی نەتەوەیەک لە یەک کەسدا وەک مەسەلەی تێرۆریزم کەموکورت بکەنەوە؟

گوایە گەر ئەو سەرکردە تێرۆریستە دەستگیرکرا، ئیدی تورکیا گرفتی کوردی نابێ، جاش حکومەتێکی سەر بە تورکیا بە ناوی کوردەوە لە باشوور بۆ تورکمان دروست دەکەن و تورکیاش بۆ خۆی دەحەسێتەوەو زیندانەکەی ١٨ ملیۆن کوردەکەی باکوور تاریکترو سەختترو ترسناکتر دەکات.

باشە ئەمە بۆ دوا جار راستی سیاسەتی ئەوروپاو ئەمریکاش تێگەیشتین. ئەو راستییەمان زانی کە دۆستی کورد هەر کورد خۆیەتی...ئەمەش وەک بینیمان شتێکی کەم نییە. بەڵکو راستییەکی دنیا هەژێنە.

ئەی ئێستا چی بکەین؟ هەر تووڕە بین و هەڵچین و جنێو بە ئەمریکا بدەین؟ نەء .. نەء.. نەء ئەمە رەنگە زمانی عاتیفە بێ، بەڵام زمانی عەقڵ نییە. ئەو هەڵوێستەی ئەمریکا هەڵوێستی هەموو گەلی ئەمریکا نییە. هەڵوێستی هەموو سیاسەتی ئەمریکا نییە. هەڵوێستی هەموو دەم و وەختێکی ئەمریکا نییە. هەڵوێستی ئەوروپاش زیاتر لە ژێر زەغتی ئەمریکاو سەهیۆنیزمدا بوو-و هەڵوێستێکی ناچارکراوو بوو..کاتییەو هەمیشەیی نییە. دەرفەت و مەودا زۆرە، ئەگەر ئێمە خۆمان هەبین، یەک بین، بڕوامان بە خۆمان بێ و زانستانەو هێمنانەو بەڵام ئازایانەش کار بکەین، ئەم هەڵوێستانە هەڵبگێڕینەوە.

لێرەدا بە کورتی هەندێ خاڵی ستراتیژی داهاتوومان دەستنیشان دەکەم، ستراتیژی گواستنەوە لە عاتیفەوە بۆ عەقڵ، لە هەڵچوونی کاتییەوە بۆ بەرنامەی درێژخایەن، لە بەرپەرچدانەوە بۆ دنیا بۆ تێگەیشتنی دنیا.

یەکەم: دەبێ ماڵی خۆت رێک خەی، باپیرانمان راستییان فەرمووە دار پوازی لە خۆی نەبێ ناقلیشێ.

بێئەخلاقیی دنیا هەر چەند زۆربێ، گەر بێ ئەخلاقیی کورد خۆی لەگەڵیا نەبێ، هیچیان پێ ناکرێ. ئێستا ئێمە لە هەموو دنیادا هەین، دەزانین دۆست و دوژمنەکانمان کێن و لە کوێن، دوژمنمان گەر هەموو دنیاش بێ، گەر کورد خۆی یەک بێ و جاش و کوردکوژی خۆماڵی نەبێ پێمان ناوێرن.. بەس بەسە. کورد دەبێ چیتر خائین و خۆفرۆش لە ناو خۆی قبووڵ نەکات، بە شەڕو چەک نا، چونکە کورد نابێ کورد بکوژێ، بە ڵکو پێویستە هەرکەسە لە مێشک و بیری خۆیدا خائینان بکوژێ ... ناوو پێناسەی کوردێتی و ئینسانیەتییان لێ بستێنێتەوە، خۆیان و بەدواکەوتۆکانیان شەرمەزارو سووک و چرووک بکات. دەبێ ئامانجی یەکەم و گرنگ و سەرەکیمان دایەلۆگی کوردو کورد و ئاشتی کوردو کورد بێ. دەبێ ئەوە بکەینە بنەمای بیرکردنەوەی کوردستانێتی سەدەی تازەو ملیۆنیمی تازە،.دەی ئەو دروشمە بەرز کەینەوە: کوردی بێ شەرەف ئەو کوردەیە ئامادەیی تێدا هەیە کوردێکی تر بکوژێ...

دووەم: دەبێ هەرچی روو بدا و داگیرکەری فاشیست چۆن بتوانێ بە دڕندەیی خۆی پێست و لەش و مێشکی ئۆجەلان بگۆڕێ، یان شەهیدی بکات، دەبێ لای هەموومان عەبدوڵلا هەر ئاپۆیەکەی خۆمان بێت، بانگهەڵدەر و گڕخۆشکەری بیری کوردستانی بێ، رەمزی ئازادی و بیری سەربەخۆبوون بێ. نابێ کورد خۆی بە پیلانی داگیرکەر ئەم رەمزە ناشیرین بکات و بیشکێنێت، چونکە دەیانەوێ بەمە کەسایەتیی کورد بشکێنن، بیری ئازادیی کورد بخنکێنن، نیازی ئازادیخوازانەمان ژێرپێ بخەن.

سێیەم: دەبێ ئەم هەڵچوون و راپەرینە کوردستانییە بەردەوام بێ و لە رێکخراو و بەرنامە و پرۆگرام و چالاکی نەتەوەیی سەرانسەری و هاوبەشدا خۆی دەربڕێ. دەبێ پ ک ک بەردەوام بێ لەوەی حیزبێکی نەتەوەیی سەرانسەری بێ و بیری یەک کوردستان و سەربەخۆیی بۆ هەموو کورد پەرە پێ بدات. دەبێ جەماوەری کوردستان خۆی زەغت لەو حیزبە بکات و یارمەتی و پاڵپشتی بکا کە خۆی و دامودەزگاکانی بە راستی ببنە دامودەزگای نەتەوەیی کوردستانیی سەرانسەری و لە روانگەو بیرو پراکتیسی تەسکی حیزبایەتی دووربکەونەوە،، هەڵەکانیان راست بکەنەوە، کوێ لە هەموو خەڵکی کورد بگرن، بەرنامەو بیری مودێرن رەچاو بکەن و لە بیری شاخو شەڕی چەکداری رووت دوور بکەونەوە..دایەلۆگێکی عەقلانی پراگماتیکی لەگەڵ ئەمریکاو ئەورووپاو دنیادا بکەن و لە پێش هەموو ئەمانەشدا دایەلۆگی کوردی/کوردی و ئاشتی کوردو کورد پەرە پێبدەن.

چوارەم: پێویستە خەباتی شاخ و شەڕی شاخ بە خێرایی و بە خێرایی بگوێزرێتەو ە بۆ خەباتی شارو شەڕی شار، دەبێ دام و دەزگای ئابووری و سیاسی وسیاحی و سەربازی تورکیا لە هەر شوێنێکدا بێ سەلامەت نەبێ..ئەوانەی ئەوا بێشەرمانەش دوژمنایەتی کورد دەکەن، دەبێ نرخەکەی بدەن.

پێنجەم: پێویستە کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان، گەر بە شێوەیەکی گشتی یەکبوون و فراوانیش لەدایک نەبێت، ئەوا بە شێوەی کۆنگرەی نەتەوەیی جۆراوجۆر لە هەموو بەشێکی کوردستان و دنیادا دابمەزرێ و بەردەوام بێ. بە مەرجێ ئەو کۆنگرانە هەمووی لە دەوری بیری کوردستانیی و خەباتی کوردستانیی و پشتگیری خەباتی باکوور و پ ک ک کار بکەن بێ ئەوەی رێگە بدەن کە پ ک ک یان هیچ حیزبێکی دی دەستیان بەسەردا بگرێت، بەڵکو کۆنگرەی نەتەوەیی دەبێت کۆنگرەی پلورالیزمی کوردی و ئاواتی هەموو کوردێک بۆ ئازادی و سەربەخۆیی بێت.

شەشەم: دەبێ دایەلۆگێکی بەردەوام، عەقڵانیی ، ئاشکرا لە گەڵ گەلانی داگیرکەرو لەگەڵ ئەورووپاو ئەمریکاو جیهان لە سەر بنچینەی مافی رەوای کورد لە ئازاد بوون و دەوڵەتی فیدراڵی لەگەڵ گەلانی خۆرهەڵاتی نێوەندا، دابمەزرێنین.. دەبێ لەم سەردەمەدا کە بچوکترین گەلانیش ئازاد دەبن، لە باسی ئازادی نەتەوەیی سڵ نەکەینەوە.

حەوتەم: با نەهێڵین ئەم لافاوە کوردستانییە بنیشێتەوە، با نەهێڵین ئەم کڵپەی توورەیی و ئازارە دامرکێتەوە. ئەوەش تەنیا بەوە دەبێ کە هەموو رۆڵەیەکی کورد دەوری وڵاتپارێزانەی خۆی ببینێ. با دروشمی:

[لە هەر مانگێک رۆژێک بۆ کورد] ببێتە دروشمی هەموو کوردێکی دڵسۆز.

لە مانگێکدا رۆژێک واز لە کار و کاسبی و بەرژەوەندیی تایبەتی خۆمان بێنین و بەشداری چالاکییەکی نەتەوەیی بکەین..

لە مانگێکدا رۆژێک دەسکەوت و داهاتی خۆمان بۆ چالاکییەکی نەتەوەیی راستەقینە ببەخشین.

با ئەمە دروشمی هەموومان بێت.

با کۆچی ئۆجەلان ببێتە سەرەتایەکی نوێ بۆ مێژووی نوێی کورد بەرەو ئازادی..بۆ کۆچی کورد بەرەو ئازادیی ،،بۆ رێکخستنی ماڵی یەکگرتوو- و لە خیانەت پاککراوەی کورد...بۆ کوردستانی بوون و جیهانیی بوون.

ئەمانە هەندێ بیری خێرا بوون بە قەڵەمی درشت... دیارە بۆ گەڵاڵەی زیاتری ئەم مەبەستانە پێویستیمان بە دایەلۆگێکی کوردی/کوردی بەرفراوان و بەردەوام هەیە. هیوادارم لە داهاتوودا دەرفەتی زیاتر بۆ ئەم جۆرە دایەلۆگە فەراهەم بێن.

کاوه ئەمین

# سەرۆک ئاپۆ و دوژمنانی کوردستان

مێژووی سەرهەڵدانی بزوتنەوەی نەتەوەیی لە کوردستان دا دەگەرێتەوە بۆ چەندین سەدە، راپەرینەکانی سەرۆک خێڵ و رێبەرە ئاینیەکانی کوردستان لەدژی ئیمپراتۆریای عوسمانی و هەتا دەگاتە شۆرشی ئەیلول و شۆرشی رۆژهەلاتی کوردستان ، نمونەی بەرچاون ، زۆربەی سەرهەڵدانەکانی کورد هەتا دروست بوونی کۆماری کوردستان بەرێبەرایەتی پێشەوا قازی محەمەد، ئامانجیان سەربەخۆی کوردستان بووە، بەلام لەوە بەدواوە ئەو دروشمە گۆردرا بەمافی ئۆتۆنۆمی و خودموختاری، کەبەرهەمەکەشی لەدوایدا زیاتر بووەتە سەرگەردانی، ئەم رەوشەش لە باشوور و رۆژهەلاتی کوردستاندا بەئاشکرا دیارە.

هەرلەدوای دامەزراندنی دەوڵەتی تورک ، بەسەرۆکایەتی کەمال ئەتاتورک، باکووری کوردستان کەوتە بەرشالاوی بەتورککردن و راگواستن و تۆقاندن و بەوپەری درندایەتیەوە شۆرشەکانی باکوور سەرکوت کران و، سەرکردەکانیان، وەکو شێخ سەعیدی پیران و سەید رەزا و هاورێکانی، لە سێدارەدران. دەوڵەتی تورک بەهەموو شێوەیەک ئەیویست کورد چاوترسێن بکات،لەدوای تێکشکاندنی شۆرشەکانی کورد لەباکور، مامۆستا ئیسماعیل بەشکچی دەڵێت " دەوڵەتی تورک ئەڵتەرناتیڤی خستە بەردەم چینی دەسەلاتدارانی ئەو کاتەی کورد : یان وەرنە سەنگەری دەوڵەتەوە، یان هەروەک شێخ سەعید و سەید رەزا ملتان دەشکێندرێ. چینی دەسەلاتدارانی کورد، لەوانە سەرۆک خێڵەکان و شێخەکان و زەمینداره مەزنەکان چوونە سەنگەری دەوڵەتەوە و لەوێشەوە کران بە دەزگای تهێنی وپیاوی دەوڵەت " *

لەدوای راپەرینی سەید رەزاوە باکووری کوردستان، هەتا سەرهەڵدانی پارتی کرێکارانی کوردستان، بەسەرۆکایەتی عەبدوڵا ئۆجەلان، شۆرشی چەکداری بەخۆیەوە نەبینی.

راستە هەندێک چالاکی کۆمەلایەتی و رۆشنبیری و کلتوری کراون بەلام ئەم بەرهەڵستیانە نەیان توانی رێگا لەسیاسەتی توانەوەی کورد بگرن. رژێمی تورکی گەلی کوردی دوچاری قەیرانێکی ئابوری و کۆمەلایەتی و سیاسیی هەمەلایەنە کرد، ئەمە جگە لە شکاندنی کەسایەتیی کورد بە شێوەیەکی وا کە کورد بوون وەکو شتێکی عەیب و شورەیی لێهاتبوو. قەدەغەکردن و سوککردنی زمانی کوردی تا ئەمرۆش برینێکە کراوەتە جەستەی کوردی باکوور کە رەنگە دەیان ساڵ بخایەنێ بۆ تیمار کردنی، لەهەندێک حاڵەتیشدا رەنگە چەندین

ملیۆن کورد، کەبەزمانی تورکی بئاخفن بێنە بەرهەم، کەئەمەش خۆی لەخۆیدا تراژیدیایەکی گەورەو بێوێنەی نەتەوەییە لەجیهاندا. کۆمەڵگای کوردی ببووە جێگای تاقیکردنەوەی دەیان سیستەمی گڵاوی ئەم جیهانە کەڕ ولاڵە، لەژێر ناوی ئیسلامی و ئینتەرناسیونالی و فێرکردنی منداڵانی کورد بەوەی چەند خۆشە کە تورکم، هەموو بۆن و بەرامەیەکی کوردی، لە کوردستاندا سڕیبووەوە. لەساتەوەختێکی ئاوادا کۆمەڵێک کوردی خوێندەوار کە زیاتر لەژێر کاریگەری بیری چەپدا بوون، هەڵدەستن لەمێژوو یاخی دەبن، بەدوای رەگ و ریشەی کورد بوونیاندا دەگەڕێن، لەم مەسەلەیەدا سەرۆک ئاپۆ رۆڵێکی بەرچاوی هەیە، هەربۆیەشە لەکاتێکدا کە قوتابی زانکۆ دەبێت لە ئەنکارا لەپاڵ خوێندنەکەیدا بەشێکی زۆر لەکاتی خۆی بۆ لێکۆڵینەوە و بناغەدانانی مانیفێستی شۆڕشی کوردستان تەرخان دەکات و بەبێ هیچ دوودڵییەک ستراتیجیەتی شۆڕشی نەتەوەیی لەسەر بناغەی سەربەخۆیی کوردستان دادەنێت، ئەم کردەوەیەی ئاپۆ و هاورێکانی، واتە لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندنی باری دەروونیی کورد و لاوازی بیری نەتەوەیی و بگرە خۆبەکورد دانەنانی کوردەکانی ئەوپارچەیە، هێزی داگیرکەر، گەیاندنی شۆڕشی باکوری کوردستان بەم ئاستەی ئەمرۆ،کە پێشەنگایەتی بزووتنەوەیی کوردایەتی و ناسیۆنالیزمی کورد دەکات ، رەنگە لەجیهاندا بێهاوتا بێت. شۆڕشی نەتەوەیی ئەمجارە تەنهاوتەنها هێزی گەلی کوردی کردۆتە پاڵپشتی خۆی و دەستی بێگانە لەپشتی دروستکردنی ئەم بیروباوەرو شۆڕشەوە نییە هەر ئەوەشە کەوای کردوە لەگەڵ گەلەکۆمەکێی دەوڵەتانی داگیرکەر و پیلاندانانی کۆلۆنیالیزمی کۆن و نوێوە، ناتوانن پشتی لەزەوی بدەن و دەستەمۆی بکەن، نەبەردییەکانی ئەمدوایە و پیلانە یەک لەدوایەکانی داگیرکەران ، بەڵگەیەکن بۆ ئەوەی کە بیری نەتەوەیی و کوردستانی بەشێوەیەکی وا بناغەیان دارشتوە کە ئەتوانێت پارسەنگی رووداوەکان و هەمانکات بڕیار دەربشبێت.

راستە پێش پارتی کرێکارانیش بیری نەتەوەیی هەبووە، بەڵام زیاتر لەناو دەرسەتێکی کەمی رۆشنبیرانی کورددا قەتیس مابوو، نەیتوانی بوو ببێتە ئایدیۆلۆژیایەک، کەهەموو کۆمەڵانی کورد لەدەوری کۆوەبن، یاخود لەبەردەم بیری نامۆی ئۆتۆنۆمی بەزۆر داسەپاو دا خۆیان رابگرن و سنورەکان ببەزێنن. بەڵام پێ کا کا ئەم تەلیسمەی شکاند، چوونکە شەری ئەوان هەر بۆ داگیرکەر تەرخان نەکرا بەڵکو بەشێکی زۆری وزەی خۆیان بۆ چاککردنەوەی کەسایەتیی شکاو و نەخۆشی کورد تەرخان کرد کە دەیان ساڵە داگیرکەران کردویانەتە زەرویەک و لەناو شادەمارەکانی کورددا دێت و دەچێت. پارتە ریفۆرمیست و خۆبەکەم زانەکانی کوردیش درێخیان نەکردوە بۆ هێشتنەوەی ئەو بارە ناهەموارەی کەبە پیلانێکی جیهانی و ناوچەیی کوردستانی تیا زنجیرکرا و کرایە سەربەشی ماڵان. هەر بۆیەشە ئەو پارت و لایەنانە هەمیشە خۆیان لەسەنگەری دژایەتی پارتی کرێکارانی کوردستاندا دەبیننەوە، هەندێکیان لەبەر پاراستنی ئەو دەسەڵاتە هەرێمیە خۆنەکردەشدا دەبنە پارسەنگێک بۆ داگیرکەران و دەسکەلای وڵاتانی بیانی دژبە کورد.

رۆڵی سەرۆکایەتی پێ کا کا لەدروستکردنی کەسایەتی ژنی سەربڵندنی کوردا، لەکۆمەڵگایەکی دواکەوتوی وەکو کوردستاندا، زیاتر لەمیراکلێک (موعجیزە)یەک دەچێت وەک لەمەنتق، بەرزکردنەوەی دروشمی " ئازادی کوردستان و ئازادی ژنی کورد دوو هاوکێشەن بەبێ یەکتری حەلناکرێن" ، بناغەیەکی پۆڵاینی شۆڕشی نەتەوەییە، کەپێشتر هەوڵێکی لەم بابەتە بۆ بەکارخستنی ، ئەو نیوەی کۆمەڵگای کوردە نەدرابوو کە شایستەی دایکان و ژنانی کورد بێت.

لێدانی بنکەی کۆلۆنیالیستەکانی کوردستان و لەوانەش دامودەستگای کۆنەپەرستی لەکوردستاندا کە سەدان ساڵ بوو داگیرکەران خستبوویانە خزمەتی بەرژەوەندی خۆیان و نەتەوەی سەردەستی ئەو وڵاتانە، پێ کا کا و سەرۆک ئاپۆی رووبەرووی دژایەتیەکی توند کردەوە لە

کوردستاندا. ئاپۆ و هاورێکانی خاوەنی هیچ داراییەک و زەویوزارێک نەبوون و لەسەرەتادا بە حەماڵی و کرێکاری لەپاڵ خوێندن و بەرنامەدارشتنی شۆرشی نەتەوەییدا دوچاری گەلێک گێرمەو کێشە بوونەوە، تا ئەو رادەیەی کە کوردی خۆبەکەم زانیش گاڵتەیان پێکردون و وتوویانە "کۆمەڵێک پەیدا بوون کەناتوانن خۆیان بژێنن، کەچی داوای کوردستانێکی سەربەخۆش دەکەن".

لەهەموو کۆمەڵێکدا بەدرێژایی مێژوو، کەسی تاک (ئیندڤید) هەبووە کە لە گۆرانی کۆمەڵدا دەوری سەرەکییان بووە، سەرۆک ئاپۆ یەکێکە لەو کەسانەی کە خاوەنی کاسەیەتیەکی بەهێز و بروابەخۆبوونێکی پتەو بووە، هەربۆیەش هەر لەسەرەتای لاوێتییەوە هەمیشە سەرکێشی بزووتنەوەی خوێندکارانی کردوە و لەناو قوتابیە کورد و تورکەکانیشدا جێگای رێز بووە، هەرزووش بووەتە هەدەفی فاشیست و بەنێو کۆمۆنیستەکانی تورک. ئاپۆ یەکەمین کەسانێک بووە کە لەزانکۆ باسی سنورەکانی کوردستان و تورکیای کردوە. کە لە ئەنکاراوە سەفەری کردوە بۆ دیاربەکر هەمیشە بەو چاوە سەیری کردوە کە لەبەینی دوو وڵاتی جیاوازدا هاتوو چۆ دەکات. پیلاندانانی تورکیا بە هاوکاریی دۆستەکانی ناتۆی بۆ لەناو بردنی کەسایەتیی ئاپۆ، ئەوەی نیشاندایین کە ئاپۆ پیاوی هیچ وڵاتێک نەبووە و هەمیشە بەرژەوەندیەکانی نەتەوەکەی پاراستووە. هەر ئەوەش وای کرد کە گەلی کورد لە چوارقورنەی ئەم جیهانەدا، خۆیان کردە خاوەنی و مێژووی مرۆڤایەتییان هەژاند.

ئاپۆ یەکێکە لەو مرۆڤە دەگمانانەی مێژوو، کە بەسەدان کەس ئامەدەبوون بۆ پاراستنی گیانی ئەو خۆیان بسوتێنن دەیان کەسیش ئەم کارەیان کرد. ، بوونە کۆچی قوربانی بیری نەتەوەیی و کوردستانی ئاپۆ.

سەرهەڵدانەکانی سەرتاسەری کوردستان و ئەوروپا و بگرە هەموو دنیا دوای رفاندنی ئاپۆ لەلایەن دەستگا ئیستخباراتییەکانی وڵاتانی ئەم دینا بێسەروبەرەدا، دوو شتی بۆ ئێمە دەرخست:

یەکەم ئەوەی کە هەبوونی دەوڵەتێکی نەتەوەیی کوردی تەنها زەمانەتێکە بۆ پارستنی هەبوونی گەلی کوردو پاراستنی گیانی هاووڵاتیانی کوردستان. دووەم کە بەرژەوەندی و گەلان و وڵاتانی دنیا بریاردەرێکی حەتمیە و ئەو شتەی کەناوی نراوە کێشەی مافی مرۆڤ و عەدالەت لەدنیادا وجودی نییە. هەمان کات گرتنی سەرۆک ئاپۆ جارێکی تریش ئەوەی بۆ دنیا و کوردیش ئیسپات کرد کە گەلی کورد خاوەنی کێشەیەکی نەتەوەییە. یەکگرتنی گەلی کورد لەکەسایەتیی سەرۆک ئاپۆدا گاڤێکی گرنگ و چارەنووس سازانەبوو لەکۆتایی ئەم سەدەیەدا.

هەمان کات بیری سەربەخۆیی و نەتەوەیی کوردستان جێگای بە بیرە دژە کوردستانی و نامۆکان لێژ کرد و گورزێکی گەورە بوو لە سەری ئەو پارت و خێڵ و کەسایەتیانە درا کە تائێستایش لەخەوی خۆبەکەم زانی دان و بە پێناسەی وڵاتانی داگیرکەری کوردستانەوە خۆ بادەدەن.

گەلی تورکیش بەدەنگدانیان بەفاشیست و کەمالیستەکان جارێکی تریش دوپاتیان کردەوە کە گەلێکی مشەخۆر و بێشارستانین و تا بینەقاقایان نوقمی شۆڤینیەت و تاڵانکارین.

سەرۆک ئاپۆ رەنگە وەکو پیاوێکی سیاسی و تیۆریزانی کورد کۆتایی بەکارەکانی هێنرابێت، بەڵام ئاپۆ لاپەرەیەکی گەشە لەمێژووی کورد و مرۆڤایەتیدا و گەلی کورد قەرزاری ئەون، هەربۆیەشە هەرچییەکی بۆ بکەن هێشتا کەمە، ئەگەر فاشیەکان لەسێدارەی بدەن ئەوا ئاپۆ دەبێتە پاڵەوانی نەتەوەیی و رەمزی کوردستانیبوون و موڵکی هەمیشەیی گەلی کورد، ئەگەرنا ئەوا مێژووی مرۆڤایەتی دوو ماندێلا لە ئامێز دەگرێت.

* کوردستان: کۆلۆنییەکی نێودەوڵەتی . ئیسمایل بەشکچی
(وەرگێرانی رێبوار رەشید)

د. مارف عومەر گوڵ

# کێشەی کەسایەتیی یاسایی نێونەتەوەیی گەلی کورد لە یاسای نێودەوڵەتاندا

**پێشەکی**

لە یاسای تازەی نێونەتەوەییدا پرنسیپی یەکسانی و دیاریکردنی چارەنووسی گەلان و میللەتان لە دوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە بە شێوەیەکی گشتی دانی پێدانراوە. لە ئەنجامی ئەم پرنسیپە یاساییە جیهانییەدا زیاتر لە (١٠٠) دەوڵەتی تازەی سەربەخۆ پەیدا بوون.

خاڵی دووەمی بەندی یەکەمی دەستوری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان پرنسیپی یەکسانی و دیاریکردنی چارەنووسی گەلانی کردۆتە بناغە بۆ بەدیهێنانی یەکێک لە ئەنجامەکانی ئەم ڕێکخراوە، کە بریتییە لە «پەرەپێدانی پەیوەندیی دۆستانە لە نێوان میللەتاندا لەسەر بناغەی ڕێزگرتنی یەکسانی مافی گەلان". هەروەها لە بەندی (٥٥) یشدا چەسپێنراوە کە ئاشتی و ئاسایشی نێونەتەوەیی تەنها لەسەر بناغەی ڕێزگرتنی پرنسیپی یەکسانی و دیاریکردنی چارەنووسی گەلان مسۆگەر دەکرێت.

جێگیرکردنی ئەم پرنسیپە لە دەستوری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا نیشانەی دانپێدانانێکی گشتییە، پێویستە دەوڵەتانیش ڕێزی لێ بگرن و بۆ بەدیهێنانی ڕێگە بۆ هەموو گەلان خۆش بکەن (١). پاشتر ئەنجومەنی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بەیاننامەی (١٤/١٢/١٩٦٠) سەربەخۆیی وڵاتان و گەلانی کۆلۆنیدا پەرەی بە ناواخنی پرنسیپی یەکسانی و چارەنووس دا و جەختی کرد کە "هەموو گەلان مافی دیاریکردنی چارەنووسیان هەیە. بە حوکمی ئەو مافەش بە ئازادی بڕیار لەسەر دۆخی سیاسی (ستاتوس) ی خۆیان دەدەن و پێشکەوتنی ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتووریی خۆیان بەدی دێنن". هەربۆیەش، "هەموو گەلان مافی هەمیشەییان لە سەربەخۆیی تەواو و سەرداریتی بەسەر سەرجەم سنووری نەتەوەییاندا هەیە" و لە پێناوی ئازادیدا دەتوانن بەهەر شێوە و ڕێگەیەکی گونجاودا بێت پەرە بە خەباتیان بدەن (٢).

داڕشتنی یاسایی مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلان، کە لە پرنسیپی یەکسانی و دیاریکردنی چارەنووسەوە سەرچاوە هەڵدەگرێت. لە بەندی یەکەمی پەیمانی جیهانی (نێونەتەوەیی) دەربارەی مافی ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتووری ساڵی ١٩٦٦ و پەیمانی جیهانی دەربارەی مافی مەدەنی civil و سیاسی ساڵی ١٩٦٦ دا جێگیر کراوە. لەم بەندەدا، مافی گەلان بەم شێوەیە جێگیر کراوە:

١- بە ئازادی دیاریکردنی چارەنووس.

٢- بە ئازادی هەڵبژاردن و دیاریکردنی سیستێمی سیاسی.

٣- بە ئازادی بەکارهێنانی سامان و سەرچاوە سروشتییەکانی ناخۆ(٣).

ئەنجوومەنی گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بەیاننامەی تایبەت بە پرنسیپەکانی یاسای نێونەتەوەییدا، دەربارەی پەیوەندی دۆستانە و هاوکاری نێوان دەوڵەتان بە گوێرەی دەستوری نەتەوە یەکگرتووەکان لە ٢٥ ی ئۆکتۆبەری ١٩٧٠ دا ڕایگەیاندووە کە "بڕوای وایە، پرنسیپی یەکسانی و دیاریکردنی چارەنووسی گەلان بریتییە لە بەشداریکردنێکی گرنگ لە یاسای نێونەتەوەییدا، چونکە جێ بەجێکردنی کاریگەرانەی، مەبەستی سەرەکییە بۆ پشتگیریکردنی پێشکەوتنی پەیوەندی دۆستانەی نێوان دەوڵەتان کە بناغەی لەسەر ڕێزگرتنی پرنسیپی یەکسانیی سەرداریتی داکوتاوە" (٤).

گەلی کورد، لە خەباتیدا بۆ ئازادی و سەربەخۆیی، مێژوویەکی کۆنی هەیە، کەچی تا ئێستا نەیتوانیوە چارەنووسی خۆی دیاری بکات و ئەو مافەی بەدی بێنێت. ئەگەرچی بەندی (٦٢) ی پەیماننامەی سیڤەر لە ١٠/٨/١٩٢٠ دا ئۆتۆنۆمییەکی ناوچەیی بۆ ئەو ناوچانە دیاری دەکات کە زۆربەی دانیشتوانی کوردن (لە

باکووری کوردستان). بەندی (٦٤) یش ئەوە دیاری دەکات، ئەگەر ساڵێک لە دوای بە گەڕخستنی پەیماننامەکە، کوردەکان ویستیان، ئەوا دەتوانن سەربەخۆ بن (٥). بەڵام پەیماننامەی سیڤەر حوکمی یاسایی وەرنەگرت و نەکەوتە کار. چارەنووسی کوردیش بەبێ بەشداری خۆی لە پەیماننامەی لۆزان لە ١٩٢٣/٧/٢٤ دا پێشێل کرا و سنووری تازەی تورکیا دیاری کرا (٦). لە ئەنجامدا خاکی کوردستان لە نێوان تورکیا، سوریا، عێراق و ئێراندا دابەشکرایەوە و نەخشەی کوردستانێکی پچڕ پچڕ کێشرا. بەڵام حکومەتی عێراق و بەریتانیا بە پەیامنامەیەکی رەسمی هاوبەش بڕیاریان لەسەر پێکهێنانی حکومەتێکی کوردی دا لە چوارچێوەی عێراقدا، کە ئەویش پاشتر جێ بەجێ نەکرا. لە ناوخۆی تورکیا، سوریا و ئێراندا بە هیچ جۆرێک دان بە مافەکانی کوردا نەنرا، نە وەکو کەمینەی نەتەوەیی، نە وەکو گەلێکی سەربەخۆ لە دیاریکردنی چارەنووسدا. ئیتر بزووتنەوەی کورد لە نێوان ئەو چوار دەوڵەتەدا لەت و پەت بوو. بە تایبەتیش چەند رێکەوتننامەیەکی هاوبەشی نێوان ئەو چوار دەوڵەتە زیاتر کاری خراپی کردە سەر چارەنووسی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد.

لەبەر دابەشکردنی گەلی کورد بەسەر چوار دەوڵەتدا، کێشەی جێ بەجێکردنی مافی دیاریکردنی چارەنووس، رەنگە بە چەند شێوەیەکی جیاجیا چارەسەر بکرێت، دیارە لەم بۆچوونەشدا رەوتی سیاسەتی هەرێمی و جیهانی لەگەڵ فاکتەری ناوخۆی بزووتنەوەی کوردا رەچاو دەکرێت.

باشووری کوردستان کە تاکو ئێستایش بە شێوەیەکی رەسمی وەکو بەشێک لە عێراق ناو دەبرێت، لە دوای دۆراندنی عێراق لە جەنگی دووەمی کەنداو و سەپاندنی سزای نێونەتەوەیی بەسەر عێراقدا، سیاسەتی جینۆساید لەو ناوچانەی کە بە "زۆنی ئاسایش" ناو دەبرێن، بەربەند کرا، چونکە جەماوەری کوردستان و هێزەکانی بزووتنەوەی کورد دەسەڵاتیان گرتە دەست. پێکهێنانی پەرلەمان و حکومەتێکی کوردی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لەو بەشەی کوردستاندا رێگایەکی تریان کردەوە. بەڵام رەنگە لە تورکیا یان ئێران یان سوریا، بە گوێرەی هەل و مەرجی قۆناغەکە باس لە شێوەی چارەسەرکردنی کێشەکە بکرێت.

لەم سەردەمەدا، بە هۆی کۆتایهاتنی شەڕی سارد و سەپاندنی سزای نێونەتەوەیی بەسەر عێراقدا، گەلی کورد ئەو هەلەی بۆ رەخسا کە بە شێوەی ئاشتیانە چارەنووسی خۆی دیاری بکات. جا لەبەر ئاڵۆزی کێشەی کورد لە نێوان چوار دەوڵەتدا، لە رووی زانستییەوە، چارەسەری یاسایی - نێونەتەوەیی دەربارەی سەربەخۆیی گەلی کورد، بە بڕوای ئێمە، لەسەر شیکردنەوەی کێشەی کەسایەتیی یاسایی نێونەتەوەیی وەستاوە:

- کێشەی کەسایەتیی یاسایی نێونەتەوەیی The problem of international juridical subjectivity.

نوێنەری تایبەتی بنکۆمیسیۆنی تایبەت بە قەدەغەکردنی نەژادپەرستی و داکۆکی لە کەمینەکان، . ئاید، لە راپۆرتی "داکۆکی لە کەمینەکان" زۆر بە دڵنیاییەوە بیروڕای وایە کە مافی دیاریکردنی چارەنووس بێ دوو دڵی بۆ ئەم گەلانەیە:

١- گەلانی کۆلۆنی،

٢- گەلانی ئەو سنوورانەی کە هێرشی بێگانە داگیری کردوون یا لە دوای ساڵی (١٩٤٥) ەوە لکێندراون،

٣- گەلانی فیدرالی لەگەڵ دەوڵەتانی تردا، کە مافی جیابوونەوەیان لە دەستووردا دیاریکرابێت.

بەڵام ئەو سنوورانەی کە پێش ساڵی ١٩٤٥، واتە لە پێش دانانی دەستووری رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە لەشکری بێگانە داگیری کردووە یا لکێندراون، ئەو گەلانەی کە بە شێوەیەکی یەکگرتوو Compactلە هەرێمێکدا دەژین، لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی خاوەن سەرداریدا دان بە کەسایەتیی یاسایی نێونەتەوەییاندا دەنرێت، بەڵام بۆ جێ بەجێکردنی مافی دیاریکردنی چارەنووس، دەبێ ئەو گەلانە خۆیان بیسەلمێنن کە بە گوێرەی یاسای نێونەتەوەیی مافی جیابوونەوەیان هەیە. هەوڵدان بۆ گۆڕینی سنوورە مێژینەکان لەم سەردەمەدا، دەبێتە هۆی شەڕ و پێکدادان لە ناو چوارچێوەی ئەو سیستێمە جیهانیەی کە دەقی گرتووە. بەڵام کەسایەتیی یاسایی نێونەتەوەیی ئەو گەلانە ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو گەلانەی لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی دیکەدا دەژین، پێویستە لەسەر دەوڵەتەکە رەچاوی پرنسیپی یەکسانی و دیاریکردنی چارەنووسیان بکات و ئەو گەلانە حکومەتی خۆیان هەبێت و نوێنەرایەتی سەرجەم دانیشتوانی بەبێ جیاوازی رەگەز، ئاین یا رەنگ، تێدا بێت، هەروەها رێز لە سەرجەمی مافەکانی گەلان بگیرێت. هەر کاتێکیش ئەو مافانە پێشێل کران، مەسەلەی مافی دیاریکردنی چارەنووس هەتا جیابوونەوەیش خۆی دەسەپێنێت، "ئەگەرنەمەش بە دڵنیاییەوە باوەڕ بە کۆمەڵگەی جیهان نەهێنێت، ئەوا دەوڵەتانی دەرەوە مافی ئەوەیان نیە بکەونە هاندان و پشتگیریکردنی دیاریکردنی چارەنووسی ئەو گەلە" (٧).

بە راست و دروستی دۆخی گەلی کورد لەم حاڵەتەدایە، کە نیشتمانەکەی لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە

دابەشکراوە و هەر بەشێکی بە دەوڵەتێکەوە لکێندراوە. ئەمەش زۆر لە پێش پێکهێنانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و دانانی دەستورەکەیەوە بوو. زیاتریش ئاڵۆزیی دۆخی کورد لەوەدایە، نیشتمانەکەی بە چوار دەوڵەتەوە لکێندراوە.

کە باس لە مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلی کورد دەکرێت، کەسایەتیی یاسایی نێونەتەوەیی ئەو گەلە ڕەچاو ناکرێت. بە بیروڕای ئێمە مەسەلەی کەسایەتیی یاسایی نێونەتەوەیی لەم سەردەمەدا بەردی بناغەی چارەسەرکردنی ئاڵۆزترین و شێواوترین کێشەی پەیوەندیی نێودەوڵەتانە . هەر لەبەر ئەم هۆیەش ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیەدا ئاوڕمان لە کێشەی کەسایەتیی یاسایی نێونەتەوەیی گەلی کورد داوەتەوە.

ئەرکی سەرەکی ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیەدا، شیکردنەوەیەکی زانستیانەی هەل و مەرجی جێ بەجێکردنی مافی یەکسانی و دیاریکردنی چارەنووسی گەلی کوردە، کە لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانیەوە نیشتمانەکەی بەسەر چوار دەوڵەتدا دابەشکراو بە دەوڵەتانی چەند میللەتێکی ترەوە لکێندرا. شیکردنەوەی ئەو هەل و مەرجەش لە بناغەی لێکۆڵینەوەیەکی تیئۆریی کەسایەتیی یاسایی نێونەتەوەیی گەلی کوردە.

بۆ بەدەستهێنانی مەبەستی لێکۆڵینەوەکەمان ئەم لایەنانەمان شیکردۆتەوە:

- جیاوازی نێوان کەسایەتیی یاسایی نێونەتەوەیی گەل و خەسڵەتەکانی کەسانی Subjekt ی یاسای نێونەتەودیی.
- بوونی کەسایەتیی یاسایی نێونەتەوەیی لای گەلی کورد، کە بە شێوەیەکی یەکگرتووCompac لە ناو دەوڵەتی میللەتانی تردا دەژی.
- مافی گەلی کورد لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیدا، لە بەرامبەر سیاسەتی عێراق کە پرنسیپی یەکسانی و مافی دیاریکردنی چارەنووسی پێشێل کردووە و جینۆساید پیادە دەکات.
- شێوەی جێ بەجێکردنی مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلی کورد لە باشووری کوردستان ( ئەو بەشەی کە بە عێراقەوە لکێندراوە)، بە هەڵبژاردنی سیستێمی فیدرالی بۆ ئەم قۆناغە.

دەبوایە لەم لێکۆڵینەوەیەدا گرنگیمان بە تاوانی جینۆسایدی گەلی کورد بدایە، بەڵام ئەو باسەمان بە کتێبێکی سەربەخۆ، بە ناوی (جینۆسایدی گەلی کورد لەبەر ڕۆشنایی یاسای تازەی نێودەوڵەتاندا) چاپ کردووە.

لەم لێکۆڵینەوەیەدا، پشتمان بە کارە زانستییەکانی کۆمەڵێک زانا و پسپۆڕی یاسای نێونەتەوەیی بەستووە، بە تایبەتیش سەرچاوە ڕووسیەکانی بواری زانستی یاسای نێونەتەوەیی و هەندێ سەرچاوەی زانایانی جیهان کە کارەکانیان کراون بە ڕووسی. هەروەها پشتمان بە کارەکانی کوردناسان و زانایان و نووسەرانی کوردیش بەستووە. بەڵگەنامە و ڕاپۆرت و بڕیار و ڕێکەوتننامەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان گرنگییەکی زۆریان پێدراوە و وەکو سەرچاوەی یاسای نێونەتەوەیی پشتمان پێیان بەستووە.

بۆ یەکەم جاریش، لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەندێ بەڵگەنامەی (حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق) کە لە ساڵی ١٩٩٢ دامەزرا، بەکارهێنراوە

**بەشی یەکەم**

**چەمکی کەسایەتیی یاسایی نێونەتەوەیی**

یاسای نێونەتەوەیی لە ئەنجامی پێویستی ڕێکخستنی نێوان دەوڵەتانەوە هاتۆتە ئاراوە، بۆیە دەوڵەتی خاوەن سەروەریی (دولە ذات سیادە) بووە بە یەکەم لایەن ( سۆبێکت Subjekt ) لە یاسای نێونەتەوەییدا.

دەوڵەتی خاوەن سەروەرییش لە زانستی یاسای نێونەتەوەییدا، مانای سەربەخۆیی دەوڵەتەکەیە لە پەیوەندی نێوان دەوڵەتان و لە دەسەڵاتیدا لە ناوخۆی خۆیدا(١).

ئەم تێروانینە، لە لای زانایانی یاسای وڵاتانی ڕۆژئاوا بە فراوانی دیارە. زانای ئوسترالی (د. ستارک) دیاری دەکات کە دەوڵەتی خاوەن سەربەخۆیی و سەرداریی بەسەر هاونیشتمانان و کاروباری ناوخۆی سنوورەکەیدا، لایەنی (کەسی) یاسای نێونەتەوەییە (٢). زانای بەریتانیش (ی . براونلی) دیاری دەکات کە لایەنی جێگیر و چەسپاو لە یاسای نێونەتەوەییدا دەوڵەتی خاوەن سەروەرییە (٣).

دەربارەی هەمان تێروانین، سەرۆکی پێشووی دادگای نێونەتەوەیی سەر بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان UN ئیدوارد هیمینس دی ئەریچاگە، دیاری دەکات کە دوڵەت پێویستە سنووری دیاریکراوی هەبێ و دەسەڵاتی یاسایی خۆی بەسەردا جێ بەجێ بکات (٤). یاساناسی ئەمریکایی (چ . هاید) دەڵێت کە دەوڵەت پێویستە ئەم پێکهاتانەی هەبێت:

١- دانیشتوان، پێویستە ژمارەیان بەو ئەندازەیە زۆر بێت کە خۆی بگرێ و بوونی خۆی بەردەوام رابگرێت.

٢- سنوورێکی دیاریکراو، تاکو دانیشتوانی تێدا

بژین.

٣- حکومەت، بۆ کۆنترۆڵکردنی هەرێم و رێکخستنی کاروباری دانیشتوان.

٤- توانای بەشداریکردن لە پەیوەندی دەرەوەدا.(٥)

لەبەر ئەوەی یاسای نێونەتەوەیی پەیوەندی نێوان دەوڵەتان رێک دەخات، لایەنەکانی (سۆبێکتەکانی) بە حوکمی دەسەڵات و سەروەرییان لە ژێر رکێفی چوارچێوەیەکی تایبەتی دیکەدا نین و سەربەخۆیانە رەفتار دەکەن. دۆخی یاسایی (ستاتوس - Status) ی بەشدارانی پەیوەندی نێوان دەوڵەتانیش جیاوازە لە ستاتوسی بەشدارانی پەیوەندی ناوخۆی هەر وڵاتێک، هەربۆیەش لایەنەکانی یاسای نێونەتەوەیی بە حوکمی سەربەخۆیی خۆیان ئەو ماف و ئەرکانە جێ بە جێ دەکەن کە ئەو بنەمایانە پێکی هێناون (٦).

جگە لەوەی کە یەکەم لایەنی یاسای نێونەتەوەیی دەوڵەتی خاوەن سەروەرییە، گەلان و میللەتانی خەباتگێڕیش لە پێناوی ئازادی و دەوڵەتی سەربەخۆدا (٧)، هەروەها رێکخراوی نێونەتەوەیی نێوان دەوڵەتان و دەوڵەتی تایبەتمەندیش هەر لایەنی یاسای نێونەتەوەیین (٨). ئیتر بە گوێرەی تایبەتمەندی پەیوەندیی نێونەتەوەیی هەر لایەنێک (سۆبێکتێک) مەودا و قەبارەی کەسایەتیی یاسایی نێونەتەوەیی تایبەت بە خۆی هەیە. ئەم مەسەلەیەش، لە تیئۆری گشتی یاسادا، بووە بە مایەی لێدوان و لێتوێژینەوەیەکی بەرفراوان.

بەشێک لە زانایان پێیان وایە کە چەمکی (سۆبێکتی یاسا) و (کەسایەتیی یاسایی)، دوو واتای هاوجووتن. س. س. ئەلیکسێیەڤ، دەڵێت: "زاراوەی - سۆبێکتی یاسا و - کەسایەتیی یاسایی- بە گوێرەی کاکڵی بنچینەییان هاوجووتن (٩). هەروەها س. ف. کەچیکیان، دەستنیشانی کردووە کە لایەنێک بەشدار بێ یا توانای بەشداربوونی لە پەیوەندیی یاساییدا هەبێت، وەکو کەسی (سۆبێکتی) یاسا دیاری دەکرێت. (١٠). هەروەها دوو زانای دیکە، د. ی. فیلدمان و گ. ی. کوردیوکەڤ، پێیان وایە "سۆبێکتی یاسا" بانگدەری نوێنەرایەتی تیئۆری یاسایە (١١). یە. ئە. شیبایڤ لەو بروایەدایە کە دیاریکردنی سۆبێکتی یاسا، تیئۆری گشتی یاسا خۆیەتی، کە بەسەر یاسای نێونەتەوەییشدا جێ بە جێ دەکرێت. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە کاکڵی چەمکی "سۆبێکتی یاسا" بە جیا لە بوارەکانی تری یاسا، ماف و ئەرک پێک دێنێت. (١٢).

بەهەمان شێوەش، ن. ئە. نوشاکەف پێی وایە کە لایەنەکانی (واتە سۆبێکتەکانی) یاسای نێونەتەوەیی، ئەو لایەن و کەسانەن کە لە پەیوەندیی یاسایی نێونەتەوەییدا بەشدارن یا توانای بەشداربوونیان هەیە (١٣).

بەڵام بواری بەشداربوون یا بەشداریکردن لە پەیوەندیی یاساییدا لە لایەنێکەوە بۆ لایەنێکی دیکە دەگۆردرێت. دەربارەی ئەم راستییەش ر. ئۆ. خالْفین وا سەرنجی داوە کە پێویستە مانای سوبێکتی یاسا لە مانای بەشدارانی پەیوەندیی یاسایی جیا بکرێتەوە (١٤). هەر ئەم تێروانینەش وای لە خالْفین کردووە سۆبێکتەکانی یاسا لێکتر جیابکاتەوە. واتە ئەو لایەنەی کە مافی هەیە و ئەو لایەنەی کە ئەو مافانەی خۆی لە پەیوەندیی یاساییدا جێ بە جێ دەکات. هەروەها س. س. ئەلێکسێیەف، ئەویش دانی پێدا دەنێت کە سۆبێکتی یاسا، واتە ئەو لایەنەی کەسایەتیی یاسایی هەیە، واتە، دەتوانێت لە پەیوەندیی یاساییدا بەشدار بێت. بەڵام سۆبێکتی پەیوەندی یاسایی، واتە، بەشداری راستەقینەی پەیوەندی یاسایی (١٥). کەواتە، هاوپەیوەندی نێوان "سۆبێکتی یاسا" و "سۆبێکتی پەیوەندی یاسایی" پشتگیری ئەو بیرورایەی پ. ئۆ. خالْفین دەکات کە کەسایەتیی یاسایی رێگە بۆ بەشداریکردن لە پەیوەندیی یاساییدا دەکاتەوە (١٦).

س. س. ئەلیکسێیەڤ وای دیاریکردووە کە کەسایەتیی یاسایی دوو پێکهاتەی هەیە:

یەکەم: توانای هەبوونی ماف و لە ئەستۆگرتنی ئەرک.

دووەم: توانای سەربەخۆ جێ بە جێکردنی ماف و ئەرک.

لەبەر ئەوە، هەندێ جار بە کەسایەتیی یاسایی دەوترێت مافی توانای کار ئەنجامدان (١٧).

ئیتر بە گوێرەی خەسڵەتی یاسای نێونەتەوەیی، کە رەنگدانەوەی پەیوەندی نێوان دەوڵەتانە، دەتوانین بڵێین کە چەمکی کەسایەتیی یاسایی لە چەمکی یاسای ناخۆی دەوڵەت جیاوازە.

تایبەتمەندی کەسایەتیی یاسایی لە یاسای نێونەتەوەییدا بە گوێرەی دیاریکردنی ستاتوسی دەوڵەت یا رێکخراوی نێونەتەوەیی نێوان دەوڵەتان دەزانرێت.

بە هۆی سەروەری (سەرداریتی ) یەوە، تایبەتمەندیی سۆبێکت بەم جۆرە دیاری دەکرێت:

دەوڵەت بە حوکمی بوونی خۆی ipso facto سۆبێکتی یاسای نێونەتەوەییە. ئەمەش واتانێ کەسایەتیی یاسایی نێونەتەوەیی دەوڵەت بە درێژایی بوونی بەردەوامە و هەر بە یەکگرتنی ئەو دەوڵەتە لەگەڵ دەوڵەتێکی دیکەدا، یا دابەشبوونی بە چەند بەشێک، ئیتر ئەو کەسایەتییە نامێنێ (١٨).

ئەگەرچی دەوڵەتان خۆیان لە پێکهێنانی بنەماکانی یاسای نێونەتەوەیدا بەشدارن و دەتوانن لە جێ بە جێکردنی ئەو پەیوەندییە یاساییانەدا بەشداربن (١٩)،

بەڵام هیچ کاتێک دەوڵەت ناتوانێ لە حوکمی بنەما ئیمپیرەتیڤەکانی یاسای نێونەتەوەیی (قواعد امره – Jus Gogens) دەرباز بێت. ئەگەر خۆیشی لە دروستکردنیدا بەشدار نەبووبێ، ئەوا دەبێ پێوەی پا بەند بێ. هەر بۆ نموونە، ئەگەر دەوڵەت بەشداریش نەبێ لە پەیماننامەی قەدەغەکردنی تاوانی نێونەتەوەییدا، وەکو جینۆساید یا ئەپارتیید یا تاوانی جەنگ، ئەوا هەر پابەندە بە ئەنجام نەدان و بەربەندکردنیان. کەواتە، لێرەدا دەوڵەت لە کاتی بەشدار نەبوونیشیدا لە دروستبوونی بنەمایەکی یاسایی ئیمپیرەتیڤدا، هەر دەبێ لە جێ بە جێکردنیدا بەشدار بێ، چونکە خەسڵەتێکی یاسایی داسەپێنەری هەیە.

ل. ئە. مەجەریان پێی وایە کە سەرجەم ماف و ئەرکەکانی دەوڵەت لە لایەن دەوڵەتان خۆیانەوە دیاری دەکرێن. جا چ لە پەیماننامەی نێودەوڵەتاندا یا لە داب و نەریتدا دیاری بکرێت.(٢٠)

تایبەتمەندییەکی تری دەوڵەت، جیاواز لە سۆبێکتەکانی تری یاسای نێونەتەوەیی، ئەو توانا یاسایی جیهانی بەرفراوانەیە کە لە جێ بە جێکردنی بنەمای یاسایی و پێوەندیی نێوان دەوڵەتاندا ناکرێ سنووری بۆ دابنرێ (٢١). دیارە لێرەدا مەبەست لە چوارچێوەی پێوەندی ئاساییە، نەک رەفتاری نائاسایی.

سۆبێکتێکی تری یاسای نێونەتەوەیی، رێکخراوی نێونەتەوەیی دەوڵەتییە. ئەو رێکخراوەش دەبێ لەسەر بناغەی رێکەوتننامەی نێوان دەوڵەتان دروست بووبێ، کە ئەوان تێیدا ئەندام بن و بە ئارەزووی خۆیان پێک هاتبێ. بۆ نموونە رێکخراوی UN. ئیتر هەر جۆرە پەیوەندییەک لەگەڵ ئەو رێکخراوەدا یا لەگەڵ ئۆرگانەکانیدا، نیشانەی دانپێدانانی هەردوو سەرە بە یەکتری، بە تایبەتی جۆری ئەو پەیوەندییە وەکو بەستنی پەیماننامە، رێکەوتننامە، کۆنتراکت یا گۆڕینەوەی نامە و بیرورا. (لێرەدا پێویستە ئاگاداری پەیوەندیی دەزگاکانی UN بین، لەگەڵ ئۆرگانەکانی "حکومەتی هەرێمی کوردستانی عیراق کە لە ساڵی (١٩٩٢) دامەزرا، چ پەرلەمان یا ئەنجومەنی وەزیران یا وەزارەتەکان).

گ. ی. تونکین وا پیشان دەدات کە دانپێدانان بە رێکخراوی نێونەتەوەیی دەوڵەتی (المنظمات الدولیه الحکومیه ) نیشانەی پەیدابوونی میتۆدی تازەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان دەوڵەتان (٢٢).

هەروەکو لەم سەردەمەدا دانی پێدا نراوە، کە رێکخراوی نێونەتەوەیی دەوڵەتی سۆبێکتی (لایەنی) یاسای نێو نەتەوەییە. ئە. شیبایەڤ بەمجۆرە پێکهاتەکانی ئەو جۆرە رێکخراوانە دیاری دەکات: (١) لەسەر بناغەی رێکەوتن، (٢) بوونی ئامانجی دیاریکراو، (٣) بە گوێرەی یاسای نێو نەتەوەیی پێک هاتبێ (٢٣).

یۆ. ت. ئوسێنکە وای دادەنێت کە دانپێدانان بە رێکخراوی نێونەتەوەیی دەوڵەتی وەکو سۆبێکتی یاسای نێو نەتەوەیی، بریتییە لەم نیشانانە:

١– رێکخراو لەسەر بناغەی پەیماننامەی نێوان دەوڵەتان بێ و بکەوێتە کار.

٢– بەشدارەکانی رێکخراو دەبێ دەوڵەتان بن.

٣– توانایەکی سەربەخۆی هەبێت.

٤– ئۆرگانی جێ بە جێکردنی خواست و ئامانجەکانی هەبێت.

٥– پێویستە رەوایی یاسایی هەبێت.

٦– هاوکاری نێوان دەوڵەتان رێکبخات (٢٤).

گ. م. ڤیلیامینەڤ، لە تێروانینی مەسەلەی کەسایەتیی یاسایی نێونەتەوەیی رێکخراوی دەوڵەتدا، وای هەڵدەسەنگێنێت کە:

١– پێویستە رێکخراو ئۆتۆنۆمی هەبێت.

٢– پەیوەندی نێوان دەوڵەتان لە جێ بە جێکردنی سەربەخۆییاندا ئۆرگانیزە بکات.

٣– دەبێ دەوڵەتان دان بە کەسایەتی یاسایی نێونەتەوەیی رێکخراودا بنێن.

٤– رێکخراو مافی قانوونی هەبێت، کە لە ئاستێکی نێونەتەوەییدا جێ بە جێ بکرێت (٢٥).

گەلێک لە زانایان و قانووناسان بیروڕای لەو جۆرەی ڤیلیامینەڤ- یان هەیە دەربارەی کەسایەتی یاسایی نێونەتەوەیی رێکخراوی دەوڵەتی. بەمجۆرە، کەسایەتی یاسایی دەوڵەت بە درێژایی بەردەوامبوونی پەیوەندە بە خواستی بەشدارانی دیکەی پەیوەندی نێوان دەوڵەتانەوە، بەڵام کەسایەتیی یاسایی رێکخراوی نێونەتەوەیی دەوڵەتان بەندە بە خواست و ئارەزووی دەوڵەتە بەشداربووە پێکهێنەرەکانەوە (٢٧).

دادگای نێونەتەوەیی سەر بە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بڕیارێکدا دەربارەی کەسایەتیی یاسایی نێونەتەوەیی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان UN گەیشتە ئەوەی کە: رێکخراوی UN کەسایەتییەکی یاسایی نێونەتەوەیی، بە ئەندازەیەکی فراوان، هەیە و دەتوانێت لە ئاستێکی نێونەتەوەییدا کار بکات، هەمان کات دادگای نێونەتەوەیی دەڵێت کە رێکخراوی UN وەکو سۆبێکتێکی یاسای نێونەتەوەیی ئەو ماف وئەرک و کەسایەتییە یاساییەی نییە بەو ئەندازەیەی کە دەوڵەتێک هەیەتی (٢٨).

لە چەند پەیماننامەیەکی نێونەتەوەیی گشتیدا دان بە رێکخراوی نێودەوڵەتیدا نراوە وەکو سۆبێکتی یاسای نێونەتەوەیی. ساڵی (١٩٧٥) پەیماننامەی ڤیەننا،

دەربارەی نوێنەرایەتیی دەوڵەتان لە پەیوەندیياندا لەگەڵ ئەو ڕێکخراوانەی کە نێونەتەوەیین، ئامادە کراوە بە کراوەییش مایەوە. لە هەمان پەیماننامەدا مافی ڕێکخراوی نێوان دەوڵەتان لە پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتاندا دیاریکراوە.

ساڵی (١٩٨٥) ڕێکەوتننامەی "قانوونی پەیماننامان" مافی ڕێکخراوی نێونەتەوەیی لە پەیوەندی یاسایی و ڕێکخستنی ڕێکەوتننامە لەگەڵ دەوڵەتان و ڕێکخراوانی تری نێودەوڵەتاندا دیاریکرد. کەواتە، تایبەتمەندیی کەسایەتیی یاسایی ڕێکخراوی نێوان دەوڵەتان لە ئەنجامی خواستی دەوڵەتانەوە پەیدا دەبێت و جیاوازە لە کەسایەتیی یاسایی نێونەتەوەیی دەوڵەتان خۆیان (٢٩).

بەمجۆرە، کەسایەتیی یاسایی نێونەتەوەیی ڕێکخراوی نێودەوڵەتان پابەندی خواستی بەشدارانییەتی لە پێکهێنانیدا، بەڵام کەسایەتیی یاسایی نێونەتەوەیی دەوڵەت بە درێژایی بەردەوامبوونی پابەندی خواستی بەشدارانی تری پەیوەندی نێودەوڵەتان نییە (٣٠). ن. ئە. ئوشاکەڤ دەڵێت: توانای بەشداریکردن لە پەیوەندی یاساییدا بەڵگەی کەسایەتیی یاساییە، ئەگەر لە پراکتیکدا سۆبێکت بەشداریش نەبێت. (٣١).

ئیتر بۆ دیاریکردنی کەسایەتیی یاسایی نێونەتەوەییش زۆر گرنگە بزانین کێ سۆبێکتی (کەسی) یاسای نێونەتەوەییە، چونکە بەشداریکردن لە پەیوەندیی یاسایی نێونەتەوەییدا ئیتر بێ سێ و دوو ئەوە بەرجەستەکردنی کەسایەتیی یاساییە.

بەمجۆرەش دەبینین، کێشەی کەسایەتیی یاسایی نێونەتەوەیی گەلی کورد، دابڕانێتی لە بەشداریکردن و پێوەندی یاسایی نێونەتەوەییدا. لە لایەک دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان تەگەرەن لە بەردەم گەلی کورددا،چونکە دان بە سەربەخۆییدا نانێن، لە لایەکی ترەوە، بزوتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد هێشتا نەیتوانیوە وەکو سۆبێکتی یاسای نێونەتەوەیی بچێتە پێشەوە، چونکە زەمینەیەکی یاسایی نەخوڵقاندوە. ئەگەر حکومەتی ئێستای خوارووی کوردستان بە نموونە بهێنینەوە، زۆر چاک دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە مەودای کاری سیاسی - یاسایی ئەو حکومەتە گیر کراوە و خواستی دەسەڵاتی حیزبایەتی زاڵ بووە بەسەر خواستی گەلدا، کە لە پەرلەمان و نوێنەرایەتیکردنیدا بەرجەستە دەکرێ و دەتوانرێ، حکومەتی خوارووی کوردستان بکرێتە ئۆرگانی بەجێگەیاندنی کەسایەتیی یاسایی نێونەتەوەیی بەو مەرجەی زەمینەی دەستووری هەبێ و لە پەیوەندیی نێوان دەوڵەتاندا بەشدار بێت، نەک حیزبەکان پەیوەندی بە دەوڵەتانەوە بکەن و ڕێگە لە پرۆسەکردنی کەسایەتیی یاسایی نێونەتەوەیی بگرن. چونکە ئەو کەسایەتییە، بەبێ بەشداربوونی حکومەتی کوردستان نایەتە دی.

ماف و ئەرکەکانی سۆبێکت کە بە هۆی پەیماننامە یان داب و نەریتی یاسای نێونەتەوەییەوە پەیدابوون، خودی خەسڵەتی کەسایەتیی یاسایی نێونەتەوەییە (٢٣)، ئەو ماف و ئەرکانەش دەبنە چەند بەشێکەوە: ماف و ئەرکە سەرەکیە گشتییەکان، ماف و ئەرکە سەرەکیە تایبەتییەکان، ماف و ئەرکە تایبەت و پێکهێنراوەکان (٣٣).

- ماف و ئەرکە سەرەکیە گشتییەکان: ئە. فیردرۆس مافە سەرەکییەکان ڕاستەوخۆ دەگەڕێنێتەوە بۆ دەوڵەت، بە حوکمی کەسایەتیی یاسایی نێونەتەوەیی خۆی (٣٤)، چونکە دەوڵەت یەکەم سۆبێکتی یاسای نێونەتەوەییە. ڤ. م. کەرێتسی بڕوای وایە ماف و ئەرکە سەرەکییە گشتییەکان لە پرنسیپە سەرەکییەکانی یاسای نێونەتەوەییەوە پەیدا دەبن کە بە هەموو سۆبێکتەکانی یاسای نێونەتەوەییەوە پەیوەندن (٣٥).
ساڵی (١٨٨٦) زانای ڕوس ف. ف. مارتێنس وای دیاریکردوە کە ماف و ئەرکە سەرەکییەکانی دەوڵەت، ئەو ماف و ئەرکانەن کە دەوڵەت ناتوانێت نکۆڵییان لێ بکات و دەستبەرداریان بێت. (٣٦).

هەمان تێڕوانینیش لە ساڵی (١٩٤٩) دا لە لایەن ئەنجومەنی گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دیاریکراوە، ئەویش لە پرۆژەی بەیاننامەی ماف و ئەرکەکانی دەوڵەتدا (٣٧).

- ماف و ئەرکە سەرەکییە تایبەتییەکان: ڕەنگدانەوەی تایبەتمەندی ستاتوسی جۆرەکانی سۆبێکتی یاسای نێونەتەوەیین. کە ئاخۆ ئەو ماف و ئەرکانە هی کام سۆبێکتن ؟ چونکە ماف و ئەرکەکانی دەوڵەت قەبارەیان جیاوازە لە هی ڕێکخراوی نێوان دەوڵەتان (٣٨).

- ماف و ئەرکە تایبەت و پێکهێنراوەکان: ئەم ماف و ئەرکانە بە هۆی ڕێکەوتننامە و پەیماننامەی نێوان دەوڵەتانەوە پێک دێن.
بەم مانایە؛ کەسایەتیی یاسایی نێونەتەوەیی بریتییە لە توانای سۆبێکت (کەسی یاسایی) بە گوێرەی بنەماکانی یاسای نێونەتەوەیی کە ماف و ئەرکی هەبێت و بتوانێت لە پەیوەندیی - یاسایی نێونەتەوەییدا بەشدار بێت. بەڵام لە پراکتیکدا بەشدار نەبوون لە پەیوەندیی یاسایی نێونەتەوەییدا کەسایەتیی یاسایی نێونەتەوەیی نافەوتێنێت.

لە ژمارەکانی داهاتوودا بەشەکانی تری ئەم باسە بڵاودەکەینەوە

د. جەبار قادر

# ژیاننامەی شەرەفخان و نەمریی شەرەفنامە

گرنگی ومەزنیی (شەرەفنامە) لەوەدایە کە یەکەمین بەرهەمی مێژووییە کە نووسەرەکەی تێکرای بۆ مێژووی هەموو گەلی کورد و هەموو نێوچەکانی کوردستان تەرخان کردووە. مێژوونووسانی کورد دوای شەرەفخان بۆ زیاتر لە سێ سەدە و هەتاوەکو مێژوونووسی مەزنی کورد محەمەد ئەمین زەکی لە ساڵی ١٩٢١ دا کتێبە نایابەکەی تۆمار کرد (١)، بەرهەمێکی تریان لە بارەی مێژووی گەلی کورد و هەموو کوردستانەوە پێشکەش بە گەلی کورد نەکرد (٢).

پێش (شەرەفنامە) نێوی هەندێ کتێبی تر لە بارەی مێژووی گەلی کوردەوە لە سەرچاوە مێژووییەکاندا بەرچاو دەکەون، لێ مخابن ئەو کتێبانە یان لەنێو چوون و تەنها ناوەکانیمان پێگەیشتوون، وەکو بەرهەمی زانای کوردی سەدەی نۆیەمینی زاینی ئەبو حەنیفە الدینوەری (انساب الاکراد) کە لە (الفهرست) ی ابن الندیم دا نێوی براوە (٣) یاخود بریتین لە مێژووی ناوچەیەکی کوردستان. یا مێژووی فەرماندەیەک، میرێک، بنەماڵەیەکی دەسەڵاتداری کورد.

ئەوەی ئاگای لە مێژووی کورد هەبێ دەزانێ چۆن شوێنەوار و کولتوری ئەم گەلە، کە وڵاتەکەی لانکەی یەکێک لە هەرە کۆنترین و دیارترین شارستانییەکانی مرۆڤایەتی بووە، لە نێو براوە و تاڵان کراوە و لە نێو دەبرێ. ڕەنگە لە داهاتوودا زانیاری نوێ پەیدا ببێ و تیشکی نوێ بخاتە سەر مێژوونووسیی کوردی. بەڵام تاوەکو ئەو کاتە شەرەفنامە، وەکو مێژوونووسان و نووسەرانی کورد و بیانیش لەسەری هاوبیرن، بە یەکەمین بەرهەمی مێژوویی دەمێنێتەوە کە گەیشتووەتە دەستی ئێمە و هەموو بۆ مێژووی کورد و کوردستا تەرخان کراوە.

شەرەفنامە لە دوو بەرگ پێکدێ. بەرگی یەکەمینی کە هەر بە نێوی (شەرەفنامە) تۆمار کراوە باسی مێژووی بنەماڵە بەنێوبانگ و سەردار و سەرەک هۆزانی کورد و میرنشینە کوردییەکان دەکات لە کاتی پەیدابوونیانەوە هەتاوەکو دەمی لێبوونەوەی لە نووسینی کتێبەکە، واتە هاوینی ١٥٩٧. لە نێوەڕاستی ئابی ساڵی ١٥٩٧دا لە نووسینی ئەم بەرگە بووەتەوە و یەکسەر دەستی بە نووسینی بەرگی دووەمینی کتێبەکەی کردووە کە لە ژێر نێوی (الخاتمە) دا تۆمارۆ کردووە و باسی ڕووداوە گرنگەکانی هەردوو دەوڵەتی ئۆسمانی و ئێران و نێوچەی ڕۆژهەڵاتی نزیک دەکات. کە بە خۆی لە هەندێکیاندا بە تایبەتی ئەوانەی نێوەی دووەمینی سەدەی شانزەهەمین بەشدار بووە، لە ئەیلولی ١٥٩٨دا لە نووسینی الخاتمە بوومتەوە (٤).

ئەوەی ئاشکرایە شەرەفخان زیاتر خەریکی بەرگی یەکەمین بووە واتە (شەرەفنامە) کە هەمووی بۆ باسی کورد و کوردستان تەرخان کراوە و کەمتر بایەخی بە (الخاتمە) داوە کە هەواڵ و باسی کەمی لەسەر کورد تێدایە.

نێوی شەرەفخان لە سەرچاوە مێژووییەکاندا بە چەند شێوەیەک هاتووە وەکو میر شەرەف و شەرەفخان و شەرەفەدین (ماڵکۆڵم بەم نێوەی دوایی واتە شەرەفەدین باسی شەرەفخان دەکا و شەرەفنامەش بە مێژووی کوردان ناو دەبا و دوای ئەوەیش ڕیچ بەهەمان شێوە نێوی شەرەفخان و کتێبەکەی دەبا. ڤیلیامینۆف - زیرنۆف لە پێشەکییەکەیدا دەڵێ ناتوانین بڵێین نێوی شەرەفەدین هەڵەیە چونکە شەرەفخان خۆی هەر بە شەرەف باسی کردووە و هەموو شەرەف ناوێکیش دینێکی لەگەڵدایە...) بەڵام لە زۆربەی سەرچاوەکاندا هەر بە شەرەفخانی بدلیسی دەناسرێ و هەر بەو نێوەش لەسەر یەکەمین چاپی شەرەفنامە هاتووە کە لەلایەن ڤیلیامینۆف - زیرنۆفەوە لە ساڵی ١٨٦٠ لە سان پیتەرسبۆرگ لە چاپ دراوە (٥).

ئێمه بۆ زانیارییه‌كانمان ده‌رباره‌ی شه‌ره‌فخان و چالاكی سیاسی و زانستیی ئه‌و هه‌ر به‌ خۆی قه‌رزارین، چونكه هه‌ر به‌ خۆی له‌ كۆتایی به‌رگی یه‌كه‌می كتێبه‌كه‌یدا ژیاننامه‌ی خۆی بۆمان تۆمار كردووه و كاری مێژوونووسان و ژیاننامه‌نووسانی خۆی ئاسان كردووه (٦).

شه‌ره‌فخانی بدلیسی (نه‌ك بتلیسی چونكه خۆی له هه‌موو شوێنێك بدلیس ده‌نووسێ و ئێمه ده‌زانین تورك زۆر (دال) ده‌كه‌ن به‌ (تێ) وه‌كو مه‌حموود ده‌كه‌ن به مه‌هموت و مه‌ولود ده‌كه‌ن به مه‌قلوت و شه‌مسه‌دین ده‌كه‌ن به شه‌مسه‌تین...هتد) له بیستی نێو جه‌ژنانی ٩٤٩ كۆچیدا كه ده‌كاته ٢٥ی شوباتی ١٥٤٣ زایینیی له بازێرۆكی گریهڕوود له ناوچه‌ی قوم له ئێران له ماڵی قازی ئه‌و شاره هاتۆته دونیاوه، چونكه پێش ئه‌وه به حه‌وت ساڵ واته ساڵی ١٥٣٥ دا باوكی شه‌ره‌فخان میر شه‌مسه‌دینی بدلیسی له لایه‌ن ده‌روازه‌ی بالاوه (بابی عالی) ه‌وه ناچار كراوه ده‌ست له فه‌رمانڕه‌وایی بدلیس هه‌ڵگرێ و په‌نا بباته به‌ر سه‌فه‌وییه‌كان (٧). ئه‌مه‌یش دوای ئه‌وه‌ی له داگیركردنی به‌غدادا یارمه‌تییه‌كی باشی به سوڵتان سلێمان قانوونی پێشكه‌ش كرد. به‌رامبه‌ر به‌وه سوڵتان كاتێ هه‌ستی به توانای میری بدلیس و هۆزی ڕۆژه‌كی كرد ( كه بریتی بوو له كۆنفیدراسیۆنێكی هۆزان و له كاتی شه‌ره‌فخاندا بیست هۆزی ده‌گرته خۆی و له گۆڕ زانیارییه‌كانی ئه‌ولیا چه‌له‌بی له نیوه‌ی دووه‌می سه‌ده‌ی حه‌ڤده‌هه‌مدا ٧٢ هۆزی له خۆیدا كۆ كردبووه‌وه) ویستی له‌سه‌ر زێد و بنكه‌ی خۆی دووری بخاته‌وه و بیكا به فه‌رمانڕه‌وای مه‌لاتییه. نرخاندنی میر شه‌مسه‌دین بۆ ئه‌م كاره‌ی سوڵتان ئه‌وه بوو كه ئه‌مه سه‌ره‌تایه‌كه بۆ لابردنی و له نێوبردنی میرنشینی بدلیس، كه هه‌ر واش بوو، بۆیه چووه پاڵ ده‌وڵه‌تی سه‌فه‌وی و بوو به دووژمنی ده‌وڵه‌تی ئۆسمانی. له هه‌وارگه‌ی نوێیدا بنه‌ماڵه‌ی هاوسه‌ره‌كه‌ی بوو به پاڵپشتی و كرا به فه‌رمانڕه‌وای گریهڕوود.

باوكی شه‌ره‌فخان میر شه‌مسه‌دینی كوڕی میر شه‌ره‌فه له هۆزی ڕۆژه‌كی و دایكی كچی میری بایه‌ندۆری ئه‌میرخان مووسڵووییه. باپیری شه‌ره‌فخان له دایكییه‌وه واته ئه‌میرخانی موسڵوو كوڕی گولابی به‌گی كوڕی ئه‌میر به‌گ تۆقات بایه‌ندووره، كه له زه‌مانی ده‌سه‌ڵاتی حه‌سه‌ن به‌گی بایه‌ندووری (حه‌سه‌نه درێژ كه له سه‌رچاوه‌كاندا به ئوزوون حه‌سه‌ن نێوبانگی ڕۆیشتووه) میرێكی پایه‌به‌رزی ده‌وڵه‌تی ئاق قۆینلوو بووه و به‌وته‌ی شه‌ره‌فخان باپیری له شه‌ڕه‌كانی حه‌سه‌نه درێژدا دژی سوڵتان ئه‌بوو سه‌عیدی كوڕی و دژی سوڵتانی ئۆسمانیان موحه‌مه‌دی دووه‌مین به‌شداری كردووه و ( له هه‌ردووك شه‌ڕان زۆر عه‌گیدو گه‌ڕناس بووه كرابووه میر ئه‌رزه‌نگان. هێشتان شوێنه‌واری باشی له‌مه‌ڕ مزگه‌وت و فێرگه‌وه له‌و شارۆكه‌دا هه‌ر ماون) (٨).

شه‌ره‌فخان ساڵانی منداڵی و زۆربه‌ی ساڵانی گه‌نجێتی له‌گه‌ڵ شازاده و میرزاده‌كانی ئێراندا برده سه‌ر. كاتێ ته‌مه‌نی گه‌یشته نۆ ساڵان برایه ده‌رباری سه‌فه‌ویان و له‌گه‌ڵ میرزاده و كوڕانی ده‌سه‌ڵاتدارانی ولاتدا له كۆشكی شا نرایه به‌ر خوێندن. شه‌ره‌فخان له‌م باره‌یه‌وه ده‌ڵێ ( پادشای خواڵێخۆشبوو شاتۆماسب كردبویه خوو: منداڵانی میر و مه‌زنانی له ته‌مه‌نی به‌رایی ڕا ده‌نارده ناو ئه‌نده‌رونی تایبه‌تی ده‌رباره‌ی خۆی و شان به شانی شازاده و نه‌جیبزاده‌كان له ژێر چاودێری خۆیدا ده‌با په‌روه‌رده بوونایه و له‌وێ پێیان بخوێنرایه. به فێركاری به ئاكار و دیندار پسپۆر و زانا و دڵسۆزی ده‌سپاردن ، له تێكه‌ڵی پیاوی هه‌رزه و ده‌ست و دامێن پیس و نه‌گریس و زوان شڕی ده‌پاراستن. تا شلك بوون فێری قورئان و ئاین و خه‌ت و سیوایان ده‌كردن. كه له خه‌میش ده‌ره‌خستن و ده‌گه‌نه پله‌ی خۆ ناسین: فێری سوارچاكی و چالاكی و تیرئه‌ندازی و شیر وه‌شێنی و دام و ده‌ستووری سوپایی و ڕه‌فتاری فه‌رمانڕه‌وایی و گه‌مه و یاری هونه‌راوی: وه‌ك جلیت و شه‌قێن ده‌كران. ده‌یفه‌رموو: نیگار بكێشن، ده‌ستره‌نگینیی هونه‌رێكی به به‌هره‌یه و فێره سه‌لیقه‌تان ده‌كات.... به پێی ئه‌و باوه گۆڕینه كه ته‌مه‌نی منی هه‌ژار پای نایه ناو نۆ ساڵییه‌وه یانی له ساڵی ٩٥٨ (١٥٥٢ زایینی) بریامه ئه‌نده‌رونه‌وه و شوێنی تایبه‌تیم پێدرا و ماوه‌ی سێ ساڵ له ژێر سایه‌ی ئه‌و پاشا ڕه‌وشت پاكه و له ڕیزی خزمه‌تكارانی به ئاكاریدا ڕامان بوارد) (٩).

شه‌ره‌فخان هه‌ر له قوتابخانه‌ی شاهانه ده‌رچو ڕووبه‌ڕووی كار و بار و ئه‌ركانێك بووه‌وه كه له‌گه‌ڵ وزه و ته‌مه‌نی بچووكیدا نه‌ده‌گونجان. له ساڵی ٩٦١ كۆچی (١٥٥٥ زایینی) میر شه‌مسه‌دینی باوكی ده‌ستی له كاروباری ده‌وڵه‌ت هه‌ڵگرت و گۆشه‌نشینی بۆ خۆی هه‌ڵبژارد و پیاو ماقووڵانی هۆزی ڕۆژه‌كی ڕوویان له شا تۆماسب نا بۆ ئه‌وه‌ی شه‌ره‌فخان بكات به سه‌رۆك و ڕابه‌ریان. شا داواكارییه‌كه‌یانی په‌سه‌ند كرد و شه‌ره‌فخانی به میری سلیان و مه‌حموودئاباد له نێوچه‌ی شیروان له ئازربایجان دامه‌زراند، هه‌رچه‌ند ئه‌و كاته شه‌ره‌فخان ته‌مه‌نی ته‌نها دوانزه ساڵ بوو.

میر شه‌مسه‌دین میری بڵباسی خسته ته‌ك شه‌ره‌فخان

بۆ شیروان بۆ ئەوەی ڕێگەی پیشان بدات و لە بەڕێوەبردنی کار و باری ئەو نیوچانەدا هاریکاری بکات. دوای سێ ساڵ (واتە ساڵی ١٥٥٨ی زایینی) میری بلباس کۆچی دوایی کرد و ئیدی شەرەفخان توانای ئەوەی نەبوو بە تەنیا کار و باری ئەو ناوچانە ببات بەڕێوە داوای لە شا کرد بینێرێتە لای خاڵی محەمەد بەگ کە فەرمانڕەوای هەمەدان بوو. واپێدەچێ پلە و پایەی شەرەفخان لە دەوڵەتی سەفەویدا زیاتر بە پاڵپشتی بنەماڵەی دایکییەوە بووبێ. سێ ساڵ لە هەمەدان مایەوە و خەرج و موچەی خۆی و بژێوی هۆزی ڕۆژەکی لە داهاتی هەمەدان دابین دەکران. هەر لەوێش کچی ئەو خاڵەی خواست. (١٠)

هەردوو دەوڵەتی ئوسمانی و سەفەوی لە دژایەتی و ناکۆکی و بگرە و بەردە و پێشبڕکێیاندا هەوڵیان دەدا هۆزەکانی کورد کە کەوتبوونە نێوان هەردوو لایانەوە بەلای خۆیاندا ڕاکێشن و بۆ مەرامی خۆیان بە کاریان بێنن. بۆیە دەبینین هەر کە پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو دەوڵەت گرژ دەبن دەست دەکەن بە مەرایی کردن بۆ سەردارانی کورد و هۆزە کوردەکان. بنەماڵەی شەرەفخانیش نموونەیەکی باشی ئەو سیاسەتەن. لەم بارەیەوە شەرەفخان نووسیویەتی (لە هەرای سوڵتان بایەزید کە هاتبووە لای شا و گیرا و هاتوچۆ کەر لە ڕۆمەوە زۆر دەهاتن، ناردیانە شوێنی باوکم و بردیانە شاری قەزوین و زۆریان دڵخۆشی دایەوە و دیسان کردیانەوە بە میری هۆزی ڕۆژەکی و گریهرووودی سەر بە قومیان دایە دەست و ناردیانەوە وێ). (١١)

بەڵام هەر بە وتەی شەرەفخان (باوکم میرایەتی وای نەدەویست و پاش چەند ساڵێک دایە دواوە) و جارێکی تر شا شەرەفخان دەکاتەوە میری ڕۆژەکی و موچە و خەرجی پیاوەکانی هۆزەکەی لە داهاتی ئیسفەهان دابین دەکرێ و بۆ خۆیشی بۆ دوو ساڵ لە قەزوین لە لای شا دەمێنێتەوە. وادیارە باوکی شەرەفخان هەمیشە بەو هیوایە بووە بە هاریکاری دەوڵەتی سەفەوی میرنشینی بدلیس بگرێتەوە ژێر کۆنترۆڵی خۆی، لە کاتێکدا شەرەفخان لە ئێران گەورە بووبوو هیچ نەبێ تاوەکو تەمەنی لە سی ساڵانیش تێپەڕی بە پەلە نەبوو بۆ گەڕانەوە بۆ بدلیس.

هەلێکی گونجا و لە بار بۆ شەرەفخان پەیدا بوو بۆ ئەوەی وە پێش پیاوانی شای سەفەوی بکەوێ و سەرنجی شا بە لای خۆیدا ڕابکێشێ. ئەو هەلەش ڕاپەڕینی گەیلان بوو بە سەرۆکایەتی ئەحمەد خان لە دژی شا لە ساڵی ١٥٦٨ دا. شەرەفخان باسی پیاوەتی خۆی لەگەڵ خەڵکی نێوچەکە و زۆرداریی سەردارانی قزڵباشەکان بەرامبەر بەو خەڵکە دەکات، شەرەفخان لەو بارەیەوە دەڵێ ( ئەمیرە قزڵباشەکان کارێکی وایان نەدەکرد کە دڵی شا پێی وەحەسێ. زۆریان دەستدرێژی دەکرد و خەڵکیان وەزاڵە هێنابوو. جگە لە من کە خەڵک و خوام ڕازی دەکرد). شەرەفخان کە لەگەڵ خەڵکی ئاسایی و هەژاری گەیلاندا دڵنەرم و مرۆڤ دۆست بوو، بەرامبەر بە سەرهەڵداوان بێبەزەیی و دڵ ڕەق بوو و وەکو هەموو سەرکوتکەرێک هەڵس و کەوتی کردووە. هەر بە خۆی لەم بارەیەوە دەڵێ:

پیاوانێ کە کاربەدەستی خونکارانن
چاکیان ئەوەنە کە هەوری دوو بارانن
گا بەردن و سەرشکێنی زۆردارانن
گا مەڵحەمی زامی دڵ بریندارانن

هەڵس و کەوت و هەڵوێستی شەرەفخان لە کاتی سەرکوتکردنی ڕاپەڕینی گەیلانییەکاندا مایەی سەرنجڕاکێشانی شا بوو، لەم بارەیەوە شەرەفخان نووسیویەتی دەڵێ ( چاودێری دڵسۆزانەی بۆرەپیاو و ژێردەستانی ئەو ناوەم کرد و هەمیشە تەقەلام دەدا کە شا دڵی بە من شا بێ و بە ئاواتیشم گەیم. چەند جارێک بریکاری شا فەرمانی جوانی بۆ ناردم دەیان فەرموو: تۆ پیاوێکی دادگەر و گەلپەروەری و ئازایەتی و نەبەردیشت دیاری داوە. ڕووسووری هەردوو دنیای). (١٢)

شەرەفخان باسی (ئازایەتی و قارەمانێتی) و درندەیی خۆی و پیاوەکانی لە کاتی سەرکوتکردنی ڕاپەڕینی گەیلاندا دەکات و هەر بە خۆی لەم بارەیەوە دەڵێ ( من چوارسەد و پەنجا چەکداری سوار و پیادەم هەبوو. شازادەیەکی گەیلانی کە ناوی سوڵتان هاشم بوو بە هەژدە هەزار کەسەوە هاتە سەرم و دەگژی ڕاچووم. خودای گەورە یاریدەی دام و شکاندم. هەزار و هەشت سەد لەو مەیدانەدا تخێڵ خوێن بوون، سێ کەڵەکەم لە سەرەکانیان هەڵچنی). (١٣)

شەرەفخان حەوت ساڵی ناخۆشی لە گەیلان بردە سەر، لەم بارەیەوە دەڵێ ( هەوای گەیلان زۆر ناخۆش بوو و نەخۆشی زۆری تێدا بوو، زۆربەی پیاوە هەرە ئازاکانی ڕۆژەکی لەوێ لە ناو چوون. منی هەژار گەیلانم لەبەر بێزا بوو. ئەو بێزارییە و پێشنیاری بەجێهێشتنم دە شا گەیاند. لە دوای حەوت ساڵ کە لەوێ بووم ئیزنی دەرکەوتنم بۆ هات و هاتمە قەزوین و پاشام لەوێ چاو پێکەوت و فەرمووی هەر دەگەڵ خۆم دەبی (١٤).

شەرەفخان دوای ماوەیەکی کورت بۆی دەرکەوت کە کۆشکی پاشا پڕە لە پیلانگێڕان و بگرە و بەردە و ناکۆکی لە نێوان سەردارانی قزڵباشدا، شاش پیری کەنەفتی کردبوو و هیچی پێنەدەکرا بەرامبەر بەو بارە. با جارێکی تر پەنا ببەینەوە بۆ وتەکانی شەرەفخان لەم بارەیەوە ( زۆر ویدەچوو زۆری پێنەچێ تێک بەربن و ئاژاوە بتەنێتەوە. بەلامەوە هیچ باش نەبوو بمێنمەوە و لێمداواکرد کە بۆ لایەک لە وڵاتی پارێزراوم بەرێ بکات. ئەویش لە وڵاتی شیروان چەند جێگەیەکی پێبەخشیم و ئازووقەی هۆزی ڕۆژەکی لە باجی مەڵبەندەکانی سەر بە شیروانی بڕیەوە) (١٥).

شەرەفخان کە لە زێدی باوباپیرانی خۆی هەڵکەنرابوو و هێزێکی ئەوتۆی لە ئێراندا نەبوو شوێن پێی خۆی پێ بەهێز بکات، بۆیە دەیویست خۆی لە بگرە و بەردەی قزڵباشان دوور بگرێ.

شەرەفخان زۆر لە شیروان نەمایەوە چونکە دوای هەشت مانگ شاتۆماسب مرد و لە قەزوین ئاژاوە و دووبەرەکی پەیدا بوو و سوڵتان حەیدەر میرزا کوژرا و ئیسماعیل میرزا (ئیسماعیلی دووەم) بوو بە شای سەفەویان. بە فەرمانی شا چووە قەزوین و پلەی میری میرانی کوردی پێبەخشرا و بوو بە یەکێک لە پیاوە نزیکەکانی شا. شەرەفخان لە بارەی پلەی نوێیەوە دەڵێ ( لە سەر فەرمانی پیرۆزی چوومە قەزوین و لەوێنە بە پلەی میری میرانی کورد سەرفراز بووم. بڕیاری دا کە هەمیشە بە دیداری بەختیار بم و فەرمانی درا: میر و مەزنانی کوردستان و لوڕستان و گۆران و هەموو کوردی دیش هەرکێ کاری بە پادشایە بێتە لام و هەموو کارێک لە سەر دەستی ئەم هەژارە ببڕێتەوە. هێندە دەستی قەدری لێنام کە لە ئەندازە دەرچوو بوو) (١٦).

ئەو پلە و پایە نوێیەی شەرەفخان دەسەڵاتێکی زۆری پێدەدا و کرابوو بە بەرپرسیاری هەموو کار و باری کورد و کوردستان. ئەمەیش بووە هۆی ئەوەی سەرکردە قزڵباشییەکان ڕقی لێهەڵگرن و هەوڵی لە نێوبردنی بدەن. کەوتنە هۆنینەوەی درۆو دەلەسە و شایان وا تێگەیاند بوو کە گوایە شەرەفخان و هەندێ لە سەردارانی تری قزڵباش نیازیان وایە شا سمایلی دووەم لابیەن و سوڵتان حوسێنی برای لە شوێنی ئەو بکەن بە شای سەفەویان. بە وتەی شەرەفخان شا کابرایەکی ڕاڕا و بێبڕیار بوو و (فێری تلیاک کێشان ببوو و ئاوەزی تەواوی تێکچوو بوو دەکەڵ کەسدا نەیدەتوانی مانگێک هەڵکا. بەم هۆیە گفتی درۆی دوژمنانی دەربارەی بەندە قۆزییەوە. هێندێ لە قزڵباشانی سزا دان و هێندێکی لە کار وەدەرنا و بەندی کردن و منیشی بەو بەهانەوە کە نەخچەوانم دەداتێ لە دەوری خۆی دوور خستەوە) (١٧).

هەرچەندە بە دوور خستنەوە و ناردنی بۆ نەخچەوان شەرەفخان گەلێ دەسەڵات و پلە و پایە ی لە دەستدا، بەڵام ئەو بۆ خۆی گەلێ پێی شاد بوو چونکە بە سەرەتای گەڕانەوەی بۆ خاکی باو باپیرانی دەزانێ. دوای ساڵێک و چوار مانگ فەرمانڕەوایی نەخچەوان میری میرانی وان خەسرەو پاشا و زەینەل بەگی هەکاری و حەسەن بەگی مەحموودی پەیوەندی پێوە دەکەن و داوای لێدەکەن بگەڕێتەوە بۆ بدلیس و پێی ڕادەگەیەنن کە دەروازەی باڵا و سوڵتان مورادی سێیەم بڕیاری داوە بیکاتەوە فەرمانڕەوای بدلیس و ( هەموو شتێک بەرە و ماکی خۆی وەدەگەڕێ). شەرەفخان لە سەرەتای کانوونی یەکەمی ١٥٨٧ دا بە خۆی و چوارسەد کەسەوە کە دوو سەدیان ڕۆژەکی بوون گەڕایەوە بۆ کوردستان و لەلایەن میر و سەردارانی کوردەوە پێشوازی گەرمی لێکرا. لەوانیش لەلایەن خەسرەو پاشاوە پێشوازی لێکرا و هەواڵی گەڕانەوەی بە دەروازەی باڵا ڕاگەیەندرا. سوڵتان فەرمانی دا شەرەفخان و لە دوای خۆی نەوەکانی بکرێن بە فەرمانڕەوای بدلیس و شیرێکی زێڕی بە خەڵات بۆ نارد. هەروەها خەڵات و نامەی پیرۆزبایی و پێشوازیکردنی لە سەدری ئەعزەم (وەزیری یەکەم یا سەرەک وەزیران لە دەوڵەتی ئۆسمانی) محەمەد پاشا و سەرلەشکری سوپای ئۆسمانییەوە موستەفا پاشا گەیشتە دەستی شەرەفخان (١٨). ئەم بایەخپێدان و پێشوازیکردنە گەرمە لە شەرەفخانی بدلیسی لە لایەن دەروازەی باڵاوە پلەوپایەونێوبانگی شەرەفخان و گرنگیی پشتگیریکردنی لە دەوڵەتی ئۆسمانی دەردەخا. شەرەفخان لە مەڵبەندەکانی هۆزی ڕۆژەکیدا هێزێکی زۆری بەدواوە بوو و بە وتەی خۆی ئەوەی بیەوێ لە کوردستاندا سەردەست بێ دەبێ لایەنگیری ڕۆژەکیان وەدەست بێنێ.

شەرەفخان هۆیەکانی بڕیاری گەڕانەوەیمان بۆ ناگێڕێتەوە و ناڵێ کەی و چۆن و لە بەرچی بڕیاریدا بچێتەوە پاڵ ئوسمانیان لەگەڵ ئەوەی ئەوان لە کاتی خۆیدا باوکیان ناچار کردبوو دەست لە فەرمانڕەوایی بدلیس هەڵگرێ و پەنا بباتە بەر دەوڵەتی سەفەوی. پێموایە دوای ئەوەی شەرەفخان ئەزموونێکی باشی لە دام و دەزگاکانی دەوڵەتی سەفەویدا پەیدا کرد و بۆی دەرکەوت کە هێزێکی ئەوتۆی بەدواوە نییە و ناتوانێ

بەرگەی پیلان و کەتنەکانی سەردارانی قزڵباشی بگرێ. ئەمە هەمووی بێجگە لەوەی شەرەفخان وەکو کابرایەکی سوننی لە دەوڵەتێکی شیعە مەزەبدا داهاتوویەکی گەشی نەبوو. وادەزانم ئەمانە و دواکەوتووی دەوڵەتی سەفەوی و ئاژاوە و ململانێی سەرانی قزڵباش و بەرامبەر بەوە گەشەکردنی دەوڵەتی ئۆسمانی لە لایەکی ترەوەو سۆزی گەڕانەوە بۆ زێدی باو باپیران لە هۆ گرنگەکانی ئەم بڕیارەی شەرەفخان بووبن.

لەو کاتەوە بۆ ماوەی دە ساڵ شەرەفخان لە هەموو هێرشەکانی سوڵتانی ئۆسمانیدا بۆ سەر وڵاتانی قەوقاز بەشداری کردووە و هەرچی پێ سپێردراوە بە باشی بە جێی هێناوە و گەلێ جار جێگەی ڕەزامەندی سوڵتان بووە کە لە نامەکانیدا بە (دۆستی ڕاستەقینەم شەرەفخان) ناوی بردووە و پێی ڕاگەیاندووە کە دڵسۆزی و خزمەتی ئەو بۆ دەوڵەتی ئۆسمانی و دەروازەی باڵا لە بیر ناکرێن و دەتوانێ هەمیشە چاوەڕوانی ئەو پەڕی پشتگیری و چاودێری سوڵتان بێ.

لە ساڵی ١٥٨٢ دا کاتێ سوپای ئۆسمانی یەریڤانی داگیرکرد ئەرکی ژماردنی دارایی و سامانی تفلیس بەو سپێردرا و لە پاداشتی خزمەتەکانیدا لە کاتی هێرشی قەوقازدا ناوچەی موش و چەند گوندێکی بۆ خرایە سەر فەرمانڕەوایەتی بدلیس و دوو هەزار ئاقچەیشی بۆ بڕایەوە و بەو شێوەیە موچەی بوو بە چوارسەدو دە هەزار ئاقچە. شەرەفخان بە خۆی دەڵێ کە لە ڕۆژگاری دەسەڵاتی سوڵتانی ئۆسمانیاندا (هیچ میر و فەرمانڕەوایەک بە قەی من وە پێش نەخراوە و وەکو من تەماشای نەکراوە (١٩).

لە دەمی فەرمانڕەوایی سوڵتان موحەمەدی سێیەمدا (١٥٩٥ - ١٦٠٣) هەروەکو شەرەفخان بەخۆی دەڵێ لە ساڵی ١٠٠٥ کۆچی (١٥٩٧ زایینی) دا دەستی لە کارو باری بەڕێوەبردنی میرنشینی بدلیس هەڵگرتووە و ئەو ئەرکەی بە نۆبەرە و کوڕی گەورەی ئەبولەعالی شەمسەدین پاراستووە. ئامۆژگارییەکانی شەرەفخان بۆ ئەبولەعالی کوڕی، هەرچەندە بە ڕێگەی پارچە شیعرێکی جامی یا دەربڕیون، دەتوانن وێنەیەکی باشی بیر و بۆچوون و هەڵس و کەوتی شەرەفخانمان بۆ بکێشن لەمەڕ ژیان و باوەڕ و دەسەڵات و شێوەی بەڕێوەبردنی کاروباری میرنشینی بدلیس و ئەو پیاوانەی کە دەبێ فەرمانڕەوا پشتیان پێببەسێ و لە خۆی نزیکیان بکاتەوە و پێویستیی مرۆڤ بەتایبەتی فەرمانڕەوا بە هەمیشە فێربوون و بەسەرکردنەوەی مێژووی بەسەرهاتی ڕابردوان...هتد(٢٠).

کاتێ دەستی لە فەرمانڕەوایی هەڵگرت هەموو کاتی خۆی بۆ نووسینی مێژووی کورد تەرخان کرد. لەم بارەیەوە دکتۆر کەمال مەزهەر جوانی بۆ چووە کاتێ دەڵێ (جا لێرەدا گەر تۆزێک ئەوە بهێنینەوە یاد کە بە درێژایی مێژوو زۆر بە دەگمەن هی وا هەڵکەوتوون لە بەر خاتری هیچ شتێک، تەنانەت تەندروستی خۆشیان، دەست لە چمکێکی دەسەڵاتیان هەڵبگرن نەک هەمووی، ئەوساکە باشتر لە پایە بڵندی شەرەفخانی بدلیس تێدەگەین) (٢١).

تاکو ئێستا نازانرێ شەرەفخان کەی کۆچی دوایی کردووە. یەکێک لە نەوەکانی شەرەفخان کە ناوی زیا شەرەفخانە و لە حەفتاکاندا لە بەیروت دەژیا لە نامەیەکدا بۆ نەجمەدین عەونی (برای زانای کورد و وەرگێری زمانە ڕۆژهەڵاتییەکان لە دەرباری مەلیکی میسردا محەمەد زەکی کردووە بە عەرەبی) لە زستانی ١٩٧٣ دا لە وەڵامی پرسیاری هەژار موکریانیدا دەربارەی ساڵی کۆچی دوایی شەرەفخان دەڵێ لە ساڵی ١٦٠٣ یان ١٦٠٤ دا کۆچی دوایی کردووە) و پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە ئەو هەواڵە (ڕاستە و جێگەی گومان نییە) بێ ئەوەی باسی سەرچاوەی زانیارییەکانی بکات و هیچ بەڵگەیەکی مێژووییمان پێشکەش ناکات (٢٢).

دکتۆر کەمال مەزهەر لەگەڵ ئەم بۆچوونەدا نییە و دەڵێ (دەبێت شەرەفخان دوای تەواوکردنی شەرەفنامە، واتە دوای هاوینی ساڵی ١٥٩٨ بە ماوەیەکی کورت کۆچی دوایی کردبێت) مخابن دکتۆر کەمال مەزهەریش هیچ بەڵگەیەکی مێژووی لەم بارەیەوە لەبەر دەستدا نییە و لێکدانەوەی ئەو بۆ ئەم بۆچوونەی ئەوەیە کە (ڕێگەی تێ ناچێت ئەو پیاوەی لە پێناوی زانستدا دەسەڵاتی خستە لاوە دوای شەرەفنامە قەڵەمیشی خستبێتە لاوە. وا بزانم ئەم بۆچوونە هێندەی تر خۆ دادەسەپێنێت گەر ئەوە لە یاد نەکەین کەوا شەرەفخان لە ساڵێک و تەنها چەند ڕۆژێک زیاتری نەویست بۆ دانانی بەرهەمێکی قووڵی وەک بەشی دووەمی شەرەفنامە کە بە دەسخەت ٢٠٨ لاپەڕەی گەورەی پڕ کردۆتەوە. بێ گومان گەر ژیان مۆڵەتی دایە ڕشتەیەکی مرواری ڕەسەنی تری پێشکەش کورد و زانست دەکرد. کەوابێ دەبێت شەرەفخان دوای مانگی نۆی ساڵی ١٥٩٨ بە ماوەیەکی کەم کۆچی دوایی کردبێت، یا لە تاو نەخۆشی پەکی کەوتبێت) (٢٣).

بە پێچەوانەی ئەو بۆچوونەی کەمال مەزهەرەوە وایدەچێ شەرەفخان لە ساڵی ١٥٩٩ هێشتا لە ژیاندا بووبێ و توانای خوێندنەوە و نووسینی هەبووبێ، چونکە

یەکێ لەو دەستنووسانەی کە ڤیلیامێنۆف زیرنۆف بەکاری هێناوە دەستنووسێکە کە دوای دانانی کتێبەکە بە دوو ساڵ واتە ١٥٩٩ نووسراوەتەوە و هەر لەو ساڵەدا شەرەفخان بە خۆی بینیویەتی و پێداچووەتەوە و پەسەندی کردووە و مۆری خۆی لە سەر داناوە(٢٤).
واپێدەچێ هەتا زانیاری نوێ لەم بارەیەوە پەیدا دەبن، بیر و بۆچوونەکەی زیا شەرەفخان جێگەی باوەڕ بن.
ڕەنگبێ مەسەلەی دەست هەڵگرتنی شەرەفخان لە پێناوی زانستی مێژوودا و نووسینی کتێبێکی مێژووی لەسەر کورد و کوردستان بە ئاسانی لەلایەن زۆر کەسەوە قەبووڵ نەکرێ، بەڵام ئەگەر مرۆڤ لە وتەکانی شەرەفخان لە پەسنی مێژوودا وورد ببێتەوە، ئەوا ئەو کارەی شەرەفخانی بۆ ڕوون دەبێتەوە. بە وتەی خۆی وەکو هەموو زانا و زرنگان و وردکاران (مێژووناسین لە سەرووی هەموو هونەرانەوەیە) و (مێژوو پڕیە لە ئامۆژگاری بە سوود و تژییە لە ڕێنیشاندانی بە کەڵک و بەهرە). هەر بۆ پەسنی مێژووش پەنا دەباتە بەر وتەکانی نووسەری کتێبی (روضە و الصفا) کە لە پێشەکی ئەو کتێبەدا لە پەسنی مێژوودا تۆماری کردووە. بەلای نووسەری ئەو کتێبەوە میر خواند خوێندنەوەی مێژوو لە دەسەرەوە بەهرە بە مرۆڤ دەگەیەنێ: زانست و ئاگاداری دەدا بە مرۆڤ، ئاودەنگی و خەمرەوێنە، ڕێگەی دوور نزیک دەکاتەوە و کۆسپ و تەگەرە لە ڕێی لادەدا، ڕاست ودرۆ لەیەک جودادەکاتەوەو نارەوا و ڕەوا دەبژێرێ. گەلێ بەراوردکردن و هەڵسەنگاندن و توێژینەوە و تاقیکردنەوەی تێدایە. مێژووزان کەمترکاری بە دەسەلاتدارە، لەکاتی ئەستەنگیدا دەتوانێ کوڵی دڵی گەورە پیاوان دامرکێنێ و ئارامیان بکاتەوە. مێژووناسین ژیری و وریایی بۆ پیاو زیاد دەکا و ئاراستەی ڕاوێژ و بیری ڕاستی دەکا، ئاگادار لە مێژوو هەمیشە پشوو درێژ و لەسەرخۆیە و لەکۆتاییدا دەسەلاتداران و زۆرداران لە بەسەرهاتی مێژووەوە ئەوە تێدەگەن کە دەسەلاتیان هەمیشەیی نییە و نە خۆشی و نە ناخۆشی هەتا سەرە و دەبێ لە بەسەرهاتەکانی مێژوو پەند بۆ خۆیان بگرن و زۆرداری نەکەن.(٢٥)

شەرەفخان بە خۆی زیاتر ئەو مەسەلەیەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کاتێ باسی نووسینی شەرەفنامەمان بۆ تۆمار دەکات و دەڵێ کە ئەو لە تافی لاوێتییەوە خوێندنەوەی بەسەرهاتی ڕابردوان سەرنجی ڕاکێشاوە و هەمیشە خۆی بە خوێندنەوەی چیرۆک و دیرۆکەوە خەریک کردوە. خوێندنەوەی مێژوو بۆ شەرەفخان مایەی ڕەواندنەوەی خەم و پەژارە و نا ئومێدی بووە و خۆی وتەنی: (بە پێداچوونەوەی سەرگوزەشتەی میر و مەزنەکانی پێشوو خۆم سەرگەرم دەکرد، تا وام لێهات لەو هونەرە جوانەدا بومە پاڵەوانێک و لە شیکردنەوەی ئەم زانستە دانستە و هەڵبژاردە دا بوومە بژاردە و لە لێدوانیەوە بوومە دەم و پل ڕەوانێکی وەها کە دنەی دام و هێنامیە سەر ئەو بڕواو بیرە کە بەپێی توانا منیش چەند کەوێک بخەمە سەر ئەو زنجیرەوە).(٢٦)

لە ڕاستیشدا هەر وابوو ئەو زەمینە و کەرەستانەی بۆ مێژوو نووسین و زانستی مێژوو پێویستن لەلای شەرەفخان بەرجەستە بووبوون. پێش هەموو شتێک لە کۆشکی شای سەفەویاندا و لەگەڵ کوڕانی خواپێداوانا باشترین خوێندن و پەروەردەکردنی بە پێوانەکانی ئەو سەردەمە بینی و کتێبخانەیەکی دەوڵەمەندی پڕ لە دەستنووس و شاکاری زانستی ئەو سەردەمەی لە بەردەستدا بوو. ئەو هەواڵ و زانیاریانەی ئەولیا چەلەبی، کە بۆ خۆی لەگەڵ لێژنەی تاڵانکردنی میرنشینی بدلیسدا بووە، کە لە ساڵی ١٦٧٦ دا کاتێ سوپای وێرانکەری ئۆسمانی دای بەسەر ئەو میرنشینەدا، کە لە بارەی کتێبخانەکەی میری بدلیسەوە عەڤداڵ خان دەیگێرێتەوە دەتوانن وێنەیەکی خوێندەواری هەندێک لە میرانی بدلیسمان بۆ بگێڕێتەوە. ئەولیا چەلەبی دەڵێ:(حەوت بار وشتر کتێب بوون، کتێبخانەی تایبەتی میر پتر لە چوار هەزار دەستنووسی زۆر نایاب و بەهاداری تێدا هەبوو کە هەموو دەبەرگ گیراو نەخشێنرابوون:لەمەڕ ئاین و مێژوو و زمان و جانەوەر و گژوگیا و پزیشکی و ئەناتۆمیا و پێودانی شیعر و کێش بوون و دیوانە شیعریش گەلێک بوون. زۆریش وێنە و نەخشە و تابلۆی نایابی هەبوو. هەر میر بە خۆی ٦٧ کتێب و ١٠٥ نامیلکەی بە فارسی و عەرەبی دانابوو). (٢٧)

هەرچەندە میرعەڤداڵ مرۆڤێکی خوێندەوار بووە بە هەموو واتای ووشە بەڵام گومان لەوەدا نییە کە لەکاتی شەرەفخانیشدا ئەو کتێبخانەیە پڕ بووبێ لە دەستنووس و کتێب و نامیلکە. شەرەفخانیش وەکوو خوێندەوارێکی باش زۆربەی کاتی لەو کتێبخانەیەدا بردبێتەسەر و سەرگەرمی خوێندنەوەی بەسەرهاتی مەزنان و نێودارانی مێژوو بووبێ.

هەروەها شەرەفخان هەر بە وتەی خۆی لە منداڵییەوە هەمیشە لەگەڵ پیاوانی زانا و دانا و ڕەوانبێژاندا بووە و هیچ کاتێک لێیان جودا نەبووەتەوە

هەڵبەتە ئەم یاوەریەش ئەوەندەی تر ئاسۆی بیری فراوان کردووە و لێیانەوە فێربووە و لە ئەزموونیان کەڵکی وەرگرتووە. هەر بۆ خۆشی سەرچاوەکانی شەرەفنامە بەم شێوەیە دەستنیشان دەکات (...کەوتمە سەر ئەو خەیاڵە کە بە ئەندازەی وزە و توانای خۆم ئەوەندەی بۆم لوا لە باس و خواسی گەورە پیاوان و خاوەن ناوان و سەرداران و خوێندکارانی کورد و کوردستان کۆیکەمەوە و ئەوی لە تاریخی عەجەماندا خۆم دیتومە و ئەوەی لە پیاوە پیرە ژیرەکانی ڕاست و بێدرۆوە بیستومە بینووسمەوە).(٢٨)

شەرەفخان بەخۆی لە گەلێ ڕووداوی مێژووی نیوەی دووەمی سەدەی شازدەمیندا لە کوردستان و ڕۆژهەلاتی نزیک و قەوقازدا بەشداری کردوە و هەواڵەکانی دەربارەی ئەو ڕووداوانە بە سەرچاوەیەکی ڕەسەنی توێژینەوەی ئەو ڕووداوانە دادەنرێن. ئەو سەدەیە گەلێ ڕووداوی چارەنووسسازی بە خۆیەوە بینی. ئەگەر تەنها لە چوارچێوەی باسی کورد و کوردستاندا بمێنینەوە، ئەوا لە سەرەتای ئەو سەدەیەدا پرۆسەی دابەشکردنی کوردستان لە نێوان دەوڵەتی ئۆسمانی و ئێراندا لە شەڕی چاڵدێرانەوە لە ساڵی ١٥١٤ دا دەستی پێکرد و وڵاتی کوردان بوو بە گۆڕەپانی ململانێ و پێشبرکێ و شەڕ لە نێوان ئەو دوو هێزە وێرانکەرەدا. ئەو بارە بە هەموو شوێنەوارە خراپەکانیەوە چ لە هەڵتەکاندنی بنخانی ئابووریی کورستاندا و چ لە دابەشکردنی سیاسیی کورداو دووبەرەکی نانەوە لەم بەر و ئەو بەری سنووردا و گەشەکردنی دیاردەی کوردی کرێگرتە و ڕاگرتنی مرۆڤی کورد دوور لەو هەموو شارستانیەک و تێکدانی کولتوور و کۆمەڵی کوردەواری لە سەدەیەوە بە توندی بنگەی لە کورستاندا داکوترا و تاوەکو ئەورۆش کورد پێی دەتلێتەوە.

هەڵبژاردنی بابەتی مێژووی کورد و کوردستان بۆ خۆی تەنانەت بە پێوانە زانستییەکانی ئەم سەردەمەش نوێکارییە، چونکە کاتێ مرۆڤ کارێکی زانستی دەنووسێ یا دەبێ هەر باس نەکرابێ یا دەبێ بە شێوەیەکی نازانستییانە لێکدرابێتەوە. هەر ئەوەیە شەرەفخانی کرد بە باوکی مێژووی کورد و نەمریی بە شەرەفنامە بەخشی. شەرەفخان لەم بارەیەوە دەڵێ:( ئەوسا مرخی خۆم وا لێ خۆش کرد کە لەم زانستە بە مایە و هێژاو پربەهایەدا نوسراوێکی ئەوەندە بە نرخ و سەربەخۆ بخەمە ڕوو کە هەرگیز بەر لەمن دەستی مێژوونووسانی پێش خۆمی پێ ڕانەگەیشتبێ و ئەوەی من دەیخەمە بەر چاو کەسی تر وەک خۆمی تێنەگەیشتبێ).

لە شوێنێکی تریش هەر هۆی هەڵبژارتنی مێژووی کورد و کوردستان مان بۆ ڕوون دەکاتەوە و دەڵێ ئەو بریاری داوە کتێبی (شەرەفنامە) بنووسێ چونکە مێژوونووسان (تاوێستا ڕێگەی خۆیان نە خستۆتە ناو کوردستانەوە و باس و خواسی گەڕناسان و سەرناسانی کوردیان بە سەردەمی بنوسدا ڕانەبردووە و ئەو مێژووە پڕ لە شانازی و خۆشەی کە لە چێژ و بەرامەدا بڕەوبەری هەنگوین و گەزۆشە بەداخەوە لەوانەوە نە دیاری بووە و کەوتۆتە بەر پێوار و بە هیچ ئاوایەک دەست و دەمیان لێ نزیکنەکردۆتەوە...).(٢٩)

ئامانجی شەرەفخان لە نوسینی شەرەفنامەدا ئەوە بوو کە (خانەدانە گەورەکانی کوردستان نێویان لەناو ناوان بمێنێ و لە نێو نەچن). بەلام گەلێ لەوە زیاتری وە چنگ هێنا. ڕۆژهەلاتناسی ڕووس ڤیلیامینۆڤ- زیرنۆڤ لە بارەی شەرەفنامەوە دەڵێ ( نرخی زانستی ئەم مێژووە کوردیە جێگای گومان و کێشە نییە. دەگەڵ ئەوەشا کە سێ سەد ساڵی بەسەرا تێپەریوە هێمان لە ڕۆژهەلاتدا کارێکی دیکەی وا نەکراوە کە بەسەنگی شەرەفنامە بێتەوە). (٣٠)

لە بوارێکی تردا هەر هەمان ڕۆژهەلاتناسی ڕووس لە پەسنی ڕێک و پێکی بەرهەمەکەی شەرەفخاندا دەڵێ (بەو کارەی والایەکی زۆری لە تاریخی گەلانی ئاسیا پڕکردۆتەوە و لێرەدا زۆر چاکی کردوە). (٣١) لەڕێگەی شەرەفنامە و (الخاتمە) ەوە مرۆڤ دەتوانێ شوێنی گرنگی لەبیرکراوی گەلی کورد لەڕەوتی مێژووی ڕۆژهەلاتی نزیکدا ببینێ.

بێجگە لە مێژووی هۆز و میرنشین و بنەماڵە ناودارەکانی کوردستان کە هەموویانی گێرایەوە بۆ ڕەچەڵەکی خۆیان و بەو شێوەیە ئەلقەیەکی گرنگی لە مێژووی گەلانی ڕۆژهەلات بەیەکەوە گرێدایەوە. شەرەفنامە سەرچاوەیەکی گرنگە بۆ لێکدانەوەی مێژووی ڕۆژهەلاتی نزیک و ناوەراست، بەتایبەتی لە سەردەمی هێرشی تەتار و تورکمەن و لە نێو چوونی دەوڵەتی عەباسیدا و پەیدابوونی دەوڵەتانی ئاق قۆینلو و قەرە قۆینلو و ئۆسمانی و سەفەوی...هتد و هیچ لێکۆڵینەوەیەکی زانستی قووڵ نییە لە بارەی ڕۆژهەلاتەوە لەو سەردەمە مێژووییانە کۆڵیبێتەوە و بکۆڵێتەوە پەنای بۆ شەرەفنامە نەبردبێ و نەبا.

هەست و نەستی کوردێتی و کورستانێتی لە شەرەفنامەدا ڕوون و خویایە. تەنها بیرکردنەوە لە نوسینی کتێبێک لە سەر مێژووی کورد لە لایەن میرێکی

دەست ڕۆیشتوە وە بۆ خۆی نیشانەی شانازی کردنی شەرەفخانە بە کوردێتی خۆیەوە. هەوڵی شەرەفخان بۆ دەستنیشان کردنی سنووری کوردستان کە بەلای ئەوەوە لە تەنگەی هورمزەوە دەست پێدەکا و درێژ دەبێتەوە تا دەگاتە مەڵاتیە و مەراش، بەڵگەیەکی تری هەستی کوردێتی و کوردستانێتی بە جۆشی باوکی مێژووی کوردە. هەروەها بە خۆشەویستی و شانازی و ریزێکی زۆرەوە باسی زانایانی کوردستان و بە تایبەتی ئەوانەی بدلیس دەکات. بێجگە لەوانەش گەلێ جار باسی ئازایەتی و جوامێری و میرخاسی و گەلێ خوو و نەریتی پەسەندی مرۆڤی کورد دەکا و گەلێ لە پاڵەوانانی مێژوو بە کورد لە قەڵەم دەدا و ئاماژە بۆ ئەو راستییە دەکات کە کورستان هیچ کاتێ سەری بۆ داگیرکەران دانەنەواندووە و دوای زیانی زۆر خوێنڕشتنی زۆرتر ناچاریانی کردوە دەست لە وڵاتی کوردان هەڵگرن. تەنانەت ئەو رەخنە و گازاندانەی لە هەندێ خوو و رەوشتی خراپی کورد بە تایبەتی دەردە کوردە ( واتە ناکۆکی و دووبەرەکی) لە نێوان کورداندا دەگرێ دەتوانین بڵێین لە دڵێکی پڕ لە خۆشەویستییەوە بۆ کورد و کوردستان سەرچاوە دەگرێ و دەربڕینی نارەزاییە لەو خووە بەدە ماڵوێرانکەرە.(٣٢)

لەگەڵ هەموو ئەو لایەنە پرشنگدارانەی شەرەفنامەدا شەرەفخان هەندێ جار بە باشی ئامانجی نە پێکاوە. دەبێ ئەوەش بڵێین کە شەرەفخان لە گۆڕ میتۆد و پێوانە زانستییەکانی سەردەمی خۆی مێژووی نووسیوەتەوە.

ڤیلیامینۆف-زیرنۆف کە بۆ یەکەمین جار شەرەفنامەی بە چاپ گەیاند لە بارەی داڕژتن و ڕێ و شوێنی دانانی شەرەفنامەوە ڕەخنەی لە شەرەفخان گرتووە. هەروەها ڕەخنە لە شەرەفخان دەگرێ کە هەندێ جار گێرانەوەی ڕووداوەکانی لێ ئاڵۆزە و ناوی بە هەڵە نوسیون و توشی بێ سەرە و بەرە هاتووە و زۆر هۆشی نەداوەتە ئەو باسانەی لە کتێبی ترەوە وەری گرتوون و خۆی لە هەڵە و گێرانەوەی باسی دوور لە راستییەوە نەپاراستووە. وەکو هەموو ئەوروپاییەک ڤیلیامینۆف-زیرنۆف ئەو شیعرە زۆرانەی لە شەرەفنامەدا لە تەک ئەو هەموو وشە ئاوساو قەڵەوانەدا کە لە شەرەفنامەدا بەرچاو دەکەون پێ زیادە. (٣٣)

هەر ئەو شیعر و وشە ئاوساو قەڵەوانە کە بەلای ئەوەوە جێگەی ڕەخنە بوونە ڕەنگبێ بەلای هەلێ لە خوێنەرانی کورد و رۆژهەڵاتەوە مایەی دڵخۆشی و خەمرەوێن بن.

ڕەخنەی هەرە گرنگ کە دەبێ لە شەرەفخان بگیرێ لەوە دایە کە هەندێ بۆچوون و وتەی نابەجێی مێژوونووسانی عەرەب و تورک و فارسی لە مەڕ ڕەگەز و ڕەچەڵەک وخوو و ڕەوشتی کوردان بە بێ هیچ توێژینەوە و لێکدانەوە و بەرپەچدانەوەیەک تۆمارکردووە. (٣٤) مێژوو بۆ شەرەفخان وەکو میرێکی کورد و ئەندامی بنەماڵەیەکی فەرمانڕەوا و دەسەڵاتدار و پێگەیشتوو لە یاوەریی شازادە و زارۆیانی میر و فەرمانڕەوایاندا لە کۆشکی شاتۆماسبی سەفەوی و لە دوایشدا وەکو دوست و باوەرپێکراوی سوڵتانی ئۆسمانی، مێژووی میر و سەردار و فەرمانڕەوا و نێودارانی کورستان و بنەماڵەی سەفەوی وئۆسمانی و دەسەڵاتدارانی تری رۆژهەڵات بووە، بۆیە لە شەرەفنامەدا باسی ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵانی خەڵک بەرچاو ناکەوێ.

گەلێ نووسەران باسی (شەرەفنامە)یان کردوە وکەڵکیان لێ وەرگرتووە وەکو حاجی خەلیفە (کاتب چەلەبی ) و ئەولیا چەلەبی...هتد. دوو جاریش کراوە بە تورکی جاری یەکەم لە ساڵی ١٦٦٧-١٦٦٨ لەلایەن کابرایەکەوە بە نێوی محەمەد بەگ کوڕی ئەحمەد بەگ میرزا کورتەیەکی(شەرەفنامە)ی کردووە بە تورکی و دوای ئەوەش بە بیست ساڵ سامی ناوێک بۆ میرێکی کورد بە نێوی موستەفا هەمووی کردووە بە تورکی. ئەم وەرگێرانانە بە دەسنووسی مانەوە و هیچ کاتێ لە چاپ نەدران. (٣٥)

مەلا مەحموودی بایەزیدی لە ساڵی ١٨٥٩-١٨٥٨ بۆ یەکەمین جار و لەسەر داخوازی کوردناسی ڕووس ئەلیکسەندەر ژابا شەرەفنامەی کردووە بە کوردی. خاتۆ ژ. موسائیلیان ئەم وەرگێراوەی بەڕووسی بە چاپ گەیاند. (٣٦)

هەروەها شەرەفنامە سەرنجی رۆژهەڵاتناسی رۆژئاواشی راکێشاوە. هێربیلو شەرەفنامەی بە رۆژئاواییان ناساند، کاتێ لە ساڵی ١٧٧٦ لە کتێبەکەی خۆیدا بە زمانی فەرەنسی ناوی شەرەفنامەی هێنا.(٣٧)

وادیارە نووسەری ئینگلیز جۆن ماڵکۆڵم یەکەمین رۆژئاوایی بووە کە دەسنووسێکی شەرەفنامەی دەست کەوتووە و کەڵکی لێ وەرگرتووە.(٣٨) هەروەها نووسەری فەرەنسیش (کاترمێر) کەڵکی لە شەرەفنامە وەرگرتووە بۆ نووسینی کتێبی(مێژووی مەغۆلەکانی ئێران) کە لەساڵی ١٨٣٦ لە پاریس بڵاوکرایەوە.(٣٩)

هەروەکو ڤیلیامینۆف-زیرنۆف دەڵێ( لەسایەی زانایانی ڕووسەوە ئەو دیاریە هێژایە پێشکەش بە زانست کراوە). خ.فرین یەکەمین ڕووس بووە کە لە ساڵی ١٨٢٦دا لەسەر شەرەفنامەی نووسیوە. هەر لە

هەمان ساڵدا ڤۆلکۆفیش باسی شەرەفنامەی کردووە.

ڕۆژهەڵاتناسی ڕووس ڤیلیامینۆف-زیرنۆف ئەرکی بڵاوکردنەوەی شەرەفنامەی بە فارسی گرتە ئەستۆی خۆی و بە پێشەکیەکی فەرەنسییەوە لەدوو بەرگدا لە ساڵانی ١٨٦٢-١٨٦٠ لە سان پیتەربۆرگ بە چاپی گەیاند و خستیە بەردەستی زانایان و ڕۆژهەڵاتناسان.(٤٠)

لەساڵانی١٨٥٣ -١٨٥٩ دا ه.بارب، شەرەفنامەی کرد بە ئەڵمانی و لە ڤییەننا لە چاپی دا.(٤١)

شارمواش کردی بە فەرەنسی و لە ساڵانی ١٨٧٥-١٨٦٨ لە چوار بەرگدا بڵاویکردەوە.(٤٢) دوو جاریش کرا بە عەرەبی، مەلا جەمیلی ڕۆژبیانی لە ساڵی ١٩٥٣ دا بەرگی یەکەمی لە بەغدا بۆ یەکەین جار کرد بە عەرەبی و لە چاپی دا و محەمەد عەلی عەونی لە قاهیرە هەردوو بەرگەکەی کرد بە عەرەبی و لە دوای مردنی خۆی لە ساڵانی ١٩٥٨ و١٩٦٢ بڵاوکرانەوە. (٤٣)

ڕۆژهەڵاتناسی ڕووسیش خاتو ئێ ڤاسیلێیاڤا هەردوو بەرگەکەی کرد بە ڕووسی و بەرگی یەکەمی لەساڵی ١٩٦٧ داو بەرگی دووەمیشی لە ساڵی ١٩٧٦ دا بە چاپ گەیاند.

شاعیری کورد هەژار مۆکریانی شەرەفنامەی کرد بە کوردی و لەلایەن کۆڕی زانیاری کوردەوە لە ساڵی ١٩٧٣دا بڵاوکراوەتەوە. چەند ساڵێکیشە دکتۆر میهرداد ئیزادی خەریکە شەرەفنامە دەکا بە ئینگلیزی و هیوادارم کارەکەی بە ئەنجام بگات.

هەبوونی شەرەفنامە بەو هەموو زمانانە نیشانەی گرنگیی و نەمریی ئەو کتێبەیە و بۆ کوردیش ئەو کتێبە و نووسەرەکەی هەمیشە بە نەمری دەمێننەوە.

پەراوێزەکان:

---

1. محەمەد ئەمین زەکی، خولاصەیەکی تاریخی کورد و کوردستان. بەغدا 1931.

2. بۆ نموونە:

خوسرەوی کوڕی محەمەدی ئەردەلانی، تاریخی بنی ئەردەلان، "سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم" عەبدولڕەزاق بەگی دومبولی " لەساڵی 1827_1828 کۆچی دوای کردوە، "تاریخی دنابلە". ماه شەرەف خانم 1804/1805 -/1846 1847 ژیاوە.

"تاریخی آردلان". مەلا مەحموودی بایەزیدی. "نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم. " کتابی تواریخی جدیدی کوردستان. میرزا عەلی آکبر، حدیقەی ناصریە "کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم".

3. دەربارەی ئەبو حەنیفەی دەینەوەری بڕوانە:

دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد، مێژوو-کورتە باسێکی زانستی مێژوو و کورد و مێژوو، بەغدا 1983. ل. 101.

هەروەها بڕوانە:

The international journal of Kurdish Studies vol 10 nr 1&2 NY 1996

4. شەرەفخانی بدلیسی، شەرەفنامە، ئێ ڤاسیلێیڤا کردوویە بە ڕووسی و پێشەکی و پەراوێز و پاشکۆی بۆ نووسیوە. ئەرکی یەکەم مۆسکۆ 1967. بەرگی دووەم مۆسکۆ 1976

5. جلد اول آز کتاب شرف نامە تألیف شرف خان بن شمس آلدین بدلیسی. کە باهتمان آقل عباد ولادیمیر ملقب ولیامینۆف زیرمۆف در محروسە بطربورغ سنە 1860شیسوی مطبوع کردید.

6. بڕوانە:

شرفنامەی شرفخانی بدلیسی، هەژار کردوویە بە کوردی، لە لایەن کۆڕی زانیاری کوردەوە لە چاپدراوە، نەجەف 1972، ل 776-787

7. بڕوانە: دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد، مێژوو، ل 105، هەروەها شەرەفنامە ل 776

8. شەرەفنامە، ل 777-778

9 هەمان سەرچاوە ل 778-779

10. هەمان سەرچاوە ل 779-780

11 . هەمان سەرچاوە ل 780

12 هەمان سەرچاوە ل 780-781

13 هەمان سەرچاوە ل 781

14 هەمان سەرچاوە ل 781

15 هەمان سەرچاوە ل 781

16 .هەمان سەرچاوە ل 781-782

17 .هەمان سەرچاوە ل 782

18 هەمان سەرچاوە ل 783

19 هەمان سەرچاوەل 783-784

20 . بۆ شیعرەکە بڕوانە : هەمەن سەرچاوە ل 785-787

21 .بڕوانە: دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد، مێژوو، ل 106-107

22. بۆ دەقی کوردی و تورکی نامەکەی زیا شەرەفخان بۆ هەژار مۆکریانی بڕوانە: شرفنامە ل 790-791

23. دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد، مێژوو، ل 107

24. بڕوانه پێشەکییەکەی ڤیلیامینۆف-زیرینۆف شەرەفنامە. ل 82

25. شەرەفنامە ل 10-9

26. هەمان سەرچاوە ل 11

27. هەمان سەرچاوە ل 787 پەراوێزی یەک.

28. هەمان سەرچاوە ل 11

29. هەمان سەرچاوە ل 14-13

30. بڕوانە پێشەکییەکەی ڤیلیامینۆف-زیرینۆف شەرەفنامە. ل 82

31. بڕوانە پێشەکییەکەی ڤیلیامینۆف-زیرینۆف شەرەفنامە. ل 82

32. بە دوورودرێژی دەربارەی ئەو بابەتە بڕوانە شەرەفنامە لاپەڕی 39-25

33. بڕوانە پێشەکییەکەی ڤیلیامینۆف-زیرینۆف شەرەفنامە. ل 82

34. بڕوانە پەراوێزی 32

35. د.کەمال مەزهەر هەمان سەرچاوە ل 121

36. مەلا مەحموودەی بایەزیدی، کتابی تواریخی جدیدی کوردستان. ئەلکسەندەر ژابا ساڵی 1865 کردبووی بە فەرەنسی لە ئەرشیفی رووسیدا هەلگیرابوو. لەم سالانەی دواییدا ژاکە موسائیلیان کردوویە بە رووسی .من بۆ ڤۆم تا ئێستا وەرگێراوەکەی موسائیلیانم نەدیوە

37. Biblioteque Orientale,ou dictionnarie universel, contenant generealment tout ce qui regarde la connoisannsace des publes de L'oriental. Par monsieur D'Herbelot.Maestricht,1776xxvi.954.p

38. J, Malcolm, The history of Persia from the most early period to the present time.vol 2 London 1815

39.Quatremer E, Raschid-eldin,Histore des Mongols de la Perse, Paris 1836, reprint Amesterdam 1968.

هەروەها بڕوانە:

Quatremer E.M Notice et extraits des manuscrits de la Biblioteque du roi et autres bibliotheques. Paris 1838

40. بڕوانە پەراوێزی 5 ، هەروەها بڕوانە بەرگی دووەمی چاپی س.پێتەرپۆرگ.: جلد دووم از کتابی شرفنامە تألیف شرف خان بن شمس آلدین بدلیسی کە باهتمام اقل عباد ولادیمیر ملقب ولیامینۆف- زیرنۆف در محروسە بطربرغ سنە 1862 عیسوی مطبوع کردید.

41. Barb H Über die unter dem Namen Tarich el Akrad bekannte Kurden- Chronik von scheref " sitzungdberichte der phil-hist Cl der K. K akad der wiss zu Wien 1853 Bd X H..

42. Cheref Nameh ou fastes de la nation Kourde par cheref ou ddin prince de Bidlis. dans L'lialet arezrumme Trad du Persian et commentes par FB Charmoy T 1-2 S.PT 1868-1875

43. بڕوانە : شرفنامە في تاريخ الدول والامارات الكرديه الفه باللغه الفارسيه الامير شرف خان بدليسي ، نقله الى العربيه و علق عليه ملا جميل بندي روزبياني، بغداد 1953. شرفنامە. الفه بالفارسيه شرف خان بدليسي ترجمه الي العربيه محمد علي عوني، راجعه و قدم له يحيى الخشاب. الجزء الاول. القاهره 1958 الجزء الثاني 1962.

کتێبی ڕابوون

کەمال میراودەلی

# ئەرکیۆلۆژیای مێژوو: وێناندنی (ئەوی دیکە) لە ئاخاوتنی کۆلۆنیالی / ڕۆژهەڵاتیزمدا

**بەشی دووەم: ئەنەتۆمی سیاسیی ڕۆژهەڵاتیزم**

١- ڕۆژهەڵاتیزم لە دەرەوەڕا: بۆچوونەکەی ئەنوەر عەبدولمالیک

وتارەکەی ئەنوەر عەبدولمالیک (ڕۆژهەڵاتیزم لە قەیراندا)«٤٠» یەکەم خۆتێگەیاندنی ڕەخنەیی جیددییە کە لەو ئاووهەوا سیاسییە تازەدا، کە پێشتر ئاماژەم بۆ کرد، واتا گۆڕانە سیاسییەکانی دوای شەڕی جیهانیی دووەم، سەری هەڵدا. مەبەستی وتارەکەی ئەنوەر هەڵوەشاندنەوەیەکی ئایدیۆلۆژیی زانستەکانی ڕۆژهەڵاتناسییە. وشەی (قەیران) لە ناونیشانەکەدا ئاماژەیە بۆ فانکشنی هۆکاری (فاکتەری) سیاسی.

ڕۆژهەڵاتیزم بۆ ماوەیەکی دووروودرێژ لەسەر حسێبی بێدەنگی بابەتە (ئۆبژێکتە) بچووککراوەکانی گەشەی دەکرد. بەڵام عەبدولمالیک دەڵێ: « لەساڵی ١٩٤٥ -ەوە نەک تەنیا (هەرێمەکە)ی لەدەست دا بەڵکو ئە (مرۆڤ)انەشی کە تا دوێنێ (بابەتی - ئۆبژێکتی) دیراسەکردنەکەی بوون.. بەڵام لەو ڕۆژەوە بوونە بکەری (سوبژێکتی) خاوەن سەروەری».

بە واتایەکی دیکە، ڕۆژهەڵاتیزم تووشی قەیرانێکی ناوخۆیی هات. ئەو لە هەمان کاتدا (پەرێز) و (بابەت- ئۆبژێکتەکانی) لێکۆڵینەوەی لەدەست دان. بۆ ئەوەی بژی و بتوانێ بەردەوام بێ دەبوو خۆی لەگەڵ هەلومەرجی سیاسیی تازەدا بگونجێنێ و ستراتیژێکی تازە ڕەچاو بکات. لێرەدا: ڕواڵەتگۆڕی (میتامۆرفۆسس)ی بەسەردا هات. دەرکەوتنی ئەوەی عەبدولمالیک ناوی دەنێ (ڕۆژهەڵاتیزمی نوێ) شان بەشانی گۆڕانی کۆلۆنیالیزم بۆ کۆلۆنیالیزمی نوێ.

**ڕۆژهەڵاتیزمی کۆن / کلاسیکی (تەقلیدی)**

لەناو ڕۆژهەڵاتیزمی کلاسیکدا عەبدولمالیک دوو قوتابخانەی بە ڕواڵەت جیاواز، جیادەکاتەوە. یەکێکیان خاسێتی زۆر زانستکارانەی هەیە: کۆکردنەوەی دەستنووسە مێژووییەکان لە کتێبخانەکانی ئەوروپادا، بڵاوکردنەوەی چەندین کاری گرنگ، سوودگەیاندن بە باسکارە ڕۆژهەڵاتییەکان بە فێرکردنی مێتۆد و بۆچوونی لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی..هتد.

قوتابخانەی دووەم: بریتی بوو لە «تێکەڵییەکی پرۆفیسۆرانی زانستگا، بازرگانان، پیاوانی سەربازی، ئەفسەرەکانی کۆلۆنیالی و ئەو خەتەربازانەی تاقە ئامانجیان ئەوەبوو زانیاری جاسووسی لە ناوچە و وڵاتە داگیرکراوەکاندا کۆبکەنەوە.. ئەمەش بە مەبەستی ئەوەی بچنە ناو بیر و ئاگایی خەڵکەکانییەوە تا بتوانن زامنی ئەوە بکەن کە بە شێوەیەکی باشتر کۆیلایەتیی بۆ دەسەڵاتی ئەوروپا قبووڵ بکەن».

بەڵام، عەبدولمالیک دەپەیڤێ، خاسییەتە جیاکەرەوەکانی ئەو دوو قوتابخانەیە ڕێگە لەوە ناگرێ کە لە چەمکی گشتی و مێتۆددا لێک بچن. لێکچوونێک کە لەسەر بنچینەی بەرژەوەندیی هاوبەش لە ئاست (ئەوی دیکە)دا، ئەو جیهانەی کە دواتر بە جیهانی سێیەم ناونرا، دامەزراوە.

قورسایی باسەکەی ئەنوەر عەبدولمالیک ئەو وەسفەیە کە بۆ قوتابخانەی ترادیسیۆنی ڕۆژهەڵاتیزم پێشکەشی دەکات.

خاسێتی سەرەکی ئەو قوتابخانەیە، بە بڕوای ئەو، بریتییە لە بۆچوونێکی ئەنترۆپۆلۆژیی ئێزێنشیالیست essentialist لە بۆچوونێکی ئەنترۆپۆلۆژی ئێزێنشیالیست

(سەیرکردنی خاسێت و سیفەتەکان وەک جەوهەری نەگۆڕ) بۆ ڕۆژهەڵاتییەکان، کە لەسەر بنچینەی دانانی ئەوان بە (جیاواز) و لەمەوە دانەپاڵی تایبەتمەندیی بنەیی /سەرەتایی primordial specificity کە روخساری ئەوان دەگۆڕێ و لە ریالیتی (پەرەسەندنی مێژوویی) هەڵیان دەبوێرێ و لە ئاخریشدا وەک رەگەزی نزمتر پێناسەیان دەکات.. بە پێی ئەم بۆچوونە ڕۆژهەڵاتیستییە، بەرزی و شانازی شارستانییەکانی ڕۆژهەڵات شتێکی سەر بە رابردووە و خەڵکە میراتگرەکانی ئێستا بە تەواوی لێی دابراون.

جگە لەمەش رابردوو لە رواڵەتە کولتوورییەکانیدا، وەک زمان و ئاین، بە شێوەیەکی دابڕاو لە پەرەسەندنی مێژوویی دیراسە دەکرێ.

**ڕۆژهەڵاتیزمی نوێ**

ڕۆژهەڵاتیزمی نوێ وەک وەڵامدانەوەیەک بۆ واقیعی ئاڵوگۆڕە مێژووییەکان، دوای جەنگی جیهانیی دووەم بەدەرکەوت.

لەدایکبوونەوەی نەتەوەکان و گەلانی ئاسیا، دەرکەوتنی دوو ئەوروپای ڕۆژئاوایی و ڕۆژهەڵاتی، دەرکەوتنی نێوەندی نوێی فورسایی: یەکێتیی سۆڤیەت، ئەمریکا، یابان، چین.. هەموو ئەمانە ئەوەیان دەگەیاند کە یۆرە-نێوەندی (یۆراوسێنتریزم) هەلومەرجی ئیمکانبوونی لەدەست داوە. کارێکی پێداچوونەوە پێویست بوو. بەڵام ئەم پێداچوونەوەیە (ریڤیژینیزم) ئەوە نەبوو کە پرینسیپە بەجەوهەرکراوەکانی ڕۆژهەڵاتیزم دابوەشێنێ، بەڵکو تەنیا مشوماڵکردن (تەعدیلکردن)یان بوو. بەم جۆرە گەرچی لە دیراساتی ڕۆژهەڵاتناسی نوێدا زیاتر گرنگی بە لایەنی نوێ دەدرا و فاکتەری ئابووری لەبەرچاو دەگیرا و «ئێستا» وەک بابەتی لێکۆڵینەوە قبووڵ دەکرا، خولیای ڕۆژهەڵاتیزمی نوێ هەر ئەوە بوو کە هەلومەرج و پێداویستی تیئۆری و تێگەیی، بۆ داڕشتنی نموونەگەلی تازە (تیپۆلۆژی)ی گونجاو بۆ گەلانی جیاوازی ڕۆژهەڵات، بەدەست بێنێ.

ستروکتورالیزم (بنیاتگەری) بە رای ئەنوەر عەبولمالیک هەلو مەرجی تیئۆری وای خولقاند کە گەڵاڵەکردنی ئەم جۆرە تیپۆلۆژییانە مومکین بکات. چونکە فەلسەفەی ستروکتورال، وەک دەڵێ: «بریتییە لە لێکۆڵینەوەی ریالیتی وەک هەیە، وەک ستراکتوور، بە هیچ حاڵ لەمە زیاتر ناڕوا، وەک بەرهەم و ئامانج و ئاکامی پەرەسەندنێکی مێژووی سەرنجی بدات. بەم جۆرە بیرکردنەوەیە، ستروکتورالیزم لە زانستگاکانی مرۆڤناسیدا، وەک دەربڕینێکی هەرە قبووڵکراو، وەک بابەتکردنی (ئۆبژێکتیڤەکردنی) فینۆمینۆلۆژی، کە شێوەی زاڵی فەلسەفەی ناعەقڵانییە لەم سەردەمەماندا، دەردەکەوێ».

بەڵام لە کەرتی دیموکراتی و سۆشیالیستیدا ڕۆژهەڵاتیزم، بە لێکدانەوەی عەبدولمالیک، ئاقارێکی دیکەی وەرگرت.. وەک گرینگیدانی ئینتێلێکچواڵی بە شارستانییەکانی ڕۆژهەڵات (نموونەی ماکسیم رۆدینسۆن و چین چیسنۆ و جۆزێف نیدهام) و بەکارهێنانی میتۆدۆلۆژی مارکسی بۆ لێکدانەوەی مەسەلەکانی رزگاریخوازیی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی و پەرەسەندنی ئابووریی گەلانی خۆرهەڵات و سەیرکردنی ئەو گەلانە وەک دروستکەری مێژووی خۆیان. ئەمانە روخساری زەق و دیاری ڕۆژهەڵاتیزمی نوێی سۆسیالیست بوون. خاڵی جیابوونەوە (لە ڕۆژهەڵاتیزمی کۆن و نوێی ڕۆژئاوایی)ئەوە بوو کە یورۆنێوەندی (یوروسێنتریزم) وەک (بەخۆنازینێکی کولتووری بێ پاکانە کە پێوەندی ڕۆژئاوا بە گەلانی دیکەوە ساختە و درۆئامێز دەکات) رەت بکرێتەوەو وەک نیدهام کردی «سایکۆلۆژیای سەردەست و بەسەردا زاڵبوون، کە هەمیشە لە ئاخاوتنی ڕۆژهەڵاتیزمدا لەکاردا بوو، شەرمەزار بکرێت». (٤١)

بەڵام ئەم وەرچەرخانە گرنگە، بە رای عەبدولمالیک رێی لەوە نەگرت یۆرۆنێوەندی چ وەک جیاکردنەوەیەکی جەوهەریکراو (ئێزنتێنشیالیست) و چ وەک سایکۆلۆژیی خۆبەزلزانی لە ناو کەرتی سوشیالیستی ڕۆژهەڵاتیزمیشدا بمێنێتەوە.

بە کورتی گوتارەکەی عەبدولمالیک لەمەڕ ڕۆژهەڵاتیزم هەندێ خاسییەت و روخسار دەستنیشانکردنی گرنگی تێدا هەن و لە کاتی خۆیدا دەورێکی پێشڕەوانەی هەبوو لەوەدا کە بەئاگابوونێکی رەخنەگرانە تەبیعەتی ڕۆژهەڵاتیزم بخاتە ناو چوارچێوەیەکی تیئۆرییەوە. بەڵام لە مەودای وتارێکدا عەبدولمالیک تەنیا (حوکمێکی گشتی) بەسەر مەیدانی ڕۆژهەڵاتیزمدا داوە و هیچی تر. حوکمدانەکەش لەسەر بنچینەی چەند گشتێکردنێکی رەمەکییە بەبێ پاڵپشتی هیچ جۆرە شیکردنەوەیەکی تیئۆری و مێژوویی و دەقی.

**B.3 . ئێدوارد سەعید: ڕۆژهەڵاتیزم لە ناوەوە**

کتێبەکەی ئێدوارد سەعید (ئۆریەنتالیزم) کە لە ساڵی ١٩٧٩ دا چاپ و بڵاوبۆتەوە «٤٢» تەنیا خۆتێگەیاندنێکی تیئۆری لە مەیدانی ئاخاوتنی

ڕۆژهەڵاتیزمدا نییە. بەڵکو بریتییە لە پشکنینێکی ئەکادیمی تەواوی کێڵگەی ئەو بانەتە. وەک کاریگەرترین کتێبی ئینتێلێکچواڵ، کە چارەسەری هەموو بابەتەکە دەکات، ئێمە بە سەلامەتی دەتوانین بڵێین کە ئەم کتێبە بۆی هەیە ببێتە «کلاسیک»ێک لەم مەیدانەدا.

هەر وەک دەستپێشخەرییەکەی عەبدولمالیک، خۆتێگەیاندنەکەی ئێدوارد سەعیدیش هۆی دەرەکی هەیە. ئەمە هەم لە هەڵوێستی سیاسیی نووسەرەکەی و هەم لە دووریی و لایەنی شەخسی کارەکەیدا بە ئاشکرایی دەردەکەوێ. سەعید لەو باوەڕەوە دەست پێدەکات کە هەموو جۆرە زانیارییەک بە پێداویستی سیاسییە. هیچ جۆرە دیراسەیەکی ئەکادیمیی پەتی نییە. لەبەر ئەوە هەر جۆرە دوانێک لەسەر بابەتێکی ئاوا گرنگی وەک ڕۆژهەڵاتیزم ئەوا بە ناچاری و بە جۆرێک کە ناتوانی خۆی لێ بدزێتەوە پڕە لە «هۆشمەندییەکی ڕەخنەیی بەرهەڵستکارانە (ئۆپۆزیسیۆنی)».

ئەو وا هەست دەکات کە ئەو «ڕۆژهەڵاتییەکە وەڵامی ڕۆژهەڵاتناسان دەداتەوە.. ستراکتوری دیسیپلینەکەیان هەڵدەوەشێنێ، بەلاداچوونە سەرووی مێژوویی و دەزگایی و ئایدیۆلۆژی و دژە ئەزموونییەکانیان بەدەر دەخات»(٤٣).

هەروەها سەعید هۆکاری قەیرانی پێناسەی خۆی وەک ئەمریکییەکی -فەلەستینی لە ڕەنگکردنی ڕوانگەی ئەو بە نیشانەی نارەزایی شەخسی لە لایەکەوە و دانانی لە بۆتەی هیومانیزمێکی نیمچە مەحاڵدا لە لایەکی دیکەوە، ئاشاریتەوە. (لاپەڕەکانی ٢٧، ٢٨، ٣٢٥، ٣٢٨).

ئەم پاڵنەرە دەرەکییانە هەر چۆنێک بن، ڕەوشی داڕشتنی ناوەوەی کتێبەکە دیاری ناکەن ئەگەرچی میزاجی سەرەتایی نووسەرەکەش ئاشکرا دەکەن.

بەدیهێنانی نیازە سیاسی- ئایدیۆلۆژییەکانی نووسەر بە شێوەیەکی ئۆرگانی بەو مێتۆدۆلۆژییەوە بەستراونەوە کە بۆ کتێبەکەی هەڵبژاردووە، یان بە زاراوەی سەعید خۆی بە «سەرەتاکانە». مەسەلەی نووسین بۆ سەعید مەسەلەی سەرەتاکانە. ئەو «سەرەتایانەی ئەو شتانە مومکین دەکەن کە لێیانەوە سەرچاوە دەگرێ. بەم چەشنە نووسین بەردەوامبوونی سەرەتاکانە»(٤٤).

لەبەر ئەوە کتێبی ئۆریەنتالیزم کە ئەم چەمکەی گرتۆتە خۆی، ناتوانرێ بە شێوەیەکی ڕاست تێی بگەین و نرخی بزانین ئەگەر ئەو خاڵی سەرەتایانە نەزانین کە سەعید بۆ پرۆژەکەی دامەزراندوون. لە پێشەکی کتێبەکەیدا ڕوونی دەکاتەوە کە چەندە ئەستەمە گرفتی مەیدانی زانینێکی مێژوویی ئاوەها فراوان وەک ڕۆژهەڵاتیزم چارەسەر بکەین بەبێ ئەوەی مێتۆدێکی لەبار بدۆزینەوە.

دوای ئەو کە شێوەی گێڕانەوە (نەرەتیڤ) بۆ دەربڕینی نیازە ئایدیۆلۆژییەکانی بە دروست نازانێ، دەگاتە ئەو ڕایەی کە «بەبێ سەنجدان و پشکنینی ڕۆژهەڵاتیزم وەک (ئاخاوتن) ئێمە دەشێ نەتوانین ئەو دیسیپلینە زۆربەی کات سیستماتیکە تێبگەین کە بەهۆی ئەوەوە کولتووری ئەورووپایی توانی ڕۆژهەڵات بە شێوەیەکی سیاسی و سۆسیۆلۆژی و سەربازی و ئایدیۆلۆژی و زانستی و تەنانەت داهێنەرانەشەوە بەڕێوە بەرێ و بەرهەمی بێنێ- لە ماوەی سەردەمی دوای ڕۆشنگەریدا ... ل ٣».

لێرەوە سەعید نەک تەنیا پشتبەستنی بە چەمکی (ئاخاوتن) لای فۆکۆ بە شتێکی جەوهەری دەزانێ بۆ پرۆژەکەی، بەڵکو پرۆژەکەی خۆشی لە چوارچێوەی هەوڵی ئازایانەی فۆکۆدا بۆ دیراسەکردنی بیری ڕۆژئاوایی دەبینێتەوە.

کەواتا ئۆریەنتالیزم، وەکو کارەکانی فۆکۆ، بابەتێکی دیراسەکردنی مێژووی کولتووری ڕۆژئاواییە. گومانی نییە لێرەدا سەعید زەمینەیەکی لەبار و کەڵکمەند بۆ دەستپێکردنی پرۆژەی ئەنەتۆمی سیاسیی ئۆریەنتالیزم دەدۆزێتەوە، کە دەشێ یارمەتی بدات ستراکتوورە مێژوویی و ئایدیۆلۆژییەکانی، بە تایبەتی دوو لایەنی ڕۆژئاوا/ڕۆژهەڵات، هەڵبوەشێنێتەوە، ئەو دوو لایەنەی تەواوی ئاخاوتنی ڕۆژهەڵاتیستی لەسەر بنیات نراوە.

بەڵام بەداخەوە سەعید ئەم هەلەی لەدەست خۆی داوە بەوەی کە خۆی بەستۆتەوە بەو لێکدانەوە ستراکتوورالییەی خۆی بۆ فۆکۆی دەکات«٤٥» و بە دانی دەوری هەرە سەرەکی لە بڕیاردانی ڕەوشی بیردا بە زمان. زمان بەلای سەعیدەوە «شتێکە کە مێژووی تایبەتی و جوگرافیا و ڕوحیانەت و تەنانەت مادییەتی خۆی هەیە. من پێموایە زمان زمان و ئەفسانەلۆژی و خەیاڵی خۆشی هەیە» (٤٦).

لێرەوە سەعید ڕابردوو وەک «تەنیا دووبارەکردنەوەیەکی بەسەریەکدا خڕبۆوەی وشە دیاریکراوەکان دەبینێ (٤٧).

ئەمە بە وردی و تەواوی ئەو چەشنەشە کە ئۆریەنتالیزم دەبینێ. لە ئەنجامدا لە جیاتی جەخت کردن لە سەر کاریگەری و فانکشنی دەسەڵات لە شیکردنەوەی ئاخافتندا، ئەو پرۆسەکە بەراوەژوو

دەکاتەوە:

دەسەڵات لە وشەدا مەییوە و بە کایە گۆڕکێ، لە هۆش دا. وشەکانن کە مێژوو درووست دەکەن.

**3.B.2 سەرەتاکانی ڕۆژهەڵاتیزم**

بۆ ئەوەی لێکدانەوەیەکی ئایدیالیستی پێکهاتنی ڕۆژهەڵاتیزم-مان بداتێ سەعید بۆ ستروکتورالیزمی لیڤی ستراوس دەگەڕێتەوە.(لاپەرە ٥٣-٧٢).

ڕۆژهەڵات، هەر لە سەرەتاوە، مەخلوقێکی هۆشە، بەرهەمی خولیای مێشکە بۆ ڕێکخستن و تەرتیبکردنی شتەکانی دەورویەری.

بە پێی پێداویستی و نیازەکانی ئەم خولیایە، هۆشی مرۆڤ جارێک لە جارانی سنووری لێکدابڕانی لە نێوان (فەزایەکی ناسراوو ئاشنا کە «هی خۆمانە» و فەزایەکی نا ئاشنا کە «هی ئەوانە» دروست کرد. (خاکی ئێمە) و [خاکی بەربەرەکان). (لاپەرە ٥٤). لەم دابەشکردنە خەیاڵییە ڕەمەکی و بێ یاسایەوە، ئەوەی دەردەکەوێ کە (تارادەیەک کۆمەڵگاکانی مۆدێرن و سەرەتایی هەستی خۆناسینیان بە شێوەیەکی نێگەتیف بە دەست دێنن) لاپەرە ,٥٤

لە لایەکی دیکەوە بە پشتبەستن بە کتێبی (شیعر ئامێزیی فەزا) ی باشیلارد (٤٨) سەعید ئەو گوتوبێژە پێشکەش دەکات کە [ جوگرافیاو مێژووی خەیاڵی یارمەتی (هۆش) دەدەن کە هەستکردنی بە خۆی خەست تر بکاتەوە بە هۆی دراماتیزەکردنی دووریی و جیاوازیی نێوان ئەوەی نزیکەو ئەوەی دوورە]. لاپەرە ,٥٥. لە ئاکامدا سەعید میکانیزمی ڕۆژهەڵاتیزم وەک گەمەی کار لە یەکترکردنێکی نێوان هۆش و جوگرافیای خەیاڵی، کە دەورویەری خەتی جیاکەرەوەی ئاسیاو ئەوروپادا ڕوودەدا، دەستنیشان دەکات. ئەم گەمەیەش کۆنەو دەتوانین تا سەردەمی (ئیلیاد) بە دوای مێژوویەکەی بکەوین.

بۆ سەلماندنی ئەم هەڵوێستەی، سەعید ئاماژە بۆ داڕشتنی خەیاڵیانەی ئاسیا، بە پێی لێکدانەوەکەی خۆی، لە کتێبی (فارسەکان)ی ئێسخیلۆسدا دەکات (ئەم کتێبە کۆنترین شانۆگەرییەکە کە لە بەردەستدابێت). هەروا لە کتێبی یۆرۆپایدیسی باخایBckhae Europides. کە ئەمەشیان دوا شانۆگەریی یۆنانییە کە مابێتەوە.

**کتێبی فارسەکان** The Persien

دەربارەی کتێبی فارسەکان سەعید ئەمە دەڵێت:

( ئێسخیلۆس ئەو هەستی کارەساتە ڕەنگ دەکات کە بە سەر فارسەکاندا هات کاتێ دەزانن کە سووپاکەیان بە سەرکردایەتی زێرکیس Zerxes لە لایەن یۆنانییەکانەوە، تێکشکێنراوە. کۆرسەکە ئەم بەستەیەی خوارەوە دەڵێنەوە:

ئێستا هەموو خاکی ئاسیا
لە بۆشاییدا دەناڵێ
زێرکیس ڕێبەری کرد، ئای ئای زێرکیس تێکشکا،
وای، وای.

سەعید دەڵێ: ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەوەیە کە ئاسیا بە ڕێگای خەیاڵی ئەوروپاییەوەو بە فەزڵی ئەو قسە دەکات... ئەوروپا وەک سەرکەوتوو بە سەر ئاسیادا وێنەکراوە، ئەو جیهانە [ئەوی دیکە] ناحەزەی کەوتۆتە ئەو لای دەریاکانەوە. ئاسیا هەستی بە تاڵی و بۆشی و کۆستکەوتوویی و کارەساتی پێدراوە کە وا دیارخراوە لە مەودوا پاداشی هەر تەحەددایەکی ڕۆژهەڵات دەبێ بۆ ڕۆژئاوا) لاپەرە ٥٦

سەعید لێکدانەوەیەکی هەر بەم چەشنەی باخای دەکات و لە کۆتاییدا دەڵێت:

ئەو دوو ڕواڵەتەی ڕۆژهەڵات کە لە ڕۆژاواوە لەم دوو شانۆگەرییەدا سەرەتایان بۆ دانرا، وەک مۆتیفی جەوهەریی جوگرافیای خەیاڵ ئامێزی ئەوروپایی دەمێننەوە، هێڵێک لە نێوان دوو کیشوەردا کێشراوە. ئەوروپا دەسەلاتدارو زماندارە. ئاسیا تێکشکاوو دوورە. ئێسخیلۆس نوێنەرایەتی ئاسیا دەکات، وای لێدەکات لە شەخسی پیرە کەسێکدا کە شاژنی فارسی، دایکی زێرکیسە، قسە بکات. ئەوە ئەوروپایە کە ڕۆژهەڵات دەخاتە قسە، بەم زمان پێدانە بەرهەمی دەسەڵاتی ئاغایەکی مقەبایی نییە، بەڵکو هی ئافەریدەکەرێکی ڕاستەقینە، کە هێزە ژیانبەخشینەکەی فەزایەک لەو دیوی سنوورەکانەوە ئامادە دەکات، زیندوێتی دەداتێ و، پێکی دەهێنێ، فەزایەک کە بە بێ ئەم ژیان پێبەخشینەی ڕۆژئاوا، تەنیا وەک فەزایەکی بێدەنگ و خەتەرناک دەمێنێتەوە) لاپەرە ٥٧

بەم چەشنە سەعید بەردەوام دەبێ لە سەر تەقەلاکەی بۆ دۆزینەوەی ئەڵقەی پێوەندی لە نێوان ئەو ئایدیایانەی وا گومان دەکا لەو دوو شانۆگەرییەدا هەن و لە نێوان ستراتیژیای ڕۆژهەڵاتیزمی نوێدا:

« لێکچوونێک هەیە لە نێوان ئۆرکێستراکەی ئێسخیلۆسداو، کە جیهانی ئاسیای بەو چەشنە گرتۆتە خۆی کە دراما نووسەکە بیری بۆی چووە، لە نێوان

خەرمانی بەرهەمی دیراساتی ڕۆژهەڵاتناسیدا، کە ئەویش جیهانی زەبەلاح و نادیاری ئاسیایی هەندێ جار بە هەندێ عەتفەوەو بەڵام هەموو کات بە پشکنیارییەکی زاڵمانەوە، گرتۆتە باوەشی.

دووەم: مۆتیڤی هەبوونی ڕۆژهەڵات وەک دروستکەری مەترسی هەیە. عەقڵانییەت (ڕەشنالیتی) بە زێدەڕۆییەکانی ڕۆژهەڵات بنکۆڵ کراوە، ئەو خاسیەتانەی دژن بە بایەخە نۆرماڵەکان و بە شێوەیەکی نادیار سەرنجڕاکێشن) (٥٧)

پێویست بوو قسەو بۆچوونەکانی سەعید لە سەرەوە وەک خۆی بێنینەوە، تا بتوانین ڕوونی بکەینەوە چۆن

« سەرەتاکانی ئەو توندو تیژی دەرهەق دەقەکانی دەنوێنن و میتودەکەی بۆ ئاستی بۆچوونێکی ستراکتوریی فۆرمالیستی نزم دەکەنەوە کە هیچ نرخێک بۆ گرێ و گرفتە سۆسیۆ - مێژوویەکان لە بەرهەمهێنانی ئاخافتن و دەرکەوتن و دەوری بیرەکان، دانانێ. (هەر وەک لە بەشی دووەمی ئەم باسەدا ڕوونی دەکەینەوە).

بەم جۆرە، بەلای سەعیدەوە، ڕۆژهەڵات هەر لە سەردەمی کۆنەوە وەک (جیهانێکی ناحەزی) وەک شوێن جیاکراوە لە خەیاڵی ئەوروپاییدا هەبووە. بەڵام ئەم بوونە وەک بوونی واقیعی ئەزموونی خۆی نەبووە بەڵکو وەک شتێکی زۆر لەمە زیاتر (ل٥٥)، وەک «جوگرافیای خەیاڵی» وەک ئایدیا.

ئەم ئایدیایە، ئەم بیرە، ئەم جیاوازی و لێک دوورییەی نێوان ڕۆژهەڵاتی فیزیکی و ڕاستەقینەو ڕۆژهەڵاتی خەیاڵی ئەوروپایی، هەرێمی سیمانتیکی (ماناداریی) ڕۆژهەڵاتیزم پێک دەهێنێ.

بەر لەوەی بچینە سەر پشکنینی بۆچوونی سەعید دەربارەی پرۆسەی مێژوویی ڕۆژهەڵاتیزم، با بە پوختی ئەو (سەرەتا) مێژووییانە بخەینە بەرچاو کە بۆ پرۆژەکەی داناون.

* هۆش لە خولیای بەخشینی ڕێکی و تەرتیب بە جیهانی دەوروبەری، جوگرافیایەکی خەیاڵی دروست دەکات.

* ئەم جوگرافیاو (مێژووە) خەیاڵییە بە دەوری خۆی هەستکردن بە خۆ ناسین، پێناسەی هۆش بە هێز دەکات.

* بەم جۆرە کۆمەڵگا مرۆڤییەکان هەستی خۆناسینیان زیاتر بە شێوەیەکی نێگەتیف لە ڕێگەی ناساندن و وێناندنی (ئەوانی دیکەوە) ، بە دەست دەهێنن.

* هەر لە سەردەمەکانی هەرە زووەوە، ئاسیا (ڕۆژهەڵات) لە خەیاڵی ئەوروپاییدا (ئەویدیکە) بوونێکی ناحەزو خەتەرناکی هەبووە.

* ئەمەش وەک مۆتیڤێکی سەرەکی لە پشت بۆچوونی مێژوویی ڕۆژئاوادا بۆ ڕۆژهەڵات ماوەتەوە.

شتێکی ئاشکراو ڕوونە کە ئەم بۆچوونە بە تەواویی تێگەیشتنێکی ئایدیالیست لە مێژوو پێک دەهێنێ. سەعید گوتەکانی (خەیاڵ) و (هۆش) وەک هەبووی ئەبستراکت بە کار دەهێنێ و دەسەڵاتی ئەو هەبووە ئەبستراکتانەش وەک خوڵقێنەری ئاخاوتن،وەک لۆگۆس Logos. بەم جۆرە بەر لەوەی ڕوون بێتەوە مانای ڕاستەقینەی ڕۆژهەڵات چییە، ئەو ڕۆژهەڵاتە وەک داهێنانێکی ئەوروپایی هەبووە، وەک وشەیەک کە هێزی مانابەخشینی هەمیشە گەورەتر بووە لەو مانایەی بەخشیوێتی. بەم جۆرە هەمیشە (فەزایەکی هەبوون) بۆ مانا پێدان، نواندن، ئیمازەکردن، وێنەو خەون هەبووە کە دەبوو، دەبێ پڕبکرێتەوە. [تا ئەو ئاستەی کە لە ئاگایی ڕۆژئاوادا هەبووە، ڕۆژهەڵات وشەیەک بووە کە دواتر کێڵگەیەکی فراوانی لە ماناو پێوەلکاندن و لێکدانەوە وەرگرتووە، ئەمانەش بە پێداویستی ئاماژەیان بۆ ڕۆژهەڵاتی ڕاستەقینە نەکردووە بەڵکو بۆ ئەو کێڵگەیەی کە لە دەوری وشەکەدا بووە] لاپەرە ٢٠٣

چۆن ڕۆژهەڵاتی وشە ئەو مانا دەرەکییانەی وەرگرت؟ ئەو کێڵگەیە چییە کە دەوری داوە؟ یان بە زاراوەی فۆکۆ، کێڵگەی بەکارکەوتنەکانی Sfield of Operation.

ئەی کێڵگەی هۆش / خەیاڵ چییە گەر وای دابنێین فارسەکان و گریکەکاندا بوو. لێرەوە ئەوەی کە ڕاستە، حەقیقەتی سەرهەڵدانی ئایدیاکانی ئێسخیلۆس دەربارەی ئاسیا وەک وشەیەکی خەیاڵزادە نییە بەڵکو وەک (کردەوەیەکی مێژوویی) .. هەر وەک لە شیکردنەوە ڕەخنەییەکەماندا بۆ ئەو تێکستە لە بەشی داهاتوودا بە تێروتەسەلی ڕوونی دەکەینەوە:

(پرۆسەی مێژوویی ڕۆژهەڵاتیزم).

چۆمان هەردی

# چەند هۆنراوەیەک

١

تورەی کردم
سەیری بالای وردی کردم
وتی: «هێشتا بچکۆلانەی»
سالەکانی عومری ژمارد
وتی: «هێشتا زۆر منالی
پێگەیشتنت لەوانەیە لەرێدابێ»

توورەی کردین
لەسەر سەکۆی غروری ئەبەدیی پیاوێکەوە
بە بچووکی ئێمەی بینی
لەبەرزایی تێروانینی کوێرییەوە
خێراترین راکردنی ئێمەی لەلا
گاگۆلکێ بوو
پێی دەوتین:
«ئێوە فێری فرین نەبوون
برۆن هێشتا
تازە چەکەرەی بالێکتان دەرکردووە»

(خوشکەکانم دەنگی بۆلەیان هەلبڕی
خوشکەکانم تۆزێک زریکەیان هات و
خوشکەکانم دواتر، گریان)
من لەبەردەم ئاوێنەکانی بینینا
رووت بوومەوەو
لەخۆم روانی.

بەعەینەکە گەورە ئەستوورەکەیەوە
بالەکانی ئێمەی نەدی
بالە رەنگاورەنگ و وردەکانمان
من بەرووتی لەخۆم روانی
(بال بچکۆلەبێ یا گەورە
فرین هێشتا هەر فرینە)
من پێکەنیم
(ئەشێ کیسەلە خاوەکان
لە کەروێشکە لەخۆرازییە خێراکان ببەنەوە)
من بە رووتی لەخۆم روانی و
من پێکەنیم
ئەو سەوزایی ناو رۆحی ئێمەی نەبینی
لەچاوە گەورەکانی داهاتوا
گەیشتنی ئێمەی نەبینی
لەدرێژبوونەوەی ئێستادا
ئێمەی نەدی
لە رابردووی شەرمنیشا
ئێمەی نەدی
من بەرووتی لەخۆم روانی و
من پێکەنیم
من پێکەنیم و بەرووتی
لەئاوێنەکانی ئێستادا خۆمم بینی
من پێکەنیم.

١٩٩٨-٩-٣

٢

زەردەخەنەی جوانی یەکێک بیرکراوە
(من دەڕوانمە ساتەکان)
جێی خۆیەتی لەگەڵ خۆردا ئاشتبینەوە
خەونەکان لەئامێز دەگرێ ڕوناکایی
ئەیهێنێ وشە تینوەکان بەگوی ی یەکدا
بچرپێنین
سێبەرەکان تەڕ دەبن بەبارانی خۆر
(من دەڕوانمە دووریەکان)
جێی خۆیەتی سەفەرکردنم بۆلای تۆ
سەفەرکردنت بۆلای من
بەجێهێشتنی بێدەنگی و
بەکارهێنانی لێوەکان
ئێرە، ڕەنگە
سەرەتای پێکگەیشتن بێ..

٣

گوناهبارم بەدابەشبوون
(چرپەی خاکی شەونماوی پڕ مەراقە)
گوناهبارم بەخوێندنەوەی ناوچەوانی
درەختەکان
ئاشتبونەوە چەند مەحاڵە لەم شەوە بێ
سرتەیەدا
خۆشکردنی گوڵە تەمەن کورت و وردیلەکان
چەند مەحاڵە
گوناهبارم بەڕاوەستان لەبەردەرگا
گەورەکانا
ئێوارەیەکی مۆری تر
لەپەنجەرە تاریکەکانی عومرەوە
دەڕوانمە: تارمایی ماتی سبەینێ

چەند مەحاڵە دۆزینەوەی زیندوێتی
لەناو قەبرستانەکانا
چەند زەحمەتە داگیرسانی مۆمێکی تر
لەبەردەم ئەم ڕەشەبایەدا

(چرپەی خاکی شەونماوی پڕ مەراقە)

ئێوارە پڕە لەخێوی بێسەر و شوێن
کەهەر لەسەرەتاکانەوە
بۆ پەناگەیەک دەگەڕێن، بۆ ئارامی
گوناهبارم بەهەڵکردنی ڕەشەباو
دەستپێکردنی جەنگەکان
تارماییەکان دەیانەوێ لەمنا جێیان بێتەوە
حەیف بۆ ئەستێرەکانی ڕاپێچبووی ناو
گەردەلوولی دووبەرەکی
حەیف بۆ ئەو تیشکە نارنجیە بزێوانەی
لەدرزی پەنجەکانمەوە ئاوەلابوون

تاریکبوونی ئاوێنەکان بەردەوامە
نوسینەوەی ئەم چیرۆکە،
یاریکردنە بەئاگر
شێتبوونە لەو ساتانەدا
کەزۆر پێویستە ئاقڵ بین
نوسینەوەی ئەم چیرۆکە،
هەوڵێکە بۆ وەستاندنی ساتەکان
ئەوساتانەی بێهودە جێمانئەهێڵن
نوسینەوەی گوناهەکان بەردەوامە
دیسان منم بۆ مەرگی ئاشتی دەگریم
دیسان منم
لەئێوارە پڕ مەراق و مەحاڵەکانی ئێستادا

چاوەڕێی ساتێکی ترم
گوناهبارم بە مەحاڵیی ئەم چیرۆکە
گوناهبارم بە دابەشبون.

١٦- ١١- ١٩٩٨

٤

گوڵە وردەکانی هەتاو لەچاویا بوون کەهات
بۆ لام
دوو سێ دڵۆپ باران لەسەر ناوچەوانی و
دەستەکانی بەتاریکی داپۆشرابوون
پەرداخێک شەرابم دایەو
لێم نەپرسی چی ڕوویداوە
یەکێک لەودیو دیوارە تەنکەکانەوە
بە ورتە گۆرانی دەوت

بەرامبەری دانیشتم و
هیچ نەجوڵام
ترسام لەوەی گوڵە وردەکانی هەتاو
لەچاوانی قڵپ ببنەوە
هیچم نەوت
ترسام لەوەی تاریکی سەر دەستەکانی
هەموو ڕۆحی بگرێتەوە

**
یەکێک لەودیو دیوارە تەنکەکانەوە
بۆ عەشق گۆرانی ئەوت
**

ئەو لێوەکانی لەرزین و
کە گۆرانیەکە تەواو بوو
سەیری کردم
سەرەنجام، ئاااە !
گوڵە وردەکانی هەتاو
لەچاوی کەوتنە خوارەوە.

١٩-١١-١٩٩٨

٥

ساردیی زستان ئەکەوێتە بەینمانەوە
چی بوو ئەوەی ئەو ئاگرەی کوژانەوە؟
ئەو ئاگرەی بۆ باوەشی یەکتریی ڕاپێچ
ئەکردین
ئەو ئاگرەی ماڵەکەی پڕ دەکرد لەدەنگ
ساتەکان پڕ لەئارامی

من لەپەنجەرەکانەوە
دەڕوانمە ڕەقبوونەوەی درەختەکان
تۆ پێم دەڵێی:
(دەبێ لوتبەرزیت بشکێنم)
من شەوانە لەتەنیشت جێی بەتاڵی تۆوە
دەخەوم
سەتاسەری ڕۆژەکانیش، خاو خاو
سست سست
بەناو چۆڵیی ماڵەکەدا دێم و دەچم
نەدەگریم و
نەخەوت پێوە دەبینم...

ساردیی زستان کەوتۆتە نێوانمانەوە
چی بوو ئەوەی ئەو ئاگرەی کوژانەوە؟
لەئاگردانی مردوا
بڵێ ی ژیلەمۆیەکی تر بەجێمابێ؟

دیسانەوە لەپەنجەرەی تەزیوەوە دەڕوانم و
تاسنووری بێکۆتایی،
هەر سەهۆڵبەندان ئەبینم.

١٨-١٢-١٩٩٨

٦

ئەو پیاوەی ئەم ئێوارەیە
جانتاکەی دا بەشانیداو
ژوورەکەمی چۆڵکرد لەخۆی
خەونەکانی لە توێکانی ڕۆحی مندا
ڕوواندوە.
دۆعاکەی دایکم دێتە دی
سبەینێ زوو
من گوڵ ئەگرم
ئەبمە دارئەرخەوانێکی بچکۆلانە
سێبەرەکەم لەئێستاوە
وەک سێبەری درەختێکی لێهاتووە
ئەو پیاوەی خەونەکانی خۆی لەناو مندا
ڕواندووە
چەند ئاسوودە جانتاکەی دا بەشانیداو
ئێوارێ زوو
ژوورەکەمی چۆڵکرد لەخۆی

من گوڵ ئەگرم
دەبمە درەختی خەونەکان
خەونی من و
خەونەکانی ئەو پیاوەی ئەم ئێوارەیە
ماڵەکەمی چۆڵکردوە
لق و پۆپی ئەم درەختە دائەپۆشن

سێبەرەکەم بۆتە سێبەری دەرختێک
ڕێگوزەرە ماندووەکان!

وەرن و بحەسێنەوە
لەژێر سێبەری خەوندا
بارانی گوڵ بەسەرتانا ئەبارێنم
من گوڵ ئەگرم
ئەو پیاوەش کە منی لێرە جێهێشتووە،
بۆ کوێ ئەچێ؟
دڵنیام دەگەڕێتەوە..

١٩٩٩



دڵسۆز حەمە

# تێکەڵاوبوونی وێنەکان

١

شەڕی کازێوە و ئاوابوون
هەمیشە لە دەشتی خۆر و
باڵ زناری تاریکیدا دەست پێدەکات
تاوێ خوێنی هەتاو دەڕژێ
قەدەریکیش هی دارستانی ئەبەنوس.

٢

خۆ هەر گۆڕێک سەرم دەخوات
لە کۆتایی ئەم سەفەرەم
ئیتر بۆ نەبم بە گردی ناشتنی
هەموو رقێک و
سەوزبوونی گەورەترین خۆشەویستی!

٣

تولەڕێیەک خۆشی ویستم، رازی نەبووم
نەوەک پێش من سێبەرێکی ماچ کردبێ
دارستانێک خۆشی ویستم، مەیلم نەدا
نەوەک شەوێک لەگەڵ باراندا نووستبێ
رەوەزێکی کەڵەگەتی شان و مل رێک
خۆشی ویستم
رازی نەبووم
نەوەک ئەو هەموو ماتبوون و بێدەنگییەی

بۆ کۆنەعەشقی جۆگە بێت لە پێش مندا
جیاوازم من لە باخچەکان
جیاوازم من لە پەرداخە بەربادەکان
کە شکاون
نا.. کە دەشکێن و ناشکێن

٤

بە کەناری ئەم وەرزە ئاڵتوونییەدا
تەنیاییم لێ دەوەرێت و
خۆشەویستی لە پەنجەم دەچۆڕێتەوە
کەی ئەم گۆزانە پڕ دەبن لە رەنگی ماچ؟
کەی وتن لە سەری دەڕژێ؟

٥

فڕکەفڕکی نەورەسانی شپرزەیە
کە مەلوولی دەریا دێنێتە گریان و
شەپۆل دەدات بە تاوێردا
وا پێدەچێ ئەوە تۆ بێت لە باوەشما
نەک شەپۆلێک کە لە ترسا هەڵاتووە!
ئەوە من بم لەسەر نەرمە گیای هەناسەت
نەک لمی کەناری دڵتەنگ
کە پەراوپەڕی رەهایی خۆرنشینێ درێژ
بووە!



٦

مەرگ لە جەستە تێر نابێت
بارانیش میزاجی ژنە
ڕۆژێک لە باوەشی هەورا و
ڕۆژێکی تر لە ناو دەریا خۆی دەشۆری.
تۆ پێم دەڵێی لە باران و مردن دەچیت!
ئاه چەند سەیرە میزاجی من!
نائومێدیی دارهەناری وەرزێکی تووشە، تۆش
دەمێک رووت و
دەمێک بە گەڵاو گوڵەوە.

٧

هیچ مەڵێ.. هیچ
دارستانێک چرای پەنجە و
ڕووبارێک نیگای بێ سنوور
شارێک بە تەنیا تۆ دەگرێ و
هەناسەی من
هیچ مەڵێ.. هیچ
لە وشەدا جێگای یەقین نابێتەوە.

٨

بێ هودەیە شتنەوەی جۆگە دوورەکان
بێ هودەیە، ئەی مەسیحی ئاو
لە قەڵبەزی سەرچاوەوە «یەهودا» واچی دەشۆرێ،
بێ هودەیە.
فڕکان فڕکانی بە پەلەی فانۆس
لە ناو گەمیی خۆشویستن و خۆشباوەڕی
هەموماندا
کاپتنێکی خیانەتکار دانیشتووە
ڕووباری بەرد لە پێشەوە
دوژمنانی قەستاوقەستی بارانبارین لە پشتەوە
شەهیدبوون تەنیا کۆڵانە بگەیتەوە بە ئاوی پاک
ئەی مەسیحی ئاو!



٩

ژن وەختێ بە فریشتان دەبێ
کە دەکەوێتە عەشقەوە
پیاویش کە نائومێد دەبێ
ئاه.. زێدی من لێوان لێوی فریشتەی نائومێدە!

١٠

لە دوانهۆمی بەرزترین
ئاویترین
ئاپارتمانی شوشەیی ئەم دنیا بەردینەدا
لە ژوورێکی دڵتەنگ لە بەرزی و
دووردەستی پاڵکەوتنی بێباکانەی ئەو هەموو
جەنگەڵە زۆرەی
پەڵە پەڵە لەشی زەوی دادەپۆشێ
من و خوا
وەکو تەماسی ئاسمان و کەمەری دەریای
ناوەڕاست
پاڵ کەوتبووین
ئەو تەنیایی خۆی بە لەعنەتی خۆی دەکرد
من پێکەوەبوونی ئەبەدیم لەگەڵ حەزرەتی
ئادەمدا
ئاه یا رەبی!
چ بێ سنوورەتەنیایی ئەم پێکەوەبوونە
چ دۆزەخێکە یا اللە!

هۆلاند
١٩٩٧

# لە خەونی سەربازێکی وندا

ڕێبوار ڕەشید

ئاگای لێبوو دەمە زلەکانی بیچمە ئاسنینەکان کە هەتا ماوەیەکی کورت لەوەبەر هاوسەنگەری خۆی بوون، قوڕاوی نەفرەتیان بە سەر لاشەکەیدا دەکرد و دەبارند. دەیانویست بۆ دواجار بیکەن بە ژێر هەرەسی هەش و ڕشانەوەدا. ئێستا تازە لە خەونی مەرگی خۆیدا تێدەگەیشت بۆچی ئەوەکانی خۆیان لە هەر چوارلاوە دەستیان لێوەشاند. ماوەیەک بوو لە منداڵدانی گومانەکانیەوە گەلە پرس نۆرەبڕییان لە یەک دەکرد. ئەوان هەرچیەکیان بۆ دەکرد و لێی دەپاڕانەوە ئەم نە گومانی تەواو دەبوو، نە پرس. ئایینی ئەمانیش ڕێی بە گومان و پرس نەدەدا.

ئێستا ئەم لە دوورەوە، لە بەرزایەکی نەپێوراودا، تێیدەڕوانێ. پێی وابوو ئەو پانتاییە چاو تێدا بڕنەکردووەی کە ئەمان بە دوو باڵەوە تێیدا دەخولانەوە جێگای یەک کەسی تری تێدا نابێتەوە، بەڵام کە ڕۆحی ئەو "سەربازە ون" ـ انەی تری دەبینی کە تازە دەبوون بە قوربانی و بە دوای یەکدا ڕووەو پانتاییەکەی ئەمان وەک ئەستێرە دەکشان، تێدەگەیی زۆر لەوە گەورەترە.

لەو سەرەوە، دوور لە "بازنەی نەفرەت"، شانازی بە ڕۆحی بەفرینی خۆیەوە دەکرد و سەیریشی لەو جەستە کونکون کراوەی خۆی دەهات کە لە خوارەوە کۆنە هاوسەنگەرەکانی خۆی بە سەریدا دەڕشانەوە و هەندێک جار بێشەرمانە لە تامیان دەردەکرد و پیسایشیان لە سەر دەکرد.

گەر بە خواستی خۆی و دڵخوازی خۆی دروست کرابایە و هاتبایە جیهانەوە، هەر چرکەی دوای ئەو، خواستی ئەوە دەبوو تێکی بدەنەوە. دژ بە خواستی خۆی هێنایانە نێو جیهانێک کە دەبێت "زمان و وانێک یەک لە یەک لووستر بن".

لەو سەرەوە، لە نێو ئەو پانتاییە بێ سەروبنەدا، لەو "بازنەی خێر" ـەی خوارەوەی دەڕوانی کە ئێستا ڕۆحی بێگەردی ناوی ناوە "بازنەی نەفرەت". ئەو دەمە بە ئەقڵی سەرزەمینیی ئەو کاتەوەی پێی وابوو هەرچی حەشاماتی ئەو سەرزەمینەیە ئاگایان لێیەتی چەند مشوری هەموویان دەخوات و چۆن بووە بە "مامەخەمە" ـی هەموویان. پێی وابوو بەلانی هەرە کەم دەتوانن

باشمەبەستی و ڕاستگۆیی لە چاوە درۆ پێنەکراوەکانیدا بخوێننەوە.

بەلام وانەبوو.

هەموو جارێکیش، ئێستاش پاش بەجێهێشتنی ئەو "بازنەی نەفرەت" ـ ـە، هێشتا ئەو بیرە وەک یەکەم جار بێت تەزووی ترس و نائومێدی بە ڕۆحیدا تێدەبەڕێنێت.

قسە بۆ ئەوانەی بێ باوەڕن، بۆ ئەوانەی کە هەر لە سەرەتاوە بێ متمانەن، بۆ ئەوانەی لە مەسەلەکان بێ ئاگان، بێهودەیە. کوتانی ئاسنی ساردە. یا قسە لە سەر بێ باوەڕ و بێ متمانەکان نەبێت، ئەی ئەوانەی لە نزیکەوە لە ڕاستیی ئەم، لە بێ خەوشیی، لە پاکمەبەستیی ئەم ئاگادار بوون؟ ئەی ئەوان!؟

دایکی کە ئێستا دراوسێی پانتاییەکەی ئەم بوو، وەک ئەم، لەو سەرەوە دەیڕوانیە خوارەوە و مێشکی کوڕەکەی دەخوێندەوە. خەونەئاسمانییەکەی لە کوڕەکەی تێکدا:

- کوڕم، دە بەسە. خۆ بە تەمانیت هەر بە دەم ئەو کۆنەئازارانەوە بتلێیتەوە. هونەری ئەم ژیانە لە وەدایە لەم دوورەوە لەوان بڕوانیت. جا یان دوعای خێریان بۆ بکە یا پێیان پێبکەنە. تۆ هیچیان ناکەیت، هەر بیریان لێدەکەیتەوە.

- دایەگیان! شەرمەزاری تۆم، بێزاری درۆکانم، حەیفم لە ڕەنجی بێبەرم دێت، توڕەم لە خۆم.

- بەلام تا کەنگێ؟

- ....

- کوڕم، یان دوعای خێریان بۆ بکە یا پێیان پێبکەنە.

- دایە!

- ئا کوڕم.

- لەو دواییانەدا وام لێهاتبوو کە نامەکانتم دەخوێندەوە گاڵتەم بە گازاندەی برسیبوونت، نەخۆشیەکان و ئازارەکانت دەهات. هێندە دووبارەت کردبوونەوە لام بوو بوون بە درۆ. هاوسەنگەرەکانیشم بەو کارەم ئافەرینیان دەکردم. سەربازە ڕاستەقینەکان بۆ ئەوان ئەوانە بوون کە نە گومانیان هەبوو نە پرس.

- دەزانم کوڕم، بیرت دێت کە لە سەرەتادا بە شۆخیەوە پێم دەگوتی: کوڕم ئەوە "بازنەی نەفرەتە"؟

بەڵام ئەتۆ تووڕە دەبووی. تۆ بە شۆخیش هیچت قبوڵ نەدەکرد. فریوت خواردبوو کوڕم. فریوخواردوو بووی کوڕم.

- چۆن دەتوانی لێم ببوریت؟ گەر هەر تەنها جاریکیش بە دەنگتەوە بهاتمایە لەو خۆشەویستانەت دانەدەبڕای. لە یەکتر دانەدەبڕان...

- دابڕان هەر دەبێت ببێت کوڕم، بەڵام ئازارت کەم دەکردینەوە. ئێستاش چ نەبووە کوڕم. ئەتۆ ئێستا لە دەرەوەی بازنەی شەرمەزاریی و بێزارییت. دایک پێشدەست لە ئەوەی خۆی بوراوە.

دایکی لەوە زیاتری نەگوت. لە دوورەوە دەستێکی خۆشەویستی و نازی بە سەر ئەمدا هێنا و لەگەڵ خۆشەویستە تازە کۆچکرد و کۆنە کۆچکردووەکانی خۆیدا بەرەو ئاسۆی دووری پانتاییەکەی خۆیان لە شەقەی باڵیان دا. ئەم دووبارە کەوتەوە نێو خەیاڵە سەرزەمینیەکانی خۆی. گاکان دەیانکرد و کەرەکانیش دەیانخوارد. گاکان دەمردن و کەرەکانیش لە سەدای خرمەخرمی دەمی پڕ جۆی خۆیاندا مەست بوون.

گاکان لە گێرەی چارەنووسی ژێر جڵەوی دەستی خۆیاندا، لە مەستی نەفامی و راستگۆیی و بەئەمەکیی خۆیاندا، لە ئەڤینی گایەتی و گوێرەکەییاندا بۆ ژیان، تەنانەت تەرمی یەکیشیان بێ ئاوەڕدانەوە بەرەو نشێوی رۆچوون بەکێش دەکرد.

کەرەکانیش لەمۆزی پڕ جۆی وشکی تیوەخوساوەی خۆیان بەرەو ئاسمان هەڵدەبڕی و بە مێکوتی رەقی ئەقڵیان ورگی خۆیان دەکوتا. ژیانیان هەمیشەبەهارە و سوپاسمەندی سەرۆکن کە لە پاداشتی گوێڕایەڵی بێ پرسیاریاندا مێرگی سەوزی بەری رەنجی گاکانیان پێ خەڵات دەکات. وەک خەڵاتە مەدالیاکان کە لە ژێر باری شەرم و درۆزنی و هەست بەتاوانکردندا بە قورسی خۆیان بە سەر سەرشانی مرۆڤە خاوەنەکانیانەوە، بە ئاراستەی پێڵووی چاو و سەری ئەوان، شۆڕدەبنەوە.

کۆنە هاوسەنگەرەکانی خۆی کە لە خوارەوە جەستەی ئەمیان کون کون کرد، ئێستا دانیشتبوون و لە خواردنەوەی خوێناوی ئەمدا باسی جوامێریی خۆیان دەکرد و هەر یەکەشیان لە قوڵایی چاوی سووری خۆیدا نەخشەی خواردنەوەی خوێنی ئەوی تریانی دەکێشا. هەموشیان ئاگایان لە یەک بوو.

- بیر لە چی دەکەیتەوە وا لە بەر خۆتەوە هەر ملەملێتە و پێکەنینت دێت؟ سەربازێکی ونی هاوسێی لێیپرسی کە چاوی وەک هەردوو باڵی بە نەرمی دەبزووواند.

ئەمیش بەو پرسیارە دڵخۆش، سەیرێکی هاوسێکەی کرد و راستگۆیی خۆیی لە چاوی بە ئازاری ئەودا دەدیتەوە، هاتە وەڵام:

- بیر لە چاوپێکەوتنە تەلەڤیزیۆنێکەی شارلۆن ستۆن دەکەمەوە کە پێش ئەوەی "بازنەی نەفرەت" بەجێ بهێڵم بە رێکەوت بینیم. ئەو دەم بەزمیم بەو خانمەدا دەهاتەوە کە دەیگوت: "بە وانێکێکی تەسک و دەمێکی لووسەوە لە نێو هۆلیوددا دەگەیتە هەر شوێنێک دڵ بخوازێت."

- ئەمن دەڵێم لە نێو ئێمەشدا! هاوسێکەی بە پێکەنینەوە بۆی تەواوکرد.

- ئاخر خۆیشم هەر پێکەنینم بەوە دێت: لە نێو ئێمەشدا!

هاوسێ هاودەردەکانیان کە نەشیاندەزانی ئەمان بە جووتە بە چی پێدەکەنن، بە رووخساری شادی ئەمان شاد دەبوون و ئەوانیش بە راستەخۆ و ناراستەوخۆ هەر لەو "بازنەی نەفرەت"ـەی خوار خۆیانەوەیان دەڕوانی.

ئەم لە سەر بیرەکەی خۆی هەر بەردەوام بوو:

وانێکێکی تەسک و دەمێکی لووس. شفرەکەی بخوێنیتەوە دەبێت بە: سەربازێکی دیار.

وانێکێکی تەسک و دەمێکی لووس: سەرێکی بێ گومان و پرس.

گەر لە دەستم بهاتایە، گەر رێگایان بدامایە، پەیکەرێکم بۆ ئەو خانمە خۆشەویستە لە نێوەڕاستی شاردا بەرەو ئاسمان بەرزدەکردەوە. یا حەشاماتەکەی "بازنەی نەفرەت" لە ژێر گەڵ و قنگی رووت و قووتی راستگۆیی ئەودا درۆیان لەگەڵ خۆیان و یەکتردا بکردایە و لە ژێر سێبەری مەمکە تورت و سمتە تورتە سپی و سۆڵیە بێ مووەکەیدا بە سەر ویژدانی هەمیشە ئازارخواردووی خۆیاندا بڕشانایەتەوە.

- جا ئەو کاتە هەرە باڵابەرزەکەشیان دەستی نەدەگەییە نێوگەڵی پەیکەرخانم! هاهاهاها.

هاوسێکەی بۆی سەندەوە.

- ماڵت ئاوەدان بێت، هێند مێشکم مەخوێنەرەوە. تۆ دەزانیت بۆمان نییە وابکەین.

- چیبکەم، ئەمنیش هەر بیر لەو "بازنەی نەفرەت"ـەو ئەو "وانێکە تەسک و دەمە لووسانە"ـی خوارەوە دەکەمەوە.

لەو سەرەوە، لەو پانتاییە چاو تێدابڕنەکردووەدا، هەرە هاوڕێ دوورەکانیشیان گوێیان لە سەدای پێکەنینە دڵخۆشییەکەی ئەمان بوو.

چەرخی فەلەکیش هەر دە "گەڕیا".

له بیرەوەری دامەزراندنی یەکێتی نووسەرانی کورد (۱۸/۲/۱۹۷۰-۱۹۹۷) دا

خالید دلێر

# هەندێ لە بیرەوەرییەکانم لەگەڵ: چیرۆکنووسی جوانەمەرگ لەتیف حامیددا

(پدک) لەساڵی ۱۹۶۰ ماوەی ئیشکردنی یاسایی پێدرابوو. ماوەکە هەریەک ساڵی تەمەن بوو. هۆیەکانیش زۆرن، ئێرە جێگەی باسکردنیان نییە. پدک شەش لقی ڕێکخستنی پارتایەتی هەبوو. لەبەر خاتری مەلا مستەفا، لقی مووسڵ کرابوو بە ژمارە (۱) و هەولێر(۲)، کەرکوک (۳)، سلێمانی(٤)، بەغدا(٥) و لقی ئەورووپاش لقی شەش بوو.

لقی (۳)، لقی کەرکوک، کە نووسەری ئەم وتارە، ئەندامی کارگێری بوو، لە نوێنەرانی لیژنەی ناوچەی: کەرکووک، چەمچەماڵ، تووزخورماتوو و کفری پێک دەهات. لە یەکێک لە کۆبونەوەکانی لقی کەرکووک، لاوێکی قۆزی تەمەن ۲٤-۲٥ ساڵی بەژن کورتی دەموچاو جوان، لە شوێنی نوێنەری پێشوویان کە بەبێ بوونی هۆیەکی ماقووڵ خۆی لە پارتی کێشابۆوە، بە نوێنەرایەتیی لیژنەی ناوچەی چەمچەماڵ هاتبوو. ئەم کورە تازەیەی نوێنەری چەمچەماڵ، مامۆستای زمانی عارەبی بوو لە چەمچەماڵ و ناوی کاک: لەتیف حامید بوو، لە شێخەکانی بەرزنجە بوو.

لە سەرەتای ساڵی ۱۹۶۱ دا، میری کەوتە وزەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان کە هێزوتوانایە هەرە زۆرەکەی لە (پدک) و دەوروبەری ئەودا کۆببۆوە.

هەروەکو سروشتی زەبروزەنگ و دژایەتی بەرامبەر بزووتنەوەی کوردایەتی لە باشووری کوردستان هەمیشە لە بەغداوە بەرەو کوردستان هاتبێ، هەمیشە لەسنووری هەرە باشووری کوردستانەوە دەستی پێکردوە، ئەم جارەش لە پێشدا شاری بابە شاسوار(کفری)، ئەمجا(تووزخورماتوو) کەوتنە بەر هێرش، کادیر و لێپرسراوەکان هەندێکیان گیران و هەندێکیان خۆیان شاردەوە. دوای ئەوان لە سەرەتای نیسانی ۱۹۶۱ دا، لیژنەی لق و ناوچەی کەرکووک بەبەرشاڵاو کەوتن نووسەری ئەم وتارەش کە لەکۆمپانیای نەوتی کەرکووک کارمەند بوو، خۆی شاردەوە.

لە کۆبوونەوەی دوای ئەو هێرشەی ڕژێمی عەبدولکەریم قاسم بۆ سەر (پدک)، کە بۆ ڕێکخستنەوەی ڕیزەکانی (پدک) لقی سێ کردی، لە گەڕەکی ئیمام قاسم، لە ماڵی کاک محمد سیروان، نوێنەری لیژنەی ناوچەی چەمچەماڵ ئەمجارەش هەر کاک لەتیف حامید بوو.

لە ڕەشبگیرەکەی گەڕەکی (ڕەحیماوا)ی کەرکووک لە ۱٦-۹-۱۹۶۱، دوای بڵاوەلێکردنی لەشکرە چەکدارییە هەرەمەکییەکەی بە قسەی مەلا مستەفا دەربەندیخان و دەربەندی بازیانیان گوایا لە پێشکەوتنی سوپای ڕژێم گرتبوو، نووسەری ئەم بیرەوەرییانە بەبەر هێرشی گرتنەکە کەوت. گوێزرایەوە بۆ بیابان ( بەندیخانەی نقرە السلمان) و دوای کۆدێتا ڕەش و خوێناوی و قڕانی کادیرەکانی حزبی شیوعی، کە بەعس و عبدالسلام لە ۸/۲/۱۹۶۳ بەسەر عبدالکریم دا کردیان، لە بەندیخانە دەرچوو. لە مانگی ئابی هەمان ساڵدا بۆ ئیشکردن لەگەڵ مەکتەبی سیاسیدا، گوێزرایەوە بۆ دێی(عیساوێ) بەرامبەر بە (گردەرەش) کە لە ئەفسانەکان ناوی هەیە و پاشاکان ڕاسپاردەی کوڕەکانیان کردووە کە ( ڕاوی گردی ڕەش نەکەن)! ئەم گردە بەناو گردە دەنا شاخێکی زۆر بەرزە، ئەوەی بییەوێ پێیدا هەڵگەڕێ لەخوارەوە سەیری بکا، ئەژنۆی بە لەرزە دەکەوێ. ئاوی نییە، ئەوەی مەتارە ئاوی پێ نەبێ لە تینوویەتییان دەخنکێ. کاتی هەڵبەستنی ئەفسانەکانیش مەتارە و کەرەستەی ئاوهەڵگرتنی سەفەریش نەبووە، بۆیە پاشاکان بەم شێوەیە راسپاردەی کوڕ و نەوەکانی خۆیان کردووە. ئەو گردە لە نێوەراستیدا ئەشکەوتێکی گەورەی لێیە. ئێستگەی رادیۆی دەنگی کوردستانی ئێراق بۆ یەکەمجار لە هاوینی ساڵی ۱۹۶۳ دا لەوێ دامەزرا. پارتی ئەشکەوتەکەی ڕێک خستبوو. چەند ژوورێکی خۆشی تێدا دروست کردبوو کارەبای بۆ ڕاکێشابوو، ئەوی لەوێ ئیشی بکردبا وایدەزانی لەناو جەقی شاردا دەژی. ( شێخ لەتیف شێخ حامید)م لەوێ دیتەوە. پاش دوو ساڵ لەیەک دابڕان. کاک لەتیف لە بەشی عارەبی ئێستگەکە وتەبێژ بوو.ئێواران ئێستگەکە چارەکێک بە عارەبی قسەی دەکرد. دەنگ و باس و وتارێکیشیان تێدا بە عارەبی بڵاودەکردەوە. ئێستگەکە لە نزیک(م.س) داندرابوو، منیش لەوێ ئیشم دەکرد. جاروبار لەگەڵ

شێخ لەتیف دا بەیەک دەگەیشتین. ئەمە وایکرد خۆشەویستی و متمانەییەکی زۆر و بەهێز لە نێوانماندا دروست بێ.

یەکێک لەو جارانەی کە لەگەڵ کاک لەتیف دا بەیەک گەیشتین، لەبەر سەیر و ئەنتیکەیی هەڵوێستی ناوبراو بەرامبەر بە پێوەندی دۆستانە و برادەرانەی نێوان (جافر)ی برام و مندا، هەیبوو لەبیرم ماوە، لە ماوەت بوو. لەگەڵ جافری برام و حبیب محمد کریم و کاک جەلال ئاورەحماندا لە عیساوێ وە بۆ خۆ شوشتن چوینە ماوەت. ماوەتان(وەکو پشدەریان دەڵێن) گەرماوێکی خۆمانەی خۆش و گەرمی لێبوو. زستانێکی سارد و سەخت بوو. هەر تەواو سێ مانگ بوو ئاوم بە لەشی نەکەوتبوو. هەفتەی جارێک سەرم بەملدا دەشوشت و هیچی دی. دەبوو رۆژێک بچمە ماوەتان، هەرهەمان رۆژ خۆم بشۆم و شەو لەوێ بمێنم و رۆژی دوایی بگەرێمەوە بارەگای(م.س) لە عیساوێ پێم (ئەغز) بوو دوو رۆژ کاری حزب دوابخەم بۆ خۆ شوشتنێک. وەخت بوو گەڕی بە لەشم بکەوێ. دەروێشی شۆرش و پارتی بووم، رزگاری کوردستان و بنیاتنانی سۆشیالیزم لەواندا بەدی دەکرد. ئێستا باسی هەڵوێستەکانی شێخ لەتیفتان بۆ دەکەم:

دوای خۆشوشتن لە بارەگای لیژنەی ناوچەی ماوەتان میوان بووین، کاک ئیبراهیم میرانی لێپرسراوی لیژنەی ناوچە بوو. شەو لەبەر سۆپە دانیشتبووین، لەبارەی چارەنووسی شۆرش و پێک هاتنەکەی (مەلا مستەفا و موشیر عبدالسلام عارف) کە لە ١٤ ی شوباتی ١٩٦٤ دا پێک هاتبوون، گفتوگۆ گەرم بوو.

لەتیف حامیدیش لە ماوەت دەبێ، دەزانێ ئێمەش لەوێین، سەردانی کردین و لە دانیشتنەکە بەشداربوو. دەبینم زۆر بە گەرمی پێدەکەنێ و دەتگوت گوێی لە قسەیەکی خۆشی فرمێسک لە چاوهێنەر بووە، پێم گوت: کاک لەتیف لەم پێکەنینە نەختێک بەشی ئێمەش بدە، بەڵام ئەو هەر نەیدەبرییەوە. دوایی داوام لێیکرد هۆی ئەو پێکەنینە خۆش و گەرمە بۆ ئێمەش ڕوون کاتەوە بەڵکو ئێمەش تاوێ پێبکەنین. من تینووی دانشتنێکی وەک ئەو شەوە بووم. ئیش وکارکردن هەموو خۆشیی و بەشیی من بوو. کاک لەتیف وتی ئەگەر پێتان ناخۆش نەبێ بە پێوەندی نێوان تۆ و کاک جافری برات پێدەکەنم. گوتم بۆچی؟ سەیرەکە لەچی دایە؟ پرسی: چۆن، تۆ و کاک جافر بەراستی برای یەکترن؟ وەرامم دایەوە کەوا برای داک و بابین. باوکی هەردووکمان(واحیدی سۆلدروو) ە و(ئامینە)ش دایکی هەردووکمانە. گوتی سەیرە و دەستی بە پێکەنینەکە کردەوە. من نەبوومایە کە کاک لەتیفم لە دەمێکەوە دەناسی و دەمزانی من و جافری برامی خۆشدەوێ، یەکێکی دی بایە نەیناسیبایە لەوانەبوو بە شتێکی نابەجێی لێکداتەوە. شێخ لەتیف گوتی: چۆن ئێوە برای یەکترن و ئاوەهایش بەیەکەوە دەگەرێن و قسەی خۆش بەیەکەوە دەکەن و پرسیار لە یەکتر دەکەن و وەرامی یەکدی بەهێمنی و لەسەرخۆیی دەدەنەوە، بەراستی زۆر سەیرە من برایەتی ئاوهام هیچ نەدیوە. بەدەم ئەم قسانەشەوە هەرتاوێ تا تاوێ پێکەنینەکە دای دەگرتەوە و چاوی دەسرییەوە!!

برایەکی کاک لەتیف بەناوی کاک شێخ رەزاوە لە بەندیخانەی (نقرەالسلمان)ی بیابانی خوارووی ئێراق لەگەڵ مندا بەندکرابوو، هەر لەگەڵ ئێمەشدا بەربوو. دەمزانی برایەکی دیشی هەیە بە ناوی کاک شێخ فاتیح- ناوەکەم بەکوردی نووسی، پێم گوت: بۆ تۆ لەگەڵ شێخ رەزا و شێخ فاتیح ئاوەهایی، وەکوو جافر و من نین؟ گوتی: ناوەڵلا، ئێمە بەیەکەوە هەر قسەناکەین. ئەگەر قسەش بکەین لەیەکتر مۆڕدەبینەوە، خێسە لەیەکدی دەکەین. بەو کۆڵانەیەشدا گوزەرناکەین ئەگەر بزانین یەکێکمان لەوێوە تێپەردەبێ!!

بەیانی لەگەڵ برادەرەکانم، جافریشمان لەگەڵدابوو، بە دوکانەکانی شارۆچکەکەدا دەرۆیشتین، بەڵکو بەر لە گەرانەوەمان بۆ عیساوێ شتێکی پێویستمان بەرچاو بکەوێ و بیکرین. شێخ لەتیفم لەدوورەوە بینی، هەر بەتەبایی و برایەتی جافر و من پێدەکەنی. بەلایەوە سەیربوو لەگەڵ جافردا لە بازار بەیەکەوە دەگەرێین!!

کۆنفرانسی پارتی لە مانگی نیسانی ١٩٦٤ دا لە ماوەت بەسترا. رێکەوتنەکەی مەلا مستەفا و موشیر عارفی قبووڵ کرد، داوای کرد بکرێ بەرێکەوتن تەنیا لەسەر ئاگر بەس. بۆ مافی گەلی کورد لە ئێراقدا وتوووێژی دی بکرێ. مەلا مستەفا ئەمەی قبووڵ نەبوو. دەیگوت رێکەوتووم و مافی کورد دەدەمە دەستی پیاوێکی ئیماندار(المومن موتمن). عبدالسلام پیاوێکی ئیمانداره، هەرکاتێ دەستووری ئێراقی دانا خۆیان مافی کوردیشی تێدا دەنووسن. مەلا مستەفا هەرەشەوگورەشەی دەکرد. پارتی دەیویست دەزگاکان و قورسایی سەرشانی سووک بکا.

کاک شێخ لەتیف لە گردەرەش دابەزی، هاتەلام لەکاتی گفتوگۆ کردندا، پێم گوت بۆ ناچیتەوە کەرکووک و ببیتەوە مامۆستا و خزمەتی منداڵە کورد بکەی؟

نامەیەکم دایە کەوا ئەو بە ڕەزامەندی(پدک) گەڕاوەتەوە نێوشار و خەرجی ڕێگەی گەڕانەوەم بۆ پەیداکرد و لەیەک دابڕاین.

مەلا مستەفا لە ناوەڕاستی مانگی تەمووزی ١٩٦٤ بەیارمەتی چەک و پارە و کەرەستەی گوێزانەوەی عبدالسلام هێرشی کردە سەر ناوچەی ماوەت و سێوەیل و من لەگەڵ هێزەکەی پارتیدا چوومە هەمەدان و هەر لەگەڵ باڵی (م.س) دابووم کە پارتە ڕەسەنەکەی تەمسیل دەکرد، هەتا ئەم حزبە دوای بەیانی ئاداری ١٩٧٠. لە ئەنجامی هەندێ هۆی بابەتی و خودی لە مانگی شوباتی ١٩٧١ هەڵوەشایەوە، هەندێ لە سەرکردەکانی چوونەوە لای مەلا مستەفا، هەندێکیان ڕایان کرد چوونە هەندەران، هەندێکیان لەگەڵ دەزگای ڕاگەیاندنی ڕژێم ئیشیان کرد، یەک دووانێکیشیان لەگەڵ ڕژێم لەکاری سیاسی دا هاوکاری یان کرد. تاکە ئەندامی لێژنەی مەرکەزی پارتەکە ( خالید دلێر) بوو کە لەم شێوە باسکراوانەی گوتمان لە هیچ کامێکیان بەشدار نەبوو. بەڵکو گەڕایەوە بۆ کۆمپانیای نەوتی کەرکووک بە مووچەی ئەوکاتەی کە لە مانگی نیسانی ١٩٦١ دا فەرمانی گرتنی بۆ دەرچوو، ڕای کرد و خۆی نەدا بەدەستەوە.

ماڵم لە بەغداوە بردبوو بۆ کەرکووک، لە گەڕەکی (تسنی تازە) خانوویەکی هەژارانەم بەکرێ گرتبوو. لەگەڵ کۆڵ هەڵگرەکاندا نێوماڵەکەمان دادەگرت، دەبینم کاک شێخ لەتیف هات، دیاربوو بڕوای نەدەکرد ئەم پیاوە خاوەن ماڵە خالید دلێر بێ، پرسی: تۆ فلان کەسی؟ منیش گوتم: بەڵێ، جەنابیشت کاک شێخ لەتیفی شێخ حامیدی. دوای ئەم وەرامەش هەر بڕوای نەدەکرد گوتی: بەڕاست تۆ فلانیت و ئەمەش ماڵی تۆیە و دەبی بە دراوسێی من. لێم پرسی ماڵت لەکوێیە؟ خانووی ئەودیوی دیواری ماڵەکەی ئێمەی نیشان دا گوتی: لەدەمێکەوە تۆم دیوە و زات ناکەم بێم ئەم سۆراخەت لەگەڵدا بکەم، گوتم نەوەکا ئەو نەبێ.

ئیدی زۆربەی کاتی بێ ئیشیمان، بە ماڵ و منداڵەوە بەیەکەوە بەسەر دەبرد. هاوسەرەکەی کچەشێخ و ئامۆزای خۆی بوو. بەحەزلێکردن ببوون بە ژن و مێرد، دوو منداڵیان بووبوو. تۆبەرەکەیان کچێک بوو (هەلالە)، چوار پێنج ساڵی تەمەن بوو. کوڕێکیشی بە ناوی (دژوار) ەوە هەبوو. ئێمەش تەنیا (خەلات)ی کچمان هەبوو. دایکی خەلات زگی بە (پاڵە) هەبوو. ئەو کاتەی من قسەی لەبارەیەوە دەکەم، سەرەتای مانگی کانوونی دووەمی ١٩٧٢ بوو.

زۆر بەسەر دامەزراندنی کۆمەڵەی مارکسیزم-لینینیزمی کوردستاندا تێنەپەڕی بوو. کۆمەڵە ئەو تیۆرییەی (بەشە ماوی و چینی یەکەی) کردبوو بە کراسی حەزرەتی عوسمان، لەسەر هۆی ئاشبەتاڵی(پدک)، باڵی(م.س) هەوڵی دەدا ئەندام و جەماوەرەکەی ئەو حزبە لە دەوری خۆ بئاڵێنێ. ئێمەش، کاک شێخ لەتیف و من لە زۆربەی دانیشتنەکانماندا کە هەر هەمووی ژن و منداڵەکانیشمان لەگەڵمان دادەنیشتن و گوێیان لە گفتوگۆیەکانمان دەبوو، هەرباسی تیۆری مارکسیزم لینینیزمان دەکرد. من دەمویست بەشە ماتیریالیزمەکەی بەباشی و بە قووڵی لە مێشکی کاک لەتیف جێگیربکەم و هەندێ لە بیروباوەری دەوروبەرەکەی و شێخایەتی دوورتری بخەمەوە. لەبیرم چوو کە هاوسەرەکەی کاک لەتیف خوشکی شاعیری ناسراو (لەتیف هەڵمەت) بوو. ئەم کاک لەتیف هەڵمەتە(تەمەنی درێژ بێ) ئەو کاتە تازە پێی نابووە نێو دەریای شیعری کوردییەوە. بیرەوەرییەکی ئەویش لە بیرمدا ماوە، هەر پێوەندی بەم باسەمانەوە هەیە، دوایی ئەویشتان بۆ دەگێڕمەوە. باجارێ لەباسەکامان دەرنەچین.

چیرۆکنووسی جوانەمەرگمان لەوکاتەدا مامۆستای قوتابخانەی شۆریجەی کەرکووک بوو. لە قوتابخانەدا، مامۆستایەکی کیمیای لەگەڵدا بوو، کوڕێکی کۆیی بوو، ناوی (فەرەیدوون) بوو. ئەم کوڕە لافی ئایینپەروەری و زانینی زۆرشتی وەکوو نهێنی زانی داوودەرمانی گیا و ڕووەک. دەروون ناسی و شتی دیکەش لەیادم نەماون. ئەم کابرایە لە پارتەکەی مەلا مستەفا دا ئیشی دەکرد. لەدوا جاردا هەندێ پارەی ئەو پارتەی کەوتە ژێردەستەوە و گوتیان بۆ عەرەبستانی سعوودی ڕای کرد. لەوکاتەوە هیچ هەواڵێکی دیکەی ئەم کوڕەم بەبەر گوێ نەکەوتەوە.

کاک لەتیف حامید لە بیروباوەردا کەوتبووە نێوان دوو بیروباوەری ناکۆکەوە. لەلایەک شەوانە من لە دانیشتنەکانماندا بە ئامادەیی ماڵ و منداڵی هەردوولامان. باسی مارکسیزمم بۆ دەکرد بەتایبەتی بەشە فەلسەفییەکەی(ماتیریالیزمی دایلەکتیکی و مێژوویی) بەرۆژیش لە قوتابخانەکەی شۆریجە ئەو فەرەیدوونە زیرەکانە باسی ئایین و بیروباوەری ئایدیالیزم و پشتەوەی فیزیکی بۆ دەکرد. لەم نێوانەدا، کەرکووکی گوتەنی (چاش مابوو = سەری شێوابوو).

کاک لەتیف هەڵمەت سەردەمێک، لە هێزەکەی (پدک)، باڵی مەکتەبی سیاسی دا، لە بەکرەجۆ پێشمەرگە بوو.

من له بەغداوە ناویم بیستبوو کە لاوێکی ئاوهایمان لەگەڵدایە، شیعر دەنووسێ. یەکەم ناملیکەیەشیم چاو پێکەوتبوو، دوراودووری دەمناسی. کە کاک لەتیف حامید داوای کرد کاتێکی بۆ سەردانم بۆ دیاری بکەم پێم خۆشبوو سەردانم بکا.. کات و ساتم بۆ دانا. کە هاتەلام خۆشم ویست و خۆشهاتنم کرد و پەرداخێک (خۆشاو = شەربەت)م لەبەردەمی دانا، و چاوەروانی ئەوەبووم بە قسەبێ و گفت وگۆ بکەین. دەستی بە قسەکردن کرد. بەبێ سێ و دوو و بە تووڕە بوونەوە، گوتی: تۆ دەزانی ئەو (لینین)ەی تۆ هێندە باسی دەکەی کابرایەکی (دجال) و ساختەچی بووە؟ چاوەروانی وەرامدانەوەی کرد. ئێ وەرامی چی بدەمەوە؟ پێم گوت:

-- کاک لەتیف بە خێربێی، ئەگەر بۆ ئیش و کارێک، یان بۆ گفتو گۆکردن و ڕاو بۆ چوون بە یەکتر گۆرینەوە هاتووی، ئەوا فەرموو قسە بکە، ئەگەر بۆ شەڕکردنیش هاتووی، ئەوا من شەڕکەرنیم. هەڵساو خۆشاوەکەی نەخواردەوە و ڕۆیشتە دەرەوە.

ئەم هەڵوێستەم بەوە لێکدایەوە، دیارە کاک لەتیف هەڵمەت ئەو کاتە (وابزانم هەتا ئێستاش) پیاوێکی بیرووباوەر ئایدیالیست بوو، پێی ناخۆش بوو کاریگەری بیروباوەری خۆم بەسەر ئامۆزاو زاواکەیەوە (کاک لەتیف حامید) دوە هەبێ، هاتبوو شەڕم لەگەڵدا بکا.

لەپاش چەند ساڵێک، لە ڕۆژنامەی (العراق) کە کاک ساڵح حەیدەری بەرێوەی دەبرد، چاوم بە کاک لەتیف هەڵمەت و کاک سەبری بۆتانی شاعیر کەوت، کاک لەتیف هات دەستی لەمل کردم و ئاشتی کردمەوە. ئەم دیتنەم بۆ کاک سەبری بۆتانی، یەکەم جار و دواجارم بوو کە چاوم پێی کەوت. هەتا سەر جادەکە لەگەڵم هات، بەرێی کردم، شاعیرێکی باش و کورد پەروەر بوو.

بەداخەوە تزیکیم لە کاک لەتیف حامید کۆتایی هات. لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٣ دا، لە(عەرەفە)، کە شارێکی کۆمپانیای نەوتی کەرکووکە، تازەخانووەکانی لەگەڵ هی کەرکووک تێکەڵاو بۆتەوە، خانوویەکی دوو هۆدەییان لە نزیک دایەرەکەمەوە(دایەرەی حسابات) دامێ. ماڵەکەم بردە عەرەفە و لە دراوسێیەتی کاک لەتیف حامید دوورکەوتمەوە.

ئێوارەیەکی کاک لەتیف لەعەرەفە پەیدابوو، ماڵەکەمی دۆزیبۆوە، فەرەیدوون ناوەکەی مامۆستای کیمیا کە لەگەڵ کاک لەتیف دا لە یەک قوتابخانە بوون، لە بیروباوەرەوە کاری لە کاک لەتیف کردبوو، وەهای تێگەیاندبوو کە مارکسیزم تیۆرییەکی بنبەستکراو و جامدە، مادام بڕوای بە (هەقیقەتی ڕەها) هەیە. ئیسلامەتیش بڕوای بە هەقیقەتی ڕەهای بوونی خوا هەیە. کەواتە جیاوازییەکیان لە نێواندا نییە و ئەوەی دەڵێن کۆمەڵگا بەرەو نەمانی چەوسانەوە دەچێ، درۆیە. کاک لەتیف هاتبوو ئەم مەسەلەیە لەگەڵ مندا ساغ بکاتەوە. منیش تێگەیشتنی خۆم لەم بارەیەوە پێ گوت کە مارکسیزم تیۆرییەکی زانستییە، تێگەیشتن و بۆچوونەکانی لە سنووی ڕاستییەکانی نێوان گەردوونەوە هەڵدەهێنجی. لەسنووری فیزیک دا(ڕاستی سەرمەدی و ڕەها نییە) تیۆرییەک ئەمرۆ دەدۆزرێتەوە لە خزمەتی کۆمەڵگادایە، ئەمە ڕاستییەکی کاتییە، بەیانی تیۆرییەکی دی هەر لەم بوارەدا، دادەهێندرێ کە لە ئەوەی پێش خۆی قووڵتر و بەکەڵک ترە، ڕاستییەکەی پێش خۆی لەکاردەخا، ئەمەی تازە دەبێ بە ڕاستییەکی کاتیی و بەم جۆرە. لە کۆمەڵگاش هەروەهایە. قۆناخەکانی مێژوو هەر کامێکیان لەکاتی خۆیان و سەردەمی داهاتنیاندا، ڕاستی کاتین دەگۆڕێن. تەنانەت قۆناخی سۆسیالیزمیش ڕاست یەکی کاتییە و بیری مرۆڤ بۆ داهێنانی قۆناخی کۆمۆنیزم دەچێ و ...تاد.

کاک لەتیف بەم ڕوونکردنەوەیەی کە بۆم ڕوونکردەوە ئارامێکی قووڵی بەسەرداهات. دەم و چاوی کرایەوە، کەوتە پێکەنین و قسەی خۆش کردن گوتی: ماوەیەکی دی، دەرفەت هەبێ بە منداڵەوە سەردانتان دەکەین. ئیتر چاوەروانی ئەم سەردانەمان دەکرد. شەوی عەرەفە ئەوکاتە خۆشبوو. گەرەکە فراوان و گۆرەپانی زۆری تێدابوو. لەسەردەمی بەعسدا، عەلی کیمیاوی گەرەک و نەخشەکەی تێک داوە. منداڵەکان چاوەروانی هاتنەکەی ماڵی کاک لەتیف بوون، خەبەری کۆچ کردنی دواییان پێ ڕاگەیاندین. سێ ڕۆژەی پرسەی پیاوان بەسەر چووبوو کە من بەم مەرگە ناوەخت و کتوپڕییەم زانی. دایکی خەڵات چووبووە پرسەی ئافرەتان لەگەرەکی ئازادی- عاشوور. هاوسەرەکەی کاک لەتیف کە چاوی بە دایکی خەڵات دەکەوێ بە گریانێکی بە کوڵەوە بەرەو ڕووی دەچێ و بە ساکاری و ڕاستگۆییەکی لە ڕادەبەدەر دەست لەملی دەکاو پێی دەڵێ: قومری خان لەراهی خوا، خێرێکی گەورەت پێدەگا، بە کاک خالید بڵێ، خواناناسێ، با بێ بمکوژێ و لەم عەزابە ڕزگارم کا. دوای شێخ لەتیف ژیانم ناوێ.

خۆشەویستییەکەی بۆ کاک لەتیف ئەوەندە قووڵ و ڕاسگۆیانە بوو، پێویستی بەوە نەدەکرد کە ( منی خوانەناس!! بچم بیکوژم) لەپاش مانگێک دوای مەرگی کاک لەتیف هەرخۆی کۆچی دوایی کرد.

# کتێبخانەی کوردی لە ستۆکهۆڵم ـ شوێنی وشەی ئازاد

ئامادەکردنی : مەهاباد کوردی

کتێبخانەی کوردی لە فێبریوەری ١٩٩٦ بە کۆمەکی دەزگای خێرخوازیی سویدی(Stiftelsen Framtidens Kultur = دەزگای کولتووری پاشەڕۆژ) دامەزراوە. دەوڵەتی سوید، ئەنجوومەنی پارێزگای ستۆکهۆڵم، شارەوانیی ستۆکهۆڵم و دەزگای "ستۆکهۆڵم: پایتەختی کولتووریی ئەورووپا لە ساڵی ١٩٩٨"، بە پارە و پەیداکردنی شوێن یارمەتی کتێبخانەکەیان داوە. کتێبخانەی کوردی لە ١٠ـی ئۆکتۆبەری ١٩٩٧ بە ڕەسمی لە لایەن وەزیری ڕۆشنبیریی سویدی (ماریتا ئولڤسکوگ) کراوەتەوە. کتێبخانەی ناوبراو لە ڕووی سیاسی و ئایینییەوە دەزگایەکی سەربەخۆیە. ئازادیی بیر و بۆچوون خەباتی بنەڕەتیی کتێبخانەی کوردییە و لە هەمان کاتیشدا کۆکردنەوە و پاراستن و بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی ئەدەبیاتی کوردی بە ئەرکی سەر شانی خۆی دەزانێت.

کتێبخانەی کوردی بۆ هەموو کەس کراوەیە. هێشتا داواکردن و خواستنەوەی کتێب لەم کتێبخانەیەدا دەستی پێنەکردووە. کاری خواستنەوەی کتێب، لە دوای ڕێک و پێککردنی کەرەسە و هۆ و شتەکان، بە گوێرەی توانا دەست پێدەکات. کتێبخانەی کوردی لە هەندێ بواری وەکو کۆپیکردن و بەکارهێنانی ئامێری Scanner خزمەتی خۆی پێشکەش دەکات. کتێبخانە ئامادەیە بۆ وەرامدانەی هەر جۆرە پرسیارێک، بۆ کار و خزمەتی تایبەتیش نرخێکی ماقووڵ داوا دەکات. ئەو کتێبانەی کە داوا دەکرێن و لە کتێبخانەی کوردی دەست ناکەون، لە کتێبخانەکانی تر دەخوازرێنەوە. کتێبخانەی کوردی هەوڵ دەدات، ئەو بەرهەمانەی کە لە سەرانسەری دنیا بە کوردی و لەسەر کوردان چاپ دەکرێن، بە دەست بخات و بشیانخاتە بەر دەستی خوێنەرانەوە.

خوێندکاران و لێکۆڵەرەوان بۆیان هەیە لە گۆشەیەکی تایبەتی کتێبخانەکەدا بە کاروباری خۆیانەوە خەریک بن. لەو جێگایەدا داتای PC و ئامێری چاپکردن و(Scaneer) هەن.

هەروا منداڵان دەتوانن لە گۆشەی تایبەت بە خۆیاندا لە کەش و ئاووهەوایەکی خۆشدا کتێب بخوێننەوە و، گوێ بۆ مۆسیقا شل بکەن و بە کاری وێنەکێشان و ڕەنگکردنەوە خەریک بن. بە هاوکاریکردن لەگەڵ تەلەفزیۆنی کوردی و ڕادیۆی کۆمەڵە کوردییەکان، کتێبخانەی کوردی ڕۆژانی چیرۆک خوێندنەوە ئامادە دەکات.

ئەدرێسی نوێی کتێبخانەی کوردی لە(Internet) ئەمەیە:
http://www.kurdishlibrary.org.

کـتێبخانەی کوردی چ کۆ دەکاتەوە؟

کتێبخانەی کوردی هەموو بەرهەمێکی چاپکراو بە زمانی کوردی و ئەو بەرهەمانەی کە لەسەر کوردیش نووسراون کۆ کۆدەکاتەوە. ئەو کەرەسانەی کە کۆ دەکرێنەوە بە دەستووری تایبەت بە کتێبخانەکان تۆمار دەکرێن و ڕێکیش دەخرێن. "داتەبانک"ی نووسراوەکان هەمان شێوەی تایبەت بە زانکۆکانی هەیە. ئامانجمان ئەوەیە لە دواڕۆژ گشت کەرەسە کۆکراوەکان بە ڕێگای ئینتەرنێت بخەینە بەر دەستی خوێنەرانەوە.

لە بواری کتێبدا بە زاراوە جیا جیاکانی زمانی کوردی و ئەو کتێبانەش کە بە زمانەکانی دیکە سەبارەت بە کوردان نووسراون کۆدەکەینەوە. هەر وەک نموونە زمانەکانی: عەرەبی، ئەرمەنی، دانیمارکی، ئینگلیزی، فینلەندی، فەڕەنسی، فلامێندی، ئیتالی، نەرویجی، فارسی، پۆلۆنی، ڕووسی، سویدی، تورکی و ئەڵمانی. بەرهەمی ئەدەبی و لێکۆڵینەوەئامێز و کتێبی منداڵان چەند بەشێکی کەرەسە کۆکراوەکان پێکدێنن. چ لە ڕێگای کڕین و چ لە ڕێگای بەخشینەوە ژمارەی کتێبەکانمان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە زیادبووندایە. لە ماوەیەکی کورتدا لە هەموو کتێبخانە و زانکۆکانی وڵاتانی سکاندناڤیادا کاتالۆگی کتێبخانەی کوردی دەبینرێت.

بەشێکی تایبەتی کتێبخانەی کوردی لەو کەرەسە و بەرهەمانە پێکدێ کە هێشتا چاپ نەکراون. بەرهەمەکانیش بریتین لەو نووسین و کاری تاقیکردنەوە و تێزی دکتۆرا و زۆری تریش کە لەسەر کوردانن و لە دانیشگا و زانکۆکانی جیا جیای جیهاندا بە دەست خراون. ئەو کەرەسانەش کە لە شێوەی میکرۆفیلم، دەستنووس و تێکستی ئەلەکترۆنین، دەکرێ لە کاری لێتۆژینەوە و خوێندندا سوودیان لێ وەربگیرێت. سەرەڕای ئەمە ئێمە گۆڤار و ڕۆژنامەی کوردی و نووسین لە میدیای جیهانی لەسەر کورد و ڕێنەو کەرەسەی دەنگ و مۆسیقا و کاسێت کۆدەکەینەوە.

چالاکی لە بوارەکانی تردا

لە کتێبخانە لەتەک پیشاندانی وێنە و بەرهەمەکانی پیشەی دەستیدا، جموجۆڵی کولتووری و ئەدەبیی ڕۆژانەش لە شێوەی خوێندنەوە و کۆنفرانس و پانێل ڕێک دەخرێن. ئەو کتێبانەی کە لە تورکیا قەدەغە کراون، لە بەشێکی تایبەتیدا لە ژێر ناوی "کتێبە قەدەغەکراوەکان" نیشان دەدرێن. کتێبە تازە دەرچووەکان، ئەوانەی بە کوردین یان دەربارەی کوردان نووسراون، لە

ئینتەرنێت لە لاپەڕەی تایبەت بە خۆمان لە ژێر ناوی "کتێبەکانی ئەم مانگە" دەناسێنرێن.

لە چوارچێوەی چالاکییەکانی "ستۆکهۆڵم پایتەختی کولتووریی ئەورووپا- ۹۸"، لە کتێبخانەی کوردیشدا چەندین چالاکی ئەنجام دەدرێن. زنجیرە پێشانگایەک بە ناوی "وێنەگرانی سویدی لە کوردستان" بە وێنەکانی (جۆرج کریستیانسەن) لە ١٥ـی جەنیوەری ١٩٩٨ کرانەوە. هەر لەم پێشانگایانەدا وێنەگران (ئەندێش بلومدال، یۆران بۆرگێ، ئێلین کلاسۆن، ئان ئێریکسۆن، لارش هێسەلارک ) وێنەکانیان پیشان دەدەن کە لە کوردستانەوە گرتوویانن. بە ئامانجی نیشاندانی سیاسەتی تواندنەوەش لەهەمبەر گەلی کورد دوو پێشانگای تر بە ناوەکانی "گوڵە قەدەغەکراوەکان" و "گوندە قەدەغەکراوەکان" ڕێک دەخرێن.

چالاکییە هاوبەشەکان

کتێبخانەی کوردی لەگەڵ ڕێکخراوە جوداکانی تر، هەر بۆ نموونە (PEN)ی سویدی و یەکێتی نووسەرانی سوید و ئەمنستی ئینتەرناشناڵ و زۆری دیکەش، بە گرتنی سێمینار و پێشانگا و چالاکی تر ڕادەبێت. بابەتی ئەم چالاکییانەش ئەو پرس و مەسەلانە دەگرنەوە کە تایبەتن بە ماف و ئازادیی بیر و ڕا دەربڕین.

دەستەیەک لە شارەزایان و کوردۆلۆگان کە هەر لە سەرەتاشەوە هاوخەباتی ئێمە بوون، ئەمڕۆ بە ئەنجوومەنی ڕاوێژکاری کتێبخانەی کوردی دادەنرێن. دەستەی ناوبراو پێکهاتووە لە: پرۆفیسۆر جۆیس بلاو(فەڕەنسا)، پرۆفیسۆر مارتین ڤان براونسێن(هۆڵەندا)، د. میکایل ل شیت(ئەمەریکا)، د. میرێلا گالێتی(ئیتالیا)، د. ئەمیر حەسەنپوور(کەنەدا)، د. یوهانێس مەیر - ئینگومرسەن(ئەڵمانیا)، پرۆفیسۆر شاکرۆ خدۆ(ڕوسیا) و عومەر شێخمووس(سوید).

بە دەستپێشکەری چەند دۆستێک "کۆمەڵەی دۆستانی کتێبخانەی کوردی" دامەزراوە. دەستەی بەڕێوەبەری ئەم کۆمەڵەیە لەمانەی خوارەوە پێکهاتووە: کالی کلێمێنت(سەرۆک)، شەرەفخان جزیری(جێگری سەرۆک)، نوڤێ ڕۆدبێری(سکرتێر)، لیسا نوردستروێم(ژمێریار)، هەروەها تییا تۆرپێ و دڵشا دەمیرباک.

کتێبخانەی کوردی یەک لە بەشدارانی ئەو گرووپەیە کە لە هەندێ پەیمانگا و دەزگای نێودەوڵەتی و جیهانی پێکدێت. کاری ئەم گرووپەش ئەنجامدانی ئەو چالاکییانەیە کە تایبەتن بە کتێبخانەکان لە شاری ستۆکهۆڵم. ئەم گرووپە لەمانەی خوارەوە پێکهاتووە: Arena Norden، ئەنستیتووی فینلەندا، ئەنستیتووی فەڕەنسی، ئەنستیتووی گۆتە، مەڵبەندی کولتووری گریکی، ئەنستیتووی کولتووری ئیتالی، کتێبخانەی کوردی و ئەنستیتووی پۆڵۆنی.

**دانیشتنێک لەگەڵ بەرپرسی کتێبخانەی کوردی لە ستۆکهۆڵم کاک ئەدیم داغدەڤیرەن**

بۆ ئەوەی لە نزیکەوە ئاگاداری چالاکییەکانی کتێبخانەی کوردی و سەرەتای دروستبوونی ئەم کتێبخانەیە بین، بە پێویستمان زانی چاوپێکەوتنێک لە شێوەی دانیشتنێکی دوو سەعات و نیوی لەگەڵ بەرپرسی کتێبخانەی کوردی لە ستۆکهۆڵم کاک ئەدیم داغدەڤیرەن ئەنجام بدەین. شایانی باسە ئەم چاوپێکەوتنە لە ڕۆژی یەکشەممەی ڕێککەوتی ٧-٢-١٩٩٩ ساز دراوە.

پ: ئایا بیرۆکەی دامەزراندنی کتێبخانەی کوردی لە ستۆکهۆڵم بۆ چ کەس و لایەنێک دەگەڕێتەوە؟

و: گەلێ جاری تریش هەر هەمان پرسیاریان لێ کردووم. ئەم پرسیارە زیاتر لە لایەن ڕۆژنامەنووسانەوە ئاڕاستەی من کراوە. تەنانەت خۆشم ئەم پرسیارەم لە خۆم کردووە: کەی بیرۆکەی دامەزراندنی کتێبخانەیەکی وەها کەوتۆتە مێشکمەوە؟ ئەگەر ڕاستییشت دەوێ ئەم بیرۆکەیە بۆ ساڵی ١٩٧٩ دەگەڕێتەوە. ئەوکات لە ئامەد دەژیام و مامۆستای ئامۆژگای پێگەیاندنی مامۆستایان بووم. ئێمە بیرمان لە دروستکردنی ئەرشیڤێک دەکردەوە. لە دەستپێکدا زۆر ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوەمان بە زمانی تورکی کۆ کردەوە کە سەبارەت بە کورد و کوردستان شتیان نووسیبوو. ئەگەر زۆر دوورتر بڕۆین، بۆمان هەیە بڵێین ئەحمەدی خانی و مەلای جزیری و عەلی حەریری و پیرەمێرد و گەلێکی دیکەش، هەر هەمان بیرۆکەیان لە مێشکدا خولاوەتەوە.

بەر لە هەر شتێک مەبەست لە دامەزراندنی کتێبخانە پاراستنی کولتوور و ئەدەبیاتی خۆمانە لە فەوتان و نەمان. وەک دەزانین گەلی کورد چ هەلێکی بۆ نەڕەخساوە تا لە کەش و هەوایەکی ئازاددا بیر لە سازکردنی کتێبخانەی تایبەت بە خۆی بکاتەوە.

من لە ساڵی ١٩٨٣ هاتمە سوید. هێشتا بیرم لە پڕۆژەی دامەزراندنی کتێبخانەیەکی کوردی دەکردەوە. هەل و مەرجی ئەورووپاش بۆ ئەنجامدانی کارێکی وەها لە هی کوردستان لەبارتر بوو. پڕۆسەی نامۆبوون و غوربەتی پڕۆسەیەکی دوور و درێژە، مرۆڤ پێویستی بە چەندین ساڵ دەبێت تا جارێکی دیکە خۆی دەگرێتەوە. ئەمە خۆی لە خۆیدا جۆرە وشیاربوونەوەیەکە. لەو کاتانەدا مرۆڤ بیر لەوە دەکاتەوە داخوا چی لە دەست دێت، هەرنا بۆ ئەوەی خزمەتێکی گچکە بە گەل و وڵاتەکەی خۆی بگەیەنێت.

گەر بە هەڵەدا نەچوویم لە ساڵی ١٩٩٤ لە خۆمم پرسی: گەلۆ دەتوانم چ کارێک لە پێناوی میللەتەکەم ئەنجام بدەم؟ لە سەرەتادا هەموو شتەکانم لە شێوەی پلان و پڕۆگرام داڕشت. هەڵبەتە زۆر

بیریشم لە توانای ئەنجامدانی کارێکی وەها دەکردەوە. دەکرێ بڵێین گشت شتەکان توانا و حەوسەڵە و ماندووبوونیان دەوێ. تۆ بڵێی ئێمە لە هەموو ڕوویەکەوە تواناکان هەبێ؟ دوای ساڵێک ئێمە پرۆژەکەی خۆمانمان خستە بەردەم دەزگای "Stiftelsen Framtidens Kultur دەزگای کولتووری پاشەڕۆژ". بۆ ئێمە وەک شتێکی هەڵکەوت بوو کە دەزگای ناوبراو ڕازی بوو لەسەر یارمەتیدانمان لە ڕووی کۆمەکی ماددییەوە. دەبێ ئەوەش بڵێم لە سەرەتادا ڕوومان لە دەزگای "SIDA"ی سویدی کرد. ئەوان پرۆژەکەیان زۆر بە دڵ بوو، بەڵام گوتیان ئێمە ناتوانین بە هیچ شێوەیەک یارمەتیتان بدەین.

پ: بۆچی؟

و: یەکەم/لەبەر هۆی ئابووری، دووەم/هەبوونی گیروگرفتێک لە نێوان SIDA و چەند کوردێک کە ئەوانیش دیارە خاوەنی پرۆژەی خۆیان بوون. لە سۆنگەی گیروگرفتەکەوە نێوان دەزگای ناوبراو و ئەو چەند کوردە ناخۆش بووە و مەسەلەکە گەیشتۆتە دادگاش. هەر لەبەر هەندێ SIDA لە ڕووی ماددییەوە هاریکاری نەکردین.

پ: بۆمان هەیە بپرسین ئەو کەسانە کێ بوون؟

و: بەڵێ. پرۆژەی ڕۆژنامەی KurdistanPress کە لە لایەن مەحموود باکسی و ئۆرهان کۆتان پێشکەش بەSIDA کرابوو. ئۆرهان کۆتان ٦-٧ مانگ پێش ئێستا لە سوید کۆچی دوایی کرد. سەرەڕای ئەمانەش من وازم لە کاری خۆم نەهێنا و لەسەری بەردەوام بووم. ئیتر ئەوەبوو دەزگای Stiftelsen Framtidens Kultur بە پارە کۆمەکی ئێمەیان کرد. ئامادەکردنی خودی پرۆژەکە دوو ساڵی خایاند. سەرەتای سەرهەڵدانی کتێبخانەکەش، لە شێوەی "داتاباس یا داتابانک"، بۆ مانگی یەکی ساڵی ١٩٩٦ دەگەڕێتەوە. شایانی گوتنیشە Stiftelsen Framtidens Kultur دەزگایەکی سەر بە حکومەتی سویدییە و، دوای ١٠ ساڵ نامێنێت.

یەکەمین کارێک کە دەبوایە ئەنجامی بدەین کۆکردنەوەی کتێب و کەرەسەی پێویست بوو کە هەر کتێبخانەیەک بێ ئەمانە نابێتە کتێبخانە. بە ڕاستی ئەمەش کارێکی ئاسان نەبوو.

پ: وەک سەرەتایەکی ئەم کارە چ کۆسپ و تەگەرەیەکتان هاتە پێشەوە؟

و: پێم خۆشە بڵێم لە دەستپێکدا منیش بیرێکی ڕێکخراوئاسا(بیرێکی تایبەت بە ڕێکخراوە کوردییەکان)م هەبوو. لە خۆمم دەپرسی: ئایا دەبێ خۆم بەم کارە ڕابم یان ڕێکخراوێک؟ لێت ناشارمەوە مەیلی ئەوەم لە لا پەیدا بوو کە ڕێکخراوێک دەبێ کارێکی وەها ئەنجام بدات. لە سەرەتادا پرسم بە هەڤاڵێک کرد کە دووراودوور یەکترمان دەناسی. تەنانەت هەر یەکێکیشمان سەر بە ڕێکخراوێکی جودا بوو. واتە کارکردنیشمان لەناو یەک تاکە ڕێکخراو و بە یەکەوە نەبوو. هەردووکمان لە شوێنێک یەکترمان بینی. ئەو هەڤاڵە بە بیستنی پێشنیارەکەی من زۆر دڵشاد بوو. نامەوێ لێرەدا ناوی بێنم. هەر لە ڕێگای ئەویشەوە بووین بە سێ کەس. دوای بەسەرچوونی دوو مانگ هیچ هەواڵێکم لە هەڤاڵی گۆرین نەبیست و، بێ وەرامی هێشتمەوە. ئیتر ئەوسا تێگەیشتم خۆم دەبێ مل بدەمە کارەکە. لەو کاتانەشدا من پێشوەخت سەرم لە دام و دەزگا ڕەسمییەکانی سوید دابوو.

گەورەترین کۆسپ کە لە سەرەتادا ڕووبەڕووم بووبێتەوە تەنیایی بوو. من بە تەنیا بووم و تا بڵێی هەستم بە تەنیایی دەکرد. بێجگە لەمەش گیروگرفتی ئابووری باری سەر شانمی قورستر کردبوو.

پ: کۆڕ و کۆمەڵە و دام و دەزگا کوردییەکانی سوید چۆن پێشوازییان لە کارەکە کرد؟

و: دەمەوێ پێت بڵێم لە سەرەتادا هیچ شتێکی پۆزەتیڤ و باشم لە کوردان نەدیت. ئەوەی تایبەتیشە بە ڕێکخراوە سیاسییە کوردییەکان ئەوە هەر لێی گەڕێ. ڕێکخراوە کوردییەکان منیان بە هەڕەشە بۆ سەر خۆیان قەبووڵ دەکرد. بێگومان من بە چاوێکی دیکە لەم مەسەلەیەم دەڕوانی.

پ: ئەو ڕێکخراوانە کێ بوون؟

و: نامەوێ ناویان بێنم

پ: ئایا هەڵوێستی دەوڵەتی تورک لەمەڕ کردنەوەی کتێبخانەی کوردی لە ستۆکهۆڵم چۆن بوو؟

و: بە ماوەیەکی کەم دوای کردنەوەی کتێبخانەی کوردی لە ستۆکهۆڵم، بوڵند ئەجەڤیت کە ئەوسا وەزیر بوو هاتە سوید. لە کۆڕێکدا کە ئەجەڤیت قسەی تێدا دەکرد، سەرۆکی فیدراسیۆنی تورک لە وڵاتی سوید یەشار پەکتاش، کە هەر لەو کۆڕەدا ئامادە بوو بە تانەلێدانەوە بە ئەجەڤیتی گوت: بۆ ئێمەی تورکی نیشتەجێی وڵاتی سویدیش مایەی شەرمە کە کوردەکان لە ستۆکهۆڵم کتێبخانەیان هەبێ، کەچی لە ئامەد خاوەنی دەزگایەکی وەها نەبن! دەڵێن کە بوڵند ئەجەڤیت ئەم قسەیەی بیستووە بێدەنگی هەڵبژاردووە.

پ: ڕاستە یەکێتی ئەورووپا بە پارە یارمەتیتان دەدات؟

و: تا ئێستا شتی وا نەبووە، بەڵام هیواداریین لە داهاتوویەکی نزیکدا جۆرە پەیوەندییەک لە نێوان ئێمە و ئەواندا پێکبێت.

پ: لە باشووری کوردستان مانگێ بە دەیان گۆڤار و ڕۆژنامە و کتێب بە کوردی و عەرەبی چاپ دەکرێن. ئایا ئێوە ناتوانن ئەم چاپەمەنییانە پەیدا بکەن؟

و: ڕەنگە لەم بوارەدا کەمتەرخەم بین. هۆی یەکەمیش بۆ

مەسەلەی چۆنیەتی هێنانی کتێب و چاپەمەنییەکان دەگەڕێتەوە. هێنانی کتێب و گۆڤار و کەرەسەی چاپکراو لە باشووری کوردستانەوە بۆ ئێرە کارێکی ئەوەندە ئاسان نییە. بۆ ئەنجامدانی وەها کارێکیش دەبێ کەناڵێک بدۆزینەوە. ئاواتەخوازین لە داهاتوودا بەسەر ئەم تەنگوچەڵەمەیەدا زاڵ بین.

پ: ئایا پەیوەندیتان لەگەڵ کتێبخانەکانی باشووری کوردستان هەیە؟

و: ئێمە لە لای خۆمانەوە نامەمان بۆ تەواوی کتێبخانەکانی سەر بە زانکۆکانی باشووری کوردستان ناردووە. تەنیا و تەنیا کتێبخانەی تایبەت بە شاری سلێمانی وەرامی ئێمەیان داوەتەوە. لە وەرامەکەیاندا باسی ئەوە کراوە کە ئەوان پێویستیان بە کەرەسە و شتی تەکنیکییە و ئامادەشن لەبری ئەوە کتێبمان بۆ ڕەوانە بکەن. دەبێ ئەوەش بڵێم کاک جەوهەر نامیق دە بەرگی هەموو پرۆتۆکۆڵەکانی پەرلەمانی باشووری کوردستانی بۆ ناردووین.

پ: دەکرێ باسی ئەو چالاکیانەمان بۆ بکەن کە تا ئێستا ئەنجامتان داون؟

و: کتێبخانەی کوردی چەند کۆڕ و سیمینارێکی بۆ نووسەران و شاعیران گێڕاوە. هەر بۆ نموونە: محەمەد ئوزوون، سەلیم بەرەکات، مەهاباد قەرەداغی، چۆمان هەردی، دڵسۆز حەمە و هی تریش. لە هەمان کاتدا ئێمە وەک کتێبخانەی کوردی لە پیشانگای کتێبخانەی جیهانی لە کۆپنهاگن بەشداریمان کردووە. هەر لەو پیشانگایەدا بە ڕووی تورکەکاندا تەقیمەوە. ئەوان یەکەمین پرسیاریان ئەوەبوو: ئایا ئێوە پەیوەندیتان بە پارتی کرێکارانی کوردستان PKK هەیە یان نا؟ منیش پێم گوتن: ئێوە کە خۆتان گرێدراوی دەوڵەتن و چ ئازادییەک شک نابەن، بۆیە وا باوەڕ دەکەن کە هەر دەزگاو لایەنێکی تریش، دەبێ وەکو ئێوە بن. شایانی باسە ئەو کتێبخانە تورکییانەی کە لەو پیشانگایەدا بەشدارییان کردبوو هەر هەموویان لە تورکیاوە هاتبوون. هەروەها بە تورکەکانم گوت: لە کتێبخانەکەی ئێمەدا نزیکەی ١٠٠٠ کتێبی تورکی هەیە. یەکێک لەو کتێبانە لە لایەن ئالپ ئەسلان تورکەشی سەرۆکی پارت MHP ی فاشییەوە نووسراوە. ئایا لە کتێبخانەکانی ئێوەدا چەند کتێبی کوردی هەن؟ دوای بیستنی ئەم پرسیارە هەر هەموویان سەری خۆیان شۆڕکرد، تەنیا یەکێکیان نەبێ کە ڕووی لە برادەرەکانی خۆی کرد و پێی گوتن: بە ڕاستی ئەم برایە ڕاست دەکات. لە کاتی پشوودانیشدا یەکێکی تر لەوان هاتە پێشم و گوتی: قسەکانی تۆم زۆر پێ خۆش بوو.

پ: پیشانگای گوڵە قەدەغەکراوەکان کە کتێبخانەی کوردی لە ستۆکهۆڵم ڕێکی خستبوو دەنگێکی زۆری دایەوە. ئایا لە کەیەوە بیرتان لە پیشانگایەکی وەها کردۆتەوە؟

و: من چەند ساڵێک بەر لە ئێستا پەیوەندیم بە نووسەرێکی سویدییەوە کرد. ئەو نووسەرە سویدییەش John Frödin بوو. ناوبراو لە ساڵی ١٩٥٢ کتێبێکی(لە ڕووی کشتوکاڵییەوە) لەمەڕ ئەو گوڵ و گژوگیایانە نووسیبوو کە لە تورکیا و کوردستان بەرچاو دەکەون. لە ڤییەنای پایتەختی نەمساش لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەدا کتێبێک بە ناوی Pflanzen aus Kurdistan nundArmenie هەر لەسەر هەمان بابەت چاپ کرابوو. بێجگە لەمانەش کتێبێکی تر(دە بەرگ) کە پەیوەندی بە هەمان باسەوە هەیە، لە کۆتایی هەشتاکان لە بەریتانیا بە ناوی The Flora of Turkey لە لایەن پرۆفیسۆر Dawis نووسراوە و چاپ کراوە. شایانی باسە لەو کتێبەدا وڵاتی جوگرافیایی هەندێ لە ڕووەکەکان بە کوردستان ناو دەبرێت. ناوەکانیش زیاتر بە لاتینین. زانکۆکانی تورکیا ناوە لاتینییەکانی ئەو گوڵ و گژوگیایانەیان گۆڕیوە یان بە "جوداخواز"یان لە قەڵەم داون. هۆی سەرەکی ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ناوەکان وشەی "کورد" و "کوردستان"یان تێدا بەدی دەکرێت. ئەمانە هەموویان سەرەتایەکی باش و گرنگ بوون بۆ ئەوەی بتوانم (گوڵە قەدەغەکراوەکان) کۆ بکەمەوە. سەرجەمی وێنەی ئەو گوڵ و گژوگیایانەی کە توانیم کۆیان بکەمەوە گەیشتە ٤٢ وێنە.

پیشانگای گوڵە قەدەغەکراوەکان لە لایەن وەزیری ڕۆشنبیریی سویدی ماریتا ئولڤسکوگ بە ڕەسمی کرایەوە. دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ئەو وڵاتە بە شێوەیەکی بەربڵاو باسی پیشانگاکەیان کرد. هەر بۆ نموونە ڕادیۆی سویدی P1 بۆ ماوەی ٤٥ دەقیقە بەرنامەیەکی تایبەتی لەسەر ئەو پیشانگایە پێشکەش کرد. هەروەها تەلەفزیۆنی سویدی و ڕۆژنامەکانی DagensNyheter و Aftonbladet باس و نووسراویان لەمەڕ پیشانگاکە پەخش و بڵاو کردەوە. ئەمەش هەموومانی خۆشحاڵ کرد.

پ: لە سەرووی کوردستانیش لەبەر نووسینی کتێبێک، سەبارەت بەو گژوگیایانەی کە ناوەکانیان وشەی "کورد" و "کوردستان" لە خۆ دەگرن، نووسەرێکی کورد بە ناوی ئەدیب پۆلات زیندانی کراوە. ئایا ئێوە چ ئاگادارییەکتان لەم بارەیەوە هەیە؟

و: (بە زەردەخەنەیەک کە نیشانەی شانازی بەخۆکردنی پێوە دیار بوو) ئەدیب پۆلات قوتابییەکی من بوو. لە ئامۆژگای پێگەیاندنی مامۆستایان لە ئامەد دەرسم پێ دەگوتەوە. ناوبراو ئێستا لە ئامەد دەژی، بەڵام پاسەپۆرتی نادەنێ. بەر لە چەند ڕۆژێک بە تەلەفۆن قسەم لەگەڵ ئەدیب کرد. ئەو کتێبەی کە تۆ باسی دەکەیت بە ناوی (کورد و کوردستان بە زمانی زانستانە)یە و لە کۆتایی ١٩٩٢ بە تورکی بڵاو کراوەتەوە. ئەدیب پۆلات تا ئێستا چەندین جار لەسەر نووسین و کتێب بڵاوکردنەوە خراوەتە زیندانەوە.

پ: هەڵوێستی کوردان، دوای کردنەوەی کتێبخانەی کوردی لە ستۆکهۆڵم، چۆن بوو؟

و: گەلێک دام و دەزگای کوردی و کەسایەتی ناسراو سەردانی کتێبخانەکەیان کردین. شتێک کە دڵی منی زۆر خۆش کرد و پێی گەشامەوە هەڵوێستی دوو لاوی کورد بوو. ماوەیەکی کەم بەر لە ئێستا دوو لاوی کورد هاتنە لامان و پێیان ڕاگەیاندین تەنانەت بە کاری حەماڵیش ئامادەن خزمەتی کتێبخانەکە بکەن. بە ڕاستی ئەمە بۆ من ڕووداوێکی خۆش و شیرین بوو. هیواداریین بە هەموومان بتوانین کارێکی چاک و سوودبەخش لە خزمەتی گەلەکەمان ئەنجام بدەین.

پ: دوا وتەتان؟

و: سەرکەوتنی کورد و ئێوە و گۆڤاری ڕابوون بە ئاوات دەخوازم.

ستۆکهۆڵم/ ناوەڕاستی فێبریوەری ١٩٩٩

# دێوەخانی فلێن

شێرزاد هەینی

بە گەیشتنی ژمارەی تەلەفۆنەکەی «سەعید وایرمان» هەر ئەو ڕۆژە تەلەفۆنی بۆ کرد. زوو سەعید دەنگی ناسییەوە، خەنی بوو، سەرسام دیار بوو! پرسیاری زۆر بوو، کەی، گەیشتی !؟ بەخوا چاکت کرد! زۆر خەمی تۆم بوو! دەمووت، سیامەند زۆر دەمی درێژەو دەستی نووسینی هەیە کڕ نابێ! چاکت کرد، ڕزگارت بوو! سیامەند وەخت بوو بەو پێشوازییە گەرمەی سەعید باوەڕ نەکات، دەبێ؟! ئەوەندە شەیدای من بێ؟ پرسی برادەرو تێنووی یادگارو دوێنێ بێ! یان زۆر دڵۆڤانە. خۆ ئەوان زۆر برادەر بوون و ماوەیەکی زۆر نیشیان پێکەوە کردبوو، خێرییان دیبوو، دڵشاد بوو بەو پێشوازییەو بەخێرهاتنە گەرمە.

– دیارە لە من نزیکی!؟

تو خوا ... بەچ دەزانی!

– ژمارەکەت لە لام دیارە .. تۆ نزیکی لە من.. وا....

من لە دێوەخانی «فلێن»م ..

– دێوەخان..؟

بەڵێ دێوەخان، من ناوم لێناوە دێوەخان .. بەلام کەمپە!

– زۆر نزیکی، تەلەفۆنەکە دانێ و یەکسەر سواربەو وەرە چاوەڕێتم !

«ژمارە پاس و کاتی دەرچوون و نرخی پاس و کاتی گەیشتن و ماوەی ڕێگاکەشی پێ وت، بواری نەدا زۆر بیر بکاتەوە، دەبوایە بگەڕێتەوە دێوەخان و شمەکەکانی خڕکاتەوەو دەست بداتە جانتاکەو دەفتەرە ڕەشەکەی و دوعاخوازی بکات و ژمارەکەی ماڵی سەعیدیش بداتە هاوڕێکانی و سوار بێ! بەرەو ماڵی سەعیدی وایرمانی کۆنە هاوڕێ، کە ڕاپەرین گومی کردو ئیمڕۆ دەچێتە لای».

دوودڵەو دەچێ! شەممەو یەکشەممە لەم دێوەخانەدا جەهەنمەو ڕۆژ ناڕوا، خەڵکەکە زۆربەیان دەخەون و عەسرێکی درەنگ بە ئاگا دێن. ئەو بە تەنیا دەسوڕێتەوە، کەسێ نییە دوو قسەی لەگەڵ بکات. پۆست نییە، زۆربەیان دەڕۆن، دەچنە سەردان، یان دەخەون، بۆیە بۆ سیامەند ڕۆیشتن و سەردانی سەعید دیتنەوەیە ! هەر هیچ نەبێ یەک دوو ژەمی کوردەواری دەخوات و دووسێ وشەی سوێدیش لە زارۆکەکانی فێر دەبێ.

«ئەوە منم میوانی سەعید دەبم! دەبێ خوان و دێوەخانی هەبێ! دەبێ نان بداتە میوان! ئەو هەموو شتێ بە حیسابە، ڕەنگە پێش نووستن پارەی نووستنم لێ وەرگرێ، کرێ شوقەکە دابەش دەکات و من چەندم بەرکەوت لێم دەستێنێ، یان فێرە دەینووسێ، یا بینووسێ، با لەسەر بەفر بینووسێ، خۆ ئەو هەر هاتووەو پارەی قەرزکردووە، ئەوەی سەری لێداوە، هەندێکی لێ وەرگرتوون. کەم، بەلام زۆر نا..! لە ترسی داتەوە ...

ئەو وردە چاک شارەزای بووم، جاران گاڵتەم بەو شتە وردانەی دەهات، نەک من، زۆر بوون ئەوانەی سەرکۆنەیان دەکرد، ئەو گاڵتەی پێ دەهات و بزەیەکی دەهاتێ».

دەم و چاوو کاسبی و ڕۆژانەو ئاکاری سەعید نیشانەی ئارامی و پەشێوی و کەلاوەیی وخۆشی پێوە دیاربوون، ئەگەر لچی شۆڕ بوایەو مامەڵەی نەکردبایەو خێراو ماندو بوایە، دەبوایە شتێ ڕووی بدایە! زوو دەیزانی، ئاگادار بوو دەیپرسی، سۆراخی دەکرد، دەگەڕاو بۆنی دەکرد ..

– لە گوێی گادا نوستوون، لە بێ خەبەران ... ئاگاتان لە چییە! هەر لە قسەی گەورە ئازان! هەر کە شەوانە کە سەرخۆش دەبن ..

چی بووە!؟چ قەوماوە .. دەی دیسان!

– بە پێی هەواڵان وایەو درۆ نەگوتراوە، وەک خۆم لەوێ بوویم وایە، بڕوا بکەن دوێنێ بەیانی زوو لە سەر سنوور بە شۆفڵ و بلدۆزەرو بە دەستێ و بە پاچ و ... و.. گوندێکی دووسەد سێسەد ماڵییان خاپوور کرد. ئەوەی بە پێوە مایەوە بە دینامێت تەقێنرایەوە، مزگەوتیان تەقاندەوە، کانیان چیمەنتۆ ڕێژکرد! داریان سووتاند، باخچەو ڕەزیان کرد بە ڕەژوو ...! ئەشکەوتیان کوێرکردەوەو تەپاندیان ! هێلانە چۆلەکە، پەرەسێلکە، زەنج، کۆلیت، هەتان، پەرژین، کونە مێش، شانەی مێروستان ، ژوانگە، پەناو پەسێو، تاتەشۆر، تاتە نوێژ، بناغەی کۆنی ئاش، ڕێگا، کوێرەڕێ..! جۆخێن، سابات.. هەموویان ڕووخاند..!

– ئەدی ئاواییەکان، خەڵکی گوندەکە..؟

زۆربەیان بە زیل و تراکتۆرو بە سواری وڵاخان، دابەزین، پەرتبوون، بێواربوون، لێیان تێکچوو، وتیان: دەگریان زیرەیان دەگەیشتە ئاسمان، نوزەیان دەهات، پشت کۆمایەوە، چاو قۆپایەوە، بنیادەم بێعارە ئەگەر نا مردن!

ئیمڕۆ ئەوان بوون، بەیانی ئێمەین! ئیمڕۆ گوندی سەر سنووریان خاپوور کرد، بەیانی شارەکان! هێدی هێدی، بەرنامەیان دیارە، من هەر ئیمڕۆ شتە گران و گەورەکانم فرۆشت! کورد سەلاجەو مجەمیدەی بۆ چییە؟! تاخمی ژووری میوان و نووستن و وخواردنم فرۆشت! ڕێککەوێ خانووەکەشم دەفرۆشم، هیچم ناوێ ! ڕۆژێ دێ کورد هەموو لە بیابان کۆدەکاتەوە، بە سەد خێزان یەک شێرەی ئاو، یەک تەندووری نان،

بێ سێبەرو بێ خوێندن، وامان لێ دەکەن! تۆومان دەبڕنەوە.

« تارمایی تاوان و خاپورکردن ماوەیەک لە خەیاڵ و بەرنامەی دەمایەوە، بەڵام کە هەواڵەکە کۆن دەبوو، ئەو کەم کەمماڵی دادەتایەوە، ئەوەی پشتی دەهێنایەوە خوارێ، ئەوەی شاردرابۆوە دەری دەهێنایەوە، ئەوەی لەلای ماڵی بابی بوو دەیهێنایەوە...»

لە گەرمای ڕۆژێکی هاویندا پلەی شپرزەیی و ترسی سەعید زۆر بەرز ببۆوە، خانووی تازەی فرۆشت! زێڕی ژنی و گوارەی هەردوو کچە نەمامەکەی فرۆشت! چاوی ڕەش بوو، هیوای نەما، هەناسەسوار، تەنگاو، دەفڕی، دەگریا، دەکولا، دەپیرسی، دەهات و دەچوو، دەسووڕایەوە، بێ سەر، بێ قاچ... کەزانی زیلی عەسکەری و لۆری بارو هیلیکۆپتەر، سێ و چوار هەزار خێزانی دەڤەری بادینانی هێناوەتە «چەژنیکان» ئەو ئەنفالی گەرمیان و وڵاتی کۆیەی بیستبوو، بەڵام ئەو کارەساتەی بە چاوی خۆی بینی، شارەکەی هەژاند، بازاڕی جوڵاند، چاوی گریاند، مردووی زیندوکردەوە... هەموویان بارکرابوون، هەڵگیرابوون، هیچیان پێنەبوو ، بە کراسی بەری، بە پێ خواسی، بە سەری کۆت، بێ لانک و دەسترازە، ڕاپێچکرابوون، هیچیان پێنەبوو.. هیچ... بێ کیسەو تووتن، بێ شانەو کلدان، بێ دیشلەمەو چەرخ، بێ گۆرەوی و پێڵاو! ئەوانەی لەناو گوندی بوون وەکوو قەرەقەتێ گیرابوون، ئەوەی لەناو ڕەزوو جۆباران بوون کۆکرابوونەوە، ئەوانەی لە کونە شاخ و دۆندو لا پاڵ و ئەشکەوتەکان بوون، بە فرۆکە گەیشتبوونە سەریان ! میللەتی چەند گوندو شاخ و ڕووبارو دارستانیان هێنابووە دەشتی بە دڕکە زەردەی وشک و گەرمی «چەژنیکان» هەموویان چاو بە خۆڵ، شان و قاچ برینداڕ ، هەناو بەتاڵ، گوند گوند، عەشیرەت عەشیرەت، کۆیان کردنەوە! بە بنیادەمی پیرو جحێڵ و ژن و زارۆک و مەلۆتکە، غەڵ مرۆڤیان دامەزراند، مێیان کردن، بە هاوارێک وتیان کەس ناجوڵێتەوە! کەس بۆی نییە بچێتە شار! دەست بۆ ئیش ناڕوات! چاو بۆ خوێندن ... نا!؟ ژن بۆ مێرد قەدەغەیە! منداڵ بۆ یاری نەما! قورگ بۆ ستران نابێ! نێوچەوان بۆ سوجدەی نوێژ نابێ! نابێ تەماشاکەن، بخۆن، بنوون! بکەن! بژین! نابێ .. ئێوە .. بەردن، بەردی نەرمن، بەردی گۆشتن! شاخی وشک و هەناسەی ترس و نهێنین! لەشکری بنیادەم، لافاوێک هەناسە، شاخێک کەڵلە سەر، ڕووبارێک فرمێسک، پێکەوە نووسان...!

لە چەژنیکانی ترس و برسێتی و تاریکی و دڕک و پاڕانەوە، عیسایەک پەیدا بوو، پیاوێکی باڵا بەرز دەست درێژ، چاو گەورە، ڕدێن قەڵەم برۆ کوڵ، شەقاو گەورە، خاوێن، بە دەستنوێژ، هێمن دڵۆڤان..هات، حاجی فازیلی چەژنیکانی.. هات! هەواڵی نارد عەمباری شکاند، جۆگەی ڕاکێشا، هەوری کردە سێبەر، ئەستێرە بوونە چرا، بەرد نەرم بوون، دڕک کرانە ڕێحان و نێرگز، عیسایەک بۆ سێ هەزار خێزان هاتە خوارێ، لە دایکبوو، نەترسا، هات، وتی، کردی ..! یەک دەست یەک خوان، میللەتێکی برسی و ماندووی تێرکرد!

هەواڵ گەیشتە شارێک، شار هەژا، شار گریا، شار هات کەس نەیتوانی لافاو ڕاگرێ، ترس دەرەقەتی هەنگاو نەهات. ڕێگا نەگیرا، دەشتی پانکرایەوە، بازگە کرایەوە، دەشت بووە ڕێگەو بوار، سەد عەمبارە گەنم چوو، سەد لۆریە بەفر بە ساردی ڕۆیشت، سەموون بە گەرمی میوەو تەڕە بە تازەیی. خەندە باڵی گرت، هیوا پیادەیە، یەکێتی فڕی، یەکبوون لە دایکبوو، تۆڵە هەستایەوە ... پارە، دەرمان، پێخەف، سێبەر، ناز، چاوی دڵسۆز، دڵ بەژان.... هەرچەندە جوانی و گەرمی و ناز هەبوو لەم شارەدا، هەموویان ڕۆیشتن! لەم هەڵمەتە ئەم کاروانە نانە سەعیدیشی گرتەوە، چەژنیکان کەعبەیە و یەک ملیۆن کەس ڕووی تێکرد. سەعید بێجگە لەوەی پارەو خواردن و سۆزو هاوکاریی نارد، زۆریش بۆیان گریا! خەمی خوارد، دەستی لە کاسبی شل بوو، ترسا، شیرازەی خێزانەکەی پچڕا، ئاڵۆزی سەری هەڵدا، دیسان ماڵەکەی هەراج کردەوە، ئەو بە هەواڵێک، هاواری لێ هەڵدەستا، ئەدی ڕۆژی حەشرو جەهەنەم و ژیانی مردووی بە چاوان لە چەژنیکان بینی...! وا لێرە حاجی فازڵ بوەتە عیسایەک، ئەدی بۆ ئەوان کێ دەبێتە عیسایەک...!

ئەوان لە شاخ ژیان و قایمن و فێرن!

ئەوان لە مێژە لەگەڵ بۆمباران و شۆڕش و هەڵاتن و ناندان و خوێندا ژیاون!

منداڵەکانی پەرەستیلکەن، ناسکن، لە هێلانە دوورکەونەوە دەمرن، بێ سێبەرن بە سەعاتێک دەمرن، لە پێش چاوم یەک یەک دەمرن!

ئێمە ڕەوانەی «عەرعەر» دەکەن! دێن ژن و کیژی تەڕو ناسکمان دەبەن، دێن کوڕە نازدارەکانمان بۆ شێخەکانیان دەبەن. زێڕمان لە گەردن دەقرتێنن، دێن ڕووتمان دەکەنەوە ... برسیمان دەکەن! دەمانکوژن.

« بۆیە سەعید دووبارەو سێ بارە ماڵەکەی هەراج کردەوە!»

سیامەند دەڕواو بیر دەکاتەوە، ئەو سەعیدو ژن و چوار منداڵەکەی، کەی گەیشتن، کەی ڕۆیشتن!؟ چۆن وێراوە پارە بداتە قاچاخچی! ڕەنگە سەد کەفیلی ڕیش سپی و سەد سوێندو تەڵاقی ویستووە! ئەو تا مامەڵەیەکی سەرپێیی دەکرد چەند بیری دەکردەوە! چۆن گەیشت! ڕەنگە فرۆکەیەک بە تایبەتی بۆ ئەو هاتبێ و لە تەنیشت قەبرستانی شێخ مەلاڕەشید لە تەیراوا نیشتبێ و ئەوو خێزانەکەی سوار بووەو خودا حافیزی لە خزم و کەسوکاریشی کردبێ و بۆ باوکی نووشتابێتەوەو داوای لێبووردنی لێ کردبێت...! ئەگەر نا، ئەو زەحمەتە وەک ئەو خەڵکە هاتبێ، زەحمەتە عەقڵم قبوڵ ناکات!

سەفەرو دەعوەتبوون لە دێوەخانی فلێن و دوورکەوتنەوە خۆشە ! جار جار بڕۆیت چاکە! خۆشە شەوچەرەی دێوەخانی فلێن بگێڕیتەوەو ڕۆژانەی خەڵکی تریش لە دێوەخانی فلێن باس بکەیت، خۆشە باسی لاساری هەرزەکارەکان و سەدان مۆبیل تەلەفۆنی بێکارت و دەمەقاڵی لە سەر وردە ڕازو شەڕە قسەی حیزبایەتی و هەڕەشەی ناو ناردنەوەو بە گرتدان لە گەڕانەوەو سووتانی پیرەکان بۆ شۆخەکان و ... و... گاڵتەکردن بە دەستگرتن و بە پارەکۆکردنەوەو ڕۆژانەی فێربوونی زمان و نەرمی و ناسکی و سینگفراوانی مامۆستایان و خەون و

چاوەڕوانی و سووتانیان بۆ شتەکان و کەسەکان و .........

دیسان سەعید ماڵی لەسەر پشتی پیکاپە، ژنەکەی پرتەو بۆڵەیەتی، دەگریێ و دەنووزێتەوە، لەوەتی لە گەڵ ئەم پیاوەم سەد جار ماڵ و زێڕو خانوو موڵکمان فرۆشراوە، بەسە مردم، تاقەتم چوو، حەیامانچوو، کەینێ؟ وەک ژنی عالەمێ دەبمە خاوەنی خانووی سەربەخۆ! کەی دوو ڕیزە مەنجەڵی تیفاڵ و شووشەو پەرداخ و فنجان و پەردەی حەریر و مێزی نانخواردن و ژووری نووستن و دانیشتنی ڕازاوەمان دەبێت! ئەو پیاوە ترسنۆکە ناهێڵێ دانیشین! زەندەقی چووە، هیچی لە هیچدا نییە، کێشکەیەکی لە ناو نەکردووە، نەگیراوە، بریندار نەبووە، لە خەو ڕانەپەڕیووە، کەس ناوی نەهێناوە..

سەعیدی وایرمان بە ئیش گەیشتبووە «بەرانەتی» لە گردە چاڵ کارەساتی جەرگبڕی هەڵەبجەییەکانی دیبوو، ئەوانەی ژەهر نەیانی کوشتبوون و ڕایانکردبووە ئێران و سەدان کامێرا وێنەی کارەساتەکەیان گرت، دنیا باسی کردن نووسیان شارێک، میللەتێک قران کرا! پارەو سیاسەت هەواڵەکەی مردارکردەوە! پەرلەمانەکان کربوون، کامیراکان زوومەکانیان شکا، ! ژانەکە، کارەساتەکە تەنیا لە هەناوی بریندارەکاندا مایەوە.. بۆیە زۆریان بە دزی لە دەرزی سنوورەکان پەڕینەوە، لە ناو شاخ و لە هەورازی دۆندو لە ناو تاریکی خۆیان گەیاندەوە هەورامانی ئەمدیوو خۆیان هاویشتەوە باوەشی بکوژەکانیان و گەماڕۆدران و لە دەشتی گردەچاڵ ڕۆکران...! بۆ مردن لە گردەچاڵ دانران و... پێیان وتن:

چاوتان بە درک و دوکەڵ کوێر دەکەین، بەژنتان بە تەور دەشکێنین، پشتتان بە کرنۆش و چۆکدادان ورد دەکەین، تفتان لێدەکەین ... بۆ نەمردن؟! لە ژەهری کیمیاوی زیاتر. شارمان خاپورکردن، ڕاومان نان! بۆ هاتنەوە.. لێرە دەتانکوژین... بەخێر نەیەنەوە، بۆ قورگی خۆتان گرت!!؟ بۆ ژەهر نەچووە گەرووتان؟! بۆ هاتنەوە لە عیزرائیلو ژەهر دڕندەترو ترسناکتر هەیە! هاتنەوە ببنە شاهیدی ژەهر، هاتنەوە باسی ژانی ژەهرو مردنی بە کۆمەڵ بکەن!

بەڵێ سەعید ئەو جنێوو ڕاگەیاندن و ڕاستییانەی دوژمنی بیست، مەرگی چاوەڕوان و بنیادەمی مردوو زیندووی بێ هەناسەو پیاوی بێ سەرو بێ قورگ و زارۆکی ترساوو ژنی رووت و قژی بێ کەزی و گەردنی بێ خەناوکەو پەنجەی بێ خەنەو چاوی بێ کل و خوێندن و سترانی تەم و خەمی بینی، ئەوجا هەترەشی چوو! جەهەنمی دی، ئەو لەگەڵ پێغەمبەر چووبووە میعراج و لەناو ئاگرو سزا جەهەنمی بینی! بەڵام کەسانی بێ تاوان کەسانی گەڕاوەو کەسانی بێ دەسەڵات و بەستەزمانی بینی، بینی دزی نەکردووەو دەستی دەبڕن، زینای نەکردووەو دەیخەسێنن، سترانی نەچڕییوە قورگی هەڵدەڕزێنن، هیچیان نەکردووە دەیانسووتێنن، دەفتەریان لە دەستی ڕاستەو دەیسوتێنن...!؟

– ژنەکە ئەوەی من لە گردەچاڵ بینیم تەواو، قسە ناکەیت نالێیت لەل!

دیسان ماڵ فرۆشتنە، کەلاوەکە تەواوناکەیت!؟ منالان ناچنەوە خوێندن.. دیسان زێڕ دەفرۆشێت و هەموو هەراج دەکرێت..

دیسان؟!

– ئەدی کورد ماڵی بۆچییە..؟ وەرە گردەچاڵ ببینە. لە ژەهرو کوشتن ڕزگاری بووەو گەڕاوەتەوەو ئینجا لە چڵیاو دەژین، خەڵکی کانی عاشقان، خەڵکە کانی و ژوان و جوانی و خوێندن، ناگوترێت، نازانرێت چۆن دەژین؟

«ماڵەکەی فرۆشت، خێرا دەیفرۆشت، مامەڵەی نەدەکرد، کەلاوەکەی بە نرخی زەوی دا، زێڕی بیست عەیاری بە هەژدە عەیار فرۆشت، تونی بە کۆن دا، کۆنی بە بەلاش، ساعی بەشکاو، یاپانیی بە سەنگافورییی کۆریی سەودا دەکرد، هۆڵاندیی بە تایلاندیی! کۆنەفرۆش و چەرچی و دەلاڵ و تازە زاوا جیران و ناسیاری بە سەر ماڵی وەرکرد. ماڵەکەی لێ ببوە دوژمن. درێژی لێ ببوە مار! گەورەی لێ ببوە دێو! سپی لێ ببوە جنۆکە! ڕەشی لێ ببوە شەوە!!! باخچە بە گۆڕستان، ژوور بە تابووت! هەمووی کردە پارەو پارەکەی کردە بیست و پێنجیی بچووک و سێ ئەسپ!

– کەی هاتی ...؟ چۆن گەیشتی ... بۆ هاتی؟

چیرۆکی ئەم بەسەرهاتەو کاروانەکەم بە هەوانتە تەواو نابێ، ئەوا هاتم وا دەبینی، وا لە دێوەخانی قلێن دەژیم، لەم دێوەخانەیەدا دەژیم، بەڵام زۆر هەست بە شەرمەزاریی و نامۆیی و عەیبە دەکەم! من و ئەو شوێنەو .. بۆ؟ دەبێ ئەوان هەست و تێڕوانینیان چی بێ؟ دەبێ ڕاستیان بێ کە ڕێزمان دەگرن و هەر بە فەرموو فەرموو قسەمان لەگەڵ دەکەن، شەرم دەکەم، هەندێ جاریش شادومانم ڕزگارم بوو، لە ڕێگاو لەم کاروانەو مانەوەم لە وڵات ....... نازانم بڵێم چی! بە هەر حاڵ گەیشتم و لە مێژە سۆراخی ئێوەم دەکرد، پرسیارم زۆرکرد کەسێ نەبوو ناوو شوێنت بزانێ، حەقیان بوو تۆ وا خۆت لەم شارۆچکەیە شاردۆتەوە.. ! چۆن بناسرێیت!؟ دیارە بەرژەوەندی لێرە چاکە ... تۆ وردیت، تۆ دەزانی.

– کاکت هەڵە ناکات، ئیشم باشە، ناوبانگم چاکە کیژو کوڕم گەورەن، دەبێ وا بێ توانیتم خۆم دروست بکەم. لێرە .. ئەدی تۆ بۆ وا پیربوویت..؟ سەرت بوویتە خوریی .. بۆ؟ خۆم لە تۆ گەورەترم...!

ئای کاکە سەعید زۆرمان دیت پاش تۆ، پاش ڕاپەڕین هەموو ڕۆژێ ڕاپەڕین بوو، هەموو ڕۆژێ ڕاپەڕین شەرمەزارو عەیبدار دەکرا، شەهید پەیکەری بۆ دەکراو پەیکەرەکەشی دەشکێنرا، هەموو ڕۆژێ بارەگا بۆیە دەکراو دووبارە بۆیەکەی تر دەکرایەوە! زۆرمان بینی عەرەب ڕۆیشتن تورکمان هاتن! تورکمان لێمان بوونە پاڵەوان و خاوەن بەرەو حزب و دەزگاو چەکدار ... ئەوان ڕۆیشتن فۆرمی ئاسووری بوونە مێردمان ! ئیسلامی تەمبێ کرا، شیعە هات! توندڕەوی ئیسلامی و دژە ئیسلامی پەیدا بوون، نووسییان پێغەمبەر وابوو .. وا .. مەلاکان هاواریان کردو دونیایان تێگەیاند قسەی ڕۆژنامەو نووسەرێکیان گەیاندە هەموو ماڵێک، هەموو گوێیەک! پەرلەمان دامەزراو پەرلەمان داگیرکراو پەرلەمان تۆپبارانکرا... سەدان ڕێکخراوەی کۆمەڵایەتی و

ڕۆشنبیریی و مافی مرۆڤ دامەزرا، حەشیشەیان چاند، فیلمی سێکسی بە ئاشکرا نیشی دەکرد، پارەی قەڵب و پارەی دڕاوو پارە بەکیلۆو گوشە پارەو کێشانی پارەو پارە لغوکردن ... سەیرو سەمەرە ڕوویدا.. شێخێک خۆی کردە پێغەمبەرو کتابی نووسی و بڵاوکرایەوەو کوشتیان و تەرمەکەیان لە ناو گوشێک فرێ دا.

حکومەت سنووری بۆ دانایین، ئێمە خۆمان سنوورەکەمان ڕەشکردەوە، قەدەغەی چونی کرد، زاڵگەو سنوورو پشکنین و دەرزی ئاودیوبوون و پارە گۆڕینەوەو جیاوازی نرخ پەیدا بوو! ئینجا ئێمە یاری و تۆپمان ناردو .. ئەویش ناچار تۆپی نارد..!

لەم دێوەخانەدا، ئەوەی بە دوژمن زمان دوا، دوو زمانی زانی، زۆر زان و زیرەک و وەرگێڕ نییە! نەگەڕاوە. دونیا دیدە نییە! سیاسەتمەدارو مامۆستا نییە!

ئەوەی کوردی باشوورە، عەرەبی چاک دەزانێ، دەڵێین عێراقیین!

ئەوەی کوردی خۆر هەڵاتە زمانی فارسی و عەجەمی چاکە و نووسینی کوردی لارەو دەڵێن ئێرانیین!

ئەوەی کوردی باکوورە تورکی زانەو کوردی لارە و کەمیشی دەزانێ، دەڵێن تورکن!

ئەوەی کۆسۆڤۆییە، سربی دەزانێ و پێیان دەڵێن ئەلبانی!

ئەوەی ئەسپانی زانە ، لە ژێر دەستەڵاتی ئەسپانیا بوون.

ئەوەی ئازەرو ئەرمەن و جۆرجی و .. ڕووسی چاکەو پێیان دەڵێن ڕووسی!

ئەفغانەکان فارسی قسە دەکەن...!

ڕەشەکان ئەفریقاییەکان، فەرەنساویی وئینگلیزی قسە دەکەن!

«ئەوانەی زمانی دووەم چاک دەزانن، ئەوانە ئاڵاو سنوورو نوێنەرو دەوڵەتیان نییە، حزب و سەرکردەیان خاک و قوربانیان، پشتیوانیان و کۆششیان بۆ سەربەخۆیی بێ، ئەگەر نا هەر زمانی دایکیان دووەم زمان دەبێ و شەڕی ناوخۆو کۆمەڵکوژی و دەستی بێگانە و ئاوارەبوون و بێ جەوازی و دێوەخانی فلێن وەکوو فلێن تر دەبێتە سەفارەتیان..!»

سیامەند تەنگاوەو دەیەوێتبوارێ بێت پرسیار بکات، لە سەعیدی وایرمان بپرسێ! گەلاوێژ خان بکات و بۆی بگێڕێتەوە، لە تهێتییەکان حاڵی بێت، ئەو شەوانە لە دێوەخانی فلێن دێوەخانی گەرمەو سەربردەی زۆر دەبیستێ، با ئەم شەوەش بزانێ؟! دەیەوێ بزانێ:

لە کازێوەی ئەو ڕۆژەی تیشکی سیحرو خۆشەویستی «ڕاپەڕین» گەیشتە شار، سەعید چی کرد، ئەو نەدەوێرا بە ئۆتۆمبیلیش بە بەردەم دەزگاکانی حکومەتدا گوزەر بکات! هەر دەیووت پیاو لەو کافرانە دوور بێت لە بەهەشت نزیکە! لەوانە دوور بێ ئێواران دەچێتەوە ناوماڵ و منداڵ، بەیانیش دوکان دەکاتەوەو ... دەبێ چی کردبێ..؟! کە بینی لافاوی دەست و پەنجەو قورگ و تۆڵە هێرشیان بردە سەر ئەمنی شیمالی و ئیستخباراتی شیمالی و منزومەو ڕێکخستنی بەعسی شیمال و فەیلەقی زەبەلاح و گەورەی ڕەشکێن و هەردوو دەزگا کارتۆنییەکەی حوکمی زاتی و ئەو هەمووبارەگاو مەخفەروحەپسخانەو ... و..چۆن ئۆقرەی گرت!ڕاستە دڵشاد دەبوو، بەڵام دەترسا، چەند ترساوە!؟ ئەو حەقی بوو زۆری بیستبوو، گوندی خەوتو، ساپیتەی هێمن، گوڵی زیز، کانی ئاوێنە بەر شاڵاوی خاپوور بوون و قڕان دەکەوتن، بینی وشەی قورگ خنکا، شمشاڵی ناز شکا شەوچەرەی حەقایەت دەکوژرا. چرا دەکوژایەوە کەمە تێک دەچوو، زۆری بیستبوو هەمووی تۆمار بوون، لە بیری مابوو، پەنجە لە ئەنگوستیلە دەکرا! چاو لە کل، شەو لە ژوان، گەنم لە جۆخێن، ئاو لە ئاش، مردوو لە یاسین و تەڵقین، قورئان و حەدیس لە مزگەوت... زۆری دیبوو ... حەقی بوو، لەو پرسەکەی «مام عیزەت» زۆر گریا، سێ ڕۆژ دانیشت، شیوە غەریبانەی بۆ کرد، دەستی گرت، کوشتنی بە خۆڕایی کوڕەکەی لە پێش مەرقەدی سوڵتان موزەفەر بەس لەبەر ئەوەی هەویەی قوتابخانەی دەنگ لە گیرفان دەرهێنا، کوشتیان! کوڕە تاقانەکەی برای حەوت خوشکان، جەرگ و هەناوی مام عیزەتی جیرانیان پڕ خوێن کرد، پرسەی کوڕەکەی تەواو بوو، لە پرسەی خۆشی دانیشت!!

بەیانیەکەی زوو کە تەرمی«خەجە باوە» گەیشتەوە کۆڵان و هەردوو کیژە ئەمامەکەی جلی ڕەنگینی شادی ڕاپەڕینیان لە خوێنی دایکی وەرداو لە گەڵ تەرمەکەی درێژ دەبوون و دەمیان لە برینەکەی دەناو دەیانووت: هۆدە، تۆ زوو مردی، زوو کوژرای، لە مێژبوو بە حەسرەتی ئەو ڕۆژە بوویت، چەند گوتمان دایە خۆت ئەوی بکە! پیاوەکان دەستیان ڕادەکێشای و تۆ هەر پێشڕەویت دەکرد... چەند داخ لە دڵ بوویت، چەند حەزت دەکرد تۆ یەکەم ژن بیت بچیتە ناو ئەمن و یەکەم دەرگا تۆ بیشکێنیت.

دایە چەند کاروانی بە دزی دەشتی هەولێرت کرد، چەند خەریتەو فیشەکدانت لە ناو سەراجەکانی قەیسەری لە پشت بەست و گەیاندتە «پیرەدرو بیستانە» چەند تفەنگی باقە ئەجمەو دەرزی شکاوت هێنایەوەو لە شار چاکت دەکردنەوەو دەتبردنەوە... چەند شەوان دەرگات لە پێشمەرگە دەکردەوە نانت لە پێش دادەنان و ڕێت نیشان دەدان و دەخیلی پێڵاوەکانیان دەبوویت، وریای جاشەکانی «حەمەدی قەرەنی ئاغاو عەلی سوور» بن و لەبەر ڕووناکی گلۆپەکان نەڕۆن... تا «شار بەرز» یش لە پێشیان دەڕۆیشتی ... تۆ کوژرایت و نابینی سبەی دوو سبەی هەڵۆکان کەرکوکیش ڕزگار دەکەن.

وەرە باجی فاتم، پلکە خەجێ، خوشکە ئاواز، ببەن، ماڵی جوولەکەیەو بیبەن، بۆ خۆتان، ماڵم ناوێ، کورد ماڵی بۆ چییە..؟! بریا سەد بریا دۆم بام، ماڵم لە سەر پشتی کەرێ بایە، بریا ڕەوەندۆک بام، بارگەم دوو بوخچەو قونگە فەردەو باوڵێک دەبوو، ئێمە سەلاجەومجمەدەو دێوەخانمان بۆ چییە؟ وەرە شاهۆ فیلمەکانی ڤیدیۆ، کاسێتەکان، ئەلبوومەکان، چوارچێوەکان، وێنەی کیژی کافرۆش، وێنەی شێری ئیمامی عەلی و شیرە زولفەقارەکەی، ئاوێنەکان ببەن... وەرە بێستوون تەسجیلەکە بۆ خۆت، ڕادیۆکەمان، با بۆ مامۆستا شێرزاد بێ، با هەر گوێی لە ڕاپۆرتەکانی حوسنی مەحلی و عەنبەرین و زەمان بێ، من هیچم ناوێ، ببەن، نابینن وا فرۆکرش هات! شار دەکاتە جەهەنم، قەلادزێ دووبارە دەکاتەوە، کەس بە پێوە ناهێڵێ، عامودی ڕاست

ناهێڵێ، جام ورد دەکات، وایەر دەپسێنێ، بۆڕی دەتەقێنێ، تەنکی کون دەکات، سەبیە کۆنکرێتەکان کونبەدەر دەکات، ستارەکان دەرمێنێ، ئەوە بەعسە لێتان خۆش نابێ، لە بیرتان چوو کە تەقە لە پارێزگا کرا لە تۆڵەی ئەوو لەبن دیوارەکەی ئەوان چەند لاوی بێ گوناحی بێ ئاگایان گوللەبارانکرد، هێشتا خوێنەکانیان بە دیوارەکەوەیە، ئەدی کە لە «ڕووناکی» لە شۆفرلێتە سوورەکەیان داو چەند ئەمن کوژرا، بۆ بەیانی چەند کەسیان لە بەندیخانە دەرهێناو لە تۆڵەی ئەوان و لە شوێنەکەیاندا گوللەبارانیان کردن، ئەوە بەعسە بەعس، نیوەی سەرکردایەتی خۆی کوشت! وەرن... کێ مافووری کاشانی دەوێ، بیبەن گەردنتان ئازاد بێ.. وەرن کێ مەنجەڵی تیفال و سینی نیکل و فەرفووری و ست البیت و شووشەی دەوێ، بیبەن بۆ خۆتان، تەباخی پێنج چاوە، فنجانی قاوە بە دەرزەن، دەستە چەنگاڵ و چەقۆی دەسکدارو شووشەو مەرمەڕ.. وەرن ماڵی کوردی تالان بردی.. هەتا عەرەبی پێخواس نەهاتینەوە بۆ خۆتان تالانیی کەندیناوەو ساڵەیی و قەراجتان لە بیر چوو ... وەرن ماڵی کوردی ڕاپەڕین بردی.....»

سەعید چاکی دەزانی گوللەی بەعس جیاوازی نێوان ئەوو ئەو کورە کوردانە ناکەن کە مودەرەعەکانی پێش ئەمنیان سووتاند، ئەوانەی فەیلەقیان شکاند، نێوان ژنی ئەوو ئەو ژنەی زوو یەکەم کەس لە بەندیخانەی تاریکەکە چەند زیندانی شێواوو حەپەساوی دەرهێنا! نێوان منداڵەکانی ئەوو ئەوانەی ئەرشیف و سەیارەی دەزگاکانی بەعسیان ئاگر تێبەردا .. بۆیە دەترسا...!"

سەعید زۆر جاری تر ماڵ و خانوو بەرنامەو ڕۆژانەی هەراجکردو خۆی تەیارکرد، بەڵام پاش قەدەرە عەیامێ سارد دەبووەوە، بەڵام ئەمجارە گەیشتە هێسکی بەنزینەو بە ئاگردا کراوە! بزنەو نانی شوانی خواردووە، کلکی ماری ڕەشەو بڕاوە، زەحمەتە سەعید بتوانێ بژیت و. بڕوا ناکات جارێکی تر شتەکان بێتەوە سەر سکە..؟! بۆیە بڕیاری دا هەتا فیر ماوە خێرا بڕوات، بەری خۆڵدا بڕوات، بە هەورازی ڕێکدا سەرکەوێت، بە کوێرەڕێ بە چرنوکان بە لەپان سەرکەوێ، تا دەگاتە سەر سنوور و هەتا ماوە ڕوو لەم ئاقارە بە گۆوەندە نەکاتەوە.. سەرێکەو دەڕوات..!

کاک سیامەند هەقدە مانگ لەم ئۆردوگایانەی هێشتینەوە، حەیاو ناموسمان چوو، ئەتۆش وەک برامی بە هەزار ترس و لەرزو لە پەناو پەسێوان هەتا چۆرە میزێکمان دەکرد، تێرمان نەخوارد، سەرمان بەسەر بالیفێ نەکرد، کەوتینە بیرێکی قووڵ ئاگام لە کەس نەما، هەقدە مانگ لە سەر ئاگر بووین، دەکوڵاین و سارد دەبووینەوە، ئەو ماوەیە ڕەزالەتمان لە دەست ژەندرمەی تورک و بێ حەشرو نەشری خەڵکی خۆمان دیت، درۆمان زۆر بیست، بوختان! چاوەڕوانی بەڵێنی «یونێن» بووین، لەم هەوار بۆ ئەو هەوار، حەقایەتی ئێمە تەواو نابێ، خواردنمان بە شەرەشەق و شەرەمەترەق وەردەگرت، چەند جار ئەو منداڵانە بە لۆکە ئاومان لە قورگی کردن، هاتنە سەر یاسین خوێندن، چەندی لێ پاڕامەوە، گریام، خۆم هێنایە مردنێ، وەرە پیاوەکە بچینەوە، ڕۆژانە خەڵک دەچنەوە ئەو دەیووت:

– ئیمرۆ بە شۆفڵ و بلدۆزەران ڤیروکید بەستۆنەکانیشیان دەرهێنا، عامودەکانیان چەماندەوە، تێلەکانیان لوولدا، شووشەکانیان وردکرد، دارستانی کورانیان ئاگر تێبەردا، بیرەکانی ئاویان پڕکردەوە، بسکی ژنانیان بڕی، سمێڵی پیاوانیان تاشی، بە ڕۆڵە خەڵکی پان دەکەنەوە، بە ئاگرو بەنزین دەسووتێنن، گرانیەکە وەک ئەوەی باپیرانمان دەگێڕنەوە، گەنم و جۆیان بۆ خوارێ کێشایەوە، نیسک و نۆکیان دزی..! خەستەخانەکان داخران، بەندیخانەکان مشت بوون، ڕۆژی حەشرە.

* پیاوەکە بڕوا مەکە، خەڵکی بێ ویژدانە، ئەدی ئەو خەڵکە دەچنەوە، فەرموو تەماشاکە لە هەزار هەزار خێزان هەر ئێمەو چەند بەدبەختی وەکی ئێمە ماینەوە.

– ژنەکە ، هەش بەسەر، چابوو ڕزگارمان بوو، جارێکی تر بە پێی خۆم بچمەوە..؟!

کاک سیامەند هەقدە، بێ شەو، بێ ڕۆژ، بێ جەژن، بێ هەواڵ، بێ کەس، بێ نوێژ، کەزی ئەو کیژەم بڕی لە پاشپانی دەدا، مقەسم لێنا، دەمارێکی خۆم بوو قرتاندم، ئەدی لەناو ئەو پیاوە شێت و چاو حیزو برسییانەدا، ئەدی لەگەڵ جحێڵی هەرزەکار ... حەیامان چوو.

هەقدە مانگ، لەناو خێوەتان ژیایین، چەند سەرما لێوی دەقڵەشاندین، ئەو سوورتر دەبوو، چەند سکمان دەچوو وشک دەبووینەوە، ئەو خۆی چیرتر دەکرد، چەند پارەمان کەمتر دەبوو، ئەو ... ماینەوەو هەر کەم دەبووینەوە. ئەوەی هیوا بڕ دەبوو دەگەڕایەوە، ئەوەی پارەی تەواو دەبوو، ئەوەی سەرما منداڵێکی دەکوشت، ئەوەی کیژێکی بە دوو دەکەوت، ئەوەی پەرلەمان و هەڵبژاردن دڵی خۆشکرد، ئەوەی زاواکەی لەسەر گومرک دامەزرا، ئەوەی ژنەکەی داوای تەلاقی کرد، ئەوەی لە حەژمەتی جنێوو تێهەڵدانی تورکان، ئەوەی .. گەڕانەوە. ئێمە هەر ماینەوەو هەر ڕۆژی بەڵێن و قسەیەکمان بەرگوێ دەکەوت، هەتا ڕۆژێک سواریان کردین بۆ فڕۆکەخانەو لەوێش بۆ ئێرە ...!!

– بابە ئەو مام سیامەندە میوانە ، میوانی تۆیە، ئەوە یەکەم جارە میوانمان بێ و شەو لە ماڵمان بمێنێتەوە ... برادەری تۆیەو هاتووەو منیش بۆم هەیە میوانی خۆم بێنمەوە ماڵێ ... بۆم هەیە بابە گیان ..؟!

«سەعیدو گەلاوێژ تەماشای سیامەندیان کرد و ئەویش دەستی دایە جانتاکەی و سوپاس و خوداحافیزی و ڕۆیشتن و دەبێ بێیتەوە ... هەمووی چاوقوچانێکی خایاندو سیامەند گەڕایەوە دێوەخانی فلێن ..!»

* دێوەخانی فلێن: مەبەست کامپی فلێنە، کە کامپێکی پەنابەرانە لە سوێدو نزیکەی سەد کیلۆمیتر لە ستۆکهۆڵمەوە دوورە.

# ڕانانی کتێب

**ڕێبوار سیوەیلی**

**لە ڕێگای سۆفیستەکانەوە لە دەروازەی ئازادی دەدات**

ڕێبوار سیوەیلی دەبەش دەکاتە ناواختی کتێبێکی ئێجگار سوودمەند و ناونیشانێکی سەیر و سەرنجڕاکێش بۆ کتێبە نوێیەکەی هەڵدەبژێرێ:

سۆفیستەکان لە ستایشی فەلسەفەی کەمایەتیدا. ئەو لە دەرگای باسێک دەدا کە لە دووتوێیدا ناسنامەی ڕۆشنبیریی کوردی وەکو کەمایەتی خۆی ئاشکرا دەکات. لەناو ئەم بوحرانەدا ئیشکالییەتی خۆی هەڵدەبژێرێ و زانایانە دەیەوێ لە باسەکەی بدوێت.

هەڵبەتە هەڵبژاردنی سۆفیستەکان وەک باس بێ مەبەست نییە، لە تەرحکردنی هەموو باسەکەدا بیر لە شتی تر دەکاتەوە. دەیەوێ ئەو جیاوازییە زەمەنییە ببڕێت و بێت یەخەمان بگرێت و داوای ئازادیمان لێ بکات. دەیەوێ بڵێت دەسەڵاتی فیکر دەبێتە فیکری دەسەڵات کاتێ لەملا و لەولا، کەسانی دی، ڕێبازی دی، شێوە بیرکردنەوەی دی، بە جۆرێ لە جۆرەکان دێن و دەیانەوێ بانگاشەی دابڕینێک بکەن، چونکە ئیتر فیکری دەسەڵات هەرەکەت و وزە و چالاکی خۆی لەدەست داوە.

ڕۆشنبیریی کوردی وەکو کەمایەتییەک هەمیشە لایەنگری ئەو فیکرە کەمایەتییانەی کردووە کە لەبەر زەبروزەنگ و تۆقاندن هەڵاتوون. بەڵام ئەم کتێبە دێت سەرەڕای ئەمەش درزێک دەخاتە نێو ئەم ڕۆشنبیرییەوە و لە بەربەرەکانێ دەگەڕێت. هەرچەندە پەنجە خستنە سەر ئەم کێشەیە چەند گرنگە هێندەش زەحمەتە. بە مانایەک لە ماناکان دەیەوێت سنوورێک لە نێوان ئەوەکاندا بکێشێت کە سنوورێکی زەمەنی نەبێت، بەڵکو پەیوەندی بە هۆشیارییەکی نوێوە هەبێت، بە حەساسییەتێکی ترەوە کە دەیەوێ جیهان بخوێنێتەوە.

لە زۆر شوێن پەنجەنومای ئەوە دەکرێت کە ڕەچەڵەکی فەلسەفە بگەڕێندرێتەوە بۆ یۆنانی کۆن، هەرچەندە گەڕان بەدوای ڕەچەڵەکدا، خۆی لە خۆیدا، لە عەقڵێکی میتۆلۆژی بەدەر نییە. کێ دەبێ ئەم مەتەڵە هەڵبهێنێ؟ ئەگەر ئەورووپا گرەوی ئەوەی بردەوە کە ئیمڕۆ سەبارەت بە دەسەڵاتی عەقڵ خۆشگوزەرانییەکی مادیی هێناوەتە کایەوە و خۆی وەک مۆدێل لە ئاستی جیهاندا دەخاتە ڕوو، ئەوا لە هەمان کاتیشدا وەکو قوربانی ئەو دەسەڵاتە دێتە پێش چاو. یونگ وتەنی: «قەد مرۆڤ هێندەی ئەمڕۆ سەری لە دونیای دەرەوەی خۆی دەرنەکردووە و قەتیش هێندە بەرامبەر بە ناوەوەی خۆی هەژار نەبووە».

فیکرەی ئەورووپی دەبێ مێژووی فەلسەفی بگەڕێتەوە بۆ یۆنان، بەڵام یۆنانی کۆن ڕووی لە ڕۆژهەڵات بوو، بەڵکو دوا هەواری ڕۆژهەڵات بوو.

هەرچەندە دان بەوەشدا دەندرێت کە حیکمەتی میسری کۆن تائسیری خۆی لەسەر حیکمەتی یۆنانی کۆن هەبووە، بەتایبەتی ئەوەی کە پەیوەندی بە تەقسە تهێنییەکانی ئیۆلێزاوە هەیە، یان ئەو تەئسیرانەی کە پاشان لەسەر فیساگۆرسییەکان و هەتا لەلای ئەفلاتونیش بەجێ دەهێڵێ.

ئەی فیکری دیوالیزم «دووانەیی» کە لە فەزای ئێراندا گەشە دەکات و پاشان زەردەشت ڕیفۆرمێکی زۆری پێدەدات و پاکی دەکاتەوە و توخمی عەقلانی تێکەڵ دەکات، کە پاشان تائسری خۆیان بەسەر ئەفلاتونیزمی نوێ و فیکرەی وەحدانی لە حوجرەکانی جوولەکە و، پاشانیش بەسەر فەلەکان جێ دێڵن.

لە لایەکی دیشەوە میللەتە هیندییەکان تواناى خۆیان لەوە ئاشکرا ناکەن، ئەوەی کە پەیوەندی بە قەلەقی میتافیزیکی و بێ توانایی مرۆڤ بەرامبەر بە گرفتی وجودی و گەڕان بە دوای موتڵەق و کێشەی دۆنادۆن! بە وردەکاری فەلسەفی نادرێنە قەڵەم. هەروەها بیری جوولەکە بە یەکێک لە بلیمەتییە مرۆڤایەتییەکان دەدرێتە قەڵەم کە فیکرەی وەحدانی تەجسید دەکات و لە «یاڤاوە» گوێمان لە ڕستەیەکی پڕ مانابەخش دەبێت، ئەویش بانگاشەی تاک خوایی بە دونیا دەناسێنێ: «من ئەوەم کە هەم».

بەڵێ گشت ئەم ئاڵوگۆڕانە بەشدارن لەوەی کە لە یۆنانی بەر لە ٦٠٠ ساڵ پ.ز. فیکر بە شێوەیەک بخەمڵێت و خۆی لە شت جودا بکاتەوە. بەڵام فیکرەی ئایین خۆی لە یەکێکی وەکو ئەفلاتوون و ئەرستۆش بە دوور ناگرێت، بۆ یەکەمیان خودا لە جیهان داپچڕاوە و، بۆ دووەمیشیان دونیا بەردەوامی خودایە. بەڵام بلیمەتی یۆنان جگە لەوەی کە دەیەوێ لێکۆڵینەوە لە دونیا ببەستێتەوە بە تەحلیل و گەڕان بە دوای هۆی عەقڵی و بەهرەی سەنتێزو و بلیمەتیی گەردوونی بداتە خۆی. چونکە پاشان ئایینی مەسیحی، ئەو فیکرانە دەقۆزێتەوە و لە شێوەی ئەفلاتونییەتی نوێ، جارێکی تر، لە ژێر ڕۆشنایی مەسیحییەتدا دەیخوێنێتەوە. پاشان هەموو چەرخی ناوەند و تاکو سەدەی هەژدەیەم، کە بە چەرخی زانیاری دەدرێتە قەڵەم، دەیەوێ خۆی دابڕێنێ.

لەم گۆڕەپانەدا بۆچی سۆفیستەکان گرنگن؟ چونکە لە دەرگای شتی جەسیاو دەدەن، با هەندێ جاریش تووشی عەدەمییەتی وا ببن کە چاکە لە خراپە جودا نەکەنەوە. یان یەکێکی وەکو ئەرستۆ بە «ئەوانەیان بچوێنێ کە خۆیان وا پێشان دەدەن حەکیمن بەڵام لە هەقیقەتدا وانین». ئەمە قسەی ئەرستۆیە نەک هۆ ئەفلاتون. یان ئەناکزاگۆر و دیمۆکریت بە ئاشکرا ئەوە دوویات بکەنەوە: «هەموو شتێ لە ناو هەموو شتێ تێکەڵ و پێکەڵە».

بێ گومان ڕێبوار زیرەکانە شتەکان پێکڕا گرێ دەدات و دەیەوێ بە هێمنی و بە لێوردبوونەوە قسەیان لەگەڵ بکات. ئاگاداری چەمکەکانە، دەزانێ چۆن بابەتەکان شی بکاتەوە و دوورمان بخاتەوە بۆ ئەوەی جارێکی دی بمانهێنێتەوە سەر داوی مەبەست. ئەم کتێبە پێویستە وەک پرۆژەیەکی گرنگی ئەکادیمی بخوێندرێتەوە.

بەڵام هۆی ئەم حەپەسانە چییە کە هەندێ جار تووشی ڕۆشنبیرانی ئێمە دێت، حەپەسان بەرامبەر بە دەسەڵاتی عەقڵ. ئایا پێویست نییە کە ڕەخنەمان لە سەرتاپای مێژووی عەقلانییەت هەبێت، کە هەر لە چەرخی تەنویر (ڕۆشنگەری)یەوە مژدەی کامەرانی و بەختەوەری بە مرۆڤ بەخشی؟ بەڵام دوو جەنگی کاولکەری لەگەڵ خۆی هێنا. هەموو مێژووی کۆیلایەتیی ئەورووپا لەسەر چمکی عەقلانییەت بەندە، ئەوەی ئیمڕۆش لە شوێنێکی دی، دوور لە ئەورووپا، ڕوو دەدات جۆرە باج (زەریبەیەکە) بەرامبەر بە دەسەڵاتی عەقڵ. نیتشێ زوو، هەر لە سەدەی نۆزدەهەمەوە، هەستی بەو کارەساتە کرد و بانگەوازی ئەوەی دەکرد کە هونەر و ئەدەب پێویستە بە خەون و خەیاڵ ئاوبدرێن و پێویستە بگەڕێنەوە تەر و پاراوی دیزینۆس. ئەرێ ئەوپەڕی عەقڵ شێتی نییە؟

له رووی مەنهەجیشەوە بە ڕای من وا پێویست بوو بۆ ئەوەی بابەتەکە بە تەواوی بخەملێت و خوێندنەوەی سۆفیستەکان ببێتە هاندەرێک لە ژێر ڕۆشناییدا هەندێ چەمکی ڕۆشنبیریی کوردی پێ بخوێندرێتەوە. ئەمەش نە بە هاوجووت کردن، چونکە چەمکی ئازادیی فیکر، لەقاندنی یەقین و شتە وەستاوەکان، خاڵی زۆر هەن بۆ ئەوەی پێکرا بگەن. ئازادی ئەم چەمکە ڕەق و تەقە مەگەر تەنیا «بارودۆخ» بتوانێت دەرکی پێ بکات. مەبەست لەوەیە کە ئازادی مەفهومێکە لە موتڵەقدا مانای خۆی ون دەکات.

دەکرا ئەو بەشەی کە پەیوەندی بە بەختیار عەلی و دوکتۆر کەمال مەزهەرەوە هەیە بکرایە بابەتێکی سەربەخۆ. هەروەها ئەم دیاردە ئاڵۆز و فرەلایەنەی کە زۆر جار لەسەر لاپەڕەی نووسراوە کوردییەکان دەخوێندرێتەوە وەکو نوێخوازی و خۆنوێکردنەوە و ڕچەشکاندن و تێپەڕاندن و لادان... هتد هەموو بتراتجێندرایە ئەو بابەتە و نموونەی زیاتر بۆنەوەی تیژ و ئەنتیتێز مافی ئەوەی بدرێتێ کە بخرێتە مەنزورێکی مێژوویی و هەمە لایەن و هەمە ئەکتەر. دیاردەکە نەبێتە ئەوەی کە دیسانەوە تووشی ئەوە بین لە ڕەچەڵەک بگەڕێین، چونکە ئەم کێشەیە جارێکی تر دەمانخاتەوە ژێر بارستایی مێتۆلۆژی.

**ئەحمەدی مەلا**

**بەرەو خۆرو گۆمی مەنگ**

شانۆنامەی بەرەو خۆر و گۆمی مەنگ ، لە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری ڕابوون .

وابزانم گۆڤاری ڕابوون تاکە گۆڤارێکە لە ناو ئەو گۆڤارە کوردیانەی لە دەرەوەی کوردستان بڵاو دەبنەوە ، کە تێکستی شانۆیی بڵاوکردبێتەوە و گرنگی بەم لایەنە بەرزە بدات ، ئەمەش نیشانەیەکی پۆزەتیڤانەی گۆڤارەکەیە ، هەرچەند خوێندنەوەی تێکستی شانۆیی یاسای خۆی هەیە و لە خوێندنەوەی لایەکانی تری ئەدەبیات جیاواز ترە . هەتا زۆر کەس تێکستی شانۆیی بە مردوویەک دادەنێن ، کاتێک دەخرێتە سەر شانۆ وەک ئەوەیە زیندوو ببێتەوە.

ئەو گروپە شانۆییە پرش و بڵاوانەی لە دەرەوەی کوردستان و هەتا کوردستانی ڕۆژهەڵات و باکوریش کە گرفتی تێکستی شانۆییان هەیە ، بەم جۆرە تێکستانە دەتوانن ئەو گرفتە نەهێڵن و پێشڕەوییەک بە شانۆی کوردی بدەن . لە لایەکی ترەوە نووسەرە شانۆییەکانمان گرنگیان بەوە نەداوە تێکستەکان لە شێوەی کتێبدا بڵاو بکەنەوە ، زۆر جار پاش پێشکەش کردنی شانۆنامەکان تێکستەکانیش فڕێدراون و پشت گوێ خراون و نەدۆزراونەتەوە .

شانۆنامەی بەرەو خۆر کە ئامادەکەر لە شانۆنامەی گوندەکان سەردەکەون بۆ مانگی فەرحان بولبولەوە وەرگیراوە و ئەمیش لە شانۆنامەی بازنەی تەباشیری قەوقازی برێشتەوە وەریگرتووە ، باس لە کۆمەڵێک کێشە دەکات کە لە سەردەمی شەڕدا دێنە گۆڕەپانی ژیان و مرۆڤ لەگەڵیاندا دەکەوێتە کێشە ، کێشە لە نێوان خاوەنی زەوی و داگیرکەری زەوی و ماڵ و موڵکی جوتیاراندا بە هاوکاری پیاوانی دەوڵەت و ئایدۆلۆژیای دەسەڵاتداران ، لە لایەکی ترەوە کاتێک دایکێکی خۆپەرست کە ژنی والیە ، چۆن منداڵەکەی لە شەڕدا بەجێدەهێڵێت و کارەکەکەی چۆن منداڵەکە دەپارێزێت و بە هەزار دەردەسەری لە مەرگ ڕزگاری دەکات ، پاشانیش چۆن دایکەکە لە دادگادا داوای منداڵەکەی دەکاتەوە .

شانۆنامەی دووەم گۆمی مەنگ کە شانۆنامەیەکی کۆمیدیە و کاک ئەنوەر خۆی نووسیویەتی ، باس لە چەند کەسێک دەکات کە لە زیدانێکدان و هەریەکەیان باس لە گیرانی خۆی و ژیانی خۆی دەکات ، خۆیان دەبنە ئەکتەر و ژووری زیندانیش دەکەنە تەختەی شانۆ . بە هاوبەشی دوو حکایەتخوان لە سەر شێوەی شانۆی داستانی برێشت ڕووداوەکان پێکەوە دەبەستڕێنەوە .

ئەوەی کە شانۆنامەکە دەخوێنێتەوە لەو کۆماڵگایە نەخۆش و داڕزاوەدا کە لەسەر بناغەی فێڵ و ساختەو یەکتر لە خشتەبرنە سڵ دەکاتەوە و ترس هەموو گیانی داگیر دەکات ، لە کۆمەڵگایەکدا کە کەس لەگەڵ کەسدا ڕاست ناکات و هەموو لە یەکتر بە گومانن ، مەبەستی سەرەکی نووسەر لە شانۆنامەکەدا گۆڕین و هەڵتەکانی ئەو خو نەریت و یاسا بۆگەنانە و لەناوبردنی ئەو ئایدۆلۆژیە سیاسییە کە ئەو کۆمەڵگایەی تێکداوە ، هەر بۆیە بەندکراوەکان چەند جار بەند دەکرێن و هەرچی کۆششیش دەکەن بە تەنها بەسەر کێشەکاندا سەر ناکەون تەنها بە یەک شێوە نەبێت ئەویش خەباتی بە کۆمەڵە .

باشترە خوێنەر خۆی هەردوو شانۆنامەکە بخوێنێتەوە و هەڵوێستی خۆی دەربخات وەک لەوەی کە من ڕووداوەکان بگێڕمەوە چونکە زۆربەی ڕستەکان بەمانا و پڕ لە مەبەستن . یەکێک لە تایبەتمەندیەکانی شانۆی داستانی برێشت ئەوەیە کە بینەران بخاتە گفت و گۆی تیژ و هەڵوێست نیشاندان و بڕیاردانەوە . چونکە لە شانۆی برێشتدا بینەر یان تەماشاکەر بەیەکێک لە ڕەگەزەکان و بەشداربووەکانی شانۆنامەکە دادەنرێن .

هیوای بەرهەمی نوێتر بۆ کاک ئەنوەر دەکەم و سوپاسی گۆڤاری ڕابوونیش دەکەم کە بەتەنگ ئەم لایەنە ئەدەبیەوە دێت .

**مەهدی جاف**

# یەکەم نامەی عەبدوڵڵا ئۆجەلان دوای دەستگیرکردنی

جەمال زەنگەنە
له توركییەوه كردوویه به كوردی

ئەم نامەیە کە بەختەتی بەڕێز عەبولڵا ئۆجەلان نووسراوە ڕۆژی ٢٨-٢-١٩٩٩ لە ڕۆژنامەی (ئۆزگور پۆلیتیکا) لە ئینتەرنێت بڵاوکراوەتەوە و، لە تورکییەوە کردوومە بە کوردی.
سەرنجی خوێنەرانی بەڕێز بۆ ڕۆژی نووسینی نامەکە رادەکێشم کە ڕۆژی ١٤-٤-١٩٩٨ نووسراوە. کەچی مۆری پۆستی داخراوی ئیمرالی ڕۆژی ١٩-٣-١٩٩٩ پێشان دەدات. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەمە، بڕوانە تێبینی (ئۆزگور پۆلیتیکا) کە لە کۆتایی ئەم نامەیەدا بە کوردی بڵاوکراوەتەوە. لێرەدا تێبینی وەرگێڕ تەواو دەبێت

وەرگێڕ

١٤-٤-١٩٩٩

بەندیخانەی داخراوی ئیمرالی

پارێزەرم بەڕێز ئەحمەد زەکی ئوکچو ئوغلو
لە مەسەلەی نامە و هاتوچۆی سەرلێدان حاڵی نەبووم. ئایا لەبەر هۆی تەکنیکییە یان لەبەر ئەوەی ئایا کەس هەیە بیەوێت نامە بنێرێت یان نەء؟
خۆی دەبوایە هەندێ نامە و سەرلێدەر هەبوایە، چونکە ناونیشانم ئاشکرایە هەموو کەس دەیزانێ. لە ڕاستیدا ئەم مەسەلەیە بە باشترین شێوە ئێوە دەتوانن ڕێکی بخەن.
تکام لە ئێوە ئەوەیە کە لەمەودوا تەرتیبی کاروباری ئەوانەی کە دەیانەوێ نامە بنێرن یان سەرم لێ بدەن بکەن. چ لە ئەوروپا چ لە وڵات ئەوانەی دەیانەوێ نامە بنووسن یان سەرم لێبدەن ناونیشانم و چۆنییەتی هاتنیان، بە شەخسی خۆتان سەرپشک بن، بۆ نموونە ئێوە هەندێ لە ناسیارەکانتان یەکسەر دەتوانن دەست بکەن بە نووسین. هەروەها دەبوایە سەلیم بهاتایە، کەچی نەهات. هیوادارم گیروگرفتی پارێزەرانی دیکەش چارەسەر بکەن.
سەلامتان لێ بێت.

ناونیشانی ئاشکرا
بەڕێوەبەرایەتیی بەندیخانەی داخراوی ئیمرالی

عەبدوڵڵا ئۆجەلان
مودانیا - بورسا

نامەی بەڕێز ئۆجەلان لێرەدا تەواو بوو. لێرەدا تێبینی ڕۆژنامەی ئۆزگور پۆلیتیکا دەکەینە کوردی:
لەوانەیە سەرنجی خوێنەرانی بەڕێز یەکسەر بۆلای ڕۆژی نووسینی نامەکە چوو بێت، هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ حاڵەتی ئەو کەسەی کە لە بەندیخانە بێت. ئەم نامەیە خرابووە زەرفێکی بەڕێوەبەرایەتیی دووەمی بەندیخانەی ئیمرالی و مۆری ڕۆژی ١٩-٣-١٩٩٩ ی لەسەر بوو.
مەبەستی بەڕێز ئۆجەلان لە سەرلێدەران کەسوکاری خۆیەتی. وەک دەزانن ماوەیەک لەمەوبەر نووسەری ڕۆژنامەکەمان (میهراج ئورال) پێشنیازی ناردنی هەزاران نامەی تۆمارکراوی (مسجل) بۆ بەڕێز ئۆجەلان کردبوو. بەڕێز ئۆجەلان تا ئەمڕۆ هەندێ نامەی وەرگرتووە کە ناوەڕۆکی سیاسییان نییە. پارێزەرەکانی دەڵێن کە ئەم جۆرە نامانە دەتوانێ وەریگرێ.
نامە بۆ ئەو گرنگترین ئامێرە بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ دەرەوەدا، لەم کاتەدا سەلامێک، یادکردنەوەیەک هەزاران یاد دەخاتە ژووری ئەو کەسانەی کە تەجریدکراون.
وەکو لە ناوەڕۆکی نامەکەیدا دیارە داواڵە پارێزەرەکەی دەکات کە ناونیشانی بدات بەو کەسانەی کە دەیاوێ نامەی بۆ بنووسن. ئێمەش ناونیشانەکەی بە ڕوونی بۆ خوێنەران دەنووسین:

Sayin abdullah Öcalan
Imrali Kapali Cezaevi Mudurlugune
Mudanya - Bursa, Turkiye

1999 27

# RaBûN

## Cultural Kurdish Journal

